# زمانی گەشتیاریی

## (توێژینەوەکانی کۆنفرانسی چوارەمی زمانی کوردی لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتیارییەکاندا)

ئامادەکردنی:
فەرەیدون سامان

٢٠٢٥

ناوی کتێب:
**زمانی گەشتیاریی**
**(توێژینەوەکانی کۆنفرانسی چوارەمی زمانی کوردی
لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتیارییەکاندا)**

ئامادەکردنی: فەرەیدون سامان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم: 2025
تیراژ: 500 دانە
چاپ: چاپخانەی پاندا- سلێمانی

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری زمان و زار
کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت
بە سپۆنسەری دارایی بەڕێز
دکتۆر (تەها ڕەسووڵ) چاپ کراوە

# زمانی گەشتیاریی

## (توێژینەوەکانی کۆنفرانسی چوارەمی زمانی کوردی لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتیارییەکاندا)

ئامادەکردنی:

فەرەیدون سامان

٢٠٢٥

# پێڕستی

– لەبارەی کۆنفرانسی زمانی کوردی لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتییارەکاندا..................٧
**فەرەیدوون سامان/سەرپەرشتیاری کۆنفرانس**
– پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازرگانی لە شاری هەولێردا»..........................................................................................٩
**م.ی. جیهان یوسف ئەحمەد**
– هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا.............................................................٥٥
**پ.د.ڕۆژان نوری عەبدوللا**
– سیاسەت و پلانی زمانی لە بۆتەی یاسای زمان و ڕۆڵیان لە پاراستنی پێگەی زمانی کوردیدا..........١٠٥
**م. ی. شالاو سالح حەمەغەریب**
– ڕۆڵی یاسا لە پاراستن وپێشخستنی زمانی کوردیدا.......................................................١٣٥
**پ.د .شۆڕش حەسەن**
– یاسای پاراستنی زمانی کوردی...............................................................................١٤٣
**سالم سەلمان سلیمان**
– هەژموونی زمانی و کاریگەری کولتووری تابلۆکانی نێو شاری کەرکوک بە نموونە..................١٤٩
**پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان**
– زمانی کوردی لەنووسینی تابلۆی شوێنە گەشتیارییەکان...............................................١٦٩
**کازم عەباس زەندی**
– ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە).............................................................................١٨٥
**ئازاد وەڵەدبەگی**
– پرسی زمان و نووسینی کوردی لەبەر ڕۆژنایی ئاسایشی نەتەوەییدا.........................٢١٩
**پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج**
– قۆناغەکانی دەرچواندن و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقی، ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠١٤...............................................................................٢٦٥
**پ.د.سامان فەوزی عومەر**

# وتەیەک لەبارەی کۆنفرانسی چوارەمی زمانی کوردی
# لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتییارەکاندا

فەرەیدوون سامان

بۆ وەبیرهێنانەوە لە ڕۆژانی ١٦و ١٧ جۆزەردانی ٢٠٢١ یەکەم کۆنفرانسی گۆڤارەکەمان بە ناونیشانی (زمانی کوردی لە دامەزراوە دادگەرییەکان) لە شاری سلیمانی و بەهاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، کە دەستەبژێرێک لە زمانناسان و یاساناسان لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بە توێژینەوەکانیان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەشدارییەکی گەرم و گوڕیان کرد، سەرەنجامیش ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس، دوای ساڵ و نیوێک وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی هاتە سەر خەت و ناچاری کردن بڕیارێ بدات لە بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لە تەواوی دامەزراوە دادگەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتیش لە دادگایەکاندا، ساڵی دواتریش لە گوڵانی ٢٠٢٢ کۆنفرانسی دووەمی زمانی کوردی و پرسی زمانی ستانداردبوو، هەروەها لە بەهاری ٢٠٢٤یش کۆنفرانسی سێیەمی زمان و پرسی زار و بنزارە کوردییەکان بەڕێوەچوو، جێی شانازییە کە هەر هەموو چالاکییەکان لەسەر ئەرکی کەسایەتی دڵسۆزی زمان و کەلتوور بەڕێز دکتور تەها ڕەسووڵ بووە.

وێڕای ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە لەسەرجەم دامەزراوە حکوومی و مەدەنییەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ دەبینین لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا، وەکو پێویست وەک زمانێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، نووسینی تابلۆی شوێنە بازرگانییەکان، هوتێل و چێشتخانەکان، مینووکانیان بە زمانی بیانین(عەرەبی و ئینگلیزی)ن، تەنانەت کارگەکانیش کاتالۆگی بەرهەمەکانیان زیاتر هەر بە زمانە بیانییەکانە، ئەمەش تەواو کارێکی نایاساییە، دژی بڕیار و یاساکانی دەستووری عیراقی فیدراڵ و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە، هەر تابلۆیەکی بینراو، کە بەکاردێت وەک هێمایەک، یان دەقێک بۆ گەیاندنی پەیامێک یان زانیارییەک بە بینەران، تابلۆیەکان زمانێکی بینراون، کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کولتووریی گەلەکەمانە، ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەیوەندی بینراودا و تەنها ئامرازێکی ڕیکلام و پڕۆپاگەندە، یان ڕێنمایی نین، بەڵکو زمانێکی بینراون کە ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگەی ئێمەی کوردەواری تێدا ڕەنگ دەداتەوە و بەشێکی جەوهەری

دیمەنی شارەکان پێکدەهێنن. نووسینی سەر تابلۆیەکان لە جۆر و ئەرکەکانیاندا جیاوازن، هەندێکیان نیشانەی بازرگانین، کە ئامانجیان بەرەو پێشبردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانە، هەندێکیان نیشانەی ئاراستەکردنن، کە خەڵک ئاڕاستەی شوێنە جیاوازەکان دەکەن، هەندێکیشیان نیشانە کولتوورییەکانن، کە ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگەکەمان دەردەخەن.

هەروەها تابلۆیەکان پێویستن بۆ ئاسانکاری هاتوچۆی خەڵک و پێدانی زانیاری پێویست بە خەڵک، بەڵام دیسان هەر بە زمانی کوردی نین، سەبارەت بە نیشانە کولتوورییەکانیش، ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ و نەریتەکانی کۆمەڵگەن، بەشدارن لە پاراستنی ناسنامەی کولتووری و گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوومان، بایەخی نووسینی تابلۆیەکان بە زمانی کوردی، واتە تابلۆیەکان تەنها لە ئەرکە کردەییەکانیاندا سنووردار ناکرێن، بەڵکو ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی وێنەی دەروونی لای خەڵک و بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووریمان، بۆیەش پەنابردنەبەر زمانی بیانی و پەراوێزخستنی زمانی دایک، وێڕای ئەوەی جۆرێکە لە جینۆسایدی کەلتووری و تواندنەوەی زمانی نەتەوەییمان، هاوکات گەورەترین مەترسی و هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی زمان و دواتر ئاسایشی نەتەوەییماندا.

هیوادارین لەم کۆنفرانسە بە پێشکەشکردنی توێژینەوەی ئەو مامۆستا ئەکادیمی و زمانناس و قانووننناسانە بگەین بە ئەنجامێک بۆ چارەسەری دیاردەی قێزەونی دیمەنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کە زۆرینەی نووسراوی تابلۆیەکانی شوێنە بازرگانی و گەشتییارەکان، بەداخەوە هێشتا هەر بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزین، یان بە کوردییەکی سەقەت و پر لە هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی نووسراون، کە زۆرجار دەبنە مایەی گاڵتجاری نەوەیەک کە نامۆیە بە زمانی دایک.

هیوادارین لەم کۆنفرانسەدا پێشنیار و ڕاسپاردەکان بخرێنە بەردەم لایەنی بەرپرس لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و تا بەزووترین کات کاری پێویستی لەسەر بکەن و سەرپێچکارانیش بە پێی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا سزا بدرێن.

- **سەرپەرشتیاری کۆنفرانس**

# پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازرگانی لە شاری هەولێردا

م.ی. جیهان یوسف ئەحمەد

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

(نالی)

## ١- پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی" پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازرگانی لە شاری هەولێردا"یە، توێژینەوەیەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆیەلایەتی دایە و هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لەم بوارەدا هەبوە. دیمەنی زمانی هەمو زمانێکی بینراوی نوسراو دەگرێتەوە؛ جا بەهەرجۆرێک بەجەستە ببێت. واتە دیمەنی زمانی، مامەڵە لەگەڵ زمانی بینراودا دەکات. جگە لەوەش ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانیی کارەکییە، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی پشت بە وێنە و ئامار و داتا دەبەستێت. بۆئەوەی بسەلمێنیت کە تاچ ڕادەیەک زمانی کوردی پەراوێز خراوە لە هەردو کەرتی گەشتیاری و بازرگانییدا، جگەلەوەش سەرەڕای ڕەهەندە کۆمەلایەتی و سیاسی و دەرونییەکانی ئەم بابەتە ئەو ئەنجامانەی دەستدەکەون؛ دەبنە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ زۆر بابەت و لێکۆڵینەوە، لەوانە سیاسەتی زمان، پلانی زمان، زانینی ڕەوشی زمان لە ولاتدا....تاد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی کورت و پوخت بابەتەکان لە دو بەشی سەرەکیدا بخرێنەڕو. بەشی یەکەم: پێشەکییە، بەشی دوەم: دەروازەیەکە بۆ چونە ناو بابەتی دیمەنی زمانییەوە. کە تێیدا زاراوە و چەمکی دیمەنی زمانی ڕونکراونەتەوە، پاشان، دیمەنی زمانی تاکزمان و جوتزمان و فرەزمان ڕونکراوەتەوە، دواتر پەیوەندیی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە تیشکی خراوەتەسەر .

بەشی سێیەم: بەشێکی پڕاکتیکییە، لەم بەشەدا چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر کە دیمەنە زمانییە گەشتیاری و بازرگانی ئەو چوار شەقامە وەرگیراون. کە ژمارەیان(646) دیمەنی زمانییە، بۆ ئەوەی ئامارەکان بەڕونی و بێ کەموکوڕی دەرکەون. بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە: 1-خستنەڕوی ڕێژەی دیمەنی زمانیی تاکزمان و جوتزمان فرەزمان، 2- خستنەڕوی ڕیژەی بەکارهێنانی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیدا.3- دیاریکردنی ڕێژەی تەکنیکی زەقکردنەوە و دیاریکردنی پلەبەندیی زمانەکان. 4-خستەڕوی ڕیژەی بەکارهێنانی زمانی تیکەڵ لەدیمەنی زمانیدا.

وشە سەرەکییەکان: دیمەنی زمانی، شاری هەولێر، پەراوێزحستن، بازرگانی، گەشتیاری.

## ٢- بەشی یەکەم

### ٢-١-       پێشەکی:

### ١-١-١-   ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی" پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازرگانی لە شاری هەولێردا"یە، وەک لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، مەبەستمان لە لایەنی بەرجەستە و بینراوی زمانی نوسراوە لە هەردو کەرتی(گەشتیاری و بازرگانی) لە شاری هەولێردا. بە پێویستی دەزانین لەم ناونیشانەدا دو چەمک ڕونبکەینەوە:

1 – پەراوێزخستن: " زانستی زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا، پەراوێزخستنی زمان Language)      (Marginalizationبریتییە لە پرۆسەی کەمبونەوەی بەکارهێنان و ڕۆڵی زمانێک لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری یان سیاسی ...... تاد)

2 – دیمەنی زمانی- Language Landscape، کە کورتکراوەکەی دەبێتە LL[١]. لە زمانەوانیی کوردیدا زاراوەیەکی نوێیە و مەبەست لێی هەمو ئەو لایەنە بینراوانەی زمانە، کە لە سەر شەقام و شوێنە  گشتییەکاندا بەرچاو دەکەون، وەک: ناوی شەقام وگەڕەک و ناوی شوێنە گشتی و تایبەتیەکان. ... تاد.

١-١-٢-   سنور و کەرستەی خاوی توێژینەوەکە:

توێژینەوەیەکە لەچوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە؛ بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری  و بازرگانی چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر وەک نمونە وەرگیراوە، کە شەقامی (کۆیە، بەختیاری، شۆڕش، مەخمورن) بە هەردو    ئاراستەکەیەوە (60م. بەرەو40م) (40م. بەرەو60.م)، هەمو دیمەنە زمانییە گەشتیاری و بازرگانییەکان وەرگیراون، کە ژمارەیان(679) دیمەنی زمانییە.

### ١-١-٣-   هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بابەتی پەراوێز خستنی زمانی و کوردی و زاڵبونی زمانی بێگانە بەسەر زمانی نەتەوایەتیمان بەتایبەتی لە دیمەنی زمانیدا، ئەگەرچی لە میدیا و

---

١ کورتکراوەی (linguistic landscape)ە

کۆڕوکۆبونەوەکانـــدا گفتوگـــۆی زۆری لەســـەر دەکرێـــت، تەنـــانەت چەنـــد لێکـۆڵینەوەیەکی ئەکـادیمش لەم بـارەویەوە ئەنجامـدراون. بەڵام لە چـاو گرنگیـی بـــابەتەکە و شــیکردنەوەی داتاکـــان بە زمـــانی ژمـــارە و ئامـــارەوە، پێویســـتی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەبو.

لەلایەکی تریشەوە گرنگییەکەی و هۆی هەڵبژاردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بزانین ئاستی جیهانگەرایی و بونی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکمانی و سریانی لە شاری هەولێردا تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر دیمەنی زمانی هەبوە، هەروەها چۆنیەتیی ڕیزبونی زمانەکان لە دیمەنی زمانی و زانینی پایەی جیاوازی زمانەکـان، لە شـەقامێک بـۆ شـەقامێکی تـر و بەکارهێنـانی تەکنیکـی زەقکردنەوەی وشە و زاراوە بیانییەکان و سەپاندنیان بەسەر زمانی کوردییەوە. خستنەڕوی هەمو ئەمانە نەک وەکو میدیاکارێک، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستی و بە زمانی ژمارە و ئامار هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەن.

### ١-١-٤- گرنگیی بابەتەکە:

گرنگیـــی ئەم بـــابەتە لە ڕوی کـــارەکییەوە دەکرێـــت ببێـــتە یارمەتیـــدەر بـــۆ داڕێژەرانـی پلانـی زمـانی؛ بە تـایبەتی ئەکادیمیـای کـوردی و لێـژنە تایبەتەکـانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەرز ڕاگرتنی پێگەی زمـانی کوردی لەنـاو زمانەکـانی تـردا. هەروەهـا دەشـێت ببێتە سـەرچاوەیەک یـان دەسـتپێکێک بـۆ لێکـۆڵینەوەی زیاتری ئەو بابەتە، بەتایبەتی بۆ شارەکانی تر؛ یان لە ڕەهەندەکانی تری وەک: دەرونـی ومێژویـی و سیاسـی. و...تـاد. سـەرەڕای ئەمەش ئەنجامەکـانی دەبێـتە سەرچاوەیەکی بەسود بۆ پلانی زمانی لە داهاتودا، سەرەڕای ئەم لایەنەنانە، داتا و ئامارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە وێنە و نەخشـەیەکی ڕونـی ململانێی زمانەکـان و پایەی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی دەکێشن. دەتوانرێت شوێن و پایەی زمانەکـان لەو هاوکێشیەدا بە شێوەی ئەکادیمی بخرێتەڕو.

### ١-١-٥- گرفتی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای ئەم دو گرفتە کاری کردوە:

١- نەبـونی شـێوازێکی یەکگرتـو لەڕوی بەکارهێنـانی زمانەکـان؛ لە دیمەنـی زمانی شاری هەولێردا.

٢- بوونی چەند زمانێکی زاڵ لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشیاری و بازرگانییدا بەپێی شوێنە جیاوازەکانی شاری هەولێر.

**١-١-٦- پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەوەی، کە هەستی پێدەکرێت لە کوردستاندا بە گشتی خەڵک پابەندی پلانی زمانی دەوڵەت نین و لەلایەن حکومەتەوە ئازادییەکی تەواو بە دیمەنی زمانی دراوە و سانسۆر لەسەر بەکارهێنانی دیمەنی زمانی نییە. لەم بارەیەوە لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی وەک شاری هەولێردا، بە شێوەیەکی سروشتی پایەی زمانەکان دێتە پێشەوە، لە نێوانیاندا یەک تێروانینی کۆمەڵایەتی بۆ زمانەکان دروستنابێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات نەخشەی ئەو پەراوێزخستنەی زمانی کوردی بخاتەڕو لەهەمان کاتیشدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١- جیهانگەرایی و زمانی ئینگلیزی بە تایبەتی لەو شوێنانەی، کە هاوچەرخن تا چ ڕادەیەک بەسەر زمانی کوردیدا زاڵە ؟

٢- پایەی زمانی کوردی و زمانی فەرمی، تاچ ڕادەیەک لە دیمەنی زمانیدا ڕەنگیداوەتەوە؟

٣- ڕیزبەندیی و پێشینەی بەکارهێنانی زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی، ....تاد، بە چ شێوەیەکە لە دیمەنی زمانی گەشتیاری و بازرگانیدا ؟

٤- ئایا لە سامپڵەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە هەر چوار شەقامەکەدا پایەی زمانی کوردی وەکیەکە؟

**١-١-٧- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی کارەکییە، پشت بەداتا و ئامار دەبەستێت. هەروەها ڕێبازی شیکاری وەسفی بۆ شیکردنەوەی داتاکان لە دیمەنە زمانییەکانی هەر چوار شەقامی شاری هەولێردا بەکارهاتوە.

**١-١-٨- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ گرتوە: بەشی یەکەم: پێشەکییە، بەشی دوەم: ناساندنی دیمەنی زمانی بەشێوەیەکی گشتی و چەمک و پێناسە

جیاوازەکـانی خـراونەتەڕو، هەروەهـا جۆرەکـانی دیمەنـی زمـانی (تاکزمـان، جوتزمان، فرەزمان) ڕونکراوەتەوە، دواتر پەیوەندی دیمەنی بە سیاسـەتی زمان و پلانـی زمـانییەوە باسـکراوە. بەشـی سـێیەم: لەم تـوێژینەوەیەدا، کە بەشـێکی پڕاکتیکییە و چـوار شـەقامی سـەرەکیی شـاری هەولێر وەک نمـونە و نـوێنەری شاری هەولێر وەگیراون خشتە و داتا و ئامارەکان بەڕونی خراونەتەڕو. پاشـان خویندنەوەیەکی ورد بۆ داتا و ئامارەکان کراوە؛ دواتر ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە بە چەند خاڵێک خراوەنەتەڕو. هەروەهـا پێشـنیازی پێوسـت بۆ لایەنی بەرپرس خراونەتەڕو. دواتر لیستی سەرچاوەکان ڕیزکراون

**بەشی یەکەم**

**٢-٢- ناساندنی دیمەنی زمانی:**

دیمەنـی زمـانی وەک هەر چەمکێکـی تـری بـواری زمـانەوانی بە چەنـد شـێوەیەک ناسـێنراوە و پێناسـەی جیاجیـای بـۆ کـراوە. لە خـوارەوە زاراوە و پێناسەکان دەخەینەڕو:

**١-١-٩- لەڕوی زاراوەوە:**

دیمەنـی زمـانی زاراوەیەکـی نـوێیە لە زمـانی کوردیـدا، لەبەرانـبەر زاراوەی ئینگلیزی "Language landscape" بەکارهێنراوە. دەسـتەواژە ئینگلیـزیەکەش، بۆ یەکـەمجار لەلایـەن هـەردو تـوێژە *Rodrigue Landry and Richard Y Bourhis* (١) سـاڵی(1997) لـە میـانی لێکۆڵینـەوە لـە چـەمکی دیمـەنی زمـانی وزیندویـەتی زمانـەوانی کـارەکی لـە توێژینەوەیەکەیانـدا بـەکاریانهێناوە؛ بەناونیشـانی:"Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality" لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی" المشهد اللغوي _ المناظر اللغوية"ی بۆ بەکارهـاتوە. هەردو زاراوەکە "مشـهد–منـاظر" دەتـوانن بەرانـبەر زاراوەی" landscape" ی ئینگلیزی بوەستن. (٢)

---

(١)ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری (Journal of Language and Social Psychology) لـە، ب/١٦، ژ. 1 ی سالی (١٩٩٧) لە لاپەڕە (٢٣ – ٤٩) دا بڵاوکراوەتەوە. لینکی ئەلکترۆنی توێژینەوەکە لە وێبسـایتی گۆڤارەکە https: //doi.org/10.1177%2F0261927X970161002

(2)Ali Alfaifi, Linguistic Landscape: The Use Of English In Khamis Mushait Saudi Arabia, Degree Of Master Of Science In Education Teaching English To

لە زمانی کوردیشدا زاراوەی دیمەن لە فەرهەنگی خاڵدا، بە واتای" دیمان" واتە ڕوبەڕو بـــونەوە هـــاتوە.[1] لە فەرهەنگـــی هەمبانەبۆرینەشـــدا، بەواتـــای "چاوئەنداز- بەرچاو-منظرە" هاتوە[2]، بەهۆی ئەو واتا نزیکەی هەردو زاراوەکە (دیمەن- Landscape)هەیانە، لەبەرانبەر دەستەواژەی ئینگلیزی ( Language Landscape)دا، دەستەواژەی(دیمەنی زمانی)لەم تویژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، کە دەســتەواژەیەکی نـوێیە و پێشـتر ئەم دەســتەواژەیە بەکـارنەهینراوە، بەڵکـو دەستەواژەی "تابلۆ"ی بۆ بەکارهاتوە، هەرچەندە دەستەواژی تابلۆ بەگشتی بۆ تـابلۆی هـونەری بەکاردێـت، بەڵام تـابلۆ ئەگەر نوسـراویش بێـت. جـۆرێکە لە جۆرەکـانی دیمەنـی زمـانی، وەک "تـابلۆی هـاتوچۆ" لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو واتـایە گشـتییەی نییە، کە دیمەنـی زمـانی هەیەتـی، چـونکە دیمەنـی زمـانی هەمـو ئەو دیـمەنە نوسـراوانە دەگـرێتەوە، کە ڕۆژانە بەرچاومـان دەکەون و ڕوبەڕویـان دەبینەوە؛ جا لە هەر کەرستەیەکی وەکو تابلۆ یان قوماش یان دیوار یان لە بەرد و مەڕمەڕ .....تاد، بەرجەستە ببێت. کەواتە لێرەدا هەردو زاراوەی (دیمەنی زمانی -Language Landscape ) هەمان واتا و مەبەست دەبەخشن.

**١-١-١٠- پێناسەی دیمەنی زمانی:**

زاراوەی دیمەنــی زمــانی بەچەنــد شــێوەیەکی جیــاواز بەدیــد و بۆچــونی جیاوازەوە ناسینراوە - *لاندری و بۆرهیس-Bourhis and Landry* پێیـانوایە، دیمەنی زمانی ((دیاردەی زمانیی بینراوە لە شوێنە گشتییەکاندا وەک نیشانەکانی ڕێگا و تابلۆی ئاگادارکردنەوە و تابلۆی بازرگانی و ناونیشانی شـەقام و دوکـان و نیشانە گشتییەکان لە بیناکانی حکومەتدا.)) [3] لیرەدا مەبەستیان هەمو زمـانێکی بینراویب نوسراوە، کە لە شوێنە گەشتیاری و تایبەتییەکاندا بەرچـاودەکەون و دەبینـرێن، هەروەهـا بێن *ڕافێل و شـۆهامیBen-Rafael and Shohamy* -

Speakers Of Other Languages Department Of Language, Learning, And Leadership The State University Of New York At Fredonia،2015،P9.

(١) شێخ محەمەدی خاڵ. فەرهەنگی خاڵ، چ/ دوەم. هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٥. ل.211 .

(٢) هەژار،عبدالرحمن شەرەفکەندی، هەمبانە بۆرینە، چ/یەکەم،1991، ل.334.

(3) Landry Rodrigue & Bourhis Richard, Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality, Journal of language and social psychology، Vol/16, no. 1 ،1997 ،p:25.

پێیـانوایە، کە ((دیمەنـی زمـانی ئەو نیشـانانەن، کە بەهـۆی زمـانەوە دەوروبەر دەناسێنن.))[١] واتە ئێمە بەهۆی ئەو زمانەی، کە بەکارهاتوە لەو دیمەنە زمانییەدا لە پیشــە و کـار و مەبەسـتی ئەو شـوێنە تێـدەگەین، هەروەهـا کـۆرتەر-Gorter پێیوایە: ((ئەگەر لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە دیمەنی زمانی بناسـێنین دەتـوانین بڵێین: ئەو زمـانە بینـراوەیە، کە هەڵگـری پەیـام و زانیـاریی تـایبەتییە، لە نـاو کـۆمەڵگەدا بەمەسـتی گەیانـدنی سـودێکی گشـتی یـان وەک دروشـمێکی کـۆمەڵایەتی گرنـگ کاردەکـات.))[٢] مەبەسـت لە سـودێکی گشـتی ناساندن و خستنەڕوی نوسراوەکەیە، کە سودی بۆ خاوەنەکە و بـۆ دەوروبەری دەبێت. مەبەسـتیش لە وەی، کە وەک دروشـمی کۆمەڵایەتی کاردەکات، ئەوەیە، کە دیمەنی زمـانی جگە لەوەی زانیاری دەخـاتەڕو ئەرکـی تـریش دەبینێت وەک وشــیارکردنەوە یــان ڕێنمــایی پێــدان یــان خســتنەڕوی کەســایەتی و بــاری دەرونی....تاد. بەشێوەیەکی گشتی، دیمەنی زمانی ((هەمو ئەو 'گوتارە گونجاوانە' دەگـرێتەوە، کە لە دەوروبەردا دەردەکەون.))[٣] یــان ((پیشــاندان و خســتەڕوی تێکســتە جیاوازەکــانە لە شــوێنی گشــتی وشــوێنی تایبەتیـدا))[٤] چـونکە هەر دیمەنێکی زمانی کۆمەلێک مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەمەشە بوەتەهۆی ئەوەی، کە دیمەنە زمانییەکان بەشێوەی جیاواز بخرێنەڕو. کـۆرتەر-Gorter پێیوایە: ((لێکۆڵینەوە لە دیمەنی زمانیLL بـوارێکی تـازە گەشەسـەندوی زمــانەوانیی کــارەکییە، کە گرنگــی بە فــۆرمی نوســراوی زمانەکــان دەدات لە

(1) Eliezer Ben-Rafael, Elana Shohamy and Monica Barni، ntroduction: an approach to theordered disorder Linguistic Landscape in the city،2006 ،p.:27

(2) Jasone Cenoz and Durk Gorter، Introduction: the study of linguistic landscape as a new approach to multilingualism. International journal of multilingualism، 2006. P.20.

(3) Omar Alomoush، Multilingualism In The Linguistic Landscape Of Urban Jordan. The tyUniversi Of Liverpool. Retrieved From Http://Search. Proquest. Com/Docview/177925334،2015، p:12.

(4) Iris Hewitt-Bradshaw ،linguistic landscape as a language learning and literacy resource in Caribbean creole contexts, Caribbean curriculum vol. 22 ، 2014، p.1.

دەوروبەردا.))[١] لەهەمانکاتیشدا ڕەنگدانەوەی دۆخی زمانیی ناوچەکەیە، کە نوێنەرایەتیی زمانی ناوچەکە دەکات؛ لە ڕوی هێز و ڕێژەی زمانە بەکارهاتوەکانەوە یان دەتوانین بڵێین، ناسنامەی چەندین زمانە لە ناوچەکەدا. هەندێک لە لێکۆڵەرانیش پێیانوایە، کە دیمەنی زمانی ((ڕاگەیەنراوێکە لەسەر تابلۆ یان شاشە، کە زانیاریەکی گشتی پێشکەشدەکات؛ جا نوسراو بێت یان ڕەمز.))[٢] واتە لە دیمەنی زمانیدا هەندێکجار رەمزیش بۆ زیاتر ڕونکردنەوە مەبەستەکانیان، یان بۆ ئابوریکردن لە زماندا بەکاردەهێنرێت. *براد‌شۆ Bradshaw* وا دەبینێ، کە((زمان لە بەکارهێناندا فرە مۆدێلەLL ئەم فرە مۆدێلیە دەخاتەڕو.))[٣] واتە دیمەنی زمانی ئاماژە بە دۆخی زمانی ناوچەکە دەکات؛ یان بەڵگەی ئەو زمانانە دەستەبەردەکات، کە لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنرێت، بەگشتی((دیمەنی زمانیLL تیشک دەخاتە سەر نوێنەرایەتی زمانەکان لە دەوروبەردا.))[٤] واتە لە هەرشوێنێک چ زمانێک زۆرترین بەکارهێنەری هەبێت، ئەو زمانە لە دیمەنی زمانی ئەو شوێنەدا بەکاردێت. هەربۆیە لە هەرشوێنیک زمانێک خۆی زاڵدەکات و لەسەروی زمانەکانی ترەوە بەکاردەهێنرێت. هەرئەمەشە بوەتەهۆی جیاواز دەرکەوتنی دیمەنە زمانییەکان، دەتوانین بڵێین:(( دیمەنی زمانی وەک پانۆرامایەکی ئەدەبییە لە دیدی خەڵکی پیادە و شوفێراندا)) [٥]، کەواتە چەمکی دیمەنی زمانی، هەمو ئەو تابلۆ نوسراوانە دەگرێتەوە کە بۆ ناساندنی شوێنەکان بەکاردێن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە زمان دەدات لە دۆخی دەرکەوتنی وەک تابلۆیەکی ئاماژەدەری بەرجەستە لە ژینگە و

---

(1)Durk Gorter ،Introduction The Study Of Linguistic Landscape As A New Approach To Multilingualism. International Journal Of Multilingualism،2006، p:2.

(2)Backhaus, Peter ،Linguistic Landscapes. A Comparative Study of Urban Multilingualism in Tokyo Clevedon–Buffalo–Toronto: MultilingualMatters Ltd ، 2007،p:41.

(3) Iris Hewitt-Bradshaw ،linguistic landscape as a language learning and literacy resource in Caribbean creole contexts, p:158.

(4) Jing-Jing Wanglinguistic ، Landscape on Campus in Japan- A Case Study of Signs in Kyushu University، Northwest A&F University, China; Kyushu University, Japan، 2015, p:124.

(5) Jasone Cenoz and Durk Gorter،_Linguistic landscape and minority languages,p:268.

دەوروبــەردا، بــۆیە لێکــۆڵینەوە لە دیمەنــی زمــانی، جــۆرێکە لە لێکــۆڵینەوەی زمــانەوانیی کــۆمەڵایەتی، چــونکە لە زمــان و پەیوەنــدیی زمــان بە کــۆمەڵگەوە دەکۆڵێتەوە، ((بەڵام دواتـر ئەم بـوارە پەرەیسـەند و فـرە پسـپۆری تێدا پەیـدابو، واتە پسـپۆرییەکانی لە بـواری زمـانەوانیی کۆمەڵایەتی دەرچـون و فراوانتربـون بـواری تریشــی گــرتەوە. وەک بوارەکــانی: ڕۆشــنبیریی گشــتی و مرۆڤناســی و زمانەوانیی دەرونی و ئابوری و پەروەردە و. .... تاد))(

## ١-١-١١- جۆرەکانی دیمەنی زمانی لە ڕوی زمانە بەکارهێنراوەکانەوە:

لــە ڕووی ژمــارەی زمــانی بــەکارهێنراوەوە دیمــەنی زمــانی ئــەم جۆرانــە لەخۆدەگرێت:

## ١-١-١٢- دیمەنی زمانیی تاکزمان:

بریتییە لە نوسینی دیمەنی زمانی بە یەک زمان، یان ( گەشـەکردنی زمانێـک و زاڵبونی لە ڕوی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، دەکرێت ئەم زمــانە زمــانی زۆریــنەی خەڵــک بێــت یــان زمانێــک بێــت، کە حکــومەت خــۆی دەسنیشــانیبکات. یــان دەکرێــت ئەو زمــانە زمــانی ئەو وڵاتە بێــت؛ یــان زمــانی داگیرکەربێــت.)[١] وەک: ((   لە ســـەردەمی حکــومڕانی بەعــس لە کوردســـتاندا بەدیدەکرا، کە ناوی قوتابخـانە و مـزگەوت و شـارو گوندەکانی گۆڕی لە زمـانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی بۆ نمونە، بە فەرمانی ژمارە(41) لەساڵی 1976, 11.29) نـاوی پارێزگـای کەرکـوکی لە کەرکـوک بـۆ تـأمیم گـۆڕی))[٢] بەڵام لە ئێستادا تاکزمان[٣] بەگشتی لەو شوێنانە بەکاردێن، کـە لاچـەپ و دورەدەسـتن و گەشتیار و بازرگانییان بەسەرەوە نییە. شارۆچکەی بچوک و گوندەکان بەگشتی لەم چەشنە شوێنانەن؛ بەمەرجێک هاتوچۆی بیانییان بەسـەرەوە نـەبێت. ئەوکاتـە لــە دیمــەنی زمانیــدا تــەنیا زمــانی ناوچەکــە دەردەکــەوێت، ئینجــا لــەم چەشــنە

---

(١) هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ماجستير، جامعة قطر، كلية الآدب والعلوم، 2015. ص:44.

(٢) ئومێد بەرزان برزۆ، پلانی زمانی و ئاسایشـی زمـانی نەتەوەیی، گ/زانکۆی سلێمانی ژ:50. بەشـیB. 2016، ل:21.

(٣) بڕوانە وێنەی ژمارە 1 لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا.

شوێنەشدا بەگشتی دیمەنی زمانی کەم بەکاردێت. بۆ نمونە: ڕەنگە فرۆشگایەک یان بەنزینخانەیەک لەشوێنەکە هەبێت، بەڵام هیچ تابلۆیەکی ناساندنی هەڵنەواسیبێت، چونکە لە شوێنەکە تاقانەیە و بێ ڕکابەرە؛ یان زۆر ناسراوە. هەندێکجاریش بونی هەستێکی بەهێزی نەتەوایەتی دەبێتەهۆی ئەوەی، کە دیمەنە زمانییەکە تەنها بە زمانی نەتەوایەتی بنوسێت. ئەوەش لە هەندێک شوێن لە شاری هەولێردا دەبینرێت.

لە دیمەنی زمانی تاکزماندا، هەندێکجار زمانی نەتەوەیی، هەندێکجاریش زمانی بێگانە بەکاردێت. ئەویش ئەگەر وشە و تێرمە بەکارهاتوەکە زۆر زەق و ناسراوبێت. بۆ نمونە: ڕەنگە فرۆشگەیەک لە لادێیەکی دورە دەستدا، لە تابلۆی ناساندنەکەی لەجیاتی فرۆشگە بنوسێت مارکێت یان دوکان. بەشێوەیەکی گشتی دیمەنی زمانیی تاکزمان، لەو وڵاتانەشدا بەکاردێت، کە سیاسەتی زمانیی تایبەتیان هەیە بۆ سەپاندنی زمانێک یان پارێزگاریکردن لە زمانێک، هەروەها لەو شوێنانەش بەکاردێت، کە خەڵکەکەی دەمارگیرییان بۆ زمانی نەتەوەیی هەیە. زۆرجاریش لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا، یەک نەتەوە دەسەڵات دەگرێتەدەست، زمانی خۆی بەسەر هەمو وڵاتەکەدا دەسەپێنێت، ئەوکات دیمەنی زمانی لە هەمو ناوچە جیاجیاکاندا تەنیا بەزمانە سەپێنراوەکە دەبینرێت.

### ١-١-١٣- دیمەنی زمانیی جوتزمان:

مەبەست لەم چەشنە بەکارهێنانی دو زمانە لە دیمەنی زمانیدا[١]. بەگشتی لەو وڵاتانەدا بەکاردێت، کە پێشتر لە لایەن زلهێزەکانەوە داگیر کراون و پاشان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتوە. ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە زمانی داگیرکەر لە پاڵ زمانی فەرمی بەکاربهێنرێت، جگە لەوەش هۆکاری تری وەکو:( کۆچکردن و نزیکی سنوری نێوان دو وڵات یان کاریگەربون بە بیروباوەڕ و کەلتوری ئاینی وەکو کاریگەربونی گەلی کورد بە نەتەوەی عەرەب بەهۆی پەیڕەوی ئاینی ئیسلامەوە و فێری زمانی عەرەبی بون.)) [٢] جوتزمانی یان بەیاسا ڕێکدەخرێت یان ڕۆژگار دەیسەپێنێت. کە دەبێتە بەشێک لە ژیانی خەڵکەکە، هەندێک جاریش

---

(١)بڕوانە وێنەی ژمارە ٢ لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا

(٢) هیوا مولود عەبدوللا، ئانالۆژیای کۆد گۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا، ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، ٢٠١٦، ل:46.

زمـانێکی بیـانی لە پـاڵ زمـانی نەتـەوەیی وەک پێویسـتی نیشـتمانی بـەکاردێت و زمانە بیانییەکەش وەک پێویستی سیاسی یان ئابوری بەکاردێت. بۆ نمونـە: ئـەو وڵاتانەی لە سنوری بازنە سیاسییەکانی "فرانکۆفۆن"ین، زمـانی فەرەنسـی لەگـەڵ زمانی نەتەوەیی بەکاردێنن. هەروەها ئەو وڵاتانەی لە بازنەی سیاسی "کۆمنۆڵث" ین، زمـانی ئینگلیزی لەگـەڵ زمـانی نەتـەوەیی بـەکاردێنن. هەنـدێک لە لێکـۆڵەران جوتزمانی بە گرفتی دەزانن بۆ وڵات، بەڵام((جوتزمانی دیاردەیەکی سروشـتی و ئاسـاییە نەک گرفت بـۆ زمـان. لە زۆر وڵاتـانی دونیـادا پەیڕەو دەکرێت، چـونکە گرنگیەکـی زۆری لە بوارەکـانی: بازرگـانی، ئـابوری، زانسـتی، پیشــەیی،.......تاد هەیە.))[1]

جوتزمــانی هەنــدێک جــار لەســەر ئاســتی وڵاتێکــدا پەیڕەودەرکرێـت، واتە دەوڵەت خۆی دایدەنێت، کە دو زمـانی سـەرەکی، زمـانی فەرمـی وڵاتبن، وەک لە وڵاتـی عیراقـی فیـدراڵ دەبینرێت. کە زمـانی عەرەبـی و زمـانی کـوردی، زمـانی فەرمـی وڵاتـن. هەنـدێکجاریش جوتزمـانی لەنـاو هەنـدێک دامودەزگـای تـایبەت بەکاردێت. بە تایبەتی لە بواری بازرگانی یان زانستی یان پیشەییدا. بۆ نمـونە: لە هەنـدێک شـوێنی بازرگانیـدا لە پـاڵ زمـانی کـوردی لە دیمەنـی زمانیـدا زمـانی ئینگلیزیش بەکاردێت.

جۆرێکی تری جوتزمانی بریتییە لە ((جوتزمـانی پەروەردەیی، ئەم جۆرەیـان تـایبەتە بە بوارەکـانی خوێنـدن.)[2] ئەوەیـان لە کوردسـتاندا بە زەقـی دەبینرێت؛ بەتایبەتی لە قوتابخانە و زانکۆ ناحکومییەکاندا، کە زمانی ئینگلیزی لە خوێندن و لە دیــمەنە زمانییەکــانی نێــو قوتابخانەکانــدا، لە پــاڵ زمــانی فەرمــی وڵات و زۆرجـاریش لە سـەروی زمـانی فەرمییەوە بەکاردەهێنرێت. زۆرجـاریش نەتەوە بچوکەکـان بـۆ مـانەوە و بەرگریکـردن لە زمانەکەیـان، وەک زمـانی کەمینـەی نەتەوەیی لە وڵاتدا، لە شـوێنی نیشـتەجێبونیاندا دیـمەنە زمانییەکانیـان بە زمـانی تایبەتیی خۆیان و زمانی فەرمیی وڵات دەنوسن، وەک زمانی سریانی، تورکمانی لە شاری هەولێردا.

---

(1) Ralph Fasold, The Sociolinguistics Of Society. Typeset By the Community Wigston, Leicester Printed In Great ritainB,1984,p:16.

(٢) هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ص:14.

### ١-١-١٤- دیمەنی زمانیی فرەزمان:

لەم چەشنە دیمەنی زمانییەدا[١]، زمانی نەتەوەیی و چەند زمانێکی تریش لە پاڵ زمانی فەرمی وڵاتدا بەکاردێن، پەیڕەوکردنی فرەزمانیش هۆکاری زۆری هەیە، لەپێش هەموویانەوە؛ بونی دیموکراسییە لە وڵاتدا. ئینجا کرانەوەی وڵات بەڕوی گەشتیاری و بونی بازاری ئازاد و پیشەسازی و ڕۆشنبیری لەپاڵ هەمو ئەمانەشدا ((نەبونی دەمارگیری نەتەوەیی وهەستی خۆسەپاندن بەسەر ئەوانی تردا، یارمەتیدەرە بۆ فرەزمانی لەدیمەنی زمانیدا )) .*جۆنسۆن و دۆرک- Jasone and Durk* پێیانوایە، کە ((جیهانگیری و کۆچبەران و گەشتوگوزار و بوژاندنەوەی زمانی کەمایەتی، بوە هۆی دروستکردنی دیمەنی فرەزمانی. واتە فرەزمانی هەندێکجار دەبێتە پێویستیەک بۆ ئەو وڵات و نەتەوەیە.))[٢]

فرەزمانی لە وڵاتدا زۆرجار بەپێی دەستور ڕێکدەخرێت، واتە بە فەرمی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا ڕادەگەیەنرێت، بەڵام هەندێکجار بەشێوەیەکی نافەرمی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا بەدیدەکرێت. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی، کە دراوسێکانیان فرەنەتەوەن و خاوەن زمانی جیاوازن ئەمەش بۆ هۆکاری ئابوری و بازرگانی و سیاسی و گەشتیاری....تاد دەگەڕێتەوە، بۆیە لەم جۆرە وڵاتانەدا ناتوانرێت ڕێگری لە بەکارهێنانی فرەزمانی بکرێت، چونکە وەک پێویستییەک پەیڕەودەکرێت، *لاندری و بۆهیس- Landry and Bourhis* پێیانوایە:(( دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی ئەو زمانانەیە، کە لەو شوێنە یان لەو ناوچەیە بەرچاون و زۆرترین قسەپێکەریان هەیە))[٣]، لێرەشدا ئەوە ڕوندەبێتەوە کاتێک زیاتر لە زمانێک لە دیمەنی زمانیدا دەبینرێت، واتای ئەوەیە، کە ئەو زمانانە لە پێشبڕکێدان بۆ زاڵبونیان بەسەر یەکترو خۆسەپاندنیان. زۆرجار دەبینرێت، کە زمانی نافەرمی بەبێ ویست بەسەر زمانی فەرمی وڵاتدا زاڵدەبێت، بەجۆرێک وەکو زمانی فەرمی بەکاردێت. بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی؛ لە ئیستادا وەک زمانێکی جیهانی لە زۆربەی زۆری وڵات و شارەکاندا شانبەشانی زمانی فەرمی

---

(١) بروانە وێنەی ژمارە ٣ لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا

(2) Jasone Cenoz and Durk Gorter, The Linguistic Landscape As An Additional Source Of Input In Second Language Acquisition, Oral - International Review Of Applied Linguistics In Language Teaching. Vol./ 46. No/ 3. 2008.

(3) Landry & Bourhis Richard, Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality.p:31.

بەکاردەهێنرێت؛ لەم بارەیەوە *ڕەفیق شوانی* پێیوایە: ((مەترسیی هەژمونی زمانی ئینگلیزی بۆ داهاتوی نەتەوەکەمان زۆر خراپ ڕەنگدەداتەوە، زمانی کوردی دەکاتە زمانی دوەمی کوردستان)) [1]. بۆیە گەر پێشی لێنەگرێت و فریای زمانی فەرمی وڵات نەکەوین ئەوە وردەوردە زمانی نەتەوایەتیمان بەرەو لاوازی و سستی دەڕوات و زمانی نافەرمی بەسەر زمانی فەرمی وڵاتدا زاڵدەبێت. هەر لەم بارەیەشەوە *فسۆڵد- Fasold* پێیوایە:(( فرەزمانی لەنەتەوەیەکدا دەتوانێت کێشە چارەسەربکات لە بواری بازرگانیدا لە هەمان کاتیشدا دەبێتەکێشە لە بواری کۆمەڵایەتیدا.)) [2]واتە لەو شوێنە بازرگانییەکاندا فرەزمانی وەک پێویستییەک بەکاردێت. بەتایبەتی لەو شوێنانەی، کە هاتوچۆی خەڵکی بیانی بەسەرەوەیە. ئەوەش سودی بۆ خاوەنی شوێنە بازرگانییەکە دەبێت و فرۆشی زیاتر دەبێت. لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە ببێتە کێشە بۆ خەڵکی ئاسایی، بەتایبەتی ئەوانەی، کە زمانی بیانی نازانن، چونکە تێنەگەیشتن لە زمانی بیانی زۆرجار گرفت دروستدەکات.

## ٢-١- پەیوەندیی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە:

### ١-١-١٥- سیاسەتی زمان:

سیاسەتی زمان جۆرێکە لە سیاسەتی گشتیی حکومەت، لە هەمان کاتیشدا بە شێکی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتە. ئەو سیاسەتە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە دادەڕێژرێت، ئامانج لێی ئەوەیە زمانی فەرمی دیاریبکرێت و لەهەمان کاتدا مافی زمانەکانی تری سنوری دەوڵەتیش لەم سیاسەتەدا ڕەچاوبکرێت. *شۆهامی-Shohamy* پێیوایە: (( سیاسەتی زمان توانای دروستکردنی زمانی هەیە و دەتوانێت دۆخی زمانێک بەرزبکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی نزمبونەوەی زمانەکانی تر))،[3] واتە سیاسەتی زمان زۆر جار بۆ بەرزکردنەوەی زمانێک لەسەر حسابی ئەوانی تردا بەکاردێت. ((بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی زمان چوارچێوەیەکە سەبارەت بە زمان بڕیار دادەڕێژێت. ئەم

---

(١) ڕەفیق شوانی، لە دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە، ل:47.

(2) Ralph Fasold, The Sociolinguistics Of Society,1984, p:4.

(3) Elana Shohamy, Language Policy: Hidden Agendas And New Approaches, London: Routledge, 2006, p:124.

سیاسـەتە دو مەبەسـتی لە پشـتە: یەکەمیان گۆڕینی زمـان دوەمیـان پاراسـتن و پەرەپێدانی زمـان.))[١] جگە لەو دو مەبەستەش سیاسـەتی زمـان (( بۆ پاراسـتنی زمانی نەتەوە و ئاسایشی نەتەوەیە. هەندێک جاریش سیاسەتی زمـان بەکاردێت بـۆ کۆسـپ و تەگەرە خسـتنە پـێش گەشـەکردنی زمـانی بـن دەسـت)) [٢]یـان لە سیاسـەتی زماندا هەوڵـی سـڕینەوەی زمانێـک دەدرێت یـان فەرامۆشـدەکرێت لە خوێنـدن و یاسـا و دیمەنـی زمانیـدا. وەک: تورکیـا و سـوریا و ئێـران لەئێسـتادا بەرانـبەر بە زمـانی کـوردی دەیـکەن.(( هەنـدێک جـاریش دەسـەڵات زمـان بەو ئاراستەیە دەبات، کە خۆی مەبەستیەتی.))[٣]

*دێڤید-David* پێیوایە: ((سیاسـەتی زمـان ئەو ڕەفتـار و کارلێکـانەن، کە بە هۆیـانەوە دۆخـی فەرمـی زمـان و بڕیـاری تـایبەت بە زمـان دەسـەپێنرێت، بە جۆرێک، کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدابێت.))[٤] واتە (( هـەمو ئـەو بژاردانـەن، کە ئاگایانــە دەستنیشــاندەکرێن بــۆ ڕێکخســتنی پەیوەنــدیی نێــوان زمــان و ژیــانی کۆمەڵایـەتی.))[٥] بەگشـتی سیاسـەتی زمـان ((لە هەمـو بوارەکانیـدا لە پەیوەنـدیی زمان بە کۆمەڵگەوە دەکۆڵێتەوە، بۆیە بە بەشێکی گرنگی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دادەنرێـت.))[٦] دەتـوانین بڵێـین سیاســەتی زمــان ڕێکخســتنێکی سیاســیانەی مەبەســتداری نەتەوەیــی زمــانە، کە بەو هــۆیەوە پــێگە و بەکارهێنــانی زمــانی نەتەوەیـــی ڕێکــدەخرێت و زمـــانی بینـــراو و بیســـتراو لە هەمـــو بوارەکانـــدا یەکدەخرێت؛ بێگومان ئەم زمانەش لەلایەن حکومەتەوە هەلبژێردراوە و کراوە بە زمانی فەرمی وڵات، کەواتە سیاسـەتی زمـان ئەوەیە کە:(حکومـەت بە فەرمـی لە

---

(١) سید عبدالرزاق قازی، سیاسـەتی زمـان و پلان داڕێژیی زمـانی لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین،2020، ل:16.

(٢) تارق جامباز، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، هەولێر،2014، ل:7.

(٣) قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوە وپلانی زمان. چ / یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل:48.

(4) David Cassels Johnson, Language Policy, Washington State University, USA , 2013,p:21.

(٥) لویس جان کالفی، حرب اللغات و السیاسات اللغویة، ت: حمزة حسن، لبنان، مرکز دراسا الوحدة العربیة، ٢٠٠٨،ص:221.

(6) Negro Dal, Local Policy And Modeling The Linguistic Landscape, New York: Routledge, 2009, p:10.

ڕێگەی یاسادانان و بڕیاری پەرلەمانییەوە دایدەڕێژێت، بۆ ئەوەی دیاری بکات، کە چۆن زمانەکان بەکاردەهێنرێتن)[1] چ زمانێک زمانی فەرمی ئەم شوێنەیە؟ گشت یاساکانی حکومەت و بڵاوکراوە و ئاگاداری و ڕێنماییەکان بە کامە زمانن؟ زمانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و لێکۆڵینەوەکان چ زمانێکە؟ ڕێوشوێنە دادوەرییەکان و بڕیاری دادگا بە چ زمانێکە؟ لە ئالۆگۆری بازرگانی وڵات لەگەڵ وڵاتانی تردا چ زمانێک زمانی فەرمیە؟ لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا چ زمانێک بەکاردێت؟ ئەو زمانەی لە دامودەزگای حکومەت و ناوەندەکانی خوێندنی گەشتیاری و ناحکومیدا بەکاردێت چ زمانێکە؟ کامە زمان لەپاڵ زمانی فەرمی وڵات لە خوێندندا بەکاردێت؟ لە چ ئاستێکی خوێندندایە؟ ئەم زمانەی لە میدیاکان بەکاردێت کامە زمانە ؟ لە تابلۆی گەشتیاری و ناحکومیدا ڕێژبەندیی زمانەکان و پێشینەی بەکارهێنانیان لە دیمەنی زمانیدا چۆنە؟ هەمو ئەو پرسیارانە دەکرێت سیاسەتی زمان وەڵامیانبداتەوە

### ١-١-١٦- پلانی زمان:

پلانی زمان، وەکو بەشێک لە پلانی گشتیی حکومەت لە هەمو بوارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زماندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە وەکو: فێرکردن، ڕاگەیاندن، بازرگانی، پیشەسازی، بواری فەرهەنگسازی، دیمەنی زمانی......تاد. بە شێوەیەکی گشتی، پلانی زمان هەنگاوی دوای سیاسەتی زمانییە؛ واتە دوای ئەوەی سیاسەتی زمانیی وڵات دادەڕێژرێت، ئەوکات دامودەزگا پەیوەندیدارەکان پلان دادەنێن بۆ چۆنییەتیی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە. بۆ نمونە: وەزارەتی پەروەردە پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان لە بواری فێرکردندا، وەزارەتی ڕۆشنبیری پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا. هەمو دامودەزگاکانی حکومەت بەهەمان شێوە، لە ڕوانگەی سیاسەتی زمانەوە لە بواری پسپۆری خۆیاندا پلان دادەنێن. واتە

(1) Terrence G. Wiley, Language Planning And Policy, In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press,1996, p:106.

((دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمان.))[١] کەواتە، پلانی زمان((گۆڕانێکی مەبەستدارە لە بنیاتی زمان و ئەرکی زمان، یان لە هەردوکیاندا، هەوڵدەدات کێشەکانیان بدۆزێتەوە بە دەستەبەرکردنی کاریگەرترین و باشترین بژاردەی گونجاو چارەسەریان بکات.))[٢]یان دەتوانین بڵێین ((پلانی زمان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دۆخی زمان لە ڕوی پێداویستییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە.))[٣]واتە لە پلانی زمانیدا، زمان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی؛ یان((بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زمان.))[٤] بەکاردەهێنرێت. هەندێکجاریش بۆ ((دەستتێوەردان و پاکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی زمان لە نەتەوەیەکی دیاریکراودا.))[٥] ڕێکدەخرێت. بەگشتی ((پلانی زمانی بە شێوەیەکی سەرەکی دیزاین کراوە بۆ هەژمارکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە گۆڕانکاری زمانەوانی لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەم چەمکە پەرەسەندنی زمانێکی زاڵ لە سەر حسابی زۆرێک لە زمانەکانی تر دادەنێت.)) [٦]چونکە گرنگی بەزمانێکی دیاریکراو دەدرێت لە هەمو ڕویەکەوە ئەو گرنگیدانەش (( هەوڵێکی سیاسیی دروستە لە ئاکامی هەبونی ڕەوشێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، هەوڵدەدات ڕەوشی سیاسی زمان بگۆڕێت.))[٧] بۆ ئەوەی بتوانرێت بە بێ بونی کێشە پێداویستیی تاک و کۆمەڵ جێبەجێ بکات

---

(١) لویس جان کالفی، حرب اللغات و السیاسات اللغویة، ص:395

(2) Joan Rubin And Bjorn Jernudd, Can Language Be Planned? Sociolinguistic Theory And – Practice For Developing Nations. Hawaii, The University Press Of Hawaii1971,p: xvi

(3) Sue Wright, Language Policy And Language Planning From Nationalism To Globalization., Johnson, Washington State University, USA, 2004, p:71.

(٤) خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحمود کەریم، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژ:42، 2017، ل:10.

(5) anaEl Shohamy, Language Policy, Hidden Agendas And New Approaches, London, Routledge, 2006,p:49.

(6) Khumbu Blasius Piusm, Perspectives For Cameroon. Chiatoh sales center For African Languages And Cultures, The University Of Buea, 2021, P:180.

(٧) سلام ناوخۆش، ستاندەربونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسی و سیاسەتی زمان، ڕێخراوی زمانناسی،، چاپخانەی منارە هەولێر، ٢٠١٠، ل:51.

پلانی زمانی لە دو ڕوی جیاوازەوە کار لەسەر زمان دەکات:

**ڕوی یەکەم:** بەشێوەیەکی سیستماتیک زمان ڕێکدەخاتەوە؛ گۆڕانکاری لە فۆڕمی زمان دەکات و ئاریشەکانی لەڕوی فەرهەنگ، ڕێنوس، شێوەی فۆنت، بەرزکردنەوەی کوالێتیی زمان، ........تاد، چارەسەردەکات.

**ڕوی دوەم:** پلاندانان بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی، کە بەکۆمەڵەوە گرێ دراون؛ لێرەشدا گرنگی بە کوالێتی زمان نادرێت؛ تەنها بایەخ بەو پەیوەندیە دەدرێت، کە لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە. بۆیە زمانەوانانیی کۆمەڵایەتی وپلاندارێژەرانی زمان ڕۆلی سەرەکی دەبینن لە پتەوکردنی ئەم پەیوەندییەدا[1]. بۆیە پێویستە پلاندارێژەران ڕەچاوی ویست و ئارەزوی تاک و کۆمەڵ بکەن، چونکە ئەو پلانەی، کە لەلایەن کۆمەڵەوە پێشوازی لێدەکرێت و پەیڕەودەکرێت زۆر سەرکەوتو ترە لە چاو ئەو پلانەی کەلەلایەن کۆمەڵەوە پەیڕەوناکرێتت و پێشوازی لێناکرێتت. هەندێک جاریش هەندێک هۆکاری تایبەت هەن، دەبنە کێشە لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانی زمانیدا، وەکو: هۆکاری دیمۆگرافی، سیاسی، ئابوری، دەرونناسی، کۆمەڵایەتی، ئاینیی......تاد. پلانی زمان بە چەند هەنگاوێک جێبەجێدەکرێت. لەم بارەیەوە ڕۆبین چوار هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی پلانی زمانی دەستنیشانکردوە:

١- بەدواداچونی ڕاستییەکان.
٢- پلاندانان.
٣- جێبەجێکردن.
٤- کاردانەوە. [2]

واتە سەرەتا بەدواداچون بۆ گرفتەکان دەکرێت و گرفتەکان دەستنیشاندەکرێن، دواتر لایەنی پەیوەندیدار پلان بۆ چارەسەرکردنیان

(1) Terrence Wiley, Language Planning And Policy, In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press, 1996,p:110.
(2) Joan Rubin, Evaluation And Language Planning, 1971,p:219.

دادەڕێژێت، پاشان هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم پلانە دەدرێت. قۆناغی کۆتایی وەرگرتنی ئەم پلانەیە لە ناو خەڵک، واتە پێشوازی خەڵکە بۆ ئەو پلانە، ئایا تاچەند پابەندی بڕیارەکانن؟ ئایا جێبەجێ دەکرێت؟ یان ڕووبەڕوی دەبنەوە ودژی پلانەکە دەوەستن؟ لەو کاتەدا حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار هەوڵدەدەن بەدو ڕێگە ئەو گرفتە چارەسەر بکەن: یەکەمیان: دوبارە بە پلانەکە دابچنەوە و دابیرێژنەوە بە جۆرێک لەگەڵ ویستی خەڵکدا بگونجێت. دوەمیان: ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار نەیانەوێت پلانەکە بگۆڕن ئەوکاتە هەوڵی ئەوە دەدەن هۆشیاریی بەخەڵک بدەن لەبارەی پلانەکە و لایەنی چاکی و بەسودی پلانەکە بۆ خەڵک ڕونبکەنەوە؛ لێرەدا مەبەستیان سەپاندنی بڕیارەکەیە.

بەگشتی پەیوەندیی سیاسەتی زمان و پلانی زمان بە دیمەنی زمانییەوە، پەیوەندیەکی زۆر پتەوە، چونکە ئێمە لەڕێگەی دیمەنی زمانییەوە دەتوانین پەی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانەوە ببەین. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئێمە لە ڕێگەی دیمەنی زمانییەوە دەتوانین بزانین سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی وڵات لە چ دۆخێکدایە؟ ئایا سیاسەتی زمان و پلانی زمان خۆیان مەترسین بۆ سەر زمانی نەتەوەیی؟ واتە جێبەجێکردنی یان جێبەجێ نەکردنیان دەبێتە کێشە. هەمو ئەمانە لە دیمەنی زمانیدا بەڕونی دەردەکەوێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین دیمەنی زمانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە هەیە، بە جۆرێک، کە ((دیمەنی زمانی لە ولاتدا ڕێکدەخەن و پێگەی زمانەکان و پێشنەی بە کارهێنانیان دەستنیشان دەکەن.))[1] هەروەها سیاسەتی زمانیی دەوڵەت دەبێتە هۆی چۆنیەتیی دەرکەوتنی زمانی نەتەوەیی لەناو دیمەنی زمانیدا. هەروەها دەبێتەهۆی بەهێزی و تۆکمەیی زمانی نەتەوەیی لەناو خەڵکدا، هەروەها سازانی خەڵک و ڕاگەیاندن و دەوڵەت لەسەر یەک زمانی ئاخاوتن و نوسین، هەروەها دەبێتە هۆکاری بەهێزیی دەوڵەت، بنەمایەکی گرنگیشە بۆ دروستبونی زمانی ستانداردی نەتەوەیی، لە ئەوروپای سەردەمی بوژانەوەدا، وڵاتە ئەوروپییەکان پەنایان بردەبەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لەجێی زمانی لاتینی، کە زمانی فەرمی زانست و دەوڵەتداریی هەمو ئەوروپا بو. ئەو ڕوکردنە


(١) هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ص:٢٠١.

زمانی نەتەوەییەشیان بۆ بەهێزبونی دەوڵەتی نوێ بو. نەتەوەکانی ئەڵمان و ئیتالی و ئیسپانی و فەرەنسی، هەریەکە لەسنوری وڵاتی نوێی خۆیاندا، زمانی نەتەوەییان کردە زمانی دەوڵەت. لەفەڕەنسا، پاشا فرانسۆی یەکەم بڕیاریدا لەدادگاکاندا زمانی فەرەنسی ببێتە زمانی قسەکردن و نوسینی بڕیارەکان. شاژنی ئیسپانیا لە ساڵی(١٤٩٢)بڕیاریدا سینتاکسی شێوەزاری قشتالی بنوسرێتەوە و لەجیاتی زمانی لاتینی بەکاربێت [١]کەواتە دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی وڵاتە، لەهەمان کاتدا ئەوە دەردەخات، کە دامودەزگاکانی حکومەت چەندە پابەندی ئەو سیاسەت و پلانە زمانییەن کە وڵات هەیەتی. دیمەنی زمانیی نافەرمیش دەریدەخات کە هاوڵاتیان چەندە پابەندی سیاسەتی زمانی وڵاتن، هەروەها حکومەت چەندە چاودێری هاوڵاتییان دەکات بۆ پابەندبون بە پلانی زمانی دیاریکراو بۆیان. جگە لەوەش وەکو *شۆهامی-Shohamy* پێیوایە: (( LL ئەوە بە ڕونی پیشان دەدات، کە چ زمانێک باڵادەستەوە چ زمانێک باڵادەست نییە؟ هەرچۆنێکیش بێت LL ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی دۆخی زمانێکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیارکراودا.))[٢] لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دیمەنی زمانی ئاوێنەیەکە ڕاستەوخۆ سیاسەتی زمانی و پلانی زمانیی حکومەت و هەست و سۆزو چۆنیەتیی بیرکردنەوەی خەڵک بەرانبەر بەزمان و باری ئابوری و ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتور و باری دەرونی خەڵک بەگشتی و ڕەوشی ئێستا و داهاتوی زمان دەردەخات. جگە لەوانەش؛ دەرخستنی هەوڵی بەرپرسان لە بەرەو پێشەوەبردنی زمانی نەتەوەیی و دەرخستنی زمانی زاڵ و زمانی دوەم بە زەقی لە دیمەنی زمانیدا دەردەکەویت .بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە 2-1:

---

(١) احلام قرقور، السياسات اللغوية الأصول و المفاهيم، رسالة دكتوراه، جامعه محمد امين دباغين، كلية الاداب و اللغات، جزائر، ٢٠١٨، ص:٣٥.

(2) Elana Shohamy, Language Policy, Hidden Agendas And New Approaches, London: Routledge, 2006, p:125.




**هێڵکاری ژمارە 1 .پەیوەندیی دیمەنی زمانی بە بابەتە پەیوەندیدارەکانەوە.**

## ٣- بەشی دووەم:

### ٢-٢- میتۆدۆلۆجی و شێوازی چۆنیەتیی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە:

### ١-١-١٧- شوێنی وەرگرتنی سامپڵەکانی ئەم توێژینەوەیە:

سامپڵەکانی ئەم نامەیە لە چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر وەرگیراون. واتە بەپێی شوێنی جوگرافی، شاری هەولێر دابەشی سەر چوار بەش کراوە."باکور، باشور، ڕۆهەڵات، ڕۆژئاوا" لە هەربەشێک بەناوبانگترین شەقام کە لەهەمان کاتدا بوەتە بازاڕ، وەک نمونە وەرگیراوە. بەم شێوەیە:

باکوری شاری هەولێر ← شەقامی شۆڕش

باشوری شاری هەولێر ← شەقامی مەخمور

ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر ← شەقامی کۆیە

ڕۆژئاوای شاری هەولێر← شەقامی بەختیاری

واتە لە هەر چارەکێکی شاری هەولێردا؛ ئەو شەقامە وەرگیراوە، کە زۆرترین هاتوچۆی خەڵکی شارەکە بەگشتی و گەڕەکەکانی دەوروبەری بەتایبەتی، بەسەرەوەیە. لێرەدا دەتوانین بڵێین هەر شەقامێک وەکو نوێنەری ئەم بەشەی شاری هەولێر وەرگیراوە. بەهەر چوار شەقامەکەش بونەتە نوێنەری دیمەنی زمانیی شاری هەولێر. ئەم شێوازەش بۆئەوەیە، کە بەشێوەیەکی یەکسان سامپڵەکان لە هەر بەشێک وەربگیرێت و جیاوازی و گۆڕانکاری لە هەربەشێکی ئەم شارەدا بەڕونی دەربکەوێت. شەقام و شوێنی وەرگرتنی سامپڵەکان لەم نەخشەیەی شاری هەولێردا دیاریکراوە:




**نەخشەی ژمارە ٢ نەخشەی شاری هەولێر**

**١-١-١٨- میتۆدۆلۆجیی چۆنایەتی:**

وەرگرتنی سامپڵەکانی ئەم تویژینەوەیە بەشێوەی ڤیدیۆ و فۆتۆگراف گیراون کە بە پێی شوێن و هەڵکەوتەی دیمەنە زمانییەکە وێنە و ڤیدیۆکان گیراون.

**١-١-١٩- میتۆدۆلۆجیی چەندایەتی:**

لەڕووی چەندایەتییەوە کارەکانی ئەم تویژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

١. وەرگرتنی تەواوی دیمەنی زمانییە گەشتیاری و بازرگانییەکان لە هەر چوار شەقامدا.

٢. دیاریکردنی ڕێژەی دیمەنی زمانیی جوتزمان و فرەزمان لە هەرشەقامێکدا و دەرخستنی پێشینەی بەکارهێنانی زمانەکان و دیاریکردنی ڕێژەی هەریەکەیان کە لە خشتە و لە شێوەی ڕونکەرەوەدا خراوەتەڕو.

٣. دیاری کردنی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانیانەی، کە پابەندی ڕێنمایی پلانی زمانین و ئەوانەش، کە پابەندنین لە هەرشەقامیکدا.

٤. دیاریکردنی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانییانەی، کە تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە و زاراوەیان بەکارهێناوە لە هەرشەقامێکدا. ئینجا دەرخستنی ئاماری زمانی وشە زەقکراوەکان.


<u>تێبینی</u>: هەرخشتەیەک ژمارەی بەش و ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر شێوەیەکیش پەیوەندیی بەهەر خشتەیەکەوە هەبێت، هەمان ژمارەی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکە ڕونتر دەربکەوێت.

**١-١-٢٠- دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لە هەر چوار شەقامدا:**

هەر چوار شەقامەکە بەهەردو ئاراستەکەیانەوە، لە(٦٠م. بەرەو ٤٠م) هەروەها لە (٤٠م. بەرەو ٦٠م)، (622) دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لەخۆ دەگرن. لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ئاماری دیمەنی زمانیی هەر شەقامێک بەجیا ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە 3 ژمارەی دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لە هەر چوار شەقامەکەدا.**

| ناوی شەقام و ئاراستە | درێژیی شەقام بە مەتر | ژ.دیمەنی زمانی لە ئاراستەیەکی شەقامەکەدا | ژ.دیمەنی زمانی لە هەردوو ئاراستەی شەقامەکەدا |
|---|---|---|---|
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی کۆیە ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م | 950 م. | 94 | 138 |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی کۆیە ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م | 950 م. | ٤٤ | |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی شۆڕش ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م | 2000م. | ٧٧ | ١١٤ |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی شۆڕش ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م | 2000م. | ٣٧ | |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی بەختیاری ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م | ١٣٠٠م. | ٧٧ | ١٤٥ |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی بەختیاری ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م | ١٣٠٠م. | ٦٨ | |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی مەخمور ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م | ١٢٠٠م. | ١٣٢ | ٢٢٥ |
| ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی مەخمور ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م | ١٢٠٠م. | ٩٣ | |
| کۆی گشتی | | | ٦٢٢ |





**شێوەی ژمارە4 ئاماری دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لە هەر چوار شەقامدا بە هەردو ئاراستەکەیەوە**

### ١-١-٢١- تاكزمان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا:

**خشتەی ژمارە 5 ژمارەی دیمەنی زمانیی تاكزمان لەهەر چوار شەقامدا.**

| زمانی بەكارهاتو | شەقامی كۆیە | شەقامی شۆڕش | شەقامی بەختیاری | شەقامی مەخمور | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زمانی كوردی | 15 | 19 | 10 | 140 | 184 |
| زمانی عەرەبی | 11 | 6 | 9 | 7 | 33 |
| زمانی ئینگلیزی | 20 | 37 | 67 | 10 | ١٣٤ |
| زمانی توركی | ٠ | ٣ | ١ | ٠ | ٤ |
| كۆی گشتی | 46 | 65 | 87 | 157 | |





**شێوەی ژمارە ٦ ڕێژەی دیمەنی زمانیی تاكزمان لە هەر چوار شەقامدا.**

بەپێی ئەم ئامارە، ڕێژەی بەكارهێنانی زمانەكان لە دیمەنی زمانیی تاكزماندا لە شەقامێك بۆ شەقامێكی تر، جیاوازە. تاكزمانی كوردی لە شەقامی مەخموردا بەرزترین ڕێژەی بەكارهێنانی هەیە كە (٨٠,١%)ە. بەپێچەوانەوە لە شەقامی بەختیاریدا نزمترین ڕێژەی بەكارهێنانی تاكزمانی كوردی هەیە كە (١١,٤%)ە.

بەرزترین ڕێژەی بەكارهێنانی تاكزمانی عەرەبی لە شەقامی كۆیەدایە بە ڕێژەی(23.9 %)، نزمترین ڕێژەش لە شەقامی مەخمورە بە ڕێژەی (4.4 %).

سەبارەت بە تاكزمانی ئینگلیزی، بەرزترین ڕێژەی بەكارهێنانی لە شەقامی بەختیاریدایە؛ بەڕێژەی(77.2 %). لە بەرانبەردا نزمترین ڕێژە لە شەقامی مەخموردایە، بە ڕێژەی(6.3 %).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە زۆرترین بەکارهێنانی تاکزمانی کوردی لە شەقامی مەخمور و نزمترین ڕێژەش لە شەقامی بەختیارییە، هەروەها بەرزترین ڕێژەی تاکزمانی ئینگلیزی لە شەقامی بەختیاریە و نزمترین ڕێژەش لە شەقامی مەخمورە. وەک لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:




**شێوەی ژمارە ٧ جیاوازی لە ڕێژەی بەکارهێنانی دیمەنی زمانیی تاکزمانی ئینگلیزی و کوردی لە شەقامەکانی مەخمور و بەختیاریدا**


هۆکاری ئەو ڕێژە جیاوازە بە بۆچونی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شەقامی مەخمور، شەقامێکی کۆنی شاری هەولێرە و ئەو گەڕەکانەی، کە لە دەوروبەری شەقامەکەن، گەڕەکی کۆن و کوردنیشنی شاری هەولێرن؛ هەروەها لەڕوی ئاستی ئابوریەوە مامناوەند و خوارمامناوەندن، بۆیە فرۆشیاری مارکە بیانییەکانی خۆراک و پۆشاک و کەرستەی ناوماڵ، لەو شەقامەدا نین. ئینجا ئەو شەقامە بەگشتی وەک بازاڕێکی پیشەگەریی کارەبا و تۆڕی ئاو و پیشەی تر دەردەکەوێت، ئەو مارکە بیانیانەی کە لەو شەقامەدا هەن، بەگشتی تایبەتمەندن بەو پیشانەی کە ئاماژەمان پێیداوە.

بەڵام شەقامی بەختیاری، شەقامێکی نوێی شاری هەولێرە، بوەتە بازاڕێکی هاوچەرخ بۆ گەڕەگە هاوچەرخەکانی شاری هەولێر وەک: دریم ستی، ئیتاڵی1، نازستی، ئیمپایەر، گوندی ئینگلیزی، ... تاد. لەو گەڕەکانەش خەڵکێکی زۆری بیانی نیشتەجێن و نوسینگەی زۆر لە کۆمپانیا بیانییەکان لە دەوروبەری ئەم شوێنەوەن، لەپاڵ ئەمانەشدا، ئەو شەقامە بوەتە بازاڕێکی هاوچەرخی مارکە بیانییەکانی پێویستییە تاکەکەسییەکان، وەک بوارەکانی خواردەمەنی و پۆشاک و جوانکاری. هەمو ئەمانە، بونەتە هۆکاری ئەوەی لە دیمەنی زمانیدا زمانی ئینگلیزی بەسەر زمانەکانی تردا زاڵ بێت.

### ١-١-٢٢- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزماندا:


شێوازی فەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزماندا، پێویستە زمانی کوردی بێت. بۆیە ئەو دیمەنە زمانییانەی، کە بەزمانێکی تر نوسراون؛ یان زمانێکی تێکەڵیان بەکارهێناوە، بە شێوازی نافەرمی دادەنرێن، چونکە ئەم دیمەنە زمانییانە لەلایەن خەڵکەوە بەرە و دەسەڵات ئاراستەکراون و پابەندی ڕێنمایی نوسینی دیمەنی زمانی نین. بەشێوەیەکی گشتی، شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی هەر چوار شەقامدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە شەقامی کۆیەدا، لە کۆی(46) دیمەنی زمانیی تاکزماندا، تەنها (8)یان، کە دەکاتە، ڕێژەی(17.3%) بەشێوەی فەرمی نوسراون و ڕێژەی (82.6%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.





**شێوەی ژمارە ١١ بەکارهێنانی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی کۆیەدا**

لە شەقامی شۆڕشدا، لە کۆی (65)دیمەنی زمانیدا تەنها (16)یان، کە دەکاتە، ڕێژەی(24.6%) بە شێوەی فەرمی نوسراون و ڕێژەی (75.3%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.





**شێوەی ژمارە ١٢ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی شۆڕشدا**

لە شەقامی بەختیاریدا زۆرترین ڕێژەی زمانی بیانی بەکارهاتوە، بەجۆرێک لە کۆی(87) دیمەنی زمانیی تاکزماندا، تەنها (5)یان، کە دەکاتە، ڕێژەی(5.7%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (94.2%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ١٣ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی بەختیاریدا**

ئەوەی، کە ڕێژە جیاوازەکەی دروست کردوە؛ شەقامی مەخمورە، کە بەرچاوترین ڕێژەی شێوازی فەرمی لەدیمەنی زمانیدا بەکارهاتوە، لە کۆی(157) دیمەنی زمانیی تاکزماندا (116)دیمەنی زمانی، کە دەکاتە، ڕێژەی(73.8%) بە شێوەی فەرمی نوسراون. لە بەرانبەردا تەنها ڕێژەی (26.1%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون. ئەوەش لە چاو شەقامەکانی تردا ڕێژەیەکی تەواو جیاوازە.




**شێوەی ژمارە ١٤ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی مەخموردا**

کەواتە؛ زۆرترین بەکارهێنانی دیمەنی زمانیی تاکزمانی کوردی، لە شەقامی مەخمورە. بەپێی ئەم خشتەیە، زمانی زاڵ لە هەر شەقامێکدا بەو شێوەیە: لە شەقامەکانی" کۆیە، شۆڕش، بەختیاری" دا زمانی زاڵ لە دیمەنی زمانیی

تاكزمانیدا، زمانی ئینگلیزییە. بەڵام لە شەقامی مەخموردا، زمانی زاڵی تاكزمان، زمانی كوردییە.

### ١-١-٢٣- جوتزمان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا:


جوتزمانی لە دیمەنی زمانیدا، ئەم دیمەنە زمانییانە دەگرێتەوە، كە بە دو زمان نوسراون. لەم جۆرەیاندا زمانێك پێش زمانێكی تر دەكەوێت. واتە، زمانێك لە سەروی زمانێكیترەوە، یان لەپێش زمانێكی ترەوە دەنوسرێت.

خشتەی ژمارە ١٥ ئاماری دیمەنی زمانیی تاكزمان و جوتزمان لە هەر چوار شەقامدا.

| جۆری دیمەنی زمانی | شەقامی كۆیە | شەقامی شۆڕش | شەقامی بەختیاری | شەقامی مەخمور | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| تاكزمان | 46 | 65 | 87 | 157 | 355 |
| جوتزمانی | 60 | 40 | 47 | 58 | 205 |

### ٣-٣-٤-١- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی لە شەقامی كۆیەدا:


لە شەقامی كۆیەدا، لە كۆی(60) دیمەنی زمانیی جوتزمانیدا؛ تەنها (11) دیمەنی زمانی، كە دەكاتە، ڕێژەی(18.4%) بە شێوەی فەرمی و ڕێژەی (81.6%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ١٦ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی كۆیەدا**

### ٣-٣-٤-٢- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی شۆڕشدا:


لە شەقامی شۆڕشدا، لە کۆی(40) دیمەنی زمانی جوتزماندا؛ تەنها (3) دیمەنی زمانی، کە دەکاتە ڕێژەی (7.5%) بە شێوەی فەرمی و ڕێژەی (92.5%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ١٧ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی شۆڕشدا**

### ٣-٣-٤-٣- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی بەختیاریدا:


لە شەقامی بەختیاریدا، لە کۆی(47) دیمەنی زمانیی جوتزماندا، تەنها (7) دیمەنی زمانی بەشێوەی فەرمی نوسراون، کە دەکاتە، ڕێژەی(15%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (.85%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ١٨ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی بەختیاریدا**

### ٣-٣-٤-٤- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی مەخموردا:


لە شەقامی مەخموردا، لە کۆی(58) دیمەنی زمانی جوتزماندا؛ تەنها (19) دیمەنی زمانی، کە دەکاتە ڕێژەی(32.7%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (67.2%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ١٩ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی مەخموردا**

خشتەی ژمارە ٢٠ ژمارەی بەکارهێنەرانی شێوەی فەرمی و نافەرمی لەهەر چوار شەقامدا:

| ناوی شەقام | کۆی گشتی دیمەنی زمانیی جوتزمانی | شێوازی فەرمی | شێوازی نافەرمی |
|---|---|---|---|
| کۆیە | 60 | 9 | 51 |
| شۆڕش | 40 | 5 | 35 |
| بەختیاری | 47 | 9 | 39 |
| مەخمور | 58 | 21 | 37 |




**شێوەی ژمارە 21 ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی هەر چوار شەقامدا**


بەپێی ئەو ئامارەی سەرەوە؛ زۆرترین بەکارهێنانی شێوازی فەرمیی زمان لە دیمەنی زمانیی جوتزماندا، لە شەقامی مەخمورە؛ زۆترین بەکارهێنانی شێوازی نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزماندا، لە شەقامی شۆڕشە.

### ٣-٣-٤-٥- فرەزمان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا:

ئەو دیمەنە زمانییانە دەگرێتەوە، کە بە دو زمان یان زیاتر دەنوسرێن. جا بە شێوەی فەرمی یان نا فەرمی نوسرابێت.

خشتەی ژمارە 22 ژمارەی دیمەنی زمانیی فرەزمان لە هەرچوار شەقامدا.


| جۆی دیمەنی زمانی | شەقامی کۆیە | شەقامی شۆڕش | شەقامی بەختیاری | شەقامی مەخمور | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| تاکزمان | 46 | 65 | 87 | 157 | 355 |
| جوتزمانی | 60 | 40 | 47 | 58 | 205 |
| فرەزمان | ٣٢ | ٩ | ١١ | 10 | 62 |
| کۆ | 138 | 114 | 145 | 225 | 622 |




**شێوەی ژمارە ٢٣ ڕێژەی تاکزمان و جوتزمان و فرەزمان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامەکەدا**

خشتەی ژمارە ٢٤ ڕیزبەندیی زمانەکان لە دیمەنی زمانیی فرەزماندا.


| ژ | ڕیزبەندیی زمانەکان | ژمارەی بەکارهاتو |
|---|---|---|
| ١ | کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی | 12 |
| ٢ | کوردی-ئینگلیزی-عەرەبی | 17 |
| ٣ | عەرەبی-کوردی-ئینگلیزی | 16 |
| ٤ | ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی | ٦ |
| ٥ | عەرەبی-ئینگلیزی-کوردی | ٥ |
| ٦ | ئینگلیزی-کوردی-عەرەبی | ٤ |
| ٧ | کوردی-تورکی-عەرەبی | ١ |
| ٨ | کوردی-تورکی-ئینگلیزی | ١ |
| | کۆی گشتی | 62 |




**شێوەی ژمارە ٢٥ ڕێژەی زمانی بەکارهاتو لە دیمەنی زمانیی فرەزماندا**

### ٣-٣-٤-١- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی فرەزمانی شەقامی کۆیەدا:


لە شەقامی کۆیەدا لە کۆی(32) دیمەنی زمانی فرەزمان؛ تەنها (10) دیمەنی زمانی بەشێوەی فەرمی نوسراون، کەواتە ڕێژەی(31.2%) بە شێوە فەرمی نوسراون و ڕێژەی (68.7%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ٢٦ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی کۆیەدا**

### ٣-٣-٤-٢- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی فرەزمانیی شەقامی شۆڕشدا:


لە شەقامی شۆڕشدا لە کۆی(9) دیمەنی زمانیی فرەزمان، تەنها (1) دیمەنی زمانی بەشێوەی فەرمی نوسراوە، کەواتە ڕێژەی(11.1%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (88.9%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ٢٧ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی شۆڕشدا**

### ٣-٣-٤-٣- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی فرەزمانی شـەقامی بەختیاریدا:


لە شـەقامی بەختیاریـدا لە کـۆی(11) دیمەنـی زمـانیی فرەزمـان، تەنهـا (4) دیمەنـی زمـانی بەشـێوەی فەرمـی نوسـراون، کەواتە؛ ڕێژەی(36.3%) بە شـێوە فەرمی و ڕێژەی (63.7%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ٢٨ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی بەختیاریدا**

### ٣-٣-٤-٤- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی فرەزمانی شـەقامی مەخموردا:

لە شـەقامی مەخمـوردا، لە کـۆی(10)دیمەنـی زمـانی فرەزمانـدا؛ تەنهـا (3) دیمەنـی زمـانی بەشـێوەی فەرمـی نوسـراون، کەواتە؛ ڕێژەی(30%) بە شـێوەی فەرمی و ڕێژەی (70%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.




**شێوەی ژمارە ٢٩ ڕێژەی شیوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی مەخموردا**

**١-١-٢٤- تەکنیکی زەقکردنەوە لە دیمەنی زمانیی جوتزمان و فرەزماندا:**

زۆرجار لە دیمەنی زمانیدا هەوڵدەدرێت؛ وشەیەک بەشێوەیەکی زەقتر و دەرکەوتوتر بنوسرێت، ئەم زەقکردنەوەیەش یان بەهۆی گۆڕینی جۆر و قەبارەی فۆنتەوەیە یان بەهۆی ڕەنگی جیاوازەوە ئەنجامدەدرێت. ئەم تەکنیکە زیاتر لە دیمەنی زمانیی جوتزمان و فرەزماندا بەکاردێت. زۆرجار دیمەنە زمانیەکان لەڕوی چۆنیەتیی ڕیزبونی زمانەکان لە دیمەنی زمانیدا بە شێوەی فەرمی نوسراون و زمانی کوردی لە پێش زماکانی ترەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوەیان داوە، کە زمانێک بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنن و زەقتری بکەنەوە، ئەوەش بۆ چاوبەستکردنی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارە، بۆ ئەوەی پیشان بدەن، کە ئەوان لە نوسیندا پابەندی ڕێنماییەکانن، لە هەمان کاتیشدا لە ڕێنماییەکان لادەدەن.

لەم جۆرەیاندا بۆ ئەوەی پێوەری زانستیانەی زمانی زاڵی هەر دیمەنیکی زمانی بزانین، ئەوە لە ڕێگەی زەقترین وشەوە زمانی زاڵمان بۆ دەردەکەوێت، کە زمانی زاڵی ئەم وشەیە دەبێتە زمانی زاڵی دیمەنە زمانییەکە.




**وێنەی ژمارە ٣٠ بەکارهینانی تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە لە دیمەنی زمانیدا.**

**ئاماری زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی فرەزماندا:**

**خشته ژماره ٣١ ئاماری زمانی زەقترین وشه له دیمەنی زمانیی شەقامی کۆیەدا.**

| ژ | زمانی زەقترین وشه | ژمارەی بەکارهاتن |
| --- | --- | --- |
| ١ | کوردی | ١١ |
| ٢ | ڕێنوسی لاتینی | ٧ |
| ٣ | عەرەبی | ٧ |
| ٤ | ئینگلیزی | ٢١ |
| ٥ | تورکی | ٢ |
| ٦ | فارسی | ١ |
| کۆی گشتی | | ٤٩ |

**خشته ژماره ٣٢ ئاماری زمانی زەقترین وشه له دیمەنی زمانیی شەقامی شۆڕشدا.**


| ژ | زمانی زەقترین وشه | ژمارەی بەکارهاتن |
| --- | --- | --- |
| ١ | کوردی | ٥ |
| ٢ | ڕێنوسی لاتینی | ٢ |
| ٣ | عەرەبی | ٩ |
| ٤ | ئینگلیزی | ٢٨ |
| ٥ | تورکی | ٢ |
| کۆی گشتی | | ٤٦ |

**خشته ژمارە٣٣ ئاماری زمانی زەقترین وشه له دیمەنی زمانیی شەقامی بەختیاریدا.**

| ژ | زمانی زەقترین وشه | ڕێژەی بەکارهاتو |
| --- | --- | --- |
| ١ | کوردی | ٦ |
| ٢ | ڕێنوسی لاتینی | ٣ |
| ٣ | عەرەبی | ٩ |
| ٤ | ئینگلیزی | ٢٣ |
| کۆی گشتی | | ٤١ |

خشتە ژمارە ٣٤ ئاماری زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی شەقامی مەخموردا.


| ژ | زمانی زەقترین وشە | ڕێژەی بەکارهاتو |
|---|---|---|
| ١ | کوردی | ١٧ |
| ٢ | عەرەبی | ١٧ |
| ٣ | ئینگلیزی | ١٢ |
| ٤ | ڕێنوسی لاتینی | ١ |
| ٥ | تورکی | ١ |
| کۆی گشتی | | ٤٨ |




**شێوەی ژمارە ٣٥ ڕێژەی بەکارهێنانی زەقترین وشە بە زمانە جیاوازەکان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا**

خشتەی ژمارە ٣٥ ڕیزبەندیی زەقترین وشە بەشێوەیەکی گشتی لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامەکەدا.

| ژ | زمانی زەقترین وشە | ڕێژەی بەکارهاتو |
|---|---|---|
| ١ | کوردی | ٣٩ |
| ٢ | عەرەبی | ٤٢ |
| ٣ | ئینگلیزی | ٨٤ |
| ٤ | ڕینوسی لاتینی | ١٣ |
| ٥ | تورکی | ٥ |
| 6 | فارسی | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٨٤ |




**شێوەی ژمارە ٣٦ ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا**

بەپێی ئەم خشتەیە و شێوەیە زەقترین وشە لە هەر چوار شەقامدا لە کۆی (١٨٤) دیمەنی زمانیدا (٨٤) دیمەنی زمانیی زەقترین وشەیان بە زمانی ئینگلیزیە، کە دەکاتە ڕێژەی (46%). هەروەها زمانی عەرەبی لە ئاماری زمانی زەقترین وشەدا ڕیزبەندیی دووەمی وەرگرتوە، بە ڕێژەی (٢٢,٨%). لە دوای ئەویش زمانی کوردی دێت، کە لە کۆی (١٨٤) دیمەنی زمانیدا تەنها (٣٩) دیمەنی زمانی زەقترین وشەیان بەزمانی کوردییە، کە دەکاتە ڕێژەی (٢١,١%). لەدوای ئەوانیش زمانی تورکی و فارسی دێت

کەواتە؛ بەپێی ئەم ئامارە، زمانی زاڵ لە هەر چوار شەقامدا زمانی ئینگلیزیە. پاشان زمانی عەرەبی دوای ئەویش زمانی کوردی دێت. ئەگەر شەقام شەقامیش وەربگرین لە هەرسێ شەقامی "کۆیە، شۆڕش، بەختیاری"دا، زمانی ئینگلیزی زمانی زاڵە، تەنها لە شەقامی مەخمور نەبێت، کە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی هەمان ڕێژەیان هەیە و بەیەکەوە بون بە زمانی زاڵی ئەو شەقامە.

لێرەدا دەردەکەوێت ئەو شوێنانەی، کە هاوچەرخن لە شاری هەولێردا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی لە پێش زمانی فەرمیدا خۆی سەپاندوە. هەرچەندە هەردو شەقامی کۆیە و شۆڕش لە چاو شەقامی بەختیاری هاوچەرخ نین، بەڵام بونەتە شوێنێکی بازرگانیی گرنگ بۆ مارکە و براندە جیهانییەکان.

## ئەنجام

١- بەشێوەیەکی گشتی ناونیشانی فەرمانگە حکومییەکان پابەندی یاسای زمانە فەرمییەکانن، بەڵام لە ناونیشانی شەقامەکاندا، وەک پێویست پابەندی یاسای زمانە فەرمییەکان نین. ناوی شوێن و شەقامەکان بە زمانی کوردی نوسراون، بەڵام زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دوەم و زمانی عەرەبی وەک زمانی سێیەم بەکارهاتوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە زمانی عەرەبی پاش زمانی کوردی زمانی فەرمییە و زمانی ئینگلیزی زمانی نافەرمیە لە شاری هەولێردا.

٢- لە دیمەنی زمانیی بازڕگانیدا بەرژەوەندی ئابوری دەستکەوتی ماددی، زاڵە بەسەر هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستیی زمانی نەتەوایەتی، چونکە داتا و ئامارەکان ئاماژە بە باڵادەستی زمانی ئینگلیزی دەکەن. لەسەروی هەمو زمانەکاندا. لەبەرانبەر ئەوەدا زمانی کوردی زۆر بە سنورداری بەکارهاتوە. بەتایبەتی لەو شوێنانەی، کە هاوچەرخ و شوێنی بازڕگانین ئەو کاریگەریە ڕونتر دەبینرێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، جیهانگەرایی و ئابوری خۆی لەخۆیدا زمانی ئینگلیزی بەسەر بازاڕی ولاتاندا دەسەپێنێت. لەلایەکی ترەوەش کڕیارەکانی ئەو ناوچانەی شاری هەولێر، پێدەچێت تابلۆی بە ئینگلیزی نوسراو و ناوی مارکە بیانییەکانیان بەلاوە سەرنجڕاکێش بێت.

٣- لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ڕینمایی بۆ چۆنیەتیی نوسینی دیمەنی زمانی هەیە، بەڵام خەڵک بەگشتی پابەند نین و لە ڕێنماییەکان لادەدەن، بەشێوەی نافەرمی دیمەنە زمانییەکانیان دەنوسن، چونکە بەپێی ئامار و داتاکانی ئەم توێژینەوەیە، دیمەنە زمانییەکان (27%) بەشێوەی فەرمی نوسراون (73%)شێوەی نافەرمی نوسراون. ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ئازادیەکی تەواویان بە نوسینی دیمەنی زمانی داوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سانسۆرێک لەسەر بەکارهێنانی دیمەنی زمانیدا نییە. بۆیە خەڵکی پابەندی پلانی زمانی دەوڵەت نین.

٤- پێوەری زانستییانە بۆ دیای کردنی زمانی زاڵ، لەو دیمەنە زمانیانەی، کە تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە و زاراوەیان بەکارهێناوە. بریتییە لە زمانی وشە زەقکراوەکە، کە دەبێتە زمانی زاڵ بۆ ئەم دیمەنە زمانییە. لەم توێژینەوەیەشدا، بەپێی ئامار و داتاکان ئەو دیمەنە زمانییانەی، کە ئەو تەکنیکەیان بەکارهێناوە

بەو شێوەیەیە: زمانی کوردی بە ڕێژەی (٢١,١%)، زمانی عەرەبی بەڕیژەی (٢٢,٨%)، زمانی ئینگلیزی بە ڕێژەی (٤٥,٥%).

لێرەشدا زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی بەرچاو زەقکراوەتەوە بەسەر وشەکانی تری ناو دیمەنە زمانییەکە، بەشێوەی دو ئەوەندە و زیاتریش.

٥-داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە زمانی نەتەوە بچوکەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو پەراوێزخراون.

**پێشنیاز**

١. پێویستە حکومەت و لایەنی بەرپرس ئاوڕێکی جدی لە بابەتی دیمەنی زمانی بدەنەوە، چونکە بابەتێکی تەواو پەراوێز خراوە، هەربۆیە بێسەروبەریەکی زۆری تێدا دەبینرێت. بەشێوەیەک هەر هەر شوێنێک و هەرکەسێک و هەر لایەنێک بە ئارەزوی خۆیان دیمەنە زمانییەکانیان دەنوسن. ئەوەش بێ بەرنامەیی و کەمتەرخەمی حکومەت و لایەنی بەرپرس دەردەخات.

٢. پێویستە ئەوانەی، کە دیمەنی زمانی دەنوسن کەسانی شارەزا و پسپۆر بن ڕەچاوی لایەنی زمانەوانی بکەن لە دیمەنی زمانیدا. هەوڵبدرێت تابکرێت وشەی ڕەسەنی زمانی نەتەوایەتی بەکاربهێنن تا ئەو شوێنەی، کە ناچادەبن.

٣. هەرچەندە شاری هەولێر شارێکی فرەزمانە و هاتوچوی وڵاتانی تری بەسەرەوەیە و ناکرێتت زمانی بیانی بەکارنەهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زمانی فەرمی لەسەروی زمانی نافەرمی وڵاتدا بەکار بهێنرێت. بۆیە لەسەر حکومەت و لایەنی بەرپرس پێویستە سانسۆر و ڕەقابە بۆ ئەم جۆرە پێشێلکاریانە دابنێت، هەوەک چۆن باج لەسەر ڕوبەری دیمەنی زمانیدا هەیە و بەشێوەیەکی جدی پەیڕەودەکرێت. ئاواش باج بۆ پێشێلکاریەکانی تری دیمەنی زمانی هەبێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


١. ئومێد بەرزان برزۆ، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گ/زانکۆی سلێمانی ژ:50، بەشیB، (2016).

٢. بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردی لەدیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، وەرگێرانی:ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، (٢٠٠٨).

٣. تارق جامباز، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، هەولێر،(2014).

٤. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحمود کەریم، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژ/42، (2017).

٥. رەفیق شوانی، لە دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە، گۆڤاری توێژەر /ژمارەی تایبەت بە کۆنفراسی زمانی دایک، (٢٠١٧).

٦. سلام ناوخۆش، ستاندەربونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسی و سیاسەتی زمان، ڕێخراوی زماننناسی، چاپخانەی منارە، هەولێر، (٢٠١٠).

٧. سيد عبدالرزاق قازی، سیاسەتی زمان و پلان داڕێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، (٢٠٢٠).

٨. قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوە وپلانی زمان، چ/1، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٧).

٩. هەژار، عبدالرحمن شرفكندی، فەرهەنگی، هەمبانە بۆرینە، چاپخانەی پویا، تهران، (1369).

١٠.هیوا مولود عەبدوڵڵا، ئانالۆژیای کۆد گۆرینەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، (٢٠١٦).

١١.هەژار،عبدالرحمن شەرەفکەندی، هەمبانە بۆرینە، چ/1، (١٩٩١).

١٢.ئاسۆس محەمەد، بەکۆلێک لەبارەی مێژوی کۆنی هەولێر,(٢٠٢٢) Https://Doktorasossqader, Blogspot, Com/2010/06/Blog-Post_29, Html,

١٣.پارێزگای هەولێر، دانیشتوانی هەولێر٢٠٢٢، Http://Www, Hawlergov, Org/App/

١٤.یاساکانی (2014) | پەرلەمانی کوردستان - عێراق(parliament,krd)

١٥.احلام قرقور، السياسات اللغوية الأصول و المفاهيم، رسالة دكتوراه، جامعه محمد لمين دباغين، كلية الاداب و اللغات، جزائر، (٢٠١٨).
١٦.لويس جان كالفى، حرب اللغات و السياسات اللغوية، ترجمة: حمزة، حسن، لبنان: مركز دراسا الوحدة العربية، (٢٠٠٨).
١٧.محمد المبشر، المشهد اللغوي في المعاهد الإسلامية يجاوى الشرقية واستخدامه كوسيلة تعليم اللغة فى معهد الامين الإسلامي للبنين برنوان سومانب و معهد نور الجديد الإسلامي بايتون بروبولينجو، كلية الدراسات العلي جامعة سونان أمبيل الإسلامية الحكومية سورابايا، (٢٠٢٠).
١٨.ميشال زكريا، قضايا ألسنية تطبيقية، دار العلم للملايين، لبنان، (1993).
١٩.هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ماجستير، جامعة قطر، كلية الآدب والعلوم، (٢٠١٥).

1- Abdeali Bentahila, Language Attitudes Among Arabic-French Bilinguals In Morocco Multilingual, Ph.D., University Of The Wale(1983).
2- Ali Alfaifi, Linguistic Landscape: The Use Of English In Khamis Mushait Saudi Arabia, Master, The State University Of New York At Fredonia, (2015).
3- ChrisisMi Linda Loth, The Linguistic Landscape As The Construct Of The Public Space: A Case Study Of Post-Apartheid Rural South Africa, The Doctoral Degree Linguistics Lin 900 In The Department Of Linguistics And Language Practice In The Faculty Of The Humanities At The University Of The Free State, (2016).
4- David Cassels Johnson, Language Policy, Washington State University, USA, (2013).
5- Durk Gorter, Introduction: The Study Of Linguistic Landscape As A New Approach To Multilingualism, *International Journal Of Multilingualism*, (2006).
6- Elana Shohamy, Language Policy: Hidden Agendas And New Approaches, London: Routledge, (2006).
7- Eliezer Ben-Rafael, Elana Shohamy, And Monica Barni، Introduction: An Approach To theOrdered Disorder Linguistic Landscape In The City،(2006).

8- Heshell Ellaga And Paolo Nino Valdez, health scares In The Philippines, A Linguistic Landscape Analysis, De La Salle University, Manila, The Philippines, (2012).

9- Iris Hewitt Bradshaw, Linguistic Landscape As A Language Learning And Literacy Resource In Caribbean Creole Contexts, Caribbean Curriculum Vol, 22, (2014).

10- Jasone Cenoz And Durk Gorter, The Linguistic Landscape As An Additional Source Of Input In Second Language Acquisition, Oral - International Review Of Applied Linguistics In Language Teaching, Vol, 46, No, 3, (2008).

11- Jing-Jing Wang، linguistic Landscape On Campus In Japan- A Case Study Of Signs In Kyushu University، Northwest A&F University, China; Kyushu University, Japan، (2015).

12- Joan Rubin And Bjorn Jernudd, Can Language Be Planned? Sociolinguistic Theory And - Practice For Developing Nations, Hawaii: The University Press Of Hawaii, (1971).

13- Joan Rubin, Evaluation And Language Planning, Publication Article Published December, The University Press Of Hawaii, (1971).

14- Khumbu Blasius Pius, PErspectives For Cameroon, Chiatoh sales center For African Languages And Cultures, The University Of Buea, (2021).

15- Landry Rodrigue & Bourhis Richard, Linguistic Landscape And Ethnolinguistic Vitality, *Journal Of Language And Social Psychology*، Vol/16, No. 1 ،(1997).

16- Negro Dal, Local Policy, And Modeling The Linguistic Landscape, New York: Routledge, (2009).

17- Omar Alomoush, Multilingualism In The Linguistic Landscape Of Urban Jordan, The University Of Liverpool, Retrieved From Http://Search, Proquest, Com/Docview/177925334,(2015).

18- Peter Backhaus, Multilingualism In Tokyo: A Look Into The Linguistic Landscape, *International Journal Of Multilingualism*, Vol/ 3, No/ 1, (2007).

19- Ralph Fasold, The Sociolinguistics Of Society, Typeset By the Community, Wigston, Leicester Printed In Great Britain(1984)

20- Sue Wright, Language Policy And Language Planning From Nationalism To Globalization, Johnson, David Cassels, Language Policy, Washington State University, USA, (2004).
21- Terrence G. Wiley, Language Planning And Policy, In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press,(1996).
22- Terrence Wiley, Language Planning And Policy, In S, L, Mckay & N, H, Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press, (1996).

# هێمای بازرگانی و
# ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا

پ.د.ڕۆژان نوری

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە، بـە ناونیشـانی (هێمـای بازرگـانی و ناولێنـان لـە تـابلۆی شوێنکاردا)یە، ناولێنانی تابلۆی شوێنکار و دەرخستنی گرفتی تابلۆکان لە ڕووی زۆر بــەکارهێنانی وشــەی بیــانی و هەڵــەی ڕێزمــانیی و ڕێنــووس و پــەیڕەو نـەکردنی ڕێسـاکان یەکێکـە لـە بوارەکـانی کـارکردنی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، کـە لـە پێشـەکیی و دوو بـەش و ئـەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان پێکهـاتووە. لـە بەشـی یەکەمـدا، بـە شـێوەیەکی تیـۆری پێناسـە و ئـەرکی نـاوی بازرگـانی و پەیوەنـدی نێـوان نـاوی بازرگـانی و هێمـای بازرگـانی و پێناسـەی هێمـای بازرگـانی و تایبەتمەندیی یاسایی ناوی بازرگانی خراوەتە ڕوو.

لەبەشی دووەمدا: بە کارەکیی کار لەسەر دەستنیشـانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵــەی تابلۆکـان کـراوە، کـە بریتییـە لـە چۆنیـەتی ناولێنـان لـە شـوێنکارێکی بازرگانیـدا، ئـەو مەرجانـەی کـە پێویسـتن لـە ناولێنـانی شـوێنکارێکی بازرگانیـدا هــەبێت وەک: نوێکـاری (نوێبـوون) و داهێنـان، دواتـر بـۆ ناولێنـانی شـوێنکار و شـوێنە گشـتییەکان، باسـی چەنـد ڕێنماییيـەکمان کـردووە. بـۆ ڕوونکردنـەوەی بابەتەکـە چەنـد نموونەیـەکمان بـە تێکـەڵی لـە شـارەکانی هـەولێر و سـلێمانی و دهۆک و کۆیە و ڕانیە وەرگرتووە.

## ١ . پێشەکی :

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی ( هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا) یە .

سنوری لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکیی دایە.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە: گرفتی سەرەکی توێژەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، فراوانی تابلۆکانی ناولێنانی شوێنکاربوو، بە ڕادەیەک کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها کەمی یان نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە گرفتێکی تری لێکۆڵینەوەکە بوو.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ناساندنی ناو و هێمای بازرگانی شوێنکارە، لەگەڵ گرنگیدان بە ناوی بازرگانیی و پارێزگاریی لێکردنی و تێگەیشتن لە سیستەمی ناولێنانی شوێنیکار، کە یارمەتیی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابوری و کێبڕکێی بازرگانی دەدات، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس و بەکارهێنانی وشەی کوردی ڕەسەن و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی بیانی و هەڕەمەکیی ناولێنان لە تابلۆی دوکان و فرۆشگا و مۆڵ و شوێنکارەکانی باشوری کوردستان بە گشتییە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە، تێیدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی پەیڕەوکراوە.

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە: زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندی و گەیاندن، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و ڕۆشنبیرییە، هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا، پێویستی بە وردبینی و شارەزایی و ڕەچاوکردنی دەستوری ڕێزمان و وشەسازیی زمانی کوردی هەیە. ناولێنانی تابلۆکانی شوێنکار، بابەتێکی زیندووە و پێویستی سەردەمە، جێگەی مشتومڕو باسێکی زۆربەی زمانناسان و شارەزایانی زمانە، هەروەها بێ سەروبەرییەکی زۆر لەم بوارەدا دەبینرێت، تاوەکو ئێستا بابەتێکی سەربەخۆی تایبەت بەم بوارە لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بکرێت و ببێتە دەروازەیەک بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو .

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دەروازەیەک و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە .

بەشی یەکەم: کە تیۆرییە، پێناسە و ئەرکی ناوی بازرگانی و پەیوەندی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی و تایبەتمەندیی یاسایی ناوی بازرگانی خراوەتە ڕوو .

بەشی دووەم: کە کارەکییە، بریتییە لە چۆنیەتی ناولێنان لە شوێنکارێکی بازرگانیدا، ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە شوێنکارێکی بازرگانیدا هەبێت، وەک: نوێکاری (نوێبوون) و داهێنان، هەروەها باسی چەند ڕێنماییەکمان بۆ ناولێنانی شوێنکار و شوێنە گشتییەکان کردووە، لەگەڵ کاریگەری ژینگەیی و دەروونی و ڕامیاری لەسەر پرۆسەی ناولێنانی شوێنکاردا. دواتر باسی گرفتی تابلۆکانمان کردووە، بۆ ڕوون کردنەوەی بابەتەکە، بە کارەکیی چەند نموونەیەکمان بە تێکەڵی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆک و کۆیە و ڕانیە وەرگرتووە، هەڵەکان شیکراونەتەوە و ڕاستکراونەتەوە لە کۆتاییشدا ئەنجامە بە دەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو .

ڕێکاری لێکۆڵینەوەکە: دوای سەرنج دان لە تابلۆکانی شوێنکاردا، درکمان بەوەکرد کە زۆرینەی تابلۆکان بە زمانی بیانی نووسراون، یان بەتێکەڵی بە زمانی کوردی و بیانی نووسراون، جگە لەمە هەڵەی فەرهەنگیی و واتایی و ڕێنووس زۆرە، پێویستە بیر لە ڕاستکردنەوەیان بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆری باسی هێما و ناوی بازرگانی و چەند مەرج و ڕێنماییەکمان کردووە، دواتر بە شێوەیەکی کارەکیی چەند نموونەیەکمان لە تابلۆی شوێنکاری باشوری کوردستان بەگشتی وەرگرتووە، لێکدانەوەمان بۆ کردوون. لەبەر زۆری ژمارەی تابلۆکان، نەمانتوانی وێنەی هەموو تابلۆکان بخەینە بەردەست، تەنیا چەند وێنەیەکمان هەڵبژاردووە، ئەوانی ترمان بە نووسین نیشانداوە.

**دەروازە :**

زمانەوانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕۆچۆتە ناو گشت بوارەکانی زانست و زانیارییەوە، ناتوانین لە بوارێک لە بوارەکانی زانیاری بدوێین، ئەگەر زمانەوانی ڕۆڵێکی گەورەی تێدا نەبینیبێت، لە ڕووی ئاڕاستەکردن یان میتۆدەوە، یان لە ڕووی بابەت و لەدایکبوونی بیرەوە. لەبەرئەوەی ئەم زانستە لەسەردەمی ئێستادا بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە و پەرەی سەندووە و بۆتە بنچینەی زانیاری.

زمانەوانی یارمەتی هەموو زانستەکانی تر دەدات، بۆ ئەوەی بتواندرێت لێکۆڵینەوەی سیستەماتیکییان لە بارەیەوە بکرێت. کە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی مەزن لەهەموو بوارەکاندا. بەمجۆرە ( ئێمە بە زمان لەبارەی شتەکانی دەوروبەرمانەوە دەدوێین، هەروەها بەزمان قسە لەسەر زمان دەکەین، هەر بە زمانیش باسی ئەو توێژینەوانە دەکەین، کە لەبارەی زمانەوە نوسراون، بەهەمان شێوە بە زمان بیردەکەینەوە و ئاخاوتن سەبارەت بە هزر و بیر دەکەین، بۆیە شتێکی ئاساییە کە زمانەوانی تۆمار بکەین، بەوەی کە دایکی هەموو زمانەکانە)، (عیاشی:٢٠١٣ :٥).

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، (تەنیا کەرەستەی ناردن و وەرگرتن و لێتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا زمان بۆ هەر شوێنێک و دەقێک کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاک و کۆیە. هەروەها ڕەنگدانەوەی کولتوورو بەهاکانی کۆمەڵ و هۆکاری مانەوەی ئەم کلتوورو بەهایانەشە. زمان و بیرکردنەوە و کردەوەکانی مرۆڤ هەمیشە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا لە نزیکەوە گرێدراوی یەکتر بوون و دەبن) (نۆردسنتام:٢٠٠٩ :٨)، (تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانن بیر و ئەندێشەی خۆیان بۆ یەکتر بگوێزنەوە)، (باتنی:٢٠١٥: ٩ ).

ئەو بوارەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەمانەوێت ڕۆشنایی بخەینە سەر، هێمای بازرگانی و ناولێنانی تابلۆی شوێنکارە، کە خۆی لە چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە: ناولێنان چییە و مەرج و ڕێنماییەکانی ناوی بازرگانیی و شوێنکار چین؟ ئەو هەڵە و کەم و کورتییانە چین، کە لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکاردا بەرچاو دەکەوێت و چۆن چارەسەریان بکەین؟ بۆچی پێویستمان بە پلانێکی

زمـــانیی تۆکمـــە و گونجـــاو، بـــۆ دەســـتوری ناولێنـــان هەیـــە؟ هۆکـــاری زۆر بەکارهێنانی وشەی بیانی لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکاردا چییە؟ بواری ڕامیاری و ئـــابوری و دەروونـــی چ کاریگـــەری و ڕۆڵێکـــی لـــە هـــەڵبژاردنی ناولێنـــانی شوێنکاردا هەیە؟ ئەم پرسیارانە، پەیوەستن  بە بارودۆخ و هەڵوێستی ڕامیاری و ئابوری و زانستی و کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ئاکادیمی و زمانەوانی و پەروەردەیی و یاسایی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە دووجۆر ناولێنان هەیە: ناوی لۆکاڵی (ناوچەیی) و ناوی نێودەوڵەتی، هەروەها ناولێنانی بازاڕیی شوێنکار و ناولێنانی بازرگانی.

گرنگی تیۆری ئەم بابەتە لەوەدایە، کە تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لەسەر بابەتی ناوی بازرگانی و ناولێنان لە شوێنکاردا نەکراوە، کە هەموولایەنەکان بگرێتەوە، بەڕادەیەک ناوی بازرگانی شوێنکارگرنگترین ڕێگای پەیوەندیی بەستنە بە کڕیارانەوە، کە نرخی ئابوری هەر پڕۆژەیەک لە دەوروبەری کردە بازرگانییەکاندا دیاریدەکات. هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانیمان دەرخستووە و ڕوون کردۆتەوە و باسی هەریەکێکمان بە جیا کردووە، بۆئەوەی درک بەوە بکرێت، کە ئەمانە یەک شت نین: ناوی بازرگانی پەیوەستە بە شوێنی کارەوە، بەڵام هێمای بازرگانی پەیوەستە بە جیاکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکانی شوێنە بازرگانییەکە، ناوی دوکان و شوێنی کار لەلایەکەوە پەیوەستە بە کڕیار و بەکاربەرانی شوێنە بازرگانییەکە، لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بە پڕۆژەی بازرگانییەوە، ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی دوو ڕەگەزی سەرەکین بۆ پەیوەندی بەستن بە بەکاربەران و پەیداکردنی ناوبانگی شوێنەکە. پەیوەندیی بەستن بە بەکاربەرانەوە ئامانجی هەر چالاکییەکی ئابورییە، چالاکی ئابوریی ئەوەندەی پەیوەستە بە هزری ڕکابەری و قۆرخکارییەوە، هێندە بە بیری موڵکایەتی و گرێبەستەوە پەیوەست نییە.

# بەشی یەکەم : ناوی بازرگانی

**سەرەتا:**

ناو، هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی کەسێک لە کەسێکی دیکە لە یەک کۆمەڵگادا، بەهۆی ناولێنانەوە دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایە بە ئاسانیی لەیەکدی جیادەکرێنەوە و سەرژمێریی دەکرێن. بەمجۆرە ناو ڕەگەزیی پێناسینیی کەسیی و تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتییە. بەبێ ناو ناتوانین قسە لەبارەی خۆمان و خەڵکی و دەورووبەر و ڕووداو و دیاردەکانی ترەوە بکەین، هەر بەهۆی ناوەوە دەتوانین ئاماژە بەهەموو ئەو شتانە بکەین کە دەیانبیستین وهەستیان پێدەکەین. هەروەها دوکان و کۆگا و شوێنکاریش بە ئامێری بازرگان، بۆ جێبەجێ کردنی کارە بازرگانییەکەی دادەندرێت. شوێنی کار بەهۆی ئەو ناوەی کە لێی دەنرێت لە لایەن خەڵک و بەکاربەرانەوە دەناسرێت و لە دوکان و شوێنەکانی تر جیادەکرێتەوە و ڕۆڵێکیی بەرچاو و کاریگەریی لە چالاکیی ئابوریدا هەیە، زۆرجار بەهۆی ناوی شوێنەوە، کاری بازرگانیی ناوبانگێکی فراوان پەیدا دەکات، کە ئەمەش نرخی بازاڕگەریی و پێگەی بازرگان بەرزدەکاتەوە، جگە لەمەش، هەڵبژاردنی ناولێنانی دروست، پەیوەستە بە کلتووری کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیاری ئەو کۆمەڵگایەوە .

ڕۆشنبیری تاکەکان، لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، گرنگی دانیش بە زمان و نەتەوە ڕەهەندێکی پەیوەست بەم بوارەیە، کاتێک تاکەکان، هەوڵی ناولێنانێکی دروستی شوێنی کارەکەیان دەدەن، کە لەگەڵ دەستور و ڕێسای زمانەکەیاندا بگونجێت و دوور بێت لە هەڵەی ڕێنووس و وشەی بیانی ئەمە بۆخۆی نیشاندەری هۆشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە. هەر گەل و نەتەوەیەک، بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم، فەرهەنگی زمان و جۆری ناوەکانیان گۆڕانی بەسەردادێت، جا ئەم ناولێنانە، چ ناوی تاک و کەسەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت، یان ناوی شوێن و ناوچە جەگرافییەکان بێت، یان ناوی دام و دەزگا و ڕێکخراو و شوێنی کار و بازرگانی بێت، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونیەتی، لەگەڵ ناوچە و گەلانی تر بە شێوەیەکی گشتی. ئەم تێکەڵبوونەش بە گەلێک هۆکاری جۆراو جۆرەوە دەبێت: وەک فاکتەری ئاینی و بازرگانی و ئابوری و ڕامیاری و زانستی و تەکنۆلۆجی و ...هتد .

هەر نەتەوەیەک، ژێر دەستی نەتەوەیەکی تر بێت، زمانەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانە داگیرکەر وبالا دەستەکەوە، ئەم کارتێکردنەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە بە پێچەوانەشەوە، نموونەی وا لە مێژوودا دەبیندرێت، کە زمانی ژێردەست، کاریگەریی لەسەر زمانی داگیرکەر و بالا دەست، بەحوکمی پێش کەوتنی زانست و بیرەوە داناوە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم سەردەمە و دۆخی ناولێنانی تابلۆکانی شوێنکارە، کە تێبینی ئەوە دەکرێت، بەڕادەیەکی زۆر کاریگەری زمانە بیانییەکانی لە هەڵبژاردنی وشە و جۆری دەستەواژە و ڕستەکانەوەبەسەرەوە بێت، بە بیانووهێناوەی ئەوەی، کە ئەم ناوانە نوێن و لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیریی و سەردەمدا دەگونجێن!
دوکان و کۆگا و شوێنی کار لە سەرمایەی مادیی و مەعنەویی پێکدێت، کە ڕێکخستن و هاوگونجاویی لە نێوانیاندا دەکرێت، بە ئامانجی ڕاکێشانی کڕیار بۆ شوێنەکە (قاسم:٢٠١٢،٢١٥).

هەندێکجار خاوەنکار، شوێنەکە بە ناوی خۆیەوە ناودەنێت، بەڵام هەندێکجار خاوەنی کارشوێنی کارەکەی بەناوی خۆیەوە ناکات، بەڵکو ناوێکی تری لێ دەنێت و ئەو ناوەش دەبێتە کەسایەتییەکی یاسایی بۆ دوکان یان شوێنەکە و بەهۆی ئەو ناوەوەش دەناسرێتەوە و دەبێتە کەسیەتییەکی سەربەخۆی جیاواز لەناوی خاوەنەکەی. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە شوێنی کار چالاکییە ئابورییەکانی خۆی بەهۆی هەردوو ڕەگەزی مادیی و مەعنەوییەوە جێبەجێ دەکات و ئەم دوو ڕەگەزە لەنێوان خۆیاندا هاوکاری دەکەن، بۆ ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ هەڵسوکەوتیی بازرگانیی و ڕاکێشانی کڕیار، لە چوارچێوەی ڕکابەری بازرگانیی یاساییدا، هەروەها پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە دوکان و شوێنی کار مافی ئەوەی هەیە ناوێکی گونجاوی وای لێبنرێت کە سەرنجی خەڵکی و کڕیار بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

## ١ ـ١: پێناسەی ناوی بازرگانیی :

ناوی بازرگانیی لە بواری کاردا گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی خەڵک شوێنی بازرگانیی بەهۆی ناوەکەیەوە دەناسنەوە. دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی

ناوی بازرگانی بکەین: (ناوێکە کە بازرگان چ کەسایەتییەکی ئاسایی یان مەعنەویی بێت وەریدەگرێت بۆ جیاکردنەوەی شوێنە بازرگانییەکەی یان پرۆژەکەی لە شوێنە بازرگانییە هاوشێوییەکانی تری.)،( قاسم:١٩٩٧،٤٦٣)

ناوی بازرگانیی ناوێکە، کە بەهۆی پرۆژەیەکی بازرگانییەوە دەخرێتە بەر دەست و بۆ مەبەستیی بازرگانی بەکاردەهێنرێت.ئەمەش تۆمارێکی یاساییەو لە بەڵگەنامە و پێگە فەرمییەکاندا کاری پێدەکرێت. کۆمپانیاکان ناوی بازرگانیی بەمەبەستی بازارکاریی بەرهەمەکانیان، هەروەها بۆ پاڵپشتیی و بەهێزکردنی هێما بازرگانییەکانیان بەکاریدەهێنن.

زانایانی هاوچەرخ، بەمجۆرە پێناسەی ناوی بازرگانی دەکەن: (ناولێنانێکە کە بازرگان بۆ شوێنە بازرگانییەکەی هەڵی دەبژێرێت، بۆ ناسین و جیاکردنەوەی لە شوێنە بازرگانییەکانی تر، هەروەها بۆئەوەی بەکاربەر و سەوداکەران جۆری تایبەت لە کەلوپەل بناسنەوە و شێوازی مامەڵەکردنی بازرگانییەکە شارەزا بن )،( البوطيی :٢٠٠٥ :٢٢٧ ). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین،کە بازرگان بۆ هەڵبژاردنی ناوی بازرگانی هەوڵێکی زۆر دەدات، هەروەها کات و پارەشی بۆ تەرخان دەکات و پرس و ڕا بە شارەزایان و کەسانی خاوەن ئەزموون دەکات، بۆ بەدیهێنانی تایبەتمەندیی باشی کەلوپەلەکانی، جگە لەمە بڕێک پارە بۆ مەبەستی بانگەشە و بونیاتنانیی ناوی بازرگانی تەرخان دەکات،( عباس:١٩٧٦ :١٦٥ ).

### ١ ــ ١ ــ ٢ : ئەرکی ناوی بازرگانی :

ناوی بازرگانی دوو ئەرکی گرنگ دەبینێت، وەک :

ئەرکی یەکەم: جیاکردنەوەی شوێنێکی بازرگانی یان کۆمپانیا و ڕێکخراوێکە لە شوێنێکی دیکە، بۆئەوەی سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی پێ ببەخشێت و بە ئاسانیی لەلایەن کڕیاران و ئەو کەسانەدا کە بەردەوام هاتوچۆی ئەو شوێنە دەکەن بناسرێتەوە.

ئەرکی دووەم: بۆئەوی خەڵکانی تر بزانن، کە ئەم بەڵێننامانە تایبەتە بەو شوێنە، نەک کاروباری بازرگانیی کەسێکی تر.

**١ـ ٢ ـ ١ : پەیوەندیی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی:**

هێمای بازرگانیی بۆ جیاکردنەوەی بەرهەم و کەلوپەلەکان بەکاردەهێندرێت، بـەڵام نـاوی بازرگـانی بـۆ جیاکردنـەوەی شـوێنە بازرگانییەکـە دادەنـدرێت. بۆنموونـە: ئەگـەر کۆمپانیـای خـوێ و سـۆدا وەربگـرین، دەبینـین نـاوە بازرگانییەکەی (کۆمپانیای خوێ و سۆدا) یە بۆئەوەی لە کۆمپانیاکانی تر جیای بکاتەوە، بەڵام ئەم کۆمپانیایە لەپاڵ ناوە بازرگانییەکەیدا ژمارەیەکی زۆر هێمای بازرگـانیی بـۆ جیاکردنـەوەی کـەلو پـەلو کاڵاکـانیی هەیـە، هـەروەها زەیـت و سـابونیش لـە بەروبومـەکانی ئـەم کۆمپانیایـەن. واتـە: نـاوی بازرگـانی (الاسـم التجـاری) ئامـانجی جیاکردنـەوەی شـوێنێکی بازرگانییـە لـە شـوێنەکانی تـر، کـە لەهەمان سروشت وناوچەدان. بەڵام هێمای بازرگانی (العلامة التجاریة) ئامـانجی جیاکردنـەوەی بەرهـەم و خزمەتگوزارییەکانـە، کـە لـە هـەمان شـوێنی بازرگانیـدا دەردەچـن و ئامـاژە بـە سـەرچاوە بنچینەییەکـەی کاڵاکـە دەکـات، ئەمـەش نیشـانەیەکە ،کـە بازرگـان یـان پیشەسـاز بـۆ جیاکردنـەوەی بەرهەمـەکانی وەری دەگرێت (طه:٦٧٨،٢٠٠٦ ).

**١ ـ ٢ ـ ٢ : پێناسەی هێمای بازرگانی**

هێما ڕەمزێکە یان ناوێکە یـان دروشـمێکە ،کە بەهۆیـەوە کەلوپـەلو شـتومەک دەناسـرێتەوە، چەنـد پێناسـەیەک بـۆ هێمـای بازرگـانی هەیـە: یاسـای هێمـا بازرگانییەکان و ئاماژەپێکراوە جوگرافییەکانی عێراقی ژمـارە ٢١ ی سـاڵی ١٩٥٧ لەگەڵ ڕێکخستنەوەکانی لە مادەی یەکەمدا بەم جۆرە پێناسەی هێمای بازرگـانی دەکات: (هەر نیشانە یان کۆمەڵە نیشانە و ئاماژەیەک، دەتوانی هێمای بازرگـانی پێکبهێنێت، کە بەهۆیەوە دەتوانین جیاوازی لە نێوان کەلو پەلی پڕۆژەیەک لەگەڵ کەلوپـەلی پڕۆژەیـەکی تـردا بکـەین، بۆئـەم مەبەسـتەش دەتـوانین نیشـانەکان و هێماکـان بەتایبـەتی وشـەکان لەناویانـدا نـاوی کەسـیی یـان پیتـەکان و ژمـارە ڕەمزییـەکان و ڕەنگـەکان هـەروەها هـەر تێکەڵییـەک لـەو ئاماژانـە وەک هێمـای بازرگـانی تۆماربکـەین. هـەروەها ئـەلبێرت شـارین بـەمجۆرە پێناسـەی دەکـات: (هێمـای بازرگـانی نیشـانە یـان ئاماژەیـەکی هەسـتپێکراوە، کەلـە هەربەرهـەمێک دەدرێـت بـۆ جیاکردنـەوەی لـە بەرهەمـە هاوشـێوەکانی کـە کێبڕکێـی دەکـەن )،(الجاف: ٢٠١٧ :١٨ ـ١٩)

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتیی پێناسەی هێمای بازرگانی بکەین: هێمای بازرگانی، دەکرێ ناو یان وشە یان چەند پیتێک یان ژمارە یان ڕەمز یان وێنە یاخود تێکەڵەیەک لەمانە بێت، یان هەر نیشانە و ئاماژەیەک بێت کە بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان یان بازرگانییەکان یان کاری دەستی و پیشەییی و کشتوکاڵی هەر پڕۆژەیەک لە بەرهەمێکی تر شیاو بێت، ئەمەش وەک دەلالەتێک کە ئەو پڕۆژەیە، کارێک یان بەرهەمێکی نوێی دروستکردووە هێمایەکی بۆ دادەنێت، کە بۆ خاوەنی هێماکە دەگەڕێتەوە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت: کە هێمای بازرگانی، هۆکارێکی گرنگی مادیی و ئابوورییە، لەبەرئەوەی هێمای تایبەتمەند و بەناوبانگ، لەلایەن خەڵک و بەکاربەرانەوە، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ پێشبڕکێی بازرگانی و ڕاکێشانی سەرمایە داران و موڵکی بیانی و سود وەرگرتن لە ئەزمونەکانیان، لە هەموو بوارەکانی بازرگانی و پیشە سازییدا، بەڕادەیک هەندێ لە هێما بازرگانییەکان بوونەتە سەرچاوەی پەیداکردنی سەروەتێکی زۆر و کاریگەر لە چالاکی بازرگانیدا، نرخی هەندێک لەم هێمایانە دەگاتە ملیاران دۆلار، وەک هێماکانی (کوکاکولا، ئەپڵ، مایکرۆسۆفت، گوگل ...هتد) هێمای بازرگانی وەک ناسنامەیەک وایە بۆ بەرهەمەکانی هەر کۆمپانیا و شەریکەیەک.

ئەو هێما بازرگانییەی کە لە بازاڕگەریی دایە، بەتەنیا نابێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان وبردنەوە ، بەڵکو هۆکارێکی گرنگی سەرمایەی کۆمپانیاکەشە، هەروەها بەهۆی هێماکانەوە بەکاربەر دەتوانێ سەرچاوەی بەرهەم و کاڵاو شتومەک و سیفاتەکانیان بزانێت وخاوەنەکانیان بناسێت (الجاف: ٢٠١٧، ١٥ ـ ١٦ ).

## ١ ـ ٣ : تایبەتمەندیی یاسایی ناوی بازرگانی:

هەڵبژاردنی ناوی بازرگانی چەند ڕێنمایی و مەرجێکی یاسیی هەیە، وەک :

ـ پێویستە ناوی بازرگانیی بە زمانی کوردی بێت یان بە کوردی کرابێت: نابێ وشە و دەستەواژەی بیانیی تێدا بەکاربهێندرێت، ئەم بڕیارە ، ناوی کۆمپانیا بیانییەکان ناگرێتەوە، کە لەدەرەوە تۆمارکراون، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەش ناگرێتەوە، کە ناوبانگێکی جیهانییان هەیە، لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە خاوەنی سەرمایەدارییەکی هاوبەشن .

ـ لەسەر هەموو بازرگانێک پێویستە، کە ناوێکی بازرگانی وەربگرێت و لە تۆماری بازرگانیدا، تۆماری بکات. ئەو ناوەش لە ناوی خۆی لە تۆماری شارستانیدا پێکدێت، یان ناوێکی تازەیە، یان بریتییە لە هەردووکییان، هەروەها پێویستە ناوەکە ڕاگەیاندراوی پەیوەست بە جۆر و تایبەتمەندیی بازرگانییەکە بگرێتە خۆی. لەهەموو بارێکدا، پێویستە ناوەکە گونجاو بێت و دووربێت لە فێڵبازیی و هەڵخەڵەتاندن و ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتیی بکات.

ــ داواکردن بۆ تۆماری ناوی بازرگانی لە نوسینگەی تۆماری بازرگانیدا پێشکەش دەکرێت، لە بارو دۆخێکدا ئەگەر چەند بازرگان یان کۆمپانییایەک داوای هەمان ناو بکەن، مافی یەکەمییەتی و پێشەکیەتی دەدرێت بەو کەسە، کە یەکەم جار ناوەکەی بەکارهێناوە و پێشکەشی کردووە.

ـ دوای تۆمارکردنی ناوی بازرگانی لە تۆماری بازرگانیدا، ڕێگەپێدراو نییە بازرگانێکی تر هەمان ناو هەڵبژێرێت، لە بارودۆخێکدا، ئەگەر ناوێکی هاوشێوەی ئەو هەڵبژێردرا، پێویستە بازرگان شتێکی بۆ زیادبکات کە لەناوە تۆمارکراوەکەی پێشوو جیای بکاتەوە .

ـ نابێ ناوەکە دوبارەبێتەوە : بەتایبەتی ئەو کۆمپانیایانەی کەلە ناوچەیەکدا کاردەکەن، یان مارکێتێک کە لە شارێکدا هەبێ، نابێ هەمان ناو بەبێ مۆڵەت لە شارێکی تردا دوبارە بێتەوە(تەنیا ئەگەر هەمان خاوەنی هەبێت)، لەبەرئەوەی لە بواری یاسادا ڕێگە پێدراو نییە، بۆنموونە: (ماجدی مۆڵ)، (فاملی مۆڵ)،(گەس شۆڕش)، کە لەشاری هەولێردا هەن. هەروەها( گۆڵدن مۆڵ ) لە شاری کۆیەدا، ڕێگە پێدراو نییە خاوەن کارێکی تر، لەهەمان شار یان شارێکی دیکە دا، ئەم ناوانە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە خاوەنە بنچینەییەکەی دووبارە بکاتەوە. چونکە سزای یاسایی لەسەرە. واتە: ناوی بازرگانی شوێنکار، تایبەتە بەو کەسانەی، کە بۆ یەکەمجار مۆڵەتی ناولێنانەکەیان وەرگرتووە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەمووکەسێک ( کەسێکی ئاسایی (خاوەن پڕۆژە) بەکارهێنەری تاک یان کۆمەڵ، یان کەسی مەعنەوی (خاوەن پڕۆژە نەبێت) وەک هاوبەشییەکان و کۆمپانیاکان، مافی ئەوەی هەیە، داوای پارێزگاریی لە ناوە بازرگانییەکەی بکات کە هەڵی بژاردووە. ئەگەر هات و دوچاری زیان و تێپەڕاندن بۆوە لەلایەن کەسانی ئاسایی و مەعنەویدا، بەپێی یاسای وەکالەتی تۆماری ژمارە (٤ ) ی ساڵی ١٩٩٤ دەتوانێ لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار

بکات و سەرپێچی کردنەکە ڕابگرێت یان مافی خۆی لێ وەربگرێت (الجاف:٢٠١٧، ٤٠ – ٤١).

واتە: بەپێی یاسا، ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار ناوێک بۆ شوێنی کارەکەی هەڵدەبژێرێت، دەبێتە خاوەنی ئەو ناونیشانە، ئەگەر هات و کەسێکی تر، بۆخۆی یان بۆ گروپێک یان کۆمپانیایەک ناوەکە وەربگرێت و بەکاری بهێنێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ناونیشانی یەکەم ئاگاداربێت و مۆڵەتی لێ وەرگرتبێت، کەسی یەکەم مافی سکاڵا تۆمارکردن و قەدەغەکردنی هەیە، هەروەها بەهەمان شێوە نابێ بەبێ مۆڵەت ناونیشانەکە لاسایی بکرێتەوە، یان هەمان ناونیشان دووبارە بکرێتەوە، تەنیا پیتێکی لێ بگۆڕدرێت، بۆنموونە شەریکەی (تویتا) ببێتە (توویتا)، هەمان شت سەبارەت بە هێمای بازرگانیش، نابێت هێمایەکی هاوشێوەی پێشوو بەبێ مۆڵەت لەلایەن کەسی ترەوە بەکاربهێندرێتەوە. بۆنموونە: هێمای بازرگانی (ئەپڵ) کە وێنەی سێوێکە، ناتواندرێت بەبێ مۆڵەت دووبارە بکرێتەوە . بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەیە کەسێکی تر لاسایی ناوێکی بازرگانی بکاتەوە و تێپەڕاندی بکاتە سەر، تەنیا بە مۆلەتی خاوەنەکەی نەبێت لەبەرئەوەی، ناوی بازرگانی و ناونیشانی بازرگانی و هێمای بازرگانی و داهێنان و دۆزینەوە مافی تایبەتی خاوەنەکەیانن ( عباس:١٩٧٦ :١٧٢ ). ناولێنانی بازرگانی، ناوێکە بۆ دەلالەت کردن لە دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازییەکان و دامەزراوەکانی تر بەکاردێت، تایبەتمەندیی خودیی پێ دەبەخشێت ولە دامەزراوە هاوشێوە و پێکچووەکانیدا جیای دەکاتەو، زاراوەی ناوی بازرگانی هەروەها لە پیشەسازیی کیمیایی و دەرمانیشدا بەکاردێت بۆنموونە (نایلۆن )، ناوێکی لێکدراوە ، لە Newyork + London، دروستبووە (سید: ٢٠١٦ :٢٨ ).

ـ سەبارەت بە ناولێنانی کۆمپانیاکانیش، مەرج و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە خاڵی چوارەم تایبەتە بە تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیا لە ژووری بازرگانیدا :

ـ بەپێی ڕەچاوکردنی کاروباری سیستەمی کۆمپانیاکان، پێویستە ناوی کۆمپانیا هەمان ناوە بازرگانییەکەی بێت، هەروەها پێویستە ناوێکی نوێ بێت و دووبارە نەبێت، ڕاگەیاندراوی پەیوەست بە جۆری کاروباری کۆمپانیاکە بگرێتە خۆی کە کۆمپانیاکە شارەزایی تێیدا هەیە.

لەبەشی دووەمدا ئاماژە بە چەند مەرج و ڕێنماییەکی ناولێنان لە شوێنکاری بازرگانیدادەکەین.

## بەشی دووەم :
## چۆنیەتی ناولێنان لە شوێنکارێکی بازرگانیدا:

### ٢ ـ ١ ناولێنان چییە ؟

( هەر لە سەرتاوە پرۆسەی دانانی ناوێک بۆ ناولێنراوێک بۆتە جێی تێڕامانی زانا و فەیلەسوفە یۆنانییەکان، واتە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی ئەو پەیوەندییانە لێکدراونەتەوە. قسەکردن لەسەر پرۆسەی ناونان و ئەو پەیوەندییەی لەنێوان وشە و شتدا هەیە، ماوەیەکی زۆری خەیاند، لەسەردەمی یۆنانییەکاندا، هەندێک بۆچوون بۆ پرۆتاگۆرس(٤٨٠ ـ ٤١٠ پ.ز)دەگەڕێتەوە، هەندێ بۆچوونی تریش پێی وایە بۆ پیساگۆراس (٥٧٢ ــ ٤٩٧ پ.ز) دەگەڕێتەوە (عەبدولرەحیم، ٢٠١٤ ،٣٣ ) .

یۆنانییەکان پێیان وابوو پەیوەندییەکی لۆجیکی ڕاستەوخۆ لەنێوان واتای وشەکان و شێوە دەنگییەکەیدا هەیە، یان پەیوەندییەکە ڕێککەوتنە و بەهۆی ڕێکەوتەوە دروستبووە، ئەم بۆچوونە دواتر دوچاری ڕەخنە بۆتەوە، چونکە هەندێ ناو بوونێکی سروشتییان نییە تەینا لە خەیاڵ و مێشکی کەسەکەدایە و شتێکی بەرجەستەی لە بەرانبەردا نییە، وەک خێو، جنۆکە...تد.(افیتش: ١٩٩٦ :١٠ )هەروەها هەندێک شت (چەمک) لەبەر گرنگی و دووبارەبوونەوەیاندا لە ژیانی کۆمەڵێکدا، چەند ناوێکیان هەیە، بۆنموونە لە زمانی (ئەسکیمۆ) دا چوار وشە بۆ بەفر هەیە، بە پێچەوانەشەوە لە زمانی (هۆپی)دا تەینا وشەیەک بۆ نموونە (باڵدار) بۆ هەر سێ شتی فڕۆکە و مێش و باڵندە بەکاردێت. بەپێی لۆجیک و بیرکردنەوەی ئەم سەردەمە، ئەستەمە لەناو کۆمەڵێکدا لەسەر دانانی ناوێک بۆ ناولێنراوێک ڕێک کەوتبن، لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەو وشەیە لە دەمی کەسێکەوە داکەوتبێت و وردە وردە لەناو کۆمەڵدا بەکارهێنرابێت و دواتر چەسپابێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نازانرێت لە دەمی کێ و چۆن پەیدابووە؟ چونکە وشە کاتێکی زۆری دەوێت تا دەچەسپێت، واتە وشە نە کۆبوونەوەی بۆ کراوە، نە کۆبوونەوەی بۆ دەکرێت.

سوسێر، زمانی مرۆڤی بە پەیڕەوێکی هێمایی تاریک و لەخۆوە داناوە، کە ئەمەش بە گرنگترین بۆچوونەکانی دادەندرێت. وشەی ڕوون، ئەو وشانەن کە

زیادەیەک چۆتە سەریان و وشەیەکی نوێیان دروستکردووە، وشە تاریکەکانیش لە ڕووی پێکهاتنەوە لە یەک مۆرفیم پێکهاتوون، هیچ پەیوەندییەک لەنێوان فۆرم و واتاکانیاندا بەدی ناکرێن، بەو پێیەی نازانرێت چۆن ئەو پەیوەندییە دروست بووە (عەبدولرەحیم ،٢٠١٤ ،٣٣) واتە: ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، نەک بەپێی ڕێککەوتنی چەند کەسێک.

ناولێنان هێمایە، کە بەرانبەر ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەر دادەندرێت، لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە (هێمادانان بریتییە لەو کارەی کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناو خۆیاندا پێک بێن شتێک دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر) ( فتاح، ١٩٩٠،٣٥)، باب و باپیرانی ئێمە هێمایان بۆ شت و ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان داناوە، ئەمڕۆش هێما بۆ هەموو ئەو وشە و دیاردانە دادەنرێت کە تازە دێنە ناو زمانەوە، دەشێ وشەیەک یان هێمایەک، لە ناو خەڵکدا بەکارهێنانی نەمێنێت، بەڵام وشەکە لەناو ناچێت، دەوترێت دەنگ ئەو کەرستەیەیە کە لەناو ناچێت، هێزی وشە بەتەنیا لەم نەمرییەییدا نییە، بەڵکو لە واتاو ئاوەزمەندیی (عەقلیەتی) دانەرەکانیشی دایە، کە باپیران و نەوەکانی پێشوو، خۆشمانین. (ئاوەزمەندیی: واتە: ئەو بیرو عەقلیەتەی کە لە وشە و دەقەکاندا هەیە، ئەمەش ئاوەزمەندیی واتاییە، ئاوەزمەندی زمانیی: پەیوەندی لۆژیکییە، لە نێوان بەشەکانی وشە یان ڕستەیەکدا هەیە.)،(مەحوی، . ( www.knnc.net

فەرهەنگی زمان تێکڕای وشەی زمانێک لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی جیهانی وشە فراوانە گەنجینەیەکی گەورەی زمانەکە پێکدەهێنێت، هەتا وشەکانی گەشە و نەشونما بکەن، ئەوا فەرهەنگەکەشی گەشە دەکات و زمانەکەش لە فەوتان و لەناوچوون دەپارێزرێت، دەکرێ فەرهەنگی مێشک بە دەزگایەکی گەورەی سنوردار بچوێندرێت، کە هەرگیز بە جێگیری نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام وشەی نوێ فێردەبێت و وشەی سواویش لەبیردەکات (عەبدولڕەحیم،٢٠١٤ :٣)، زمانی کوردی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دووچاری لێشاوێکی گەورەی چەمک و داهێنانە تەکنۆلۆژی و زانستییەکان بۆتەوە، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی و ئابوریی و کارگێریدا، خاوەن کار و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان و دەستگا و ڕێکخراو وکۆڕە زمانیی و زانیارییەکان، پێویستیان بە ناولێنان هەیە، کە ئەمەش

پێویستی بە وردبینی و شارەزایی و لێهاتوویی و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی نوێ و پەیڕەوکردنی دەستور و ڕێسای زمانەوانی هەیە.

بەهۆی ئەم پێشکەوتنەوە، ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێباو هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە (وشەی نوێباو ــ نیۆلۆگیزم ئەو وشانەن کەوا بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەک (وەحدە) لە زماندا بەکاردەهێندرێن و تازە هاتوونەتە زمانەوە و هێشتا نەچوونەتە ڕیزی وشەی چالاکی ئەو زمانەوە)،(مارف، ١٩٧٥، ٥٣)، بەهۆی پرۆسەی نیۆلۆگیزم چەندان وشەی نوێ هاتوونەتە ناوزمانەوە، بۆداگۆڤ لەم بارەیەوە دەڵێت:

( نیۆلۆگیزم وشەی نوێ، یا پێکهاتەی زمانیی تازەن، کە دێنە ئاراوە و پەیوەندییان بە بەرزبوونەوەی ڕادەی کلتوور و تەکنیکەوە هەیە و بە گەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجی ژیانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە)، (عەبدولڕەحیم :٢٠١٤: ٤ )، بۆیە کاتێک واتایەک، بیرێک، یان دیاردەیەک لەدایک دەبێت و دێتەکایەوە، لەگەڵ خۆیدا وشەیەکی نوێ دەهێنێتە ناوەوە، کە دواتر ئەم وشە نوێیەش لەوانەیە چەندین ناو و وشەی تری لێبێتە بەرهەم و بکەوێتە ناو زمانەوە، بۆیە زمانی پێشکەوتوو پێویستە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا خۆی بگونجێنێت، کە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، لەم بارەیەوە، پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا زمانی کوردی، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم هەموو چەمک و واتا نوێیەدا، خۆی بگونجێنێت و تا چ ڕادەیەک لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکاردا، وشەی کوردی ڕەسەن و ناولێنانی گونجاو پەیڕەو دەکرێت؟

ئەمڕۆ بێ سەروبەرییەکی زۆر لە ناولێنانی تابلۆی شوێنکارو کۆمپانیاو سەرشەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێ، بەڕادەیەک کە چاوت بە هەندێ تابلۆ دەکەوێت، واهەست ناکەیت کە ئەمە نووسینێکی کوردی بێت، هەرچەندە بە کوردیش نووسراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ناونیشانەکان بە زمانەکانی ترن، وەک: ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی ...هتد. یان زمانی کوردی و زمانێکی تر تێکەڵاو کراوە، یان دوو زمانی بیانی لە ناولێنانەکەدا تێکەڵکراون، بۆ نموونە: ئینگلیزی و عەرەبی یان بە پێچەوانەوە.

بنەمای ئابوری هۆکارێکی گرنگی ناولێنانە، بۆیە پێویستە حوکمەت لەم بوارەدا پلانی هەبێت. هەروەها تابلۆ و ناونیشانی کۆمپانیا و شوێنکارەکان بە زمانی کوردی تۆماربکرێن و بنووسرێن، تەنیا ئەوانە نەبێت کە مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە، هەر بەرهەم و کاڵایەکیش، کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەم دەهێنرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، وەکو: هەنگوین، کڵاشی پەڕۆین، بنێشت...تاد. پێویستە بە زمانی کوردی لەسەریان بنووسرێت. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتییەکانی زمانی کوردی، حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا پێویستە پلانی تۆکمە و گونجاوی هەبێت، پێداچوونەوە بۆ ناونیشانی تابلۆکان بکرێت و لیژنەی تایبەتی بۆ دابندرێت، لەبەرئەوەی ((زۆرگرنگە حکومەت، خاوەن دام ودەزگا بێ و عەقلێکی مەعریفی ئاڕاستەی بکات، چونکە دەبێت حکومەت هەندە نیشتمانی بێت کە مەسەلەی زمانی پێ ستراتیژ بێ))، (ناوخۆش ،٢٠١٠: ٦١)).

## ٢ ـــ ٢ کاریگەری دەروونی و ڕامیاری و ژینگەیی لەسەر پرۆسەی ناولێنانی شوێنکاردا :

٢ ـ ٢ ـ ١ کاریگەریی دەروونی: ناولێنان و هێمای بازرگانی شوێنکار و شتومەک و کاڵاکان کاریگەری لەسەر خواست و کڕیار هەیە. (زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە و تاک بە مەبەستی گەیاندن لەگەڵ کەسانیتر ئەنجامی دەدات)،(دزەیی:٢٠١٤:١١١)، کاتێک ناوێکی ڕاست یاخود گونجاو لە شوێنی کارەکەت یان کاڵاکان دەنێیت، ئەوە خۆی گرینگییەکی زۆری هەیە. هەموو وشەیەک هەڵگری زانیاریی و ڕەهەندی دەروونییە، بە تایبەتی لە ڕووی دەنگ و ئاوازەی دەربڕینەوە، کە جۆرە دەربڕینێک یان سروشێک (ئیحایەک) دروست دەکات و وەڵامدانەوەیەکی وروژێنەری دەبێت، ئەگەر ناوەکە شێوە و سەدایەکی هەڵەی تێدا بێت، کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر کڕیارەکان دروست دەکات. وەک ئەوەی کاتێک کەوتۆتە بازاڕەوە ویستی ئەوان ڕەچاو نەکرابێ، بە پێچەوانەشەوە، هەڵبژاردنی ناوێکی گونجاو لە ڕووی دەنگ و ئاوازەوە، کاریگەرییەکی ئەرێنی و باش لەسەر خواست و کڕیار دروست دەکات. بۆ نموونە: وشەی (کۆداک )، کە ناوی جۆرە کامیرایەکی وێنەگرتنە، سەرەتا و

کۆتاییەکەی یەک دەنگە و هەستێکی تەواوکاری لە بیری مرۆڤدا دروست دەکات، زۆر جار کاریگەری لایەنی دەروونی ناوەکان وا دەکات، یەکسەر لەبیرماندا هەندێ شت گەلاڵە بێت، کاتێک ناوەکە دەبیستین، وێنایەک لەسەر ناوەکە لە هزرماندا دروست دەبێت.

یان کاتێک بە ڕێگایەکدا دەڕۆین و تابلۆی ناولێنانی شوێنکار یان کۆمپانیا و مۆڵەکان سەرنجمان ڕادەکێشن، بە بەکارهێنانی وشەی کوردی ڕەسەن یان ئەو بارودۆخەی کە ناولێنانەکە لەگەڵ شوێنی کارەکەدا یەکدەگرێتەوە، ئەوا هەستێکی تەواوکاری لەلامان دروست دەبێت بەمجۆرە، دۆخە سایکۆلۆژییەکانیش، کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ناولێنانی شوێنکاردا هەیە، بۆنموونە: ناونانی شوێن، بە ناوەکانی : هەستیار و غەمبار و پەشێو و بێچارە و فرمێسک و تەنیاو ...هتد، هەروەها هەڵبژاردنی ناوێکی وەک (نۆڕینگەی سینۆهە) بۆ شوێنی نۆڕینگەیەکی پزیشکی باکگڕاوندێکی مێژوویی، پزیشکی دەردەخات، لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەر بینەر دروست دەکات، لەبەرئەوەی (زمان بەتەنیا هەڵگری بیرنییە، بەڵکو بەشدارییەکی کاریگەریشی هەیە لەپێکهێنانی بیردا)،(النعمة:٢٠١١ :٨٤ ) ((پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان دەروونی مرۆڤ و زمانەکەیدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمان وەک ڕەفتارێکی مرۆڤایەتی))، (دزەیی،٢٠١٤: ١٦).

٢ـ ٢ ـ ٢ :کاریگەری بواری ڕامیاریی لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و بیری ناسیۆنالیزمی و سەربەخۆیی لەناو گەلی کورددا، هەندێ ناوی تر سەریانهەڵداوە کە لەژێر کاریگەریی بیری نەتەوەیی و خواست و ئاوات و مەینەتی و کارەساتەکانی گەلی کورددا بوون ( شەمس:٢٠٠٦ :١٣٢). بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە باری ڕامیاریی کاریگەری لەسەر دەروونی تاکەکان لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا هەیە، لەکوردستانی باشووردا بەڕوونی ئەم دیاردەیە لە ناولێنانی شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا بەدی دەکەین، بۆ نموونە هەڵبژاردنی ناوی (پێشمەرگە)، ڕەهەندێکی دەروونی تاکی کوردی لە پشتە، کە بەهۆی کاریگەری ڕامیاری و نەتەوەییەوە دروستبووە.




**وێنەی ژمارە ١ : تابلۆی چێشتخانە و کەبابی پێشمەرگە ـ کۆیە**

ـ بەهەمان شێوە، تابلۆی (خواردنگەی پێشمەرگە)، لە شاری هەولێردا هەیە، کە ئاماژیە بۆ کاریگەری ڕامیاری لە هەڵبژاردنی ناولێناندا.

هەردوو تابلۆکە، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕامیارین، لەسەر هەڵبژاردنی ناولێنانی شوێنکاردا، پێکهاتوون لە: (دیارخراو + ی + دیارخەر)، (چێشتخانە {(چێشت + (ـ خانە) + و + کەباب) + ی + (پێشمەرگە) (پێش + مەرگ + ە ) ، (خواردنگە (خواردن +(ـ گە) + ی + (پێشمەرگە)}.

(چێشتخانە) ، (خواردنگە) ـــــ ناوی شوێنن.

ــ هەروەها، تابلۆی (مۆبایل و استنساخی شەهیدان)، لە شاری کۆیەدا، ئاماژەیەکی تری کاریگەری ڕامیارییە لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا.

ـــ تابلۆی (شیرنەمەنی دەوڵەتی کوردی!)، هەرچەندە ناوی سەر عارەبانەیەکە، بەڵام کاریگەری ڕەوشی ڕامیاری پێوەدیارە، وادیارە خاوەنەکەی خەون بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینێت.

٢ ـ ٢ ـ ٣ ئایین: ئایین فاکتەرێکی گرنگە، کە کاریگەری لەسەر ناولێنان و هەڵبژاردنی ناونیشاندا هەیە. هەندێک جۆری ناولێنان، پەیوەندی بە بیروباوەڕی ئاینییەوە هەیە، ناوی کوردی لە ژێر هەژموونی کلتووریی عەرەبی ئیسلامی دابووە، ئەم کاریگەرییەش بە ڕوونی لە ناولێنانی شوێندا دیارە، بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەکان ناوەکانیان عەرەبییە، هەرچەندە بە کوردی نووسراون، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، پێشبینی ئەوە دەکرا، کە بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتێکی چڕوپڕ سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی لە ناولێنانی شوێندا، پەیڕەو بکرێت. ژمارەیەکیش خەڵکی خەمخۆر لەم بوارەدا هەوڵیان داوە، بەڵام لەبەر بێ پشتیوانی لەلایەن حکومەتەوە ئەم هەڵمەتە دووچاری پووکانەوە هات، پێویستە لەم بوارەدا پلانی ستراتیژی و سیستەمی هۆشیارکردنەوە و پەروەردەیی هەبێت، میدیای کوردیش لەم بوارەدا، پێویستە ڕۆڵی بەرچاو و هەوڵی جدی بدات.




**وێنەی ژمارە ٢ : مارکێتی ئایە ـ کۆیە**

لە ڕووی زمانەوانییەوە، ناوی ئەم تابلۆیە، پێکهاتووە لە: (دیارخراو + ی + دیارخەر) ـ (مارکێت (ناو) + ی + ئایە (ناو) )، وشەی (مارکێت)، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، وشەی (ئایە) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتە پێکهاتەی ئەم تابلۆیە وشەیەکی ئینگلیزی و وشەیەکی عەرەبییە.

٢ــ ٢ ــ ٤ ژینگە و دەوروبەری کشتوکاڵی: (ناونان بەشێکی سەرەکییە لە زماندا، زمانیش ئاوێنەی تێڕوانینەکانی کۆمەڵە و بیرو بۆچوونەکانی کۆمەڵ تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە کارێکی ئاساییە گەر کاریگەری دەوروبەرو کۆمەڵ و تێڕوانینەکانی لەناونانی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت)،(شەمس،٢٠٠٦ :١٣٠)، بە هەمانشێوە ژینگە و دەوروبەر کاریگەرییان هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ لە هەڵبژاردنی جۆری ناولێنانی شوێنی کار و کۆمپانیا و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە (کەبابخانەی سەرسەنگ، تیپی مۆسیقای باواجی، نەمامگەی چوارجوتیار، کەبابخانەی خاڵخالان ...هتد) ئەم ناولێنانە، کاریگەری ژینگە و دەوروبەری کشتوکاڵین لەسەر ناولێنانی ئەم شوێنکارانە، یان گروپە میوزیکییە. هەر بەهۆی کاریگەری ژینگە و شوێنەوە، جۆرێک ناولێنان هەیە: خاوەنەکەی بە ناوی شوێن و ژینگەی خۆیەوە شوێنکارەکەی ناودەنێت، ئەم ناولێنانەی خوارەوە، تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە، کە خاوەنەکەی لە بنچینەدا خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، بەڵام لەشاری کۆیەدا نیشتەجێیە.

ـ تابلۆی (خواردنگەی ڕۆژئاوا)، ناوی تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە، خاوەنکەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە. کە ئەمەش کاریگەری دەروونی و ڕامیاری لەسەر هەڵبژاردنی ناولێنانی تابلۆ نیشان دەدات، هەروەها ڕەنگدانەوەی ژینگە و ناوچەی جوگرافییە، لە هەڵبژاردنی ناولێنانی ئەم تابلۆیەدا، بەم جۆرەش دروستبووە: (ناو +ی + ناو) ــ (خواردنگە + ی + ڕۆژئاوا) ، خواردنگە، ناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە (خواردن) لەگەڵ پاشگری (ــ گە)، ناوی شوێنە،( ڕۆژئاوا)، مەبەست پارچەیەکی کوردستانە.

ـ هەندێکجار، ناوێنانی شوێن، باکگراوندێکی ڕامیاریشی لە پشتە، (هاڤانا)، پایتەختی کوبایە ، تابلۆی مارکێتێک لە شاری کۆیە، بەم ناونیشانە کراوە (ساردەمەنی هاڤانا)، بەم شێوەیە داڕێژراوە: ساردەمەنی)، ناوێکی بەرجەستەی داڕێژراوە، دیارخەرە، (هاڤانا)، دیارخەرە.

٢ ـ ٢ ـ ٥ تێکەڵبوونی زمانیی (التمازج اللغوی): تێکەڵبوونی زمانیی لە نێوان قسەپێکەرانی دوو زماندا ڕوودەدات، کە شێوەیەکی نوێ بە زمان دەدات (استیتیة:٢٠٠٨: ٦٠٠)، کاریگەری ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، پارچەکانی کوردستان لە هەر بەشێکدا، کاریگەری زمانی دەسەلاتیان بەسەرەوە

هەبووە، هەندێک لە زارەکان کاریگەری زمانی عەرەبیان بەسەرەوەیە (ئەو ناوچانەی دەکەونە سنوری زمانێکی تر تێکەڵی دروست دەبێت، کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، بۆ نموونە ناوچەکانی سەرووی پارێزگای دیالە و خوارووی پارێزگای کەرکوک و باکور و ڕۆژئاوای موسڵ، دەکەونە دوا سنوری زمانی کوردی و لە زمانی عەرەبی نزیکتر دەبنەوە، بۆیە کاریگەری زمانی عەرەبی لەو ناوچانە لە ڕووی دەنگەوە بەهۆی وەرگرتنی وشەی ئەو زمانەوە دیارترە و زۆربەی وشەکانیان وەک خۆی وەرگرتووە و بە تەواوی بەر گۆڕانی فۆنەتیکی نەکەوتوون) (عەبدولڕەحیم:٢٠١٤، ٤١)، هەندێکی تر لە زارەکان، کاریگەری زمانی فارسی و تورکی و زمانەکانی تریشیان بەسەرەوەیە، ئەمەش لەبەکارهێنانی وشە و زاراوەی ئەو زمانانە لە زمانی کوردیدا تێبینی دەکرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆر زاراوەی جیهانییش، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خۆی خزاندۆتە ناو زمانی کوردییەوە. بەریەککەوتن و تێکەڵبوونی زمان، کەوتۆتە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکانیش، بەڕادەیەک وای لێهاتووە، کە شوێنکار و کۆمپانیا بازرگانییەکان لەسەر ناولێنانی بیانی لە شوێنەکانیاندا ململانێیانە، وەک لە ناولێنانی مۆڵ و مۆبایل و فاست لینک و ماکدۆناڵد و پیتزا و...هتددا، دەردەکەوێت. کاریگەری ئەم جۆرە بەریەککەوتن و تێکەڵاوبوونەی زمانیی لە ناولێنانی تابلۆی ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا، ڕەنگدانەوەی هەیە. بەجۆرێک بەکارهێنەرانی ئەم بوارانە هەموو ئەو وشە و زاراوانە بەکاردەهێنن و دواجاریش بۆ ئاخاوتن و قسەپێکەرانی نەوەی نوێ دەپەڕێتەوە، بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ناولێنانی تابلۆی شوێنکار بە ناوی بیانییەوە، بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییەتی لەسەر ناونانی شوێنەکان، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تر بەهۆی دراوسێیەتی و باری ڕامیاری و باڵادەست بوونی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی وایکردووە ناونانی شوێنەکان بە ناوی عەرەبی شتێکی ئاسایی بێت .

هەروەها بەهۆی بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسی و هۆکاری دراوسێیەتی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری وایکردووە، چەندان ناوی شوێن بە ناوی فارسییەوە ناوبنرێت. بەهەمان شێوە بەهۆی بەریەککەوتنی زمانی تورکی لەگەڵ زمانی کوردی لە باکوری کوردستاندا، زۆر شوێن بەناوی تورکییەوە ناونراوە، لەلایەکی ترەوە، بەهۆی ئەو دراما تورکییە

دۆبلاژكراوانـــەی كــە لــە كەناڵــەكانی ڕاگەیاندنــدا پــەخش دەكــرێن، هـــەروەها هونەرمەنـــدە ناســـراوەكانیان لەوانەیـــە ببێتـــە هـــۆی ســـەرنج ڕاكێشـــان و سەرسامبوونی تاكی كورد و ناونانی شوێنەكان بەم ناوانەوە بۆنموونە (شـوێنی تاتلّس).

هەندێ لە ناولێنانەكان، شێوازی دەستوری زمانی عەرەبییان پێوە دیارە، یان وەرگێرانێكی وشە بە وشـەی زمـانی عـەرەبین، بۆ نموونـە: لـە زمـانی عـەرەبیدا، وشـەی (محل) بۆ ئاماژەكردنی شوێن یان دوكانێك بـەكاردێت، لـە كوردیشـدا، بـە چاولێكەری زمانی عەرەبی، هەمان شێواز بەكاردێتەوە:




**وێنەی ژمارە ٣ : جهێ كارین ـ دهۆک**

ـ لـەدوای ئـازادكردنی كوردسـتان و بـەهۆی ئـەو بارودۆخـە نالـەبارەی كـە خـەڵكی كورد پێیدا تێپـەڕیون، كۆچكردنی ڕێژەیـەكی زۆری كورد بۆ دەرەوەی وڵات و تێكـــەڵبوونیان لەگـــەڵ زمـــان و كلتـــوری ئـــەو نەتەوانـــە، وایكـــردووە ژمارەیەكی زۆری خەڵك، شوێنەكانیان بەناوی ئەوروپییـەوە نـاوبنێن، هـەروەها پێشـــكەوتنی زانســـت و تـــەكنۆلۆژیا و بوژانـــەوەی بـــاری ئـــابوری و بازرگـــانی كوردستان هۆكارێكی تری گرینگ بوون بۆ ئەوەی پاڵ بەخەڵكییەوە بنێن، كـە كۆمپانیا و شوێنكارەكانیان بە ناوی بیانییەوە ناوبنێن .

## ٢ ــ٢ ــ ٥ ڕاگەیاندن :

ـ چەند وشە و زاراوەیەکی بیانی کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و هۆکاری دیکەوە کەوتۆتە ناو زمانەوە، کاریگەری لەسەر پرۆسەی ناولێنان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا هەیە، وەک وشەکانی (سوپەر،فرێش، سپۆنسەر،پرۆفیشناڵ) .

ــ (گۆشتی سوپەر فرێش)، تابلۆی شوێنکارێکی ناو بازاڕی شاری سلێمانییە.

جگە لەمانە، چەند هۆکارێکی تریش هەیە، کە کاریگەری لەسەر خاوەنکار بۆ هەڵبژاردنی ناوی شوێنکارەکەی هەیە، وەک :

ـ جۆرێک لە ناونیشان هەیە، کە کاریگەری ناوی یانە و شوێن و زمانی بێگانەی، لەسەرە:

أـ ناوی یانە :




**وێنەی ژمارە ٤ : کبابخانەی ریال مەدرید.**

(کەبابخانەی ریال مەدرید)، خۆشەویستی و سەرسامبوون بەم یانە وەرزشییە، بۆتە پاڵنەر بۆهەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم ناوە بۆ یانەیەکی وەرزشی گونجاوترە تا کەبابخانەیەک، جگە لەوە: لە ڕووی ڕێنووسیشەوە، بەشی یەکەم (کبا) دوور لە بەشی دووەم نووسراوە، هەروەها بە ڕێنووسی کوردیش نەنووسراوە، شێوە ڕێنووسە کوردییەکە، بەم جۆرەیە (کەبابخانە)، نەک (کبابخانە).

ناولێنان بە ناوی شوێنی بیانییەوە: هەندێکجار خاوەنی کار ناوی دوکان یان شوێنی کارەکانیان بە ناوی شوێنێکی بیانییەوە دەکەن، وەک :

ـ شاورمە و گەسی بریتانی (سلێمانی ئۆرزدی)، دەکرا ئەم ناولێنانە بەم شێوەیە بوایە (شاورمەو گەسی سلێمانی ـ شێوازی بەریتانی).

ــ غەسلی لەندەن (سلێمانی). (شوشتنگەیەک لە کوردستانە و بەناوی (لەندەن) ەوە ناونراوە!)

ـ ((PARIS PINK، تابلۆی دوکانێکی ناو بازاڕی ڕانییەیە، بەناوی پاریس و بە زمانی ئینگلیزی ناوی لێنراوە.

ـ (کۆگای ئاسیا)، ناوی تابلۆی شوێنکارێکی شاری کۆیەیە، (ناو + ی + ناو) ـ (کۆگا +ی +ئاسیا) .

ـ تابلۆی (جیهانی ئیڤڵ)، ناوی تابلۆیەکی شوێنکاری شاری کۆیەیە ،بەناوی بورجی ئیڤڵەوە کراوە، لە پاریس.

ــ هەندێ شوێنی کاربەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی، ناویان لێدەنرێت، وەک :

ـ( شیرنی کەشخە) ــ (سلێمانی ئۆرزدی) ، وشەی (کەشخە) کە ئاوەڵناوی چۆنیەتییە، وەک دیارخەرێک وەسفی ناوی واتایی (شیرینی) دەکات، ئەم ناولێنانە پتر بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان بەکارهاتووە.

ــ (چایەخانەی قەرداران) ـــ (هەولێر شەقامی باتە)، جۆرە ناولێنانێکە پەیوەندی بە داهات و باری ئابوری خەڵکەوە هەیە، ناولێنانەکە لەگەڵ و شوێن و چایخانەکە یەکدەگرێتەوە، چونکە زیاتر کرێکار و خەڵکی هەژار، ڕوویان کردۆتە ئەم شوێنە، لە ڕووی زمانەوانییەوە، وشەی (قەردار) ئاوەڵناوی چۆنی لێکدراوە، وەسفی ناوی چایخانە دەکات، کە ناوێکی داڕێژراوی شوێنییە، بەمجۆرە دروستبووە: (قەرز+ دار)، (چا+ خانە).

ــ (نوسینگەی باش) ـــ (سلێمانی ئۆرزدی) (باش) ئاوەڵناوی چۆنیەتییە، (نوسینگە) شوێنی فرۆشتن،یان بەکرێدانە، لەم دەربڕینەدا، مەبەست ئەوە نییە ،کە نوسینگەکە باشە، بەڵکو، مەبەست ئەوەیە: لەم نوسینگەیەدا شتی باشت دەست دەکەوێت.

ــ (زنجیرە بازاڕەکانی پایتەخت) : بەکارهێنانی وشەی (پایتەخت)، وەک ناوبانگێک بۆ شوێنی کاربەکارهاتووە.

ـ (چایخانەی مامە خەمە)،تابلۆی شوێنکارێکی ناو بازاڕی تەق تەقە .
ـ ئەم ناونیشانە تاڕادەیەک نامۆیە، خاوەنکار بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی کڕیارهەڵبژاردووە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمجۆرە دروستبووە:{(چایخانە) > چا + ناوبەندی (ی) +خانە > + (مامەخەمە) <مام + ە+ خەم +ە>}.

ئاوەڵناوی لێکدراوی (مامە خەمە)، وەک ئیدیۆمێک بۆ وەسفکردنی ناوی (چایخانە) بەکارهاتووە. وەک ئیدیۆمیش لەلایەن قسەپێکەرانەوە ، بۆ کەسێک کە خەمی کار و بار و ژیانی  کەسانی تری هەبێت، بەکاردێت.

ـ هەندێک ناونیشانی ترهەیە، بەمەبەستی ڕاکێشانی کڕیار لە ڕووی نرخ و باری ئابوورییەوە دادەندرێن، وەک: (هەرزان بازاڕ، ئێرە هەرزانترینە،..هتد) بۆنموونە:  (بازاڕێک بۆ نەهێشتنی گرانی)، لەوانەیە مەبەستە سەرەکیەکە ڕاکێشانی کڕیار بێت، نەک نەهێشتنی گرانی!

ـ (هەرزان بازاڕی شێخانی)، ناوی تابلۆی شوێنکارێکی  شاری هەولێرە.

ـ (تازە و بەتام)، ناوی تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانییە، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی کڕیار.

ــ جۆرێکی تری ناولێنان، بریتییە لەو دۆخەی کە خاوەنکار بەهۆی ناوی شوێنکارەکەیەوە سەرنجی بینەر بۆ ئەو هەوڵوکۆششانە ، کە لەپێناوی کارەکەیاندا داویانە ڕادەکێشێت ، واتە :

ـــ هەندێکجارخاوەن کار شوێنەکە بەناوی خۆیەوە دەکات، ناوەکەش گوزارشت لەوەدەکات کە چۆن  باب و باپیرانی زەحمەتیانکێشاوە وماندووبوون، چییان بەسەرهاتووە، تاوەکو بەوکارە گەیشتون وپاراستویانە. لە هەرێمی کوردستانیشدا، ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر سەرنج بدەین، چەندین ناونیشان هەیە، کە بەناوی هۆزیان باب وباپیرانەوە کراوە، وەک هۆکارێک بۆپاراستنی ناوبانگ، بۆ نموونە لە شاری هەولێردا چێشتخانەی (ئەبوشەهاب)،خێزانییە بۆ پاراستنی ناوبانگە، هەروەها (کەباب یاسین)، بەمەبەستی پاراستنی ناوبانگ، بەهەمان شێوە (خواردنگەی شێخانی)،(مارکێتی خۆشناوان)، بە ناوی هۆز و عەشیرەتەوەن: لێرەدا، نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:
ـــ  (تەلاری کەمالی عەبەی کەوەری باخەوان ) ناونیشانێکی دورودرێژی تەلارێکی ناو بازاڕی شاری سلێمانییە

ـــ ڕەهەندی مێژوویی:هەندێک لە ناوەکان ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە، بۆنموونە (ساتو قەلا )،کە ناوی ناوچەیەکی کوردستانە ڕەهەندێکی مێژوویی

هەیە، قۆناغێکی مێژوویی ئەو ناوچەیە دەردەخات، بەهەمان شێوە هەندێک ناوی شوێنکاریش،وەک: ( زانکۆی چەرمۆ)، (خواردنگەی قەڵاو و منارە و شانەدەر) ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە .

## ٢ ـــ ٣ : ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە ناونانی شوێنکارێکی بازرگانیدا هەبێت:

٢ ـ ٣ ـ ١ نوێکاریی (نوێبوون): پێویستە ناوی شوێنە بازرگانییەکە نوێ بێت. ( قاسم:٢٠١٢،١٥٣ )، مەبەست لەنوێبوونی ناوی شوێنکار ئەوەیە: پێشتر ئەو ناوە لەلایەن هیچ بازرگانێکی ترەوە بۆ چالاکیی بازرگانی و جیاکردنەوەی شوێنە بازرگانییەکەی لە شوێنە بازرگانییەکانی کێبڕکێکەری بەکارنەهێنرابێت. واتە: ئەگەر پێشتر کەسێک یان بازرگانێک ئەو ناوەی بەکارهێنابێت وتۆماری کردبێت، نابێت هیچ کەس و بازرگانێکی پێشبڕکێکەر، بۆ هەمان شێوە بازرگانی، هەمان ناو بەکاربهێنێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕوویدا بە تێپەڕاندن و بەرانبەر بە مافی یاسایی کەسی یەکەم دادەندرێت و دەچێتە چوارچێوەی کردەی نایاسایی و سەرپێچی کردنەوە . لەبەرئەوەی مافی یاسایی لەلایەن ئەو کەسە، یان ئەو بازرگانەیە، کە بۆ یەکەمجار ناوەکەی تۆمارکردووە، کە ئەمەش مافێکی ڕێژەییە بەرانبەر چالاکی بازرگانی چوونیەک و هاوشێوە، لەم دۆخەدا دەکرێت هەمان ناو بۆ کردەی بازرگانییەکی تر بەکاربێت، کە چوونیەک و هاوشێوە نەبێت لەگەڵ بازرگانی کەسی یەکەم، چونکە لەم بارەدا ناوە بازرگانییەکە نرخەکەی لەدەست نادات. کەواتە مەرجی یەکەم لە هەڵبژاردنی ناوی شوێنکاردا ئەوەیە: پێویستە ناوەکە نوێ و گونجاو بێت .

٢ ـــ ٣ ـــ ٢ داهێنان و دروستکردن: پێویستە ناوی شوێنکاری بازرگانی تایبەتمەنیی داهێنانی تێدابێت، هەروەها خاوەنیی دانسقەیی و ڕەسەنایەتیی بێت و لەخودیی خۆیدا جیاوازبێت ولەناوەکانی تر جیابکرێتەوە .(علی قاسم:١٩٩٧،٤٧٢ )، واتای زاراوەیی بۆ شتێکی داهێنراو پەیوەستە بە نوێگەرییەکەی، بە واتایەکی تر واتای نوێی تێدا بەرهەم بهێندرێت و بە نوێگەریی و داهێنان ناوزەد بکرێت. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ناوی بازاڕیی جیاوازە لەگەڵ ئەو ناوە بازرگانییەی کە خاوەن کار یان بازرگان بۆ ناونانی شوێنەکەی هەڵی دەبژێرێت، بۆ نموونە دەکرێ بازرگانێک ناوی( شێخانیی )

وەک ناوێکی بازاڕیی بۆ فرۆشتنی کەل وپەل وکاڵاکانی هەڵبژێریت و لە بازاڕدا بەو ناوە بناسریێت، بەڵام پێویستە ئێمە جیاوازیی لە نێوان ناوی بازاڕی و ناوی بازرگانییدا بکەین، بەشێوەیەک ناوی بازرگانی پێویستە (تایبەتمەندیی داهێنان ونوێگەریی) ی تێدا بێت، کە ئەمەش لەگەڵ ناوی (شێخانیدا) یەکناگرێتەوە، بۆیە پێویستە ناوە بازرگانییەکە هەڵگریی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بێت، کە بە پێی دەقی یاسایی ناوی بازرگانی شوێنکار دیاریکراوە و تانەی لەسەر دراوە.

## ٢ ـ ٤ چەند ڕێنماییەك بۆ ناولێنانی شوێنكارو شوێنە گشتییەكان:

ـ پێویستە لە ناولێنانی شوێنکارێکی بچوکدا ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەین ، وەک :

٢ ــ ٤ ــ ١ هەوڵ بدەین ناونیشانەکە، دڵگیر و پەیوەندداربێ: (کاتێک بڕیاردەدەی ناوێک لە شوێنی کارەکەت، دوکانەکەت بنێیت، پێویستە هەوڵی دۆزینەوەی ناوێکی گونجاوبدەیت. وەک ئەوەی: کە تۆکێیت و کارەکەت چییە؟ هەروەها ناوەکە دەربڕین لە شتێک بکات، کە دڵگیر بێت، بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت ریکلامی بۆ بکەیت، پێویستە سەرنج ڕاکێش بێت، پێویستە خاوەن کارەکان هانبدەین، بۆناولێنانی شوێنەکانیان بەپێی ئەو ڕێنماییانە: ( ناو، لۆگۆ، ناوەرۆک)ی کارەکە لەیەکەوە نزیک بن .

ـ واتە: هێمای بازرگانی (لۆگۆ) پێویستە لەگەڵ ناولێنان و ناوەرۆکی بابەت یان شتەکە یەک بگرێتەوە، بۆ نموونە هێمای بازرگانی (ئەپڵ) هێمایەکی گونجاوی کۆمپانیای ئەلیکترۆنی ئەمریکییە، و لەگەڵ ناولێنانەکەدا، یەکدەگرێتەوە.



**وێنەی ژمارە ٥ : هێمای بازرگانی کۆمپانیای ئەپڵ**

ـ ( (Super LGهێمای بازرگانی ( (LG، لۆگۆی کۆمپانیایەکی تۆمارکراوی بازرگانی  ئێلیکترۆنیی و تەکنۆلۆجیای زانیارییە لە جیهاندا، چەند لقێکی هەیە. ، لەگەڵ ناوە بازرگانییەکە یەکدەگرێتەوە، لە شاری هەولێر.

ــ ئەگەر کۆمپانیایەک بواری کارکردنەکەیان کشتوکاڵ و چاندنی نەمام و دروستکردنی دیمەن و ئەو جۆرە شتانە بێت و ناولێنانەکەی لە سروشتەوە نزیک بێت و ئارمەکەی گەڵای دارێک بێت، ئەم جۆرە ناولێنانە گونجاوە و لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکانیشدا زۆر کاریگەر دەبێت. بە وێنە ، ئەگەر ئەم ناوانە بۆ ناولێنانی کارەکەی هەڵبژێرێت: (باخی سروشت)، (دیمەنی شار)...هتد ، هەر لەم ڕوانگەیەوە (باخی ڕەیحانە) ، کە ناوی باخێکی شاری کۆیەیە، پەسەند و گونجاوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەی سەرەوە، لەناوچەیەکی پیشەسازیی (سەناعە)، شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلدا، ناونیشانی (پێشانگای باخچە) بۆ ناولێنانی دوکانێکی فیتەریی ئەو ناوچەیە گونجاو نییە. چونکە ناولێنانەکە، لەگەڵ ناوەرۆکی کارەکەدا یەکناگرێتەوە، هەروەها ناولێنانێکی وەک: (باخچەی ساوایانی پەپولە)، بۆ باخچەیەکی ساوایانی منداڵان گونجاوە. بەڵام ناوی (ئاسنگەریی پەپولە) بۆ ناولێنانی دوکانێکی ئاسنگەریی زۆر گونجاو نییە. هەروەها ( خواردنگەی پەپولە )، ناوێکی زۆر گونجاونییە، بەپێی بواری بەکارهێنانەکەی. بەهەمان شێوە: ناولێنانی (شیرنەمەنی شیرین)، بۆ دوکانێکی فرۆشتنی شیرینی گونجاوە. چونکە ناونیشانەکە لەگەڵ جۆری کارەکەدا یەکدەگرێتەوە، بەڵام ( دەرمانخانەی شیرین)، کە بە تەنیشتییەوەیەتی، زۆر گونجاو نییە، چونکە ناولێنانەکە لەگەڵ ناوەرۆک وجۆری کارەکەدا یەکناگرێتەوە، جگە لەوە لە یەکەم بینیندا، جۆرە لێڵییەک دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، بۆی هەیە، بینەر وا تێبگات (دەرمانەکانی ناو ئەم دەرمانخانەیە شیرینن!)، یان بە مەبەستێکی تر لێکبدرێتەوە، کە ئەم دەرمانخانەیە بە ناوێکی تایبەتییەوە ناو نراوە، واتە: (شیرین) ناوی کەسێکە، لە لێکدانەوەی یەکەمدا، پێکهاتەی دەستەواژەکە، بەمجۆرەیە: (ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو  )، ( دەرمان (ـ خانە) + ی + شیرین)، بەڵام لێکدانەوەی دووەمی دەستەواژەکە، بەمجۆرەیە: (ناو + ناوبەند + ناو)، (دەرمان (ـ خانە) + ی + شیرین (ناوێکی تایبەتی) .

ــ (پێشانگای ماڵەکەم) ــ تابۆی شوێکارێکی شارری کۆیەیە، کە فەرش و ڕایەخی ناوماڵ دەفرۆشێت.

ـ ئەم ناولێنانە، تاڕادەیەکی باش گونجاوە، لەبەرئەوەی کەلوپەلو پێویستی ناو ماڵی تێدا دەفرۆشرێت و سەرنجی کڕیاریش ڕادەکێشێت، بە وشەی ماڵەکەم کە ناسراوی و جۆرێک خۆشەویستی بۆ ماڵ و ژیان تێدا دەردەکەوێت.

ـ (کۆمەڵگای پزیشکی سەلامەت) ـ تابلۆی کۆمەڵگایەکی پزیشکیی شاری هەولێرە، بەکارهێنانی وشەی (سەلامەت) لەگەڵ کاری پزیشکی گونجاوە، بەڵام پێویستە وشەی (پزیشکی) بە دوو (ی) بنوسرێت (کۆمەڵگای پزیشکیی سەلامەت) .

ـ جۆری ناوی ئاوەکان،وەک: (ئاوی کانی )، (ئاوی ژیان )، عەرەبییەکەی (الحیاة ) ، ئینگلیزییەکەی(لایف)، گونجاون.

٢ ـ ٤ ـ ٢ ناوەکە کورت وپوخت بێت: واباشترە ناوی شوێنی کار، کورت و پوخت بێت، چونکە لەوانەیە، ناوەکە بچێتە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، یان بچێتە ناو پرۆفایلی خاوەنەکەیەوە، هەروەها بۆئەوەی لەبواری بانگەشەکردندا ئاسان بێ و لەبیرنەچێتەوە.بۆنموونە: ( چاڤی لاند ) (چاوی نیشتیمان - زەوی) ناوێکی خۆش و کورتە و بەئاسانیش گۆدەکرێت.

٢ ـ٤ ـ ٣ هەوڵ بدرێت ناوەکە وەسفی و وێنەیی بێت: واتە ناونیشانەکە بە ڕاستەوخۆیی باسی بابەت و شتەکە بکات. بەشێوەیەک، هەر کە ناوەکە دەبینی یەکسەر وێنای بابەت و شوێنەکەمان دێتە بەرچاو، بۆنموونە ناونیشانێکی وەک: ( مارکێتی تابلۆ ) بۆ شوێنێک، کە وێنە و تابلۆ و ئەوجۆرە شتانەی لێ بفرۆشرێت گونجاوە، چونکە بەهۆی ناو لێنانەکەوە وێنای بابەتەکەمان دێتە بەرچاو .

٢ ـ ٤ ـ ٤ پەیوەست نەبوون بە ناونیشانی کەسیی و تایبەتی: خاوەن کار و دوکانەکان، وا باشترە لە کاتی هەڵبژاردنی ناونیشاندا خۆیان پەیوەست نەکەن بە ناوی کەسیی، تایبەتی و ناونیشانێکی گشتی هەڵبژێرن، چونکە ئەمە بواری ناولێنانەکە چڕ وتەسک دەکاتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر بیانەوێت، نەتوانن فراوانی بکەن. هەروەها ناونانی شوێنی کار بەناوی خاوەنەکەی یان خێزانەکەی، لەوانەیە ببێتە کێشە یان ڕێگر بۆئەوەی بیفرۆشن، بۆنموونە:ئەگەر ناوی چێشتخانەیەک (تکە وکەبابی کۆیە) بێت، دواتر خاوەنەکەی بیەوێت فراوانی بکات وشلە وبرنجیش بفرۆشێت، ئەمە دەبێتە ڕێگر چونکە ناوەکە تۆماردەکرێت. دواتر گۆڕینی ئاسان نییە، هۆکارەکەی ئەوەیە : خەڵک سەرەتا کە دەست بە کارێک

دەکات، پەلە لە ناولێنانەکەیدا دەکات و بیر لەوە ناکاتەوە کە چۆن خۆی کۆت کردووە، هەر بۆیە لە دۆخێکی وەک ئەمەی سەرەوەدا، ناو لە شوێنەکە بنرێ (خواردنگە ی کۆیە) باشترە، چونکە هەموو جۆرە خواردنەکان دەگرێتەوە .

ـ (کەبابخانەی ئالان)، ناونیشانی تابلۆی دوکانێکی ناو شاری کۆیەیە، کە بەناوی کەسییەوە کراوە، ئەگەر خاوەنەکە بیەوێت بیفرۆشێت بە کەسێکی تر یان فراوانی بکات. لەوانەیە دوچاری دوبارە تۆمارکردن و گۆڕینی ناونیشان ببێتەوە.

٢ ـ ٤ ـ ٥ ناونیشانی دوکان یان شوێنی کارەکە لەگەڵ ناوەرۆک و جۆری کارەکە یەکبگرێتەوە: بۆ نمونە : ئەمەی خوارەوە ناونیشانی دوکانێکی شاری کۆیەیە، لەسەر تابلۆی دوکانەکە ناونیشانی (گص نۆش) نوسرابوو، کەچی دوکانەکە سەوزەفرۆش بوو.




**وێنەی ژمارە ٦ : تابلۆی گص نۆش**

**٢ ـ ٤ ـ ٦ : هەندێك ناونیشان تارادەیەك نامۆن !**

ـ (دەرمانخانەی لاکێش)، تابلۆی دەرمانخانەیەکی شاری هەولێرە.

٢ ـ ٤ ـ ٧ باشتر وایە ناوەکە لە رووی ڕێنووسەوە ڕوون بێ، بەیەک جۆر ڕێنووس بنوسرێت و دووربکەوینەوە لە هێڵی بەیەکگەیاندنی دوو وشە . (board-full) )

٢ ـ ٤ ـ ٨ ڕەچاوکردنی ناولێنان بە زمانی کوردی :پێویستە لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا ڕەچاوی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی کوردی و پاراستنی فەرهەنگ و دەستوری زمانەکە بکرێت و بەبێ هۆکار وشەی بیانی و زمانەکانی تر

بەکارنەهێنرێت، هەروەها ڕێسای دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕێزمانی زمانی کوردی ڕەچاو بکرێت، هەروەها پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی پتەوی دروستکردن و سازکردنی زاراوەی کوردی، تاوەکو زمانی کوردی بکەینە زمانی زانست وبتوانێ شان بەشانی زانستی ئەمڕۆ هەنگاو بنێت و بتوانین ناوی کوردی لە بەرانبەر ناوە بیانییەکان بەکاربهێنین. گرنگی بە زمانی کوردی وەک بنەڕەتێک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بدرێت:

٢ـ ٤ ـ ٩ پەیڕەوکردنی پلانێکی زمانیی گشتگیر: لەم سەردەمەی ئێستادا هەرچەندە تا ڕادایەک سەربەخۆیین، بەڵام یەکێک لەو تەنگژانەی (لەبەردەم زمانی کوردی دایە، نەبوونی پلانێکی زمانی (Language Planning)یە، پلانی زمان هەندێ بنەماو شەنگەستی هەیە، ( زنجیرەیەک پەیوەستن بەیەکەوە، ئەو بنەمایانە هەنگاوبە هەنگاو پەیڕەو دەکرێن و باشترین چارەسەری زمانەوانین بۆ گەورەترین کێشەی سۆسیۆ سیاسی لە کۆمەڵگادا، بنەماکان ئەو پێنج قۆناغەن: هەڵبژاردنی زارێک لە زارەکانی زمانێکی نەتەوەیی، بەکۆدکردنی زمانەکە (زارەهەڵبژێردراوەکە)، پڕۆسەی دوان لەسەر هەمەلایەنەی زارەکە، جێبەجێکردنی بڕیاری ستانداربوونەکە، پەسەندکردنی خەڵک) (ناوخۆش: ٢٠١٠: ٦٧)، (( هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان هۆکارێکی سەرەکی پلانسازیی زمانە، زۆربەی زۆری دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان، لەسەر بناغەی زمانی نەتەوەیی دامەزراون)) ( خۆشناو، کەریم : ٢٠١٧ : ١٥).

لە کۆتاییدا دەپرسین ئایا بەندی یاسایی لە کوردستانی باشوردا، سەبارەت بە پرۆسەی ناولێنان لە شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، تا چەند کاری پێکراوە؟ پێویستە حکومەت لەم بوارەدا پلانی هەبێت، لەبەرئەوەی بەشێک لەو پاشا گەردانییەی کە ئێستا دوچاری زمانی کوردی بۆتەوە، نەبوونی پلانێکی زمانیی گشتگیر و بەهێزە، بەهۆی جیهانگیریی و شۆڕشە زانستییە یەک لە دوای یەکەکان، کە بەردەوام لە جیهانی ڕۆژئاوادا ڕوو دەدەن پێویستییە زمانییەکانی ئەم جیهانە بەسەر زمان و کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەسەپێنێت، ئەم دۆخە بەزۆری لە ناونانی شوێنکاردا دەردەکەوێت. کاتێک دیاردەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات، خاوەنکارەکان بەهەر هۆکارێک لە هۆکارەکان ناوی ئەو دیاردانە لە زمانە بیانییەکان وەردەگرن و لە ناولێنانی شوێنی کارەکانیاندا بەکاری دەهێنن، بۆیە پێویستە پلان هەبێت، دەقی یاسایی تایبەتمەند سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی بیانی لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکارەوە بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**٢ ــ ٥ گرفتی تابلۆکان :**

ئەگەر تێبینی ناولێنانی تابلۆی شوێنکار بکەین، لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی، کێشە و گرفتی جۆراو جۆر بەرچاودەکەون، بەسەرنجدان لە تابلۆی شوێنکار و کۆمپانیا و شوێنە گشتییەکاندا، لێکۆڵەر تێبینی ئەوەی کردووە کە گرفتەکان لە چەند خاڵێکدا کورت دەکرێنەوە، لەگەڵ دەرخستنی گرفتەکان باسی چارەسەرەکەشیان دەکەین:

٢ ـ ٥ ـ ١ بەکارهێنانی ناونیشانی بیانی : ئەوەی جێگای سەرنجە، لە ئێستادا بەشێکی زۆری ناونیشانی تابلۆکانی باشوری کوردستان بە زمانی بیانین، کە گرنگە ئاورێک لەم لایەنە بدرێتەوە و لایەنی پەیوەندیدار، هەوڵی چارەسەرکردنی بدات . لەبەرئەوەی کاتێک بە هەندێک شەقامدا گوزەر دەکەیت، یان سەرنج لە تابلۆی ناونیشانی هەندێ شوێن دەدەیت، واهەست ناکەیت لە کوردستانیت و بە زمانی کوردی ئاخاوتن دەکەیت، زۆربەی ناونیشانەکان، ئینگلیزی یان عەرەبی و تورکی یان زمانەکانی ترن، کە ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بە ستانداردکردنی زمانی کوردیدا یەکناگرێتەوە. هەتاوەکو وشەی کوردی هەبێت، نابێ وشەی زمانانی تر وەربگرین، چونکە زیان بە زمانەکەمان دەگەیەنێ و فەرهەنگەکەی پڕ دەبێ لە وشەی نامۆ و ناڕەسەن، بۆیە پێویستە یاسایەک بۆ چۆنیەتی نوسین و بەکارهێنانی وشەی بیانی دابندرێت چونکە (ئەمە مەترسییەکی گەورە و ترسناکە بۆ داهاتووی زمانی کوردی، کە تابلۆی بازاڕ و شوێن و دامەزراوە جیاجیاکانی کوردستان پڕکراوە لە وشە و زاراوەی بێگانە کە لەبەرکردن و وەرگرتنیان بۆ ڕۆشنبیر و خوێندەواریش زەحمەتە، ئەمجا چ جای بۆ نەخوێندەواری میللەتەکەمان ) (شوانی : ٢٠١١ : ١١٩ ).

ـ هەندێکجار خاوەن کۆمپانیاکان، کاتێک کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کارێک دەکەن، بۆئەوەی سەرنجی بیانیەکان بۆخۆی ڕابکێشێ، لەوانەیە ناوێکی بیانی نەک کوردی لە کۆمپانیاکەی بنێت، چونکە کاریگەری لەسەر کارەکەی هەیە و خاوەن کارە بیانییەکە ناوەکەی بەلاوە خۆشترە، بۆ نموونە خاوەن کۆمپانیاکە ناو لە کۆمپانیایەکەی دەنێت) ) Lands capeواتە : (سروشتی لادێکان ) .

لێرەدا چەند ناونیشانێک کە بە زمانەکانی بیانین، دەخەینە ڕوو:

**ـ ناولێنانی عەرەبی:**




**وێنەی ژمارە ٧ : شركة مير العقارات**

ـ (مطعم جبل عقرة)، تابلۆی چێشتخانەیەکی شاری ئاکرێ ـ تاڤگەی سپییە، بەزمانی عەرەبییە.

ـ (رشاقە و لەش جوانی جوانیتا)، تابلۆی شوێنێکی وەرزشی شاری کۆیەیە، ئەم نموونەیە جۆرە تێکەڵیەکە: لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردیدا.

ـ (مختبر ئاریۆ)، ناوی تاقیگەیەکی شاری هەولێرە ،دەتوانرا ناوی لێبنرێت (تاقیگەی ئاریۆ)

ـ (ملائكة الرحمة) ، ناوی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـــ هەندێ ناونیشان هەیە ، عەرەبی و کوردی تێکەڵە، لە ڕووی ڕێنووسیشەوە، بە کوردی دەنوسرێت، وەک: (کۆگای ملاعیبی کانێسکان) ــــ سلێمانی . (ئەم نموونەیە، جۆرە تێکەڵیەکە، لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، وشەکانی (کۆگا،کانێسکان) کوردییە، وشەی (ملاعی) عەرەبییە).

ـ (مطعم نهاد)، تابلۆی چێشتخانەیەکی شاری کۆیەیە، بە زمانی عەرەبییە.

ـ (الخطاط سەرکار)، تابلۆی دوکانێکی شاری هەولێرە. جۆرە تێکەڵییەک، لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، دەبینرێت. لە سەرەوە نوسراوە (الخطاط سەرکار )، وشەی (الخطاط) عەرەبییە، بەڵام (سەرکار) کوردییە، بە ڕێنووسی کوردیش نوسراوە، بەڵام لە مینای دوکانەکە سەرتا بە کوردی نوسراوە (خۆشنووس)، دواتر بە زمانی عەرەبی نوسراوە(الخطاط سرکار)، وشەی (سرکار) لە جاری دووەمدا، بە ڕێنووسی عەرەبی نوسراوە.

ـــ (مجمع الطبی البزاز ـــ کۆمەڵگای پزیشکی)، تابلۆی کۆمەڵگایەکی پزیشکییە، سەرەتا بە عەرەبی، دواتر بە زمانی کوردی نوسراوە، هەندێک لە تابلۆکان، بەتێکەڵی لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردیدا، دەنوسرێن.

ـ (صفا مۆڵ)، ناوی مۆڵێکی شاری کۆیەیە، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم تابلۆیە، دەستەواژەی (صفا مۆڵ)، وشەی (صفا) عەرەبییە، بە ڕێنووسی عەرەبیش نوسراوە، بەڵام وشەی (مۆڵ) لە بنچینەدا ئینگلیزییە، بە ڕێنووسی کوردی نوسراوە.

**ـــ ناولێنانی ئینگلیزی :**

ـ ژمارەیەکی زۆر تابلۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی ئینگلیزی ناونراون، ئێمە تەنیا سەرنجمان لە شەقامێکی شاری کۆیە دا،تێبینی ئەوەمان کرد، ناوی زۆربەی تابلۆی دوکان و شوێنکارەکان، بە زمانی ئینگلیزی یان زمانە بیانییەکانی ترن، ئەمە سەبارەت بە شارەکانی تری هەرێمیش هەمان شتە، ئێمە لێرەدالەبەر زۆری ژمارەی تابلۆکان، تەنیا یەک وێنە دەخەینە ڕوو، چەند تابلۆیەکیش تەنیا بە نووسین، باس دەکەین:




**وێنەی ژمارە ٨ : Dé cor Land ـ سلێمانی.**

ـ ((FASHION، تابلۆی دوکانێکی شاری هەولێرە.

ـ ( (Women s Secret، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـ ((SHOP FASHION، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـ ((FLORMAE، تابلۆی شوێنکارێکی ناو شاری هەولێرە.
ـ ((Nutella Home، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.
ـ (٤ (YOU، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.
ـ (کافتریای( Pop، تابلۆی کافتریایەکی شاری هەولێرە.
ـ (شیرنەمەنی مەڵتی فروتی)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە، وشەی (شیرنەمەنی)، کوردییە، وشەی (مەڵتی فروتی) لە ئینگلیزییە. واتە: لەم ناونیشانەدا، زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵکراوە.
ـ (هوم کینگ زیبرا پەردە)، تابلۆی شوێنکارێکی پەردە فرۆشیی، شاری هەولێرە. لەم ناولێنانەدا، (هوم کینگ، زیبرا) ئینگلیزییە، وشەی (پەردە) ش کوردییە، لە دەستەواژەی (زیبرا پەردە) دا، دیارخەر پێش دیارخەر خراوە، کە دەبوایە بەمجۆرە بێت: (پەردەی زیبرا)ـ (دیارخراو(ناو) +ی + (دیارخەر).
ـ ( (KAVIN GROUP، تابلۆی شوێنکارێکی شاری دۆهۆکە.
ـ (سەرتراشخانا (KINGـ تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری دهۆکە.
ـ ((GUVEN COMPANY، تابلۆی کۆمپانیایەکی شاری ئاکرێیە.
ـ ((D SHOP FASHION، تابلۆی فرۆشگایەکی جلوبەرگ فرۆشیی شاری ڕانیەیە .
ـ ) (Freestyle، تابلۆی شوێنکارێکی شاری ڕانیەیە .
ـ ((BRZ Electronics، تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانی.
ـ ( استنساخ فۆتۆکۆپی ـ سەنتەری زنار)، تابۆی شوێنکارێکە، بە تێکەڵی نووسراوە، سەرەتا عەرەبییە ، دواتر هەردوو وشەی (فۆتۆکۆپی)، (سەنتەر)، لە بنچینەدا ئینگلیزین .
ـ جگە لەمانەی پێشوو، هەندێک ناونیشان هەیە، تەنیا بە یەک زمانی بیانی نانووسرێت، بەڵکو چەند زمانێک تێکەڵ دەکرێت، وەک : ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی و فارسی .. هتد، بۆنموونە:
ـ (کۆمپانیای شەهربام عایق)، تابلۆی کۆمپانیایەکی شاری سلێمانییە.
ـ (مەسبەح تودەی) تابلۆی مەلەوانگەیەکی شاری سلێمانییە. (مەسبەح) عەرەبییە، (تودەی) ئینگلیزییە.
ـ (پاشا دۆڕ)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانییە. (پاشا) کوردییە، (دۆڕ) ئینگلیزییە.

ـ لەم توێژینەوەیەدا، سەرنجمان تەنیا لە یەک شەقامی ناو بازاڕی شاری کۆیە دا، تێبینیمان کرد، کە زۆربەی تابلۆی شوێنکارەکان، بە زمانی ئینگلیزی و بیانین،وەک :

ـ ( ( ITALIAN PIZZA) ـ تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ( KARINA MODA) ـ تابلۆی شوێنکارێکی جلوبەرگ فرۆشتنی شاری کۆیەیە .

ـ Beautiful (Beauty Salon)، تابلۆی شوێنکارێکی جوانکاریی شاری کۆیەیە .

ـ (Cosmetic Koya)، تابلۆی شوێنکارێکی جوانکاریی شاری کۆیەیە.

ـ ((VALETINE CAFÉ، تابلۆی کافێیەکی شاری کۆیەیە .

ـ ((HOLLAND Cafe، تابلۆی کافێیەکی شاری کۆیەیە.

ـ (( FAMILY SHOPPIN، تابلۆی چەند کۆگایەکی شاری کۆیەیە .

ـ ((NECHER FASHION، تابلۆی جلوبەرگ فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ( (BARBER SHOP، تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ( (BARBER STYLE ZERAK ـ تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((ZAGROS MOBILE ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ( (REKAN PHON ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ( ( HAMA PHON ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ( ( HOZ PHONE ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((BAREZ PHONE ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ( (EZERAK BARBER STYL ـ تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((REKAN BUTIK ـ تابلۆی دوکانێکی شاری کۆیەیە.

ـ (تیم مارت سوپەر مارکێت)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری کۆیەیە.

ـ (گۆڵدن مۆڵ)، تابلۆی مۆڵێکی شاری کۆیەیە .

ـ (شوێنی ئێڤری گرین) ـ تابلۆی شوێنکارێکی کشتوکاڵیی شاری کۆیەیە، بە ڕێنووسی کوردی نوسراوە، شەی (شوێن)، کوردییە، وشەی(ئێڤری گرین)، بیانییە.

ـ هەندێ لە تابلۆکان، بە تێکەڵی بە زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراون:
ــ (شوێنی چێلسی ( Chelsea Place، تابلۆی دوکانێکی شاری کۆیەیە.
ـ (شوێنی ئێڤری گرین) تابلۆی دوکانێکی شاری کۆیەیە .
ــ (خواردنگەی ڤایلاند) ـ تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە .
ــ (صفا مۆڵ)، تابلۆی مۆڵێکی شاری کۆیەیە،بە تێکەڵی نووسراوە، وشەی (صفا)، عەرەبییە، وشەی (مۆڵ) ئینگلیزییە، واتە: هەندێ لە تابلۆکان، بەشی یەکەمیان وشەیەکی عەرەبییە، بەشی دووەمیان ئینگلیزییە، یان بەپێچەوانەوە.

٢ـ ٥ ـ ٢: وەرگێڕانی وشە بە وشە: ئاریشەیەکی تر لە ناولێنانی تابلۆی شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، وەرگێڕانی وشە بە وشەی زمانەکانی ترە بۆ زمانی کوردی، (( وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانە کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ،لەپێشدا لەباری واتاو پاشان لەباری دارشتنی شێوازەوە))(مستەفا، پەروین عوسمان، ٢٠٠٩: ١٨ ) ، وەرگێڕ دەبێ لە وەرگێڕانی وشە بە وشە کە هەم زیان بە ناوەڕۆکی دەقە ئەسڵییەکە دەگەیەنێ و هەم جوانی دەربڕین دەشێوێنێ، خۆی بپارێزێت، وەرگێڕ وشەکان بە جۆرێک هەڵبژێرێ و ڕێک بخات ، هەموو لایەن و ڕاوێژی دەقە ئەسڵییەکە لە وەرگێڕانەکە دا پارێزراو بێت (چەند نووسەرێک ،٢٠٠٥ :١٩ )، (( لە پرۆسەی گواستنەوەدا هەندێک بەربەست و کۆمەڵە لەمپەرێک کاریگەرییان لەسەر شێوازی وەرگێڕ دەبێ ، ئەمەش لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی هێماناسیدا ،دەشێت ئەم زاراوانە لە هەردوو فەرهەنگی زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا وەک پێویست یەکسان نەبن )) ( پەروین عوسمان مستەفا ، واتاو وەرگێڕان، چاپخانەی رۆژهەلات ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ٣٣ ) ئەگەر سەرنجی تابلۆکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی بدەین، درک بەوە دەکەین ، کە بەشێکی زۆریان ڕاستەوخۆ و وشە بە وشە لە زمانەکانی تری وەک عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون کە ئەمەش لە ئاستی واتا و ڕێزماندا دەبێتە گرفت و لەگەڵ سەلیقەی زمانی کوردیدا ناگونجێت ، بۆ نموونە :

ــ (جیهانی گۆشت ) ـــ ارجان قصاب ــ عالم اللحوم ارجان قصاب)

ئەم تابلۆیە،( جیهانی گۆشت ارجان قصاب ــ عالم اللحوم ارجان قصاب ) ، بەشەکوردییەکە (جیهانی گۆشت ارجان قصاب) وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی عەرەبییەکەیە(عالم اللحوم ارجان قصاب) ، لە ڕووی ڕێنووسەوە تەنیا (جیهانی گۆشت) بە زمانی کوردی نوسراوە (ارجان قصاب) بە عەرەبی نوسراوە، کە دەبوو هەردوویەشەکە بە ڕێنووسی کوردی بنوسرێت ، جگە لەمە مۆرفیمی (ی) ئامرازی خستنەسەر نەنووسراوە، لە ڕووی ڕێنووسەوە ، دەبوایە بەم شێوەیە بنوسرێت (جیهانی گۆشتی ئەرجان قەساب) .

٢ ــ ٥ ــ ٣ گرفتی واتایی و فەرهەنگیی: ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تێبینیمان کردووە، سەبارەت بە کێشەی ناولێنان لە شوێنکاردا، ئەگەر چی لە زمانی کوردیدا بە پێی تایبەتمەندی خۆی زۆر ڕێگای بۆ دروستکردن و داڕشتنی وشە و زاراوە هەیە، بەڵام لە تابلۆکانی ناولێناندا زیاتر ڕێبازی وەرگرتن و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ سەرنج ڕادەکێشن، چەند وشە و زاراوەیەکی بیانی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بازرگانی و زانست و هۆکاری دیکەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، کاریگەری لەسەر پرۆسەی ناولێناندا هەیە، وەک وشەکانی (سوپەر، فریش، مۆڵ ...هتد ) زۆربەی نوسراوی سەر تابلۆی شوێنکارەکان، ڕەچاوی دەستوری ڕێزمانی کوردی تێدا نەکراوە، لە ڕووی فەرهەنگەوە هەوڵ نەدراوە وشەی کوردی ڕەسەن لە شوێنی وشەی بیانی و نامۆدا بەکاربهێندرێت، هەندێکجار، خاوەنکار تەنیا بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی کڕیار ناوێک هەڵدەبژێرێت، کە نامۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

ـ (قەیران نەمایە)، تابلۆی خواردنگەیەکی شاری دهۆکە.

ــ ئەمەی خوارەوە ناونیشانی خواردنگەیەکی شاری دهۆکە، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی کڕیار ، بنەمای دروستی بەزاندووە، چونکە لە ڕاستیدا ، قەیران هەر ماوە و تەواو نەبووە:

٢ ـ ٥ ـ ٤ : پێش و پاش خستنی ڕیزبوونی کەرەسەکان: لەهەندێک ناونیشاندا، پێش وپاش خستنی کەرەسەکانی ڕستە،بەهۆکاری وەرگێڕانی وشەبەوشەیی، یان هۆکاری ترەوە بێت، دەبینرێت.بۆنموونە: (زیو سەعاتی ئاسۆ)، ناونیشانی دوکانێکی ناو بازاڕی شاری سلێمانیی شەقامی

مەولەوییە،کەرەستەکانی ڕستەکە پێش وپاش خراون، کورد بەم شێوەیە ئاخاوتن ناکات، ڕاستییەکەی بەمجۆرەیە: (سەعاتی زیویی ئاسۆ)، (سەعات) دیارخراوە،(زیویی) دیارخەرە،(ئاسۆ) خاوەنی فرۆشگاکەیە.

٢ ــ ٥ ــ ٥ : هەڵەی ڕێزمانیی و واتایی: لە ژمارەیەکی زۆری تابلۆی شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، هەڵەی ڕێزمانی و واتایی دەبینـدرێت، کە پێویستە لایەنی پەیوەندار،بە دواداچوونی بۆ بکات و بەهەندیان وەربگرێت و بایەخیان پێ بدات، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین،کە (هەڵەی ڕێزمانی تەنیا لە ئاستی ڕێزمان و ڕێنووسدایە و کاریگەری لەسەر واتای بیرە دەربڕاوەکە نییە وەک:(بیرەدەربڕاوەکە ــــ بیرەدەربڕاوەکـە).مۆرفیمی (ر)،مـۆرفیمی نادیارییە لەڕستەی بکەرنادیاردا ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە،نوسین و نەنوسینی،لێرەدا،کار لە واتا ناکات و گرفتی تێگەیشتن ناهێنێتە ئاراوەبەڵام هەڵەی واتایی،جگە لەئاستی ڕێزمان ،هەژموون و کاریگەری دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی واتا وگرفتی واتایی دروست دەکات،کە زۆر جار کێشەی کۆمەڵایەتیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت )(شەمس:٢٠١٧،١٤٢)، ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:

ـ (مارکت زیتون بازار)، تابلۆی مارکێتێکی شاری هەولێرە.

ناونیشانێکی تێکەڵە، هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی تێدایە، کاتێک سەیری دەکەیت وا هەست ناکەیت، کە ئەمە زمانی کوردی بێت . وشەی (مارکت) بە هەڵە نووسراوە(مارکێت)، (ی) ئـامرازی خستنەسـەر دوای وشـەی مارکێت نەنووسراوە (مارکێت)+(ی)، وشەی (زیتون) بەکوردی نە نووسراوە (زەیتون ).

(مارکێتی زەیتون) ــــ (مارکێت) ـ دیارخراوە، (ی) ئامرازی خستنەسەرە، (زەیتون) دیارخەرە، لەبەرئەوەی وشەی (مارکێت) لەسەرەتادا هەیە،پێویست ناکات وشەی (بازاڕ) دووبارە بنوسرێتەوە، یان هەردەبوایە لە سەرەتادا وشە کوردییەکە (بازاڕ) بنووسرابایە. (مارکێتی زەیتون) یان (بازاڕی زەیتون).

### هەڵەی ڕێنووس :

ئەگەر تێبینی ڕێنووسی تابلۆ و ناونیشانی شوێنکار لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی بکەین، بە شێوەیەکی گشتی هەڵەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێت، وەک: نەنوسینی پیتی ( ی)، لە ئەرکەکانی ئامرازی خستنەسەر یان بەستن و ناوبەندو...هتد. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:




**وێنەی ژمارە ٩ : سەمونخانەی حەجەری کاردۆ ـ شاری کۆیە.**

ـ لەم نموونەیەدا، وشەی (حەجەری) بە (ی) کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت، واتە: ڕاستیەکەی بەمجۆرەیە: (سەمونخانەی حەجەریی کاردۆ) .

ـ (کولێرە بە ڕۆنی ئاسۆ)، تابلۆی نانەواخانەیەکی شاری سلێمانییە.

ـ لەم نموونەیەدا، پێویستە، (ی) ناوبەند بنوسرێت،چونکە هەڵەی ڕێنووس زۆرجار، هەڵەی واتاییش بەدوایخۆیدا دەهێنێت، لەبەرئەوەی لەیەکهم تێڕوانیندا، وا دەردەکەوێت: کە ئەمە کولێرەیەک بێت و بە رۆنی ئاسۆ بکرێت، بەڵام مەبەست لە تابلۆی ئەم ناونیشانە، ئەوەیە، کە ئەم کولێرە بەڕۆنە، خاوەنەکەی ئاسۆیە، بۆیە ڕاستییەکەی بەمجۆرەیە: (کولێرە بە ڕۆنیی ئاسۆ) .

ـ (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان)، تابلۆی ڕێکخراوێکی شاری کۆیەیە.

ـ ئەم نموونەیە، پێویستە بەمجۆرە بنوسرێت: (یەکێتی لاوانی دیموکراتیی کوردستان) .

ـ (سەمونخانەی بەردی فارس) تابلۆی سەمونخانەیەکی شاری هەولێرە.

لەم نموونەیەدا، وشەی (بەردی) بە (ی) کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت. وشەکە بەم جۆرە پێکهاتووە: ناوی بەرجەستە (بەرد) + (ی) ــــ (بەردی) ناوی واتایی.

(سەمونخانە ) + (ی) + (بەردی ) + (ی) + (فارس) ــــــ (سەمونخانەی بەردیی فارس).

ـ (سەنتەری پێوانەکردنی چڕی ئێسک ـ سلێمانی)، تابلۆی سەنتەرێکی پزیشکیی شاری سلێمانییە.

لەم نموونەیەدا، وشەی (چڕی) بە (ی) کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت. وشەکە بەم جۆرە پێکهاتووە:

ڕادە (چڕ) + (ی) ـــ (چڕی) ناوی واتایی. لە دەستەواژەی(چڕی ئێسک ) دا، مۆرفیمی خستنە پاڵی (ی ) نەنووسراوە.

(سەنتەر) + (ی)+ (پێوانەکردن) +(ی)+ (چڕ)+ (ی) +(ئێسک) ـــــ سەنتەری پێوانەکردنی چڕیی ئێسک

ـ (کۆمەڵگەی پزیشکی کۆماس)، تابلۆی کۆمەڵگەیەکی پزیشکیی شاری کۆیەیە.

ـ وەک نموونەی پێشوو، وشەی پزیشکی بە (ی) کۆتایی دێت،پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت ، واتە ڕاستیەکەی بەمجۆرەیە:

( کۆمەڵگەی پزیشکیی کۆماس) .

ـ لەم نموونەیەدا، (تاقیگەی سەلیم ـ بۆ شیکاری نەخۆشیەکان)، وشەی (نەخۆشی) کە ناوێکی واتاییە، بە (ی) کۆتایی هاتووە، پێویستە (ی) ناوبەند، بنوسرێت:

نەخۆشی (ی) + (ی) + (ەکە) + ( ان) ـــــ نەخۆشییەکان .

ـ پێویستە ەم جۆرە بنوسرێت :( تاقیگەی سەلیم بۆ شیکاری نەخۆشییەکان) .

ـ (تاقیگەی کۆماس بۆ شیکاری نەخۆشیەکان)، تابلۆی تاقیگەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ بەهەمان شێوەی نموونەی پێشوو، پێویستە وشەی (نەخۆشیەکان) بە دوو (ی) بنوسرێت، بەمجۆرە: (تاقیگەی کۆماس بۆ شیکاری نەخۆشییەکان) .

ـ (چاویلکە سازی کلاسیک)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری کۆیەیە.

ـ لەم نموونەیەدا، وشەی ناسادەی (چاویلکەسازی)، پێویستە بەسەریەکەوە بنوسرێت،لەبەرئەوەی یەک وشەیە، هەروەها وشەی(سازی) بە (ی) کۆتایی هاتووە، پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت،(چاویلکە) +(سازی) +(ی) +(کلاسیک )، واتە: بەم شێوەیە بنوسرێت: (چاویلکەسازیی کلاسیک) .

ـ (سەمونخانەی هەولێر دێرین)، تابلۆی سەمونخانەیەکی شاری هەولێرە.

لـەم نموونەیـەدا، (ی) ئـامرازی خسـتنە سـەر دوای وشـەی (هـەولێر) نەنووسراوە:(سەمونخانە) +(ی) +(هەولێر) +(ی) +(دێرین)، واتە دەبێت بەمجۆرە بنوسرێت: ( سەمونخانەی هەولێری دێرین).

ـ (غەسلی دەستی ڕەهەند)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانییە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم جۆرە هەڵانە لە ڕێنووسدا، هەڵەی وتاییش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەگەر بڕوانینە ئەم نموونەیە: (غەسلی دەستی ڕەهەند)، لە ڕووی واتاییەوە وا دەردەکەوێت، کە ئەم غەسلە هی دەستی (ڕەهەند) بێت، نەک غەسلێکی دەستیی بێت و خاوەنەکەی (ڕەهەند) بێت، هەروەها وشەی (غەسل) لە بنچینەدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە،دەکرا لە جێگای ئەم وشەیە (شوشتنگە) بەکاربهێندرێت.

لەم ناولێنانەدا، وشەی (دەستی)، بە (ی) کۆتایی دێت، پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت: (غەسل) + (ی) +(دەستی) +(ی) + (ڕەهەند) ـــــ غەسلی دەستیی ڕەهەند.

واتە: ببێتە (غەسلی دەستیی ڕەهەند)، لەبەر ئەوەی، لەم دەربڕینەدا، وشەی (دەستی)، ناوێکی واتاییە، بەمجۆرە دروستبووە:

ناوی بەرجەستە + مۆرفیمی (ی): (دەست) + (ی) ـــــ دەستی، جگە لەمە دەکرێت، لەشوێنی (غەسل)، وشەی (شوشتنگە) بەکاربهێندرێت.

ـ هەندێ ناونیشان هەیە، لە ڕووی ڕێنووسەوە وشەکان بە هەڵە دەنوسرێن. ئەگەر سەیری ئەم ناونیشانە بکەین(مالی بووچوک)، سێ زمان تێکەڵ کراوە، تورکی و عەرەبی و کوردی، سەرەڕای ئەوەش وشەناسادە کوردییەکە (مالی بووچوک) لە ڕووی ڕێنووسەوە هەڵەیە، وشەی (ماڵ) نووسراوە(مال)،هەروەها پێویستە بنوسرێت(بچوک)، نەک (بووچوک)، وا گونجاوتربوو، بەزمانی کوردی بنوسرێت: (چێشتخانەی ماڵی بچووک) .

ــ (بازاری هەڵوی شار)، تابلۆی بازاڕێکی شاری هەولێرە، پێویستە بکرێتە: بازاڕی هەڵۆی شار.

ــ (دکتور یارا قادر حمد)، تابلۆی نۆڕینگەیەکی پزیشکیی، شاری کۆیەیە.

ــ لە ناولێنانی ئەم تابلۆیەدا، ئەگەر بڕوانینە وشەی (دکتور)، تێبینی ئەوە دەکەین، کە قسەپێکەرانی زمانی کوردی، ناڵێن (دکتور)، بەڵکو دەڵێن (دکتۆر)، واتە: لە ڕووی ڕێنووسەوە، دەبوایە بنوسرایە (دکتۆر)، نەوەک (دکتور) .

ـــ ( هـۆڵی چالاکیـەکانی ڕێکخـراوی گەشـەی لاوانـی کوردسـتان)، تـابلۆی ڕێکخراوێکی شاری کۆیەیە.

لەم ناولێناندا، وشـەی (چالاکیـەکان)، لـە ڕووی ڕێنووسـەوە پێویسـتە بـە دوو (ی) بنوسرێت، بەمجۆرە: (هۆڵی چالاکییەکانی ڕێکخراوی لاوانی کوردستان).

لـە کۆتـایی ئـەم بەشـەدا، بۆمـان ڕوون بـۆوە، کـە یـەکێک لـە هۆکارەکـانی ناولێنانی نادروستی شوێنکار، ئەوەیە کە حکومەتەکەمان فەلسـەفەیەکی سیاسـی بـۆ زمـانی کـوردی نییـە، ئێمـە کـوردین و لـە کوردسـتان دەژیـن و زمانەکـەمان کوردییە، کەچی کەمینەن ئەوانەی خەمخۆری زمانی کوردین و ڕێزی لێ دەگرن. پێویسـتە: لـە کوردسـتاندا هـەوڵی دروسـتبوونی زمـانی سـتاندارد بـدرێت ولـە نووسـینی هێمـا و تـابلۆی شـوێنکار و کۆمپانیاکانیشـدا پـەیڕەو بکرێـت، زمـان بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەیە، بۆیە دەبێ پارێزگاری لێ بکـەین و ڕێگە نـەدەین دووچـاری ئـالۆزی و تێکچـوون بێـت و وشـە و دەسـتەواژەی نـامۆ، ڕایەڵـە سەرەکییەکانی بشێوێنن. زەمینەیەک ساز بکرێت بۆ ئـەوەی دەسـتوری گونجـاو لە ناولێناندا پـەیڕەو بکرێت، ئێمـە تـاوەکو ئێسـتا خـاوەنی دەوڵـەتی کوردی نین، بۆیە نابێت زمانی کوردی فەرامۆش بکەین، هەروەها نابێت ڕێگە بدەین، کە بێ سـەروبەری لە ناونیشـانی شـوێنکار وکۆمپانیـا و شـوێنە گشـتی و تایبەتییەکانـدا هەبێت، بەرادەیەک ببێتە هۆی تێکچوونی سەلیقەی زمانی کوردی. تابلۆکانی نـاو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان چاوی خڵکیان بەسەرەوەیە، بۆیە بـوونی هەڵـە و کـەم وکـورتی لـە ڕووی دەسـتوری زمـان و ڕێنووسـەوە کاریگـەری لەسـەر زمـان و نەتــەوەی کــورد دەبێــت، لــەم ڕووەوە، پێویســتمان بــە هــزر و سیســتەمێکی دامــەزراوەیی لــە بــواری ناولێنانــدا هەیــە، پێویســتە ئــەم بابەتــە بخرێتــە نــاو پرۆژەیاسـای دەسـتورەوە و کـاری لەسـەر بکرێـت، تـاوەکو دوچـاری کاریگـەری خراپ نـەبین، دەسـەلاتی سیاسـی بیر لەچارەسـەری گرفتـی ناولێنـان بکاتـە وە و بیخاتە بەرنامەی کـارەوە .بـۆ ئـەم مەبەسـتەش تیم و گـروپی تایبـەت دابنرێت و بەدواداچوون بکرێت، هەروەها چەند ناوەندێک بۆ وەرگێڕان و زاراوەسـازکردن و فەرهەنگ لە کوردستاندا هـەبێت، لەوبـەش و فاکەڵتیانەشـدا پشـکیان هـەبێ، کە پەیوەستن بەم بوارەوە.

**ئەنجامەکان :**

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گەیشتینە چەند ئەنجامێک :

١ ــ بەشێکی زۆری تابلۆکانی شوێنکار لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەچاوی دەستووری بەکارهێنانی زمانی کوردییان وەک زمانی نەتەوەیی و زمانی دایک تێدا نەکراوە، ژمارەیەکی زۆری تابلۆکان بە زمانی بیانی نوسراون، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، کە پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و دوبارە چاک بکرێنەوە، هەروەها خاوەن کار، پتر بەمەبەستی ڕاکێشانی کڕیارەکان ناولێنان ساز دەکەن، نەک پاراستنی دەستوور و ڕێسای زمانی کوردی، گرنگی بە شێواز و جۆری ناولێنانی دروست نادەن.

٢ ـ حکومەتی هەرێم تاوەکو ئێستا وەک پێویست ئاوڕی لەم لایەنە نەداوەتە و بە جدی هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی ناولێنانی شوێنکار نەکراوە، هەڵەی ڕێنووس لە ناولێنانی تابلۆکاندا یەکجار زۆرە کە پێویستە دووبارە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدرێت.

**سەرچاوەکان :**

**بە زمانی کوردی :**

١ ــ حاجی مارف، ئەورەحمان (١٩٧٥ ) وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢ ـ حەمە ئەمین، خۆشناو عەزیز، کەریم، عومەر محمود (٢٠١٧ )، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٤٢)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

٣ ـ دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤)، زمانەوانیی دەروونی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤ ـ شەمس، هێمن عەبدولحەمید(٢٠٠٦ )، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە .

٥ ـ شەمس، هێمن عەبدولحەمید (٢٠١٧)، ڕێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی(تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

٦ ــ شوانی، ڕەفیق (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧ ــ عەبدول، جەمال ( ٢٠٠٨) بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

٨ ــ عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم (٢٠١٤ )، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.

٩ ـ فتاح ،محمد معروف (١٩٩٠)، زمانەوانی، دار الحکمة ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٠ ـ مستەفا، پەروین عوسمان (٢٠٠٩)، واتاو وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١ــ ناوخۆش، سەلام(٢٠١٠) ، ستاندەربوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان،چاپی یەکەم، هەولێر،

١٢ ــ نۆردنستام، کریستین، خورشید، غازی عەلی (٢٠٠٩)، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی .

**بە زمانی عەرەبی :**

١ ـ استیتیة ، سمیر شریف (٢٠٠٨ )، اللسانیات المجال، والوظیفة و المنهج، الطبعة الثانیة عالم الکتب الحدیث، عمان الاردن.

٢ ـ افیتیش، میلکا، الترجمة:مصلوح، سعد عبدالعزیز، فاید، وفاو کامل (١٩٩٦ ) اتجاهات البحث اللسانی، طبع بالهیئة العامة لشؤن المطابع الامیریة.

٢ _ اسماعیل، طالب محمد، مقدمة لدراسة علم الدلالة (فی ضوو التطبیق القرانی و النص الشعری)، الطبعة الاولی، دارکنوزالمعرفة العلمیة ،٢٠١٠ .

٣ ـ البوطيي، محمد توفيق رمضان (٢٠٠٥)، البيوع الشائعة و أثر المبيع على شرعيتها للتطور، الطبعة الثالثة الناشر دار الفكر.
٤ ــ الجاف، محمد مصطفى محمود(٢٠١٧ )، مفهوم العلامة التجارية و حمايتها وتطبيقاتها القضائية،مطبعة رۆژهەلات،اربيل .
٥ _ زين الدين، صلاح(٢٠٠٦ )، شرح التشريعات الصناعية و التجارية،دارالنشر و التوزيعالاردنى، الاردن .
٦ ــ سيد، خالد محمد( ٢٠١٦)، الحق فى الاسم التجارى(دراسة مقارنة)، الطبعة الاولى، مركز الدراسات العربية للنشر و التوزيع .
٧ _ طه، مصطفى كمال(٢٠٠٦)، أساسيات القانون التجارى، الطبعة الاولى، منشورات الجلى الحقوقية، بيروت.
٨ _ عباس، محمد حسن (١٩٧٦)،التشريع الظناعى، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، القاهرة .
٩ _ قاسم ،على(١٩٩٧)،قانون الاعمال ،جزو الاول، دار النهضة العربية.
١٠ _ قاسم ،على(٢٠١٢)، حقوق الملكية الفكريةفى القانون الاماراتى، دار النهضة العربية.
١١ _ النعمة، مقبول على بشير(٢٠١١)، الاتساع فى المعنى، عالم الكتب الحديث، الاردن.
١٢ _ ـ عياشى، منذر(٢٠١٣)، اللسانيات والحظارة مساهمة في علم طرع القظايا و انشاو، الطبعة الاولى، عالم الكتب.

**سەرچاوەی ئینتەرنێت :**

ـــ www.knnc.net محەمـــەدی مـــەحوی،چۆنێتی بـــەکارهێنانی زمـــان وئەتـــەکێتی ئاخاوتن٢،/٢٠١٨/٩.

العلامه التجاريه، ٢٠١٦ . https://ar.wikipedia.org/wiki/

**ملخص البحث**

علم االغة التطبيقي فرع من فروع علم اللغة، يبحث بشكل عملي في المشاكل اللغوية و يسعى الى معالجتها. ان تسمية لوحات المحلات التجارية و اظهار مشاكلها من حيث استخدامها للمفردات الاجنبية و الاخطاو القواعدية و الاملاو و عدم تطبيق السنن، هي احدى مجالات العمل في هذه الدراسة، والتي تتألف من مقدمة و فصلين و النتائج ثم قائمة المصادر.

تطرقنا في الفصل الاول، وبشكل نظري ، الى تعريف و وظيفة  الاسم التجاري، وعلاقته بالعلامة التجارية، ثم تاريخ ظهور العلامة التجارية و اخيرا، الخصائص القانونية للاسم التجاري.

اما في الفصل الثاني، وهو فصل تطبيقي، فقد عملنا على تحديد و تصحيح أخطاو اللوحات، والتي عبارة عن كيفية التسمية على محل تجاري، الشروط اللازمة في محل تجاري مثل: الحداثة و الابداع، ثم تحدثنا عن بعض التعليمات لتسمية المحلات و الاماكن العامة، و لتوضيح الموضوع ذكرنا و بشكل مختلط بعض الامثلة من مدن اربيل و سليمانية و كؤية و رانية، وقد وضحنا هذه الظاهرة في اطار المعجم و واستخدام المفردات الاجنبية و تطبيق خطة لغوية و كيفية اختيار التسميات، بالاضافة الى تصيح الاخطاو.

وقد توصل البحث الى نتائج عدة، منها: معظم لوحات المحلات التجارية لم تراعي فيها قواعد اللغة الكوردية كلغة قومية و استخدمت المفردات الاجنبية بشكل مبالغ فيه. وان اصحاب المحلات التجارية يسمون محلاتهم لغرض جلب المشترين و العملاو. من جانبها، فان حكومة الاقليم لن تهتم بهذه المشكلة بشكل مطلوب، وأخيرا، فان الاخطاو الاملائية في تسمية هذه اللوحات كثيرة جدا و بحاجة الى مراجعة جدية في سبيل تصحيحها.

**Abstract**

An applied linguistics is a part of linguistics that research about the linguistic issues and try to solve it. Naming shops, shop boards and their problem in terms of foreign lexics, grammatical mistakes, alphabet, and not standardization are in this area. The study consists of two parts excluded introduction, conclusion, and

the bibliography. In the first part, the tasks of business names, logo, the history of logo, and the principles are shown.

In the second part, we have worked on the solutions, which are the way to name in business places, the conditions that should be available in such areas. For example; modernism and creation. Then, we have suggested some principles. The samples are taken from Sulaymanyah, Erbil, Koya and Ranya. We have explained the situation in terms of culture, and using foreign words, language policy, and the ways to choose a name, and the mistakes were explained. The researcher concluded that most of those shop boards are not according to rules and regulations of Kurdish language in Kurdistan Region. They use foreign words. There concentrate is more to attract customers. KRG has not taken the situations seriously. The alphabetic mistakes are common. They need to be proof read and make them correct.

# سیاسەت و پلانی زمانی لە بۆتەی یاسای زمان و ڕۆڵیان لە پاراستنی پێگەی زمانی کوردیدا

م. ی. شالاو سالّح حەمەغەریب

**پوختە**

لە دونیـای ئێسـتادا بابەتەکـانی سیاسـەت، پـلان و یاسـای زمـانی باسـی هەنووکەیین و بواری جێی بایەخی توێژەران و زمانەوانانن، ئەم لایەنانە دەتوانن کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی بکەنە سەر زمانەکان و دەستیان هەیە لە پاراستن یاخود لەناوبردنی زمانێک یان چەند زمانێک. لەبەر ئەمەیە گرنگی تەواویان هەیە لە توێژینەوە زمانەوانییەکان و لە دارشتنی سیاسەتی دەوڵەتان.

ئەم تـوێژینەوەیە پـوختەیەکی هەڵێنجـراوە لە تێزێکـی دکتـۆرا بە ناونیشـانی (پـێگە و پـایەی زمـانی کـوردی لە چوارچێـوەی سیاسـەتی زمانیـدا). هەوڵـدەدات لێـرەدا هەر بوارەکـانی (سیاسـەت و یاسـا)ی زمـانی ڕونبکـاتەوە و پەیوەنـدی و تەواوکارییەکانیان بخاتەڕوو. لە هەمانکاتیشـدا ڕۆڵیان لە پاراستن/ لەنـاوبردن و بەرزکردنەوە/ نزمکردنەوەی پێگە و شکۆی زمانی کوردی دەربخـات و پێشـهات و دەرەنجامەکانی جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی یاسای زمانەکان شیبکاتەوە.

بە واتایەکی تر توێژینەوەکە پرژاوەتە سەر بابەتێکی گرنگ و هەستیاری ئەم قۆنـاغەی زمـانی کـوردی کە پێگەکەیەتـی و مەبەسـتییەتی کـاریگەری یاسـای زمانەکـان وەکـو قۆنـاغی دەسـتووری و تەواوکـاری سیاسـەت و پلانـی زمـانی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لەڕووی جیبەجێکردن یـان پێشـێلکردنی ماددەکانی یاسـای زمـانە فەرمییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان ڕوون بکـاتەوە. تـاکو بتوانێـت ببێتە ڕوانگەیەک بۆ ئاراستەیەکی دروست بۆ دوارۆژی زمانی کوردی.

**وشە سەرەکییەکان**

Language Policy, Language Planning, The Low of Language, Language Status, Language Prestige.

**پێشەکی:**

زمـــان، مـــرۆڤ و دەوروبـــەری بەیـــەکتر دەگـــەیەنێت، لـــە هـــەمان کاتیشـــدا ڕەنگدانـــەوەی ئـــەو بـــارە کۆمەڵایەتیەیـــە کـــە ئـــاخێوەرانی تێیـــدا دەژیـــن. (محمـــد معـــروف، ١٩٨٦: ١١٤) واتـــە؛ لـــە هـــەموو کۆمەڵگایەکـــدا سروشـــت و قـــەبارەی هەرچۆنێک بێت، زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی تێدا دەبینێت.

(پێگە)ش بە واتای بارودۆخ و پلە و پایەی شتێک یان کەسێک دێت، کاتێک دەخرێتە پاڵ هەر شتێک یان هەر زاراوەیەک و وشەیەک، دۆخ و پلەی ئەو شتە ڕادەگەیەنێـت. کەواتە؛ پـێگەی زمـانی بە واتـای دۆخ و پـلەی زمـان دێـت لە دەوروبەری بەکارهـاتوو. بە واتـایەکی تـر بـریتییە لە بەهـای هەسـتپێکراوی زمانێکی دیارکراو کە پەیوەندی بە سوودی کۆمەڵایەتی و بەهای بازاڕەوە هەیە و پشـت بەو سیاسـەت و پـلان و یاسـا زمانییـانە دەبەسـتێت کە کە لە لایەن دەســـەڵاتەوە پەیڕەودەکرێـــت و دەخـــرێتە بـــواری جێبەجێکـــردنەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەی یاسای زمانی وەکو بۆتەی سیاسەت و پلانی زمانی سەیری پێگەی زمانی کوردی بکرێت.

# بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

## ١-١ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەبێتە بنەمایەک بۆ پێداچوونەوە بە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و دووبارە دارشتنەوەی برگە و ماددەکانی لە بواری دانانی سیاسەتێکی زمانی تۆکمە بۆ زمانی کوردی و جێبەجێکردنی بە پێی پلانێکی ڕێک و پێک بۆ ئەوەی ببێتە شورایەکی پۆڵاین بۆ زمانی کوردی و لە فەوتان و لە ناوچوون بیپارێزێت. لە هەمانکاتیشدا پێگەی زمانەکە بە بەرزی بهێڵێتەوە و شکۆی پارێزراو بکات.

## ١-٢ گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا سیاسەت و پلانی زمانی چین و پەیوەندییان بە یاسای زمانەوە چییە؟ لە هەمانکاتدا ئایا یاسای زمانی لە هەرێمی کوردستان هەیە و میکانیزمی جێبەجێکردنی چۆنن؟ ئایا پێگەی زمانی کوردی لەم چوارچێوەیەدا چۆنە؟. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیار و گرفتانە بداتەوە بە هێنانەوەی ماددەکانی یاسای زمانی و ڕەنگدانەوەیان لە کەتواری زمانی کوردیدا، بۆ زاتر ڕوونکردنەوە و گەیشتن بە وەڵامەکان نموونەی دیمەنە زمانییەکانیش وەرگیراون و دەرکەوتەکانیان خراوەتەڕوو.

## ١-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە پێی ڕێبازی سیاسەتی زمانی ڕەخنەگرانە ئەنجامدراوە و هەوڵی داوە ماددەکانی یاسای زمانی لە لایەنی کارەکی توێژینەوەکەدا بهێنێتەوە و بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە لەلایەنی جێبەجێکاری یاساکەوە شیکردنەوەیان بۆ بکات.

**٤-١ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکیی پێکدێ.

لە بەشی یەکەمدا باسێکی کورتی ناساندنی پرسیار، میتۆد و گرنگی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. بەشی دووهەم تەرخانکراوە بۆ باسێکی هەرسێ بابەتی (سیاسەت، پلان و یاسا)ی زمانی و پەیوەندی نێوانیان. لە کاتێکدا بەشی سێیەم بۆ باسکردنی پێگەی زمانی کوردی لەژێر کاریگەری یاسای زمانەکان تەرخانکراوە بە هێنانەی نموونەی جێبەجێکردن/جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی یاسای زمانی. توێژینەوەکە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کۆتایی هاتووە.

# بەشی دووهەم:
# سیاسەت و پلانی زمانی لە بۆتەی یاسای زماندا

**٢،١ چەمك و ناساندنی سیاسەتی زمانی:**

زاراوەی سیاسـەتی زمـان بەرامـبەر بە " Politicue Linguisticue"ی فەڕەنسی، " Language Policy"ی ئینگلیزی و "السياسة اللغوية" لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێت.

دیاردەکە زۆر لە مێژە هەیە، بەڵام چەمکی سیاسـەتی زمانی وەکو بابەتێکی زمـانەوانی کـۆمەڵایەتی، بە شـێوە زانسـتییەکەی فراوانتـرە و سـەرتاپای ئەو ڕێگایـانەی لە بـواری پەیوەنـدییەکانی نێـوان زمـان و ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا دەگیـرێنەبەر، بە تـایبەتی لە نێـوان زمـان و ژیـان لە کۆمەڵـدا دەگـرێتەوە. (دارا حەمید، ٢٠١٦: ٤٦) چەمکی "سیاسـەتی زمـانی" لەڕووی زانسـتییەوە، سـەرتاپای ئەو ڕێگایانەیە، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە نێوان زمان و ژیان لە کۆمەڵگادا دەگیرێنەبەر. (لویس جان کالفی، ٢٠١٢: ١٥٢)

"سیاسەتی زمـان" بوارێکی ئەکادیمی نێوان زانسـتەکانە. هەندێک لە زانایانی وەک "جۆشوا فیشمان" و "ئۆفیلیا گارسیا" بە بەشـێک لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەزانن. لە لایەکی دیکەوە، زانایانی دیکەی وەک "بێرنارد سپۆلسکی" و "ڕۆبەرت بـی کـاپلان" وەک لقێـک لە زمـانەوانی کـارەکی سـەیری دەکەن. پەیوەنـدی بە بوارەکانی تری وەک؛ ئایدۆلۆژیای زمان، زیندووکردنەوەی زمـان و پەروەردەی زمان لە نێو ئەوانی تردا هەیە.

هێڵکاری ژمارە (١) یەکتربڕینی سیاسەتی زمان و ڕێبازەکانی بەڕێوەبردن بە پشتبەشتن بە ((Spolsky 2004-2009

بە گـوێرەی دەیڤیـد جۆنسـۆن سیاسـەتی زمـان بـریتییە لە میکـانیزمێکی سیاسـەت کە کاریگەری لەسـەر پێکهاتە، ئەرک، بەکارهێنـان، یان بەدەسـتهێنانی زمان هەیە و بریتییە لە:

١. ڕێسا فەرمییەکان - زۆرجار لە شێوەی بەڵگەنامەی نووسراودا دەردەچن، بە مەبەسـتی کـاریگەریکردنی هەنـدێک گـۆڕانکـاری لە فـۆرم، ئەرک، بەکارهێنـان،

یان بەدەستهێنانی زمان - کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەرفەتی ئابووری، سیاسی و پەروەردەیی هەبێت.

٢. میکانیزمە (نافەرمی)، شاراوەکان و ناڕاستەوخۆکان، پەیوەستن بە بیروباوەڕ و پراکتیکەکانی زمانەوە، کە دەسەڵاتی ڕێکخستنی بەسەر بەکارهێنان و کارلێکی زمان لەناو کۆمەڵگا و شوێنی کار و قوتابخانەکاندا هەیە.

٣. نەک تەنها بەرهەمەکان بەڵکو پرۆسەکانی "سیاسەت" وەک کردارێک، نەک ناوێک، کە بەهۆی جۆراوجۆری بریکارەکانی سیاسەتی زمانەوە لە سەرانسەری چەندین چین لە دروستکردنی سیاسەت، لێکدانەوە، خۆبەدەستەوەدان، و نموونەسازیدا دەجووڵێنرێن.

٤- دەق و گوتارەکانی سیاسەت لە سەرانسەری چەندین دەوروبەر و چینەکانی چالاکیی سیاسەتدا، کە لە ژێر کاریگەری ئەو ئایدۆلۆژیا و گوتارانەی تایبەتن بەو دەوروبەرە. کۆمەڵە پێناسەیەک کە تادێت هەمەچەشن و فراوانتر دەبن، دیدگای نوێی داهێنەرانە پێشکەش دەکەن سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێت بە سیاسەتی زمان هەژمار بکرێت، بەڵام دەمێنێتەوە بزانرێت ئایا پێناسەی "سیاسەتی زمان" تا ئەو ڕادەیە درێژ دەکرێتەوە، کە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە "کۆمەڵایەتی-زمانەوانی"انەی لە هەڵوێست و پراکتیکەکانی زمان دەکۆڵنەوە، بە لێکۆڵینەوەی سیاسەتی زمان دادەنرێت. ((David Johnson, 2013:9

"سیاسەتی زمانی" وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی لە وڵاتان دەهاتە بەردەم زمان، هاتە ئاراوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی سەربەخۆییان بۆ دەگەڕێتەوە و لە ژێر چنگی داگیرکاری ڕزگارییان دەبێت. (ئازاد عەزیز ٢٠٢١: ١٧٢)

سیاسەتی کۆکردنەوە، وەرگێڕان و پۆلێنکردنی زمان لە ساڵی (١٩٨٨) دەستیپێکرد و کارەکە گەیشتە چڵەپۆپەی بە دەرکردنی بڵاوکراوەی (کۆمەڵە یاساکانی زمان لە جیهاندا) لەلایەن چاپخانەی زانکۆی (لاڤال) لە ساڵی (١٩٩٤)، بڵاوکراوەکە (٤٧٠) یاسای زمانی لەخۆ دەگرت. (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ٧)

سەبارەت بە سنووری سیاسەتی زمانی سنورێکی بەرفراوانی هەیە و تەنیا لە زمانی کارگێڕی و ستاندارد و کاریگەری زماندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە لایەنەکانی دیکەی زمان دەبێت، بۆیە پێویستە لایەنی دەسەڵات بە تایبەتیش دەسەڵاتی ئەو گەلانەی بەش بەشکراون و ژێر دەستەبوون، نموونە میللەتی

کورد، فەلسەفەیەکی سیاسییان بۆ زمان هەبێت و لایەنی پەیوەندیدار لە ئەکادیمیان و زمانەوانەکان ڕابسپێرن بۆ ئەوەی گرنگی تەواو بە بەرەوپێشبردن و پاراستنی زمانەکە بدەن، چونکە شکۆی نەتەوە و شوناسەکەی بەندە بە مانەوە و بەرزی پێگەی زمانەکەوە. (خۆشناو عەزیز و عمر مەحمود، ٢٠١٧: ٩-١٠)

لەبەرئەوەی سیاسەتی زمان لە شێوازەکانی فەراهەمکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت و بابەتێکی گشتگیر و فرەڕەهەندە، بوارەکانی زمانەوانی، ، کۆمەڵایەتی، شارستانی، ناسنامە، سیاسەت و ئابووری دەگرێتەوە(عبدالقادر الفاسی، ٢٠١٣: ١٨٥)، هەر بۆیە گەشەکردنی زمان ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە بوونی سیاسەتی دروستی زمان و پلانێکی تۆکمە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، بە پێی ئەم بۆچوونە هەڵاوێرکردنی سیاسەتی زمان لە ڕەهەندەکانی پێکهاتە و ستراکتۆری نەتەوە و کەلتوور، شارستانی، پێناسی نەتەوەیی و ئابووری سیاسەتێکی نەزۆک دەبێت و دەرئەنجامی سەرکەوتووی نابێت، چونکە زمان وابەستە و هەڵقولاوی ئەو ڕەهەندانەیە کە ئاماژەیان پێکرا. (دارا حەمید، ٢٠١٧: ٢٦٩)

**٢,٢ پێناسەی سیاسەتی زمانی:**

"سیاسەتی زمان" بە شێوەیەکی گشتی، هەوڵێکە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمان و تاکەکانی کۆمەڵ ئاراستە دەکات، بۆ دروست بەکارهێنانی زمان. بە تایبەتی لەڕووی؛ فراوانکردنی ئەرکی زمان و بەکارهێنانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

ئاسان نییە پێناسەیەک بۆ دەستەواژەی "سیاسەتی زمان" لە فەرهەنگێکدا بدۆزیتەوە، هەمان پێناسەش لە کتێبە چاپکراوەکاندا لەسەر بابەتەکە یان لەسەر بابەتەکانی پەیوەندیدار بدۆزیتەوە.

زمانەوانان چەندین پێناسەیان بۆ کردووە لەوانە؛ (لویس جان کالفی، ٢٠٠٦: ١١١) بەمشێوەیە پێناسەی زاراوەکە دەکات: (ئێمە سیاسەتی زمانی بە کۆی ئەو بژاردە و هۆشیاریانە هەژمار دەکەین، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریان پێدەکرێت، بە تایبەتی لەنێوان زمان و ژیان لە سایەی نیشتیماندا داوری اردکانی، ١٣٩٢:١٨) لە پێناسەی سیاسەتی زمانیدا

دەڵێت: سیاسەتی زمانی هزری گۆڕینی دەستانقەستی زمانە لەلایەن دەزگا فەرمییەکانەوە بەڕێوەدەچێت، واتە؛ ئەو چوارچێوەیە کەتیایدا بڕیاری سەبارەت بە زمان لێدەدرێت بە دوو مەبەستی سەرەکی، یەکەمیان؛ گۆڕین و لەناوبردنی زمانێک (چەند زمانێک) یان زارێک (چەند زارێک)، دووەمیان؛ پاراستن و پەرەپێدانی زمانێک (چەند زمانێک) یان زارێک (چەند زارێک). کەواتە؛ دەکرێت بوترێت سیاسەتی زمانی بریتییە لەو کاریگەرییانەی حکومەت و پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە مەبەستی سەرپەرشتیکردن یان ئەندازیاریکردنی زمان پەیڕەویدەکەن. ( سەعد قازی، ١٦:٢٠٢٠)

(Kaplan & Baldauf, 1997:216-217) "سیاسەتی زمان" وەک بەشێکی گەورەتر لە پلانی زمان پێناسەی دەکەن و دەڵێن: بریتییە لە چەند بیرۆکەیەک، یاسایەک، ڕێکخەرێک، دەستوورێک و جێبەجێکردنێک (ئەم جێبەجێکردنە دەچێتە ناو پلانی زمانەوە) بە مەبەستی بەدەستهێنانی گۆڕان لە زمانی پلان بۆ دانراو لە کۆمەڵگاکاندا.

ئەم توێژینەوەیە وا سەیری "سیاسەتی زمان" دەکات، کە بریتییە لە داڕشتنی بنەماکانی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی زمان (زمانێک) پەیوەندی بە هەوڵە فەرمییەکانەوە هەیە، بۆ کاریگەریکردن لەسەر دۆخ (پێگە) و بەکارهێنانی زمانێک یان چەند زمانێک. واتە؛ میکانیزمێکی سەرەکییە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و دەستکاریکردنی ڕەفتارەکانی زمان و بەکارهێنانەکانی لە کۆمەڵگادا.

بە واتایەکی تر "سیاسەتی زمان" ئاماژەیە بۆ ئەو پرەنسیپ و ئامانج و ڕێوشوێنە ئاشکرا یان ناڕوونانەی کە ڕێنمایی بەکارهێنانی زمانەکان لە کۆمەڵگە، دامەزراوەیەک، یان دۆمەینێکی دیاریکراودا دەکەن. سیاسەتی زمان دەتوانرێت لە لایەن ئەکتەرە جیاوازەکانەوە دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت، وەک حکومەت، ڕێکخراو، کۆمەڵگا، یان تاک. سیاسەتی زمان دەتوانێت کاریگەری جۆراوجۆری هەبێت لەسەر دیمەنی زمانەوانی و فرەچەشنی و ئیکۆلۆژیای ناوچەیەک یان گروپێک. بۆ نموونە؛ دەتوانێت هەندێک زمان بەرەوپێش ببات یان سەرکوت بکات، مافی زمانەوانی بدات یان ڕەت بکاتەوە، یان فێربوون و پاراستنی زمان پەروەردە بکات یان ڕێگری بکات.

### ٢،٣ جۆرەکانی سیاسەتی زمانی:

سیاسەتی زمان ئەوەیە کە حکومەت یان بە فەرمی لە ڕێگەی یاسادانان، بڕیارەکانی دادگا یان سیاسەتەوە دەیکات، بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکان، پەرەپێدانی تواناکانی زمان یان بۆ دامەزراندنی مافی تاک یان گروپەکان بۆ بەکارهێنان و پاراستنی زمانەکان.

مەودای سیاسەتی زمان لە بورای پراکتیکدا لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە. ڕەنگە ئەمەش بەو ڕاستییە ڕوون بکرێتەوە، کە زۆرجار لەسەر بنەمای هۆکاری مێژوویی دادەڕێژرێت. ئەم توێژینەوەیە چۆن ئەوەی خستەڕوو کە زیاتر لە پێناسەیەک بۆ سیاسەتی زمان هەیە. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە زیاتر لە جۆرێک لە سیاسەتی زمان هەیە. ئەو بنەمایانە چین وڵاتان زمانی فەرمی خۆیانی پێ هەڵدەبژێرن؟ کاریگەری نەتەوەیی لەسەر زمانەکە چییە؟

ئەمانە دەبنە بنەمایەکی بەسوود بۆ هێڵکاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی سیاسەتی زمان و کۆمەڵە دووبەرەکییەکان. مۆدێلی ئەم خشتەیە وەک خاڵی دەستپێک و تاقیکاری پێشکەش دەکرێت نەک چوارچێوەیەکی یەکلاکەرەوە.

خشتەی (١) جۆرەکانی سیاسەتی زمانی

دەستپێک سەرەوە بۆ خوارەوە

ئاستی "ماکرۆ"/فراوان لە سیاسەت کە لەلایەن هەندێک دەزگا یان کەسی حوکمڕان یان دەسەڵاتدارانەوە پەرەی پێدراوە خوارەوە بۆ سەرەوە

ئاستی "مایکرۆ"/بچووک یان بنەڕەتی سیاسەت دروستکراوە بۆ کۆمەڵگە و لەلایەن کۆمەڵگەوە کاریگەری لەسەر دروست دەکرێت

واتە و

ئامانجەکان ئاشکرا

بە ئاشکرا لە دەقی سیاسەتی نووسراو یان قسەکردندا دەربڕدراوە نهێنی

بە مەبەست لە ئاستی ماکرۆ (تەبایی) یان لە ئاستی مایکرۆ (تێکدەر)دا شاراوەتەوە

بەڵگەنامەسازی بە ڕوونی

بە فەرمی لە دەقی سیاسەتی نووسراو یان قسەکردندا بەڵگەدار کراوە بە ناڕوونی

بەبێ یان سەرەڕای دەقی سیاسەتی فەرمی ڕوودەدات

**٢،٤ ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی:**

زۆرێک لە وڵاتانی سیاسەتی زمانیان بەو ئامانجە دارِشتووە، کە پشتیوانی لە زمانێک یان چەند زمانێک بکەن یاخود کۆسپ بخەنە بەردەمیان. واتە؛ دەکرێت بگوترێت، مەبەست لە سیاسەتی زمان، ئەو سیاسەتەیە کە دەوڵەتێک یاخود لایەنێک بۆ پاڵپشتیکردن و هاندانی زمانێک، چەند زمانێک، شێوەزارێک یان چەند شێوەزارێک بۆ ئەوەی ببنە زمانی فەرمی و کارگێڕی، یان بە پێچەوانەوە، ڕێگەگرتن و تەگەرە خستنە بەردەمیان بۆ ئەوەی سنووردار بکرێن و بەکارنەهێرێن، پەیڕەوی دەکات. (کولماس، ٢٠٠٩: ٩٦٧)

ئامانجەکان دەچنە خانەی پلانی ستراتیژی نەتەوەییەوە، لە خوارەوە گرنگترین ئامانجەکانی پلانی زمانی دەخرێتەڕوو:

١.گرنگیدان و بەخشینی مافی پێشینەیی (ئەولەویەت) بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنی بەو زمانەی سیاسەتەکەی بۆ دارِێژراوە. (دارا حەمید، ٢٠١٦: ٤٦)

٢.یەکخستنی وشە و زاراوەکانی زمانەکە و پاراستنیان لە لەناوچوون و فەوتان لە لایەک و داتاشین و دانانی وشە و زاراوەی پێویستی ڕۆژگار.

٣.ڕاهێنانی بەکارهێنەران (ئاخێوەران)ی زمانەکەبە تایبەتی لە توێژی منداڵ و هەرزەکاران لەسەر شانازیکردن بە زمانەکەیان و سەیرکردنی بە پیرۆز و گەورە.( )

٤.لە بازنەی نەتەوەییدا، ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگە و پایەی زمانە. واتە؛ دەیەوێت زمان بە ڕێک و پێکی لە هەموو بوارەکاندا بەکاربهێنرێت، بۆ پاراستنی لە هەڕەشە و فشارەکانی زمانە باڵادەستەکان. بە هەمان شێوە دیاریکردنی پێگەی زمانی دایک لە بەرامبەر پێگەی زمانەکانی دیکە لە سیستەمی خوێندن، ڕاگەیاندن، فێرکردن و لای ئاخێوەران. (ئومێد بەرزان، ٢٠١٦: ٩)

٥.ئامانجی سەرەکی پاراستنی زمانی پلان بۆ دارِێژراوە، ئامرازێکی پێویستە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی بەردەوامی زمان. (ئازاد عزیز، ٢٠٢١: ١٧٤-١٧٥)

٦.سیاسەتی زمان مەبەستییەتی چارەسەری کێشەکانی کردەی پەیوەندی و لێکگەیشتن (ئەگەر هەبێت) لەناو کۆمەڵدا بکات. چارەسەرکردنەکەش لە ڕێگای

شیکردنەوە و ڕێکخستنی زمانەوە دەبێت. (محەمەد مەحوی و شاخەوان جلال، ٢٠١٤: ١٤٥)

٧.دەرکردنـــی ئەو یاســـایانەی پارێزگـــاری لە زمـــان دەکەن و لە فەوتـــان دەیپارێزن.

**٢،٥ پەیوەندی و جیاوازی نێوان پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی:**

زاراوەی جۆراوجـۆر وەک ڕێکخسـتنی زمـان، سیاسـەتی زمـان و پلانـدانانی زمـان زنجیرەیەکـی فـرەلایەنەی چالاکییەکـانن کە پرۆسـەی جیاوازیـان تێـدایە. ئەمانە بە گوێرەی ئەوەی کە ئایا دەستێوەردانەکە لە بیرۆکەی کۆنکرێت پێکدێت یـان پلانێکـی ئەبسـتراکت بـۆ کـردار، ئایـا چـالاکییە ئاماژەپێکراوەکـان ئامانجیـان نۆرمەکـانی زمـانە یـان پێگەی زمـانەکە و هەروەهـا بە پێـی سروشـت و قۆنـاغی دەستێوەردانەکە دەگۆڕێت.

ئەم دوو چەمکە (پـلان و سیاسـەت)ی زمـانی لە کوردی و زۆربەی زمانـانی تر، زۆر کات لە شوێنی یەکتر یاخود وەکو هاو واتـایەکی یەکتـر بەکاردەهێنرێن. بەڵام زمانەوانان جیاوازییان لە نێوانیان کردووە سنوور و دەسـتپێک و کۆتـایی کـاری هەر یەکێکیـان دیـاریکردووە هەرچەنـدە زۆر کـات ئەوەنـدە تـێکەڵ بەیەک دەبن و تەواوکاری یەکدی دەبن، جیاکردنەوەیان لەیەکتری ئەستەم دەکات.

زۆرێک لە زمانەوانان "پلاندانانی زمـان" بـۆ جێبەجێکردن و وەک هەنگـاوێکی کـۆنکرێتی "سیاسـەتی زمـان" و "سیاسـەتی زمـانی"ش بـۆ بنـاغە و دەسـتووری پلانی زمانی" بەکاردەهێنن.

بە بڕوای "هۆگن" کە دەستەواژەی "پلاندانانی زمان"ی هێنایە ناو زمانەوانی، " پلانـــدانانی زمـــان" وەک چـــالاکیەکی میتۆدۆلـــۆژی تێـــدەگات کە لە پەرەپێـــدانی زمانەکاندا بۆ دروستکردنی زمانە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێت. Haugen, 1972: 309))

لە ئەنجامـدا "پلانـدانانی زمـان" زاراوەیەکە بە مانـایەکی فـراوان بەکاردێـت. پلاندانانی زمان، پێکدێت لە کارێک کە ئامانج لێی کێشـەیەک بێت و بە ئاراسـتەی چارەســەرکردنی ئەو کێشــەیە ئەنجــام بــدرێت. لەکاتێکـدا ڕێبازگەلێـک هەن کە پلاندانانی زمان وەک بەشێک لە سیاسەتی زمان دەبینن، بە پێچەوانەوە، توێژەر هەن کە سیاسەتی زمان بە بەشێکی دانەبڕاو لە پلاندانانی زمان دەزانن.

لە نێو ئامانجەکانی زمان لە سیاسەتی زماندا، پاککردنەوە و بوژاندنەوە و چاکسازی و ستانداردکردن و مۆدێرنیزەکردنی زمان جێگەی سەرەکی دەگرێتەوە، بەڵام لە پراکتیکدا ئەستەمە هەموو پەیوەندییەکان هاوسەنگ بن. زۆربەی ناتەباییەکان لە پلاندانانی زمانی پراکتیکیدا لە ململانێی بەرژەوەندییەکان سەرهەڵدەدەن.

لەسەر ئامانجەکانی پلاندانانی زمان پرۆسەکانی پلاندانانی زمان لە مۆدێلی "هۆگن" دەتوانرێت بە چوار قۆناغ تایبەتمەند بکرێت؛ (هەڵبژاردن، کۆدکردن، جێبەجێکردن، پرۆسێسکردن) و دەتوانرێت لەم چوارچێوەیەدا جێبەجێبکرێت. "هارمان" ڕەهەندی پلاندانانی پرێستیژ بۆ پلاندانانی زمان زیاد دەکات.

ڕێکخستنی زمان چەمکێکە کە کۆمەڵە چالاکییە هۆشیارەکانی پەیوەست بە پێکهاتە و پێگە و بەکارهێنان و کارکردی زمانەکان لەخۆدەگرێت. قۆناغی یەکەمی ڕێکخستنی زمان بریتییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن کە ئامانج لێی دیاریکردنی کێشەکانی زمان و زمان-کۆمەڵگەیە. قۆناغی داهاتوو کۆنکرێتترین قۆناغە کە مەبەست لێی دیاریکردنی ئامانجەکان و ڕێکخستنی چالاکییەکانە.
"سپۆڵسکی" پلاندانانی زمان بە بەردەوامی سیاسەتی زمان نازانێت، بەڵکو بە ڕێکوپێکییەکی ناوخۆیی، بە بەشێک لەو سیاسەتە.

"سپۆڵسکی" سیاسەتی زمان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "نەک تەنها ڕاهێنانی ستراتیژی، دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت، بەڵکو لە ئاستێکی خوارەوەی خێزان، شوێنی کار، پەروەردە، دامەزراوە ئاینییەکان و هتد، وەک هەڵبژاردنی زمانی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا هەڵدەسەنگێندرێت. ( Mtholeni N. Ngcobo, 2007:7)ئاماژەی داوە بە ((Spolski, 2009: 5

هەروەها سیاسەتی زمان ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکان لە پێناویدا ناسنامە و ئەرکە پەیوەندییەکانی زمان بەکاردەهێنن بۆ پێکهێنانی زمانێکی هاوبەش و شوناسێکی نەتەوەیی. بۆیە دەگوترێت؛ سیاسەتی زمان بریتییە لە کۆمەڵێک بڕیار و چالاکیی کە ئامانجیان ئەو زمانانەی لە یەکەیەکی سیاسیدا قسەیان پێدەکرێت، بوارەکانیان، گەشەکردن و بەکارهێنانیان. تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەتی زمان ئەوەیە کە لە شێوەی دەستێوەردانێکی هۆشیارانە و ئامانجدار لە دەرەوە وەدی دێت. ئەم دەستێوەردانە دەرەکیانە بە

شـێوەیەکی سـەرەکی سـەرنج دەخەنە سـەر پێکهـاتەی نـاوخۆیی و فەرهەنـگ و وشەسـازی زمانێـک. لە لایەکـی دیـکەوە، ئەو بیرۆکـانەی کە لەم قۆنـاغەدا سەبارەت بە پلاندانانی زمان دەربڕدراون، لە ڕادەبەدەر نزیکن لەو ڕێبازەی کە ئەمڕۆ بە سیاسەتی زمان دادەنرێت. ((Elchin Ibrahimov, 2023,125

کەواتە؛ پلان و سیاسەتی زمانی پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، هەمیشـە کارکردنیـان پـێکەوەیە و تەواوکەری یەکتـرن، چـونکە "سیاسـەتی زمان"بڕیـار و ئامـانجە، لە کاتێکـدا پلانـی زمـانی جێبەجێکردنـی بڕیـارەکە و زەمینەسـازییە بـۆی. بـۆیە دەکرێـت بوترێـت، لە پشـت هەر سیاسـەتێکی زمـانیی سـەرکەوتووەوە پلانێکـی تـۆکمە و پـتەو هەیە، کە لەلایەن شـارەزایان و پسپۆڕانەوە ئاراستەکراوە بۆ جێبەجێکردن لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە.

پلانی زمانی؛ قۆنـاغی کردەیی سیاسـەتی زمـانییە و جێبەجێکردنیشـی لەسـەر بنەمای شـەنگەستەکانی سیاسەتی زمانی دەبێت. دەگوترێت، کە سیاسـەتی زمـانی قۆناغێکی پێش پلانی زمانییە، بەڵام دەشـگونجێت هاوکێشـەکە پێچەوانە ببێتەوە، بە تـایبەتی لە کۆمەڵگـای فرەزمانیـدا. لەم بـارودۆخەدا سـوود لە بۆچـوون و تێڕوانینـی زمانەوانـانی کـۆمەڵایەتی کە بـایەخ بە زمـانی نەتەوەیـی دەدەن وەردەگیرێت و بە شێوازێکی زانستی بە پشت بەستن بە پلانێکی تۆکمەی زمانی، سیاسـەتی زمـانی دادەڕێـژن. (هەژار حوسـێن و مسـتەفا ڕەزا، ٢٠١٩: ٥٢٤) ئاماژەیان بە (دارا حەمید،٢٠١٦: ٤٦-٤٧) کردووە.

جیاوازی نێوانیـان لایەنـی "تیـۆری" و "کـارەکی"یە، بۆ نموونە کاتێک وڵاتێک بڕیـار دەدات (زمانێک/چەنـد زمانێـک) یـان (زارێک/چەنـد زارێـک) ببـنە زمـانی نیشـتیمانی یـان زمـانی فەرمـی و کـارگێڕی وڵات. ئەمە لایەنـی تیـۆرییە و دواتـر بەپێی پلان و بەرنامەیەک ئەم بڕیارە جێبەجێدەکرێت، ئەمەش بـریتییە لە لایەنـی کارەکییەکە. هەندێجاریش بڕیارەکان بە ڕەمزی هەر لە قاڵبی تیۆریدا دەمێننەوە و جێبەجێ ناکرێن. واتە دەبنە سیاسـەتێکی زمـانی ناکـام و مـردوو. (لـویس جـان کالفی، ٢٠٠٨: ٢٢٢) هەر بۆیە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی بینای سیاسەتی زمـانی و هەڵسـەنگاندنی، لێکـۆڵینەوەیە لە پلانـی زمـانی، کە بە ئامـانجی گـۆڕینی لە تیۆرییەوە بۆ چەند جێبەجێکردنێکی کرداری هاتووەتە کایەوە.

کەواتە ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی تەنیا لە ڕێگەی بنەماکانی پلانی زمانییەوە بەدیدێن و سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

لەبەر ئەم پەیوەندی و تەواوکارییەی نێوان ئەم دوو بوارە، ئەم توێژینەوەیە بایەخ بە هەردووکیان دەدات و لە گەڵ ئەوانیش یاسای زمانی کە قۆناغی بڕیارەکانی حکومەت و دەسەڵاتی بڕیاردانانە. دەکاتە بنەما بۆ بنیاتنانی بیر و بۆچوونەکانی لەم چوارچێوەیەدا و شیکردنەوەکانی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەنجام دەدات.

# بەشی سێیەم:
# پێگەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی یاسای زمان

ئەوەی لە بەشــی دوهەمــدا خــرایەڕو پێشــگریمانەی پڕاگمــاتیکی بــو بەپێــی ڕەهەنـدی کۆزانیـاریی و دەوروبەری هـاوبەش کە لە پڕاگمـاتیکی کـۆن و نوێـدا ڕۆلی بەرچاویان هەبوە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی گوتنە پێشگریمانە کراوە پڕاگماتیکییەکانـدا، بـۆیە لە بەشــی سـێیەمدا بـابەتی پێشـگریمانەی پراگمـاتیکی و شیکاری چەند نمونەیەک بەپێی تیۆرە واتاییەکان دەخەینەڕو.

### ٣،١ پەیوەندی پێگەی زمانی بە بواری ڕامیاری و سیاسییەوە:

پێگەی زمانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بـواری سیاسـەت هەیە. سیاسـەتی هەر گەل و میللەتێک پێویستە پەرە بە پێگەی زمـانەکەی بدات و بەرزی بکـاتەوە لە پێناو مانەوەی خۆی، چونکە ئەگەر هاتوو پێگەی زمـانەکەی لاواز بـوو یـاخود بەرەو لەناوچوون هەنگاوی نا، ئەوکات جێگایەک بۆ سیاسەتێک نامێنێتەوە.

ئەگەر ســەیری سیاســەتی ســەرکردەکانی کــورد و و شۆڕشــەکانی بکرێـت، تێبینـی ئەوە دەکرێت، کە هەمـووی لە پێنـاو چەسـپاندنی زمـان و سـنوور بـووە. بێگومـان سـنووریش هەر بە زمـان دیـاری دەکرێت، ئەگەر ئـاخێوەرێکی کـوردت نەبێت لە هەر شوێنێک کەواتە سنووریشت نییە لەو شوێنە.

سیاســەت لۆژیــک و دانــاییە هەڵەی سیاســەتمەدار لە مەیــدانی سیاســەتدا چارەنووسی گەل و نەتەوەیەک بەرەو لێژی دەبات.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیە دەبێت گەشـە بە پێکهاتەکانی نەتەوەیی بدرێت و بەهێــز بکــرێن لە بەرامــبەر نەیــارانی نەتەوە و نیشــتیمان، بــۆ نمــوونە؛ "گەشـەپێدانی زمـانی دایک و گرنگیـدان بە پێگەکەی بە تـایبەتی لای ئـاخێوەرانی کورد") محەمەدئەمین گەناوی (٢١٧: ( www.wtarikurdi.infoپێی وایە ئەوەی لە کوردســتاندا دەگوزەرێــت پــێچەوانەی ئەمەیە، چــونکە لایەنــی سیاســی و دەسەڵات دەستیان داوەتە سیاسەتی تواندنەوە و پووچکردنی زمـانی کوردی و نزمکردنەوەی پێگەکەی لە چاو زمانانی بێگانەی وەکو "ئینگلیزی و عەرەبی". ئەم پــڕۆژە ترسـناکە بەردەوامــی هەیە و بێـدەنگ بوونمــان بە نەبــوون "دانەنــانی" سیاسەت و پلانێکی تۆکمە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و بەرز ڕاگرتنی پێگەکەی

هاوکار دەبین بۆ لەناوبردنی زمانەکە بە زمانێکی تر. نەمان و لەناوچوونیش واتە نەمان و لەناوچوونی نەتەوەیەک، کەلتوور و شارستانیەتێک.

بڕیارە سیاسییەکان دەبنە هۆی هەڵبژادنی زمانێک وەک زمانی فەرمیی وڵاتێک یان ناوچەیەک هەروەها دەبنە هۆی فەرمیکردنی زارێکی ناوچەیی و بەرزکردنەوەی پێگەکەی بۆ بوون بە زمانی فەرمی. کەواتە گومان لە بوونی گرنگی سیاسەت لەسەر پێگەی زمانی نییە، هەر لەبەر ئەوەشە سیاسەتی زمانی دادەڕێژرێت بۆ پاراستن یاخود لەناوبردنی زمانێک یان زارێک.

**٣،٢ یاسای زمان، قەوارەیەك بۆ سیاسەتی زمانی:**

وەک لە پێشتر باسکرا سیاسەتی زمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان پلان بۆ زمان یان زارێک دادەنێت و بە زمانی فەرمی وڵات دەستنیشانی دەکات بۆ ئەمەش پێویستی بە هێزی یاسا دەبێت، تاکو لە چوارچێوەکەیدا بیچەسپێنێت و خۆی تێدا بەرجەستە بکات. (سەلام ناوخۆش) پێی وایە سیاسەتی زمان دەبێت بە قەوارەیەک، کە سیاسەتی زمانی تێدا دەپارێزرێت. ئەو زمانە فەرمی(یان)ەش کە دەستنیشاندەکرێت، وێنە و ناسنامەیەکی یاسایی بە وڵاتەکە دەبەخشێت. (سەلام ناوخۆش،٢٠١٠: ٢٤-٢٥) هەندێک لەوەش سەرتر دەڕۆن، بۆ نموونە؛ (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ١٦٩) دەڵێت؛ دەکرێت بوترێت، سیاسەتی زمان و یاسای زمان هاوتای یەکترن، چونکە زمان دەبێتە بەشێک لە هزر و بیری هەر تاکێکی نەتەوە. بۆیە زمان ئاسایشی نەتەوەییە و بە بێ هەستی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانی ئەنجام نادرێت.

دارشتنی "یاسای زمان" بە بێ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هەردوو لایەنی "سیاسەت و پلانی" زمانی پرۆژەیەکی ناتەندروست و ناتەواو بەرهەمدێت. (دارا حەمید، ٢٠١٧: ٢٦٨) هەندێکیش قۆناغی یاسادانان بە یەکێک لە قۆناغەکانی ساسەتی زمانی لە قەڵەم دەدەن و پێیان وایە، بریتییە؛ لەو یاسا و دەستوورانەی ئەنجومەنی یاسادانان لە وڵاتدا دایان دەنێت، ئەو یاسا و دەستوورانەش کەوا لە دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتەوە دەردەچنچەند شێوەیەک وەردەگرن، (یاسای زمان) لە دەوڵەت و هەرێمێکی دیاریکراو یەکێکە لەوانە. (ئازاد عەزیز، ٢٠٢١: ١٧٩) ئاماژەی بە (محمود حجازی،٢٠٠٨: ٣٩) کردووە.

سەبارەت بە پێناسەی یاسای زمانیش، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە بریتیە لە بە فەرمیکردنی زمانێک یان چەند زمانێک لە (دەوڵەتێک، هەرێمێک، سنوورێکی

جوگرافی دیاریکراو)دا. به واتایەکی تر "یاسای زمانەکان" به فەرمی ناساندن و پاراستنی زمانێک/چەند زمانێکە و هۆکارێکە بۆ پێکەوەژیان و ڕێزلێگرتنی نەتەوەکان لە قەوارەیەکی سیاسی و سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا. بەمەش یاسای زمان، پێویستییەکی گرنگی زمانەکان دەبێت و پارێزەری شکۆی زمانە و یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی پاراستن و برەدانە بە زمان. بە بێ بوونی ئەم یاسایە دۆخێکی ئالۆز لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و دامودەزگا و ناوەندەکانی خوێندندا ڕوودەدات، کە دواتر بە زیانی زمان/زمانەکان لەوسنوورە جوگرافییەدا دەشکێتەوە. (دارا حەمید، ٢٠١٧: ٢٦٦-٢٦٧)

یاسای زمان میکانیزمی بە فەرمیکردنی سیاسەت و پلانی زمانە، چونکە لە چوارچێوەی یاسای زماندا وردەکارییەکانیان دەخرێتە قۆناغی جێبەجێکردن و کارەکیکردنەوە. سەبارەت بە زمانی کوردی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (١٦) لە ساڵی (٢٠١٤) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و سەرۆکایەتی هەرێم پەسەندی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم یاسایە بە پێی پرەنسیپەکانی یاسای زمان دانەڕێژراوە و پێشوەختە زەمینەسازی لەڕووی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ نەکراوە، بۆیە دەبینرێت، تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر بە مردوویی لە دایکبووە. ئەم پەیڕەو نەکردنەی یاسای زمانەکان لە لایەک و هاندانی بەرچاوی زار و تەنانەت شێوەزارەکانی زمانەکە لە لایەکی ترەوە. زمانی کوردی خستووەتە بەردەم کەناری دابەشبوونێکی فراوان، کە ڕەنگە بە دابەشبوون و توانەوەی نەتەوەی کورد کۆتایی بێت. هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی سیاسەتێکی پتەوی زمان دەگەڕێتەوە. (دارا حەمید، ٢٠١٦: ٤٩-٥٥)

### ٣,٣ بوارەکانی سیاسەتی زمانی لە بۆتەی "یاسای زمانەکان"دا و کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمانی کوردی:

سیاسەتی زمان وەکو قۆناغی پێش دەرچوونی یاسای زمان و دارشتنی یاسای زمان لەسەر بنەماکانی سیاسەتی زمان و لایەنی جێبەجێکاری پلانی زمانی. هەندێک بواری هەیە تێیاندا خۆی دادەڕێژێت و دەبنە جێگای سەپاندن و شوێنی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە. لە هەمانکاتیشدا کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی دروست دەکەن. لە خوارەوە گرنگترین ئەو

بوارانە دەخرێنەڕوو لەگەڵ هێنانەوەی ماددەکانی تایبەت بەو بوارانە لە یاسای زمانە فەرمییەکان و کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمانی کوردی دەخرێتە بەر شیکردنەوە:

**١.بواری ڕاگەیاندن:**

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و خوێنراو، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەرمی) لایەنێکی گرنگ و بوارێکی جێی بایەخە بۆ سیاسەتی زمانی و هەوڵدەدات زمانی (فەرمی)یان تێدا بەکاربهێنرێت، تاکو بتوانێت سەنگ و شکۆی زمانی تێدا بپارێزێت و گەشەی پێبدات.

لە بەشی (حەوتەم) ماددەی (٢٠) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە میدیا و ناوەندی کەلتووری بە زمانی کوردی دەبێت و تەنیا لە کاتی پێویستی زمانی دیکە بەکاردەهێنرێت. ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ پێگەدان بە زمانی کوردی بەڵام ئەگەر بێت و یاساکە وەکو خۆی جێبەجێبکرێت. ئەوەی توێژینەوەکە بۆی دەرکەوتووە، زۆربەی میدیا و ناوەندە کەلتوورییەکان بە زمانی کوردینە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت، کە زمانی لە زۆربەی میدیاکان بە سەقەتی بەکاردێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات و زمانەکە بەرەو قەیران دەبات.

**٢.بواری پەروەردە و فێرکردن:**

پەروەردە بوارێکی فراوان و بنەڕەتییە لە سیاسەتی زمانیدا، چونکە لێرەدا پایەی زمانی نیشتیمانی (فەرمی) لە بەرامبەر زمانەکانی دیکە بە سەرجەم قۆناغەکان دیاریدەکات و پێویستە تێیدا دەرفەتی زێڕین بۆ زمانی (نیشتیمانی) بڕەخسێنرێت، تاکو پێگەی خۆی بەرامبەر زمانانی دیکە لەم بوارەدا لەدەست نەدات.

لە بەشی (پێنجەم) ماددەی (١٣) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەڵێت: زمانی کوردی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراقدا. ئەمە وەکو یاسا هەیە و تەواوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانریت کە (٨٥%)ی خوێندن و پێخوێندن لە هەرێمی کوردستاندا کوردییە و ئەمە تەنیا باسی قوتابخانە حکومییەکانە و باسی قوتابخانە ناحکومییەکانمان نەکردووە کە ئایا خوێندن بەکوردیان بە کوێ گەیاندووە.

(چونکە ئەمەیان بۆ خۆی چەند توێژینەوەیەکی تایبەتی پێویستە) بەمەشدا دەردەکەوێت پلانی فێرکاری زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر پلانی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. (سەعد قازی،٢٠٢٠: ٣١٢) کەواتە جێبەجیکردنی ئەم ماددەیە لە اسای زمانە فەرمییەکان تووشی کێماسی دەبێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی دروستدەکات. چونکە توێژینەوەکان لە قوتابخانە تایبەتەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە بەهۆی خوێندن بە زمانی ئینگلزی لە قۆناغی بنەڕەتدا. نەوەیەک (جیلێک) پەیدابووە نەک هەر کوردی باش نازانێت، بەڵکو هەر کوردی نازانێت.

### ٣.بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن:

بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە مامەڵەکانی فەرمانگە حکومییەکان و نووسراوە فەرمییەکانی دامەزراوە کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکان و نووسینی تابلۆکانیان و تابلۆی ئۆتۆمبیل دەبێت پەیڕەو بکرێت و ڕەچاوی یاسا و پێکهاتەی زمانەکەی تێدا بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە زمانەوانان ڕۆڵیان لە چاودێریکردن و وردبینی کردنی ئەم لایەنە هەبێت.

لە بەشی (چوارەم) ماددەکانی (٧،٨،٩) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە تایبەتن بە زمانی دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە، زمانی کوردی بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوەکان، زمانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، زمانی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان، زمانی ڕێککەوتنی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکیەکاندا دەناسێنێت و بە مەرجی دادەنێت. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، کە ئایا تا چەند ئەم خاڵانە جێبەجێدەکرێت و سەنگ و شکۆی زمانی کوردی لەو پێگانەدا دەپارێزرێت؟ هەروەها ماددەکانی (١٠،١١،١٢) بۆ پێویستی بوونی نووسینی کوردی لەسەر تابلۆکان و تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان تەرخانکراوە بەڵام دیسان زۆر بە کەمی جێبەجێکردنەکەی دەبینرێت و بگرە زۆرجار پێچەوانەکەشی دەبینرێت، هەندێجار لەلایەن خودی دەسەڵاتەوە کارە پێچەوانەکە ئەنجام دەدرێت. یەکێک لەوانە گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبێلە. لە بەشی کارەکی توێژینەوەکە ئەم لایەنانە خراونەتە بەرپرسیار و شیکردنەوە.

وێنەی ژمارە (١) وێنەی تابلۆی ئۆتۆمبێل

ئەگەر سەیری وێنەی ژمارەی (١) بکەین، دەبینین لایەنی دەسەڵات خودی خۆی پێچەوانەی یاسای زمانە فەرمییەکان هەڵسووکەوتی کردووە، تابلۆی ئۆتۆمبێلی گۆڕیوە بۆ ئینگلیزی.

سەبارەت بە تابلۆی فرۆشگا و شوێنە بازرگانی و ڕێستورانت و جێگاکانی دیکە توێژینەوەکە لەو ڕێژەیەی وێنەی گرتوون، بەمشێوەیەی خوارەوەبووە:

وێنەی ژمارە (٢) ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکان

**٤.بواری ئابووری و بازرگانی:**

بەکارهێنانی زمانی خۆماڵی (فەرمی) لەسەر؛ کەل و پەلی هاوردەکراو و نێردراو، بۆندە بازرگانییەکان، مامەڵە ئابوورییەکان، دراو، پوول، ڕەسم و باجەکان، سەرجەم نووسراو و ڕاگەیاندراوی شوێنە بازرگانییەکان. لە هەمانکاتدا پەیداکردنی بژێوی بە زمانی خۆماڵی دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی زمان و پێگەکەی بەهێز دەکات. پەیڕەوکردنی ئەم لایەنانەی ئەم بوارە بێگومان سەنگ و قورساییەکی تایبەت بە زمانەکە دەبەخشێت و شکۆی بۆ دەگەڕێنێتەوە.

بەشی (شەشەم) سەرجەم ماددەکانی (١٤تاکو٢٠) لە یاسای زمانە فەرمییەکان تەرخانکراوە بۆ (زمانی کار و بازرگانی) بەکارهێنانی زمانی کوۆدی بۆ گشت کۆمپانیاکان بە پێویست دادەنێت. هەروەها زانینی زمانی کوردی بە مەرجی پیشینەیی دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی کار و وەرگیران لە کارێک، ئەمە لە ئێستادا تەواو پێچەوانە بووەتەوە و زانینی زمانانی (ئینگلیزی و عەرەبی) مەرجی سەرەکی بە دەستهێنانی کارن. ئەمەش بووەتە هۆی نەمانیهەستی گرنگی زمانی کوردی لای ئاخێوەرانی زمانەکە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەکەی بە جێدەهێڵێت بە هۆی ئەم دید و بۆچوونەی ئاخێوەرانییەوە. ماددەکانی تریش بۆ نووسینی سەر بەرهەمە هەناردەکرا و هاوردەکراوەکان تەرخانکراوە، کە دەبیت بە کوردی لەسەریان نووسرابێت، بەڵام بێگومان ئەمەش وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت و بازاڕەکان بگەڕێ بە سەدان بەرهەم دەدۆزیتەوە کە هیچ پیتێک نەک وشەیەکی کوردیشی لەسەر نییە.

**٥.بواری بازاڕگەری:**

بازاڕ و شوێنی کار، جێگەی دەرکەوتنی زمان و پێگەکەیەتی، بۆیە پانتاییەکی گەورەی سیاسەتی زمانییە و تێیدا جەخت لە بەکارهێنانی زمانی (فەرمی) لەسەر

تابلۆی شوێنکار و شەقام و بازاڕەکانی وەکو؛ فرۆشگا، قوتابخانە، نەخۆشخانە، میوانخانە و بازاڕەکان دەکرێتەوە. بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی، ئەوەی ئێستا لەم بوارەدا دەبینرێت، لە هەڕەمەکێتی و شێواندنی زمانی کوردی زیاتر شتێکی تر نییە. (هەژار حوسێن و مستەفا ڕەزا، ٢٠١٩: ٥٢٧-٥٣٢)

ئەگەر سەیری دیمەنە زمانییەکانی شاری هەولێر بکەین( )، تێبینی ئەوە دەکەین کە لەکۆی ئەو ژمارەیەی وەرگیراوە کە وێنەی (٣٠٠) تابلۆیە تەنیا (٨٨) تابلۆیان بە شێوازی فەرمی نووسراون و (٢١٢)یان بە شێوازی نافەرمی نووسراون. لێرەدا مەبەست لە شێوازی فەرمی نووسینی دیمەنە زمانییەکان ئەو شێوازەیە کە لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هاتووە و دەڵێت: (تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا بێت و دەرکەوتووتر بێت)( )

ڕێژەی دەرکەوتنی دیمەنە زمانییەکان بە شێوازی فەرمی و شێوازی نافەرمی بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

شێوەی ژمارە ١ شێوازی بەکارهێنانی زمان لە دیمەنی زمانیدا

### ٦.بواری مامەڵە یاساییەکان:

لێرەدا بۆ پاراستنی زمان دەبێت سەرجەم گرێبەست وڕێککەوتنەکان چ ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بن بە زمانی نیشتیمانی نووسرابن، ئەگەر زمانی دووەمیشیان تێدا بەکارهاتبێت. (ئازاد عزیز، ٢٠٢١: ١٧٩) ئاماژەی بە (احمد الضبیب،٢٠١٢: ١٩٧-١٩٨) کردووە. ئەمەش یەکێکی ترە لە ماددەکانی یاسای زمانە فەرمییەکان، بەڵام دیسان ئەمیش بەو شێوەیە پەیڕەو ناکرێت و زۆر لە شوێنە بازرگانییەکان و ڕێکخراوەکان لە گرێبەستەکانیان زمانی ئینگلزی یاخود زمانی عەرەبی بەکاردەهێنن.

### ٧.بواری فەرهەنگ و ڕۆشەنبیری:

ئەم بوارە لە دانانی سیاسەتی زمانی پانتاییەکی گەورەی بەردەکەوێت و دەبێت لە هەموو جۆرە چالاکییەکی هونەری و ڕۆشەنبیری و کەلتووری، جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی نیشتیمانی بکرێتەوە و بناغەی دارشتنی سەرجەم کارەکان بێت.

بەشــی (حەوتەم) لە یاســای زمــانە فەرمییەکــان تەرخــانکراوە بــۆ (زمــانی فەرهەنــگ و ڕۆشــەنبیری) لە ئەنجامــدانی هەر چــالاکییەکی هونەرییــدا ئەگەر بیانیش بێت، بەکارهێنانی زمانی کوردی بە مەرج داناوە. هەروەهـا بەرهەمهێنان یان نمایشکردنی هەر کارێکی هونەری و کەلتووری لە هەرێم پێویستە بە زمانی کوردی بێت یاخود وەرگێڕانی کوردی لەگەڵدا بێت.

لە زۆرێـک لەو چالاکیـانەی لە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجـام دەدرێـن، زمـانی کـــوردی بەکاردێـــت، ئەمەش ئاســـۆیەکی گەشـــە، بەڵام ئەوەی جێـــی داخە بەکارهێنــانەکەی یــان بە ســەقەتییە و هەڵەی ڕێزمــانی زۆری تێـداە یــاخود لە بەکارهێنانـدا دەکـرێتە پەراوێـزی زمـانە بێگانەکـان. ئەمەش مەترسـییە بـۆ سـەر پێگەکەی و شکۆکەی دەشکێنێت.

## ٨.بواری گەشتیاری:

بەکارهێنانی زمانی نیشتیمانی (کوردی) لە سەرجەم شوێنە گەشتیارییەکان و دەرکردنی ڕێبەرنامە بە زمانی کوردی و ناساندنی زمان و کەلتوور و مێژووی کــورد بە گەشــتیاران. هەروەهــا چــاودێریکردنی شــوێنە گەشــتیاریەکان بــۆ بەکارهێنــانی زمــانی (نیشـتیمانی) لەسـەر لیسـتەکانیان و ئاخـاوتن پێـی لە لایەن کارمەندەکانیانەوە لەلایەن پسپۆرانی ئەم بوارە کارێکی پێویستە.

لە یاسای زماندا ئەمەی سەرەوە باسکراوە بەڵام جێبەجێکردنی فەرامـۆش و پشتگوێ خراوە.

## ٩. ئاخێوەری زمان:

یەکێک لە لایەنە هەرە گرنگەکـان، کە پێویسـتە سیاسـەتی زمـانی و دواتـریش پلانی زمانی بۆ دابڕێژرت و لە یاسای زمانە فەرمییەکان بچەسپێندرێت و کـاری لەسەر بکرێت، خودی ئاخێوەری زمانەکەیە. دەبێت داڕێژەرانی سیاسـەتی زمـانی "دید/هەڵوێست"ی ئاخێوەر فەرامۆش نەکەن و کار بکەن بۆ دانـانی سیاسـەتێکی کـاریگەر بـۆ دروسـتکردنی هەسـتی ئەرێنـی بـۆ ئـاخێوەرانی زمـانەکە بەرامـبەر زمــانەکەی خۆیــان، تــاکو لە لەنــاوچوون بیپــارێزن. چــونکە ئەگەر ئــاخێوەرانی زمانێک دیدێکی نەرێنییان بۆ زمانەکەیان هەبێت، ئەوا بێگومان پشـتی تێدەکەن و تەنیا دەیهێڵنەوە، ئەمەش بە مەرگی زمانەکە لە تەنیاییدا کۆتایی دێت.

**ئەنجامەکان**

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

١. سیاسەتی زمانی وەکو قۆناغی یەکەم و پلانی زمانی وەکو قۆناغی ناوەدی یاسای زمانەکان ڕۆڵ دەگێڕن.

٢. سیاسەتی زمانی چ سیاسەتی ئاشکرا بێت کە لە شێوەی یاسای زمانیدا دەردەکەوێت، یاخود سیاسەتی نائاشکرابێت کە لە هەڵوێستی ئاخێوەرانی زمانێکدا خۆی دەبینێتەوە. کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێگەکەی هەیە و دەبنە پارێزەر/لەناوبەری زمانێک .

٣. یاسای زمانی دەبێتە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ سیاسەت و پلانی زمانی تاکو زمانێک و پێگەکەی بپارێزێت، یاخود پلان بۆ لەناوبردنی زمانێک یان چەند زمانێک دابنێت.

٤. ئەو یاسا زمانییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە ماددەی زۆر باشی تێدایە و پێویستە زیاتر گرمگی پێبدرێت و جاریکیتر بە سەرپەرستی زمانەوانەکان دابڕێژرێتەوە.

٥. جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان، کەم و کوڕی زۆری تێدایە، بگرە زۆرێک لە ماددەکان پێچەوانەکەیان جێبەجێدەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی زمانی کوردی.

**سەرچاوەکان**

**ا- بە زمانی کوردی:**

- ئومێد بەرزان. (٢٠١٦). پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ٥٠، ٩-٢٦.
- تاریق جامباز. (٢٠١٢). نەک لە باکوور لە باشووری کوردستانیش زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ. زمانناسی، ژ.١٣، ٧٥-٧٧.
- تاریق جامباز. (٢٠١٤). بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- خۆشناو عەزیز و عومەر مەحمود. (٢٠١٧). کورد و پلانسازی زمان. گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ.٤٢، ٥-٥٢.
- دارا حەمید. (٢٠١١). یاسای زمانەکان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- دارا حەمید. (٢٠١٦). زمانی کوردی لەنێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ٥٠، ٤٥-٥٦.
- دارا حەمید. (٢٠١٧). یاسای زمانەکان و دۆخی ئێستای زمانی کوردی. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ.١٣، ٢٦٥-٢٧٦.
- ڕەحیم سورخی. (٢٠٢١). حکوومەتمەندیی زمان لە ئیستعماری ناوخۆیی ئێراندا. گۆڤاری تیشک، ژ: ٦١، ٢٤-٣٩.
- سەعد عبدالرزاق قازی. (٢٠٢٠). سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. هەولێر: نامەی دکتۆرا.
- سەلام ناوخۆش. (٢٠١١). یاسای زمانە ناوچەییەکان. زمانناسی، ژ.١٢، ١١١-١١٧.
- شەفیق قەزاز. (٢٠٠٤). زمانی کوردی نێوان یاسای دەوڵەت و گرفتەکانی خۆی. ئەکادیمی، ژ.٢، ٧٠-١٠٣.
- قەیس کاکل تۆفیق (د). (٢٠٠٧). ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- محەمەد مەعروف فەتاح. (٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. (٢٠١٨). سیاسەتی زمان چەمک و ڕێکارەکانی. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ.٤١، ٧-٤٢.
- نەوزاد ئەنوەر و تەلار صباح. (٢٠١٧). ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایک. ResearchGate.
- هەژار حوسێن و مستەفا ڕەزا. (٢٠١٩). پلانی زمانی و هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ: ١، ٥١٥-٥٣٦.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

- نجوى فيران (د). (٢٠١٨). المواقف و السلوكات اللغوية (التحيز و الاختيارات اللغوية). مجلة تاريخ العلوم، عدد: الحادي عشر، ١٤٨-١٥٩.

- لـويس جـان كـالفي ت: د.حسـن حمـزة. (٢٠٠٨). حـرب اللغـات و السياسـات اللغويـة. بيـروت: المنظمة العربية للترجمة.
- حسين داورى. (١٣٩٩). سياست و برنامەريزى زبانى. راهبرد فرهنگ، ش: ٤٩، ٧-٣٥.

**ج – بە زمانى ئينگليزى:**

-E.Shohamy,. (2006). Language Policy: Hidden Agendas and New Approaches . London and New York: Routledge.

-Bernard Spolsky. (2007 no.1). Towards a Theory of Language Policy. WPEL.

-Fishman, J.A. (1989). Status planning for endangered languages. Language reform, Vol.IV.

-H.G.Schiffman, . (1996). Linguistic Culture and Language Policy. London and New York: Routledge.

-Kendal A. King & Lyn Wright Floge. (2017). Family Language Policy. In T. M. McCarty (Ed.), Language Policy and Political Issues in Education (third edition ed., pp. 315-327). Springer, Cham.

-Lloyd Hill. (2010 vol.39). Language and status. Stellenbosch Paper in Linguistics, 41-58.

-Ulrich Ammon. (1989). Status and Function of languages and Language Varieties. Berlin: Walter de Gruyter.

-Xiao Lan Curdt-Christiansen. (2009). Invisible and visible language planning: idological factors in the family language policy of Chinese immigrant families in Quebec. Lang Policy, 351-375.

Language policy and planning in the context of language law and their role in preserving the status of the Kurdish language

Asst. Lect. Shalaw Saleh Hamagharib
Department of Kurdish language, College of languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Shallaw.hamahamagharib@su.edu.krd

Keywords: Language Policy, Language Planning, the Low of Language, Language Status, Language Prestige

**Abstract:**

In today's world, language policy, planning, and law are curren issues of interest to researchers and linguists. These aspects can have a positive or negative impact on languages and are involved in the preservation or destruction of one or more languages. That is why they are of great importance in linguistic research and the formulation of state policies. This paper summarizes a doctoral thesis entitled (The Position of Kurdish Language in the Context of Language Policy). Here he tries to explain each area of language policy and law and present their relationships and complementarities. At the same time, it should highlight their role in preserving/destroying and enhancing/lowering the status and dignity of the Kurdish language and analyze the developments and consequences of the implementation and non-implementation of the language law. In other words, the study focuses on an important and sensitive issue of this stage of the Kurdish language, which is its position and aims to explain the impact of the language law as a constitutional stage and complement language policy and plan. So that it can become a viewpoint for the right direction for the future of the Kurdish language.

**ملخص:**
سياسة اللغة والتخطيط في سياق قانون اللغة ودورها في الحفاظ على مكانة اللغة الكردية
في عالم اليوم، تعد سياسة اللغة والتخطيط والقانون من القضايا الحالية التي تهم الباحثين واللغويين. يمكن أن يكون لهذه الجوانب تأثير إيجابي أو سلبي على اللغات وتشارك في الحفاظ على لغة واحدة أو أكثر أو تدميرها. ولهذا السبب فهي ذات أهمية كبيرة في البحث اللغوي وصياغة سياسات الدولة. يلخص هذا البحث رسالة دكتوراه بعنوان (مكانة اللغة الكردية في سياق السياسة اللغوية). يحاول هنا شرح كل مجال من مجالات سياسة اللغة وقانونها وعرض علاقاتها وأوجه تكاملها. وفي الوقت نفسه، ينبغي تسليط الضوو على دورهم في الحفاظ على/تدمير وتعزيز/تقليل مكانة وكرامة اللغة الكردية وتحليل التطورات والعواقب المترتبة على تنفيذ وعدم تنفيذ قانون اللغة. بمعنى آخر تركز الدراسة على قضية مهمة وحساسة لهذه المرحلة من مراحل اللغة الكردية وهي موقفها وتهدف إلى توضيح تأثير قانون اللغة كمرحلة دستورية ومكملة لسياسة وخطة اللغة. حتى تصبح وجهة نظر للاتجاه الصحيح لمستقبل اللغة الكردية.
*بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کورستان، عێراق.
Shallaw.hamahamagharib@su.edu.krd

# ڕۆڵی یاسا لە پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردیدا

پ.د.شۆرش حەسەن

له كۆمەڵگای ئەمرۆدا هەموو بوارەکانی ژیان پێویستە بەیاسا ڕێکبخرێن، لەپێناو پاراستنی ژیانی تاکەکان و بەرجەستەکردنی مافەکانیان، هەر کۆمەڵگەیەکیش بۆ ئاخاوتن و لێک تێگەیشتن، بێگومان زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، جاری واش هەیە لە کۆمەڵگاکەدا زیاتر لە زمانێک بەکاردەهێنرێ. ئەمەش بەو پێیەی هەر نەتەوەیەک زمانێکی ستانداردی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو زمانەش هەمیشە پێویستی بە پاراستن و پێشخستنە، ئەمە ئەرکی تەواوی تاکەکانی نەتەوەیە هەست بەو بەرپرسیاریەتە بکەن، بەڵام ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە پاراستنی زمان و پێشخستنی بوونی یاسایی تایبەتە، کە هەم چوارچێوەی ڕێکخستنی بەکارهێنان و پاراستنی زمانەکە دیار دەکات، هەمیش سزا دەسەپێنێ بۆ هەر پێشێلکاریەک بەرانبەر دەقەکانی یاساکە بکرێن، ئەو دەقانەی ڕێوشوێنی پێویست دیاردەکەن لەپێناو بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان و لەعێراقی فیدراڵیشدا. بۆ ئەو مەبەستە باسەکەمان لە دووبەش دەخەینەروو.

**یەکەم: تایبەتە بە خستنە ڕووی چوارچێوەی یاسایی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی.**

**دووەم: باس لە سزای سەرپێچیکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم دەکەین.**

لە بەشی یەکەم چوارچێوەی یاسایی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی:

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ دەستورێکی کاتی بوو، دانی نا بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی شانبەشانی زمانی عەرەبی، هەروەها لەگەڵ ڕوونکردنەوە و دیارکردنی ئەو بوارانەی کە زمانی کوردی تیایاندا لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دەبێ، بەڵام ئەو دەستورە بۆ ماوەی ساڵێک کاری پێکراو لە قۆناغی ڕاگوزەردا تا ئەو کاتەی دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو، ئەویش دانینا بە فەرمیبوونی زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی لە سەرانسەری عێراق و لە زۆر بواری گرینگدا، ڕێکخستنی ئەو بوارانەی بەجێی هێشتبوو بۆ یاسایەکی

ئاسایی، ئەو یاسا ئاساییەش یاسای زمانە فەرمییەکان بوو ساڵی ٢٠١٤ بە ژمارە (٧) دەرچوو، ئەو بوارانەش بریتی بوون:

-لە دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی، قسەکردن و وتوویژ و گوزارشتکردن لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدڕالی و دادگاکان و ئەنجومەنی دادوەری و کۆنفرانسە فەرمییەکان، لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدڕالییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، دەرکردنی دراوی نەختینە و پاسەپۆرت و پولی دارایی و پۆستە و هەر بوارێکی تر لەسەر بنەمای یەکسانی، وەک تابلۆکانی وەزارەتەکان و فەرمانگە فیدڕالییەکان و ئەوانەی هەرێمی کوردستان .

دوای ئەوە لە هەرێمی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکانی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤ دەرچوو، ئەو یاسایە بڕیاری داوە کە تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بنووسرێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی زمانی پێکهاتەکانی تر، بە مەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت، تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسەڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە دەبێت.

هەر دەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیاندا زمانی کوردی بەکاربهێنێت . هەروەها گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنن و بەکارهێنانی زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەتگوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە. لە پەیوەندی نێوان خاوەنکار و کارمەندەکانیدا (بەگرێبەستیشەوە) پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێندرێت دەکرێت لە پاڵیدا زمانێکی دیکەش بەکاربهێندرێت. لەبارەی تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بە مەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت و دەرکەوتوو تر بێت. هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشە و ئاگادارییەکی کارو بازرگانی لە هەرێم، پێویستە بە زمانی کوردی بێت و دەکرێت لەگەڵیدا زمانی

دیکەش بەکار بهێندرێت. هەروەها هەموو شتومەک و کەل و پەل و کاڵایەک کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت پێویستە بە زمانی کوردی ڕێنمایی لەسەر بنووسرێت، کۆمپانیاکانی هاوەردەکردنی خواردن و دەرمان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە پابەندبکرێن بە وەرگێڕانی ڕێنماییەکان بۆ زمانی کوردی .

لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری میدیا و ناوەندی کلتووری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، و لەکاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتووری بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدابێت، لەپاڵ زمانە بیانییەکە. هەر کارێکی هونەری و کلتووری کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت. لە بواری پەروەردە و پڕۆسەی فێرکردن و خوێندندا زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراقدا ، بۆ دامەزراندن یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت، بەڕەچاوکردنی پسپۆڕی و تایبەتمەندی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیاکان .

سەرەرای هەموو ئەمانەش یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و یاسای گەشتوگوزاری هەرێم، لە ئامانجەکانیاندا جەختیان لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی کەلتوری ڕەسەنی کوردستان کردۆتەوە، لە پێشەوەش پاراستنی زمانی کوردی و کارپێکردنی لە بوارە جیاوازەکاندا. کەواتە زەمینەی یاسایی لەبارە بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی لە هەموو بوارێکدا، خوێندن و پەروەردە، بازرگانی و کار و کارگێری، ڕینمایی شارەوانی و جادەوبان و شوێنە گەشتیاریەکان، لەپێناو پابەندکردنی کەسە سروشتی و مەعنەویەکان بەو دەقە یاساییانەوە، پێویستە سەرپێچیکاران ڕووبەرووی سزای یاسایی بکرێنەوە، ئەو سزایانەی کە لەبەشی دووەمدا باسیان لێدەکەین.

بەشی دووەم: سزای سەرپێچیکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم

بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بنەمای دەستووریی و یاسایی هەیە و پێویستە گشت تاکەکان و دامەزراوە فەرمییەکان ڕێزیان لێبگرن و جێبەجێیان بکەن و هەنگاوی پێویست بگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنیان، هەر کەمتەرخەمی یان ڕێگرییەک لەم بارەیەوە سەرپێچی

لێدەکەوێتەوە. بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤، هەر کەسێک کە سەرپێچی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بکات، ئەگەر هاتوو فەرمانبەر بوو ئەوا سزا بەرزەفتکارییەکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. ئەم جۆرە سزایە سزایەکی کارگێڕییە و سەپاندنی لەلایەن ئەو فەرمانگەیەوە دەبێت کە فەرمانبەرەکە کاری تێدا دەکات یان لەلایەن وەزیری پەیوەندیدارەوە بەر لەوەی بابەتەکە بگاتە دادگا، ئەمەش لەپێناو ئەوەیە کە فەرمانبەری کەرتی گشتی پابەند بێت بە یاسا و ڕێنمایە بەرکارەکان.

بەڵام ئەگەر کەسەکە فەرمانبەر نەبێت و سەرپێچی ئەم یاسایە بکات، ئەوا سەرپێچیکەر ئاگادار دەکرێتەوە کە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە، ئەگەر هاتوو ئاگادارکرایەوە و سەرپێچیەکەی لانەبرد و بەردەوام بوو لەسەری، ئەوا بە سزای پێبژاردن سزا دەدرێت کە لە (٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ سەرپێچی هەر ڕۆژێکی. ئەمەش سزایەکی دارایی کاریگەرە بۆ ناچاکردنی سەرپێچیکار بۆ پابەندبوون بە یاسای زمانە فەرمییەکان. ئەو دەقە سزاییانەش لە یاساکەدا بایەخی گرنگیان هەیە لە ناچارکردنی کەسەکان بە پابەندبوون بەدەقەکانی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەموو ئەو بوارانەی یاسەکە بریاری لێداوە و ڕێکی خستوە، بۆ هەر کەسێک جا ئەو کەسە کەسێکی سروشتی بێت (فەرمانبەر بێ یا غەیری فەرمانبەر)، یا کەسی مەعنەوی بێت وەک فەرمانگە فەرمییەکان و کۆمپانیا گشتی و تایبەتەکان، لەکاتی سەرپێچیکردندا ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە.

هەر کەسێک لە ئەنجامی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە زیانی ماددی یان مەعنەوی پێبگات مافی هەیە داوای یاسایی بجولێنێت، هەروەها داواکاری گشتیش دەتوانێ داوا بجولێنێ دژی هەر سەرپێچیەک کە بەرانبەر دەقەکانی ئەو یاسایە بکرێ لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ. هەروەها یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستانی عێراقی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ ش جەخت لەسەر پاراستن و بەرەو پێشخستنی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی تری هەرێمیش دەکات، کاتێک لە مادەی دووەمیدا دەڵێت وەزارەت ئەو ئەرک و ئامانجانە دەگرێتە ئەستۆ، یەک لەو ئەرک و ئامانجانەی کە لە بڕگەی دووەمیدا هاتووە دەڵێت: : (بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کولتوری

کوردستان بەو جۆرەی ڕەسەنایەتی  و پاراستنی کەلەپوور پتەودەکات، گەشە بەنەریتی مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە بواری چالاکیی کولتووری و هونەری و وەرزشی و لاوان دەدات، ڕێزگرتن لە فرەیی هزری کولتووری و نەتەوەیی و بایەخدان بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم و بەو جۆرەی پشتگیری لە ڕۆحی هاووڵاتی بوونی کوردستانی و کرانەوە بەرەو چاوگەکانی کولتووری جیهانی دەکات).

لە خستنەرووی ئەو دەقە یاساییانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، وەک یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی زمانی کوردی سزای دیارکردوە بەرانبەر هەر پێشێلکاریەک لەسەر دەقەکانی ئەو یاسایە بکرێ، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەزگا پەیوەندارەکانیەوە بەتایبەتی ئەکادیمای کوردی، کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پاراستنی زمانی کوردی بکات، چونکە کارکردن بۆ هێنانەدی  ئەو ئامانجە لەتوانای تاکە کەسەکاندا نییە، بەڵکو پێویستە دەزگای تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ و ئەو دەزگایانەش کەسانی شارەزای بواری زمان کاری تێدا بکەن و بەرێوەی بەرن، بە مۆدیلی تەزکیەی حیزبی وخزم خزمێنە دانەمەزرێن وبەرێوەنەبرێن.

بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کولتوری کوردستان بەو جۆرەی ڕەسەنایەتی  و پاراستنی کەلەپوور پتەو دەکات، گەشە بەنەریتی مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە بواری چالاکیی کولتووری و هونەری و وەرزشی و لاوان دەدات، ڕێزگرتن لە فرەیی هزری کولتووری و نەتەوەیی و بایەخدان بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم و بەو جۆرەی پشتگیری لە ڕۆحی هاووڵاتی بوونی کوردستانی و کرانەوە بەرەو چاوگەکانی کولتووری جیهانی دەکات).

**مامۆستای پەیمانگای عەلەمەین بۆ خوێندنی باڵا- نەجەفی پیرۆز**

# یاسای پاراستنی زمانی کوردی

## سالم سەلمان سلیمان

له زمانناسیدا ئەوە یەکلابۆتەوە و جێگیرکراوە کاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت تـاوەکو قۆنـاغی منـداڵی و هەرزەکاریـدا، قۆنـاغێکە تەواو جیـاوازە، چـونکە لەم قۆنـاغەدا بە تەواوەتـی ئامـادەیە بـۆ فێربـوونی زمـانی دایـک، لەم سـۆنگەیەوە گرنگیدان بە زمانی زگماک ڕۆڵ و بایەخی خۆی هەیە .

بەڵام بە داخەوە دەبینـــین بە درێژایـــی مێـــژوو و لەگشـــت قۆناغەکـــانی جیاوازەکـانی مێـژوودا و بە تـایبەت لەم سـەد سـاڵەی ڕابـردوو، دوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕی یەکەمـی جیهـانی و دابەشـبوونی کوردسـتان بـۆ چوارپـارچە، زمانەکەمان دووچاری جینۆسایدێکی کولتووری بێوێنە بۆتەوە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی کەم بـووە، بە پـلان و بەرنـامەی داڕیـژراو و بە دەسـتوورو یاسـا ئەم زمانەیـان لە ئێمەی کـورد قەدەغەکردووە، زمـان و هـزرو هەژمـوونی خۆیـان وەک نەتەوەی سـەردەسـت و سیاسـەتی یەک نەتەوە یەک زمـان پەیـڕەو کردووە، بە مەبەستی سڕینەوەو داگیرکردنی هـزرو مێشکی منداڵانی کورد، تـا وای لێبکات بیرکردنەوەی بە زمانی دایک نەبێت و کەسێکی لێدەربچێت بە زمانی نەتەوەی سـەردەست بیربکاتەوە و نەتوانێت هـیچ بـابەتیکی زانسـتی و مەعریفی بنووسێت و وای لێبکات کە زمانی دایک لای ببێت بە زمانی دووەم و سێیەم و بەهـــای نەمێنێـــت، ئەمەش زەبرێکـــی کوشـــندەیە دەرهەق بە زمانەکەمـــان و سیاسـەتێکی نامرۆڤـانەیە کە هەسـتی نیشـتیمانی و هـاووڵاتی بـوون لای تـاکی کورد لاواز دەکات و ئاسایشی نەتەوەییمان دەخـاتە ژێر پرسـیار، کە ئەم جۆرە سیاسەتە هاودژە لەگەڵ گشت یاساو مافی زمان و مـافی مـرۆڤ لەسەرانسـەری دونیـــادا، بە تـــایبەتی ئەم سیاســـەتە نامرۆڤـــانەیە لە ڕۆژهەلات و بـــاکوورو ڕۆژئاوای کوردستاندا زیاتر پیادەکراوە .

خۆشـبەختانە لەم بەشـەی کوردسـتان سـەڕەڕای ئەو هەمـوو کارەسـاتەی بەسەر میللەتەکەمان هاتووە لە سیاسەتی تەعریب تەبعیس و ڕاگواسـتندا، کەچـی تا رادەیەک توانیومـانە زمانەکەمـان بپارێزین، لە مـاوەی ١٠٠ سـاڵی ڕابردوو بە هەوڵ و تێکۆشان و خەمخۆرانی زمـانی کوردی توانرا چەنـد یاسـایەک دەرکەن کە لە سـەرەتای سـاڵانی سییەکان بۆ ددانپێانـانی زمـانی کوردی وەک زمـانیکی سەربەخۆ .

لە ساڵی ١٩٣١ یاسای ژمـارە ٧٤ دەرچـوو کە بە یاسـای زمـانە ناوچەییەکـان بە ناوبـانگە، ئەویش بە مەبەسـتی ئەنـدامبوونی عیـراق بـوو لە کۆمەڵەی گەلان ، سەرەڕای ئەوەی ئەم یاسایە لە چەند بوارێکدا کەموکوڕی یاسـایی تیدایە، بەڵام بۆ کـاتی خـۆی ئەم یاسـایە بە پێشـکەوتنێکی بەرچـاو دادەنـرا و وەرچەرخـانیکی

مێژوویی بوو لە داننان بە مافەکانی گەلی کورد لە عیراقدا، بە تایبەتی مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە مادەی ٢ ی ئەم یاسایەدا هاتووە و بڕیاریداوە کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە، تەنانەت زمانی دادگاکانیش دەبێت کوردی لە هەموو لیواو قەزایەکانی سەرتاسەری کوردستاندا، کەچی بەداخەوە لەڕووی پراکتیکەوە ئەم یاسایە جێبەجێ نەکراو و نەتوانرا سنووری کوردستان دیار بکرێت . هەموو دەستوورەکانی عیراق لە یەکەم دەستوور کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەرچوو هیچ ئاماژەیکی بە فەرمی بوونی زمانی کوردی نەکردووە، تاوەکو دەستووری ساڵی ١٩٧٠ کە دووەم دەستوور بوو لەسەردەمی بەعس دوای دەستووری ١٩٦٨ .

دەستووری کاتی ساڵی١٩٧٠ یەکەم دەستوورە لە مادەی ٧ بڕگە (ب) دانیناوە کە زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا، ئەویش لە دوای جێبەجیکردنی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ی تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان .

بەڵام ئەم دەقە دەستوورییە لە شوێنی خۆیدا مایەوە چەق بەستوو بوو لە چوارچێوەی تیۆریی دەربازی نەبوو، جێبەجێ نەکراو، سەرەڕای ڕێکنەکەوتنی حکومەتی عیراق لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ، تەنانەت دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە ٣٣ ی ساڵی ١٩٧٤ کە یاسایەکی کارتۆنی بوو بۆ ناوچەکانی کوردستان لە مادەی ٢ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە زمانی کوردی زمانیکی فەرمییە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام دووبارە ئەم دەقەش وەک ئەوانی تر لە گۆڕنراو جێبەجێ نەکرا، خودی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجیکردن خۆیان زمانی عەرەبیان بەکاردەهێنا و دواتر سیاسەتێکی شۆڤینیانەی بەعسی زۆر ترسناک دەرهەق بە نەتەوەکەمان پیادەکرا و گەورەترین خیانەت لە میللەتەکەمان کراو لەپاڵ ئەم سیاسەتە ئەنفال و کیمیاباران و قڕکردن وجینیۆسایدی هاتەسەر و بە دڕندانەترین شێوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەیان داین، تاوەکو ڕاپەرینی ئاداری مێژوویی میللەتەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ لەدەست ستەمی بەعس ڕزگارمان بوو.

لەدوای ڕاپەرین تاوەکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا، هیچ یاسایەک لە هەرێمی کوردستان دەرنەچوو بەمەبەستی پاراستنی زمانەکەمان، تەنها یاسای دەستەڵاتی دادوەری لە ساڵی ١٩٩٢ کە جەختی لەوە کردۆتەوە کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسای دەستەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ ی دەرچوو، کە ئەم یاسایەش

دەستەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد جیاکردەوە، کەچی بە داخەوە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ نەتوانرا ئەم یاسایە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و لە ساڵی ٢٠١٤ یاسای دەستەڵاتی دادوەری تازە دەرچوو لە مادەی ٦ ئەم یاسایەدا دەڵێت کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانە، بەلام جێێ داخە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆری دادگاکان کۆنووس و بڕیارەکانیان هەر بە زمانی عەرەبی دەنووسن، بەتایبەت دادگای تێهەڵچوونە و دادگای پێداچوونەوە، هەندێک هەوڵ هەیە بۆ بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان، بەڵام هێشتا هەوڵەکان لاوازن .

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، دەستوریکی کاتی لەلایەن ئەنجوومەنی حوکم دەرچوو بە ناونیشانی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە) لە ساڵی ٢٠٠٤ کە بە وەرچەرخانێکی میژوویی دادەنریت لە بواری داننان بە مافی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە سەرتاسەری عیراقدا، نەک تەنها ناوچە کوردییەکان کە لە مادەی ٩ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە هەموو عیراقدا، ئەم دانپینانە دەستوورییە هەنگاویکی نوێ بوو لە چاو دەستورەکانی پێشوودا .

دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری هەمیشەیی عیراق دەرچوو، لەم دەستوورەدا هەمان شتی دووبارە کردەوە لە مادەی ٤ ی ئەم دەستوورە جەختی کردەوە کە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەر تاسەری عیراقدا .

لەم دوو دەستوورەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای یاسایی و دەستووری هەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی، کە دڵنیایی دەدات کە زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمییە لەسەرتاسەری عیراقدا، جەختی کردۆتەوە چۆنیەتی پیادەکردنی بە یاسایەک دەردەچێت کە کۆمەڵیک بوار لە خۆ دەگرێت لە ناویاندا دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی( وەقایعی عیراقی ) بە هەردوو زمانەکە داننان بە بڕوانامە ڕەسمیەکان، دادگاکان، پاسەپۆرت و گشت بەڵگەنامە ڕەسمیەکان لەعیراقدا قسەکردن و ئاڕاستەکردن و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا وەک ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی وەزیران، دادگاکان، کۆنگرە فەرمییەکان، هەروەها دانپێنان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و نووسراوەکان و هەر بوارێک کە پرینسیبی یەکسانی بخوازێت وەک نەختینەکان و پول.

بەڵام دیسان بەداخەوە ئەم دەقە دەستوورییەش هەروەک خۆی جێبەجێنەکراوە سەرەرای هەبوونی بنەمای دەستووری ڕوون و ئاشکرا. کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی نوێنەرانی کورد لە بەغدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دانپیدانانە دەستوورییە گرنگە یاسای زمانە فەرمییەکان دەرچوو لە عیراق بە ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤ کە پێناسەی زمانی کردووە بەوەی کە زمانێکە دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێ لە هەموو کایەکاندا ، قسەکردن، نامەنووسراوەکان دراوی کاغەزو پول و هەموو کاروبارەکانی حکومەت، زمانی دادگاکان، کۆبوونەوە فەرمییەکان ئەنجوومەنی نوینەران، سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجوومەنی دادوەری و بەپێی ئەم یاسایە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە لە گشت عیراقدا .

دوابەدوای ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستانی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی٢٠١٤ دەرچوو (یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان) کە دەڵێت: زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانیکی فەرمییە لە هەموو عیراقدا .

سەرەڕای بوونی دەستووری هەمیشەیی، هەروەها ئەم هەموو یاسایە کەچی وەک خۆی جێبەجێ نەکراو و کەسیش لەسەر ئەم یاسایە سزا نەدراوە، سەرەڕای بوونی ئەم هەموو سەرپێچییانە، بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین و زۆر گرنگە بەدانانی سەنتەرێکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتەو هەروەها بۆ توێژینەوە لە زمانی یاسایی و دانانی فەرهەنگێکی تایبەتمەندی یەکگرتوو بە زمانی یاسایی یەکخستنی زمانی دادگاکان و پیادەکردنی ئەم فەرهەنگە لە گشت دادگاکانی هەرێم و کەسانی پسپۆڕو شارەزا کاری لەسەردا بکەن .

هەروەها پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسایەک بۆ پەرلەمانی کوردستان و دەنگی لەسەر بدرێت بە ناوی یاسای پاراستنی زمانی کوردی بە مەبەستی زیاتر بەرەودان و بەرەو پێشبردنی زمانەکەمان و ڕزگارکردنی لەم دۆخەخەراپ و ناجێگیرە و بیپارێزێ لە فەوتان و لەناوچوون، وەک ئەوەی زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان کردیان بۆ زمانی عەرەبی چەندان یاسای تایبەتیان دەرکردووە بۆ پاراستنی زمانەکەیان سەرەڕای دەوڵەمەندی زمانی عەرەبی و بوونی ٢٢ دەوڵەت و زمانەکەیان زمانی ئایین و قورئانە، هەروەک لە میسر، قەتەر، ئوردن، عیراق ، کە یاسای پاراستنی زمانی عەرەبی و یاسای سەلامەتی زمانی عەرەبی ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە و یاسای کۆڕی زانیاری عیراق بە ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١٥ و چەندان یاسای تر .

بۆیە داوا لە دەستەڵاتدارانی هەرێم دەکەین بە گرنگییەوە بڕواننە ئەم بابەتە و کاری جیدی لەسەر بکەن، نەوەک تەنها لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا کۆڕو کۆبوونەوە کۆنفرانس ئەنجام بدرێت وە قسەی باق و بریق بکرێت،

*ڕاوێژکاری یاسایی گۆڤاری زمان و زار

# هەژموونی زمانی و کاریگەری کولتووری (تابلۆکانی نێو شاری کەرکوك بە نموونە)

پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان

## پێشەکی

کەرکوک مۆدێلێکی ناوازەی هەمەجۆری کولتووری و زمانییە، کە پێکهاتە (نەتەوەیی و ئایینییە) جۆرابەجۆرەکانی لەخۆگرتووە، ئەمەش وای کردووە ببێتە شارێکی دەوڵەمەندی کولتووری و هەمەجۆری زمانی، بەڵام جێی ئاماژەیە کە ئەم هەمەجۆرییە بە تەواوی لە ڕوخسار و سیمای شارستانی شارەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بە تایبەت لە (تابلۆی دوکان و چێشتخانە و میوانخانە) و هەموو سێکتەرەکانی تر، کە ئەمیش هۆکارێکە بۆ شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی زمان و ناسنامەی کوردی .بێگومان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکان بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێن، بەهۆی زمانی(بیستراو و بینراو)ەوە. زمانی بیستراو بەهۆی ئەندامەکانی ئاخافتن و بیستنەوە بەرجەستە دەکرێت ، بەڵام زمانی بینراو بەهۆی بینینەوە بەرجەستە دەبێت .

تابلۆکانی ناو شار بەشێکی سەرەکیین لە (پەیوەندییە بینراوەکان)، تابلۆی شارەکان بە تەنها ئامرازێکی ڕیکلامکردن یان ڕێنماییکردن نیین، بەڵکو (زمانێکی بینراون) و ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگان و ڕەنگدەدانەوەی بەشێکی جەوهەری دیمەنی شارەکان پێکدەهێنێت (بارنارد، ٢٠٠٥، ل ١٢٣). لە کەرکوکدا، تابلۆکان بایەخێکی تایبەتیان هەیە، چونکە دەتوانن ببن بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەمەجۆریی کولتووری و زمانی شارەکە، هەروەها بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووری پێکهاتە جیاوازەکانی تر. بەڵام واقیعی ئەمڕۆ ئاماژە بەوە دەکات کە هەژموونی تەواو هەیە لەسەر نووسینی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکانی کەرکووکدا ، جێی ئاماژەیە کە بەکارهێنانی بەربڵاوی (نووسینی عەرەبی) بۆ وشەی کوردی لەسەر تابلۆکان پیادەکراوە ... هەروەها تێکەڵکردنی دوو ڕێنووسی (عەرەبی و کوردی) لە تابلۆکاندا بوونێکی بەرفراوانیان هەیە. ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری خەڵکی کورد لە شارەکەدا ، کە گرنگی بە ڕێنووس و زمانی کوردی نادەن یان کەم بایەخە ...

ئەم ململانێیانە تەنیا ڕەنگدانەوەی پرسە زمانەوانییەکان نین، بەڵکو درێژدەبنەوە بۆ ئەوەی لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش بگرێتەوە و لەگەڵ ڕۆڵی دامەزراوە ناوخۆییەکانی وەک ( ژووری بازرگانی) و کاریگەرییەکانی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی لەسەر دیزاینی نووسینەکان تێکەڵ دەبن و ڕەنگ دەدەنەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی کێشەکانی ڕێنووس و زمانی کوردی و کەمی تابلۆکانی کەرکوک و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەرە. هەروەها پێشنیارکردنی چارەسەری کردەیی بۆ بەرزکردنەوەی بەکارهێنانی ڕێنووس و زمانی کوردی لە تابلۆکانی شاردا .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بداتەوە :

- ئەو گرفتە ڕێنووسیانەی بەردەم زمانی کوردی لە تابلۆکانی کەرکوکدا چین؟
- ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە چین کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ڕێنووس و زمانی کوردی هەیە و لە تابلۆکاندا ڕەنگیان داوەتەوە ؟
- ڕۆڵی دامەزراوە ناوخۆییەکان وەک ( ژووری بازرگانی ) چییە لە ڕێکخستنی ناوی بازرگانی و بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی زمانی ؟
- چ چارەسەرێکی کردەیی دەشێت جێبەجێ بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی ڕێنووس و زمانی کوردی لە تابلۆکانی کەرکوکدا؟

**- گرنگی توێژینەوەکە :**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خستنەڕووی پرسێکی گرنگە کە پەیوەندی بە ناسنامەی زمانەوانی و کولتوورییەوە هەیە لە شاری کەرکوکدا ، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کردەیی کە دەشێت بەشداربێت لە بەرزکردنەوەی فرەچەشنی زمانی لە تابلۆی شاردا . ئەم توێژینەوەیە دەکرێ کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی کەرکوک هەبێت، بە پێشخستنی تێگەیشتن و لێبوردەیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، و پاراستنی میراتی زمانەوانی شارەکە.

**سنوری توێژینەوەکە :**

مەودای ئەم توێژینەوەیە سنووردارە بە شیکردنەوەی تابلۆکانی سەر دوکان و چێشتخانە و هۆتێل و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی تر لە ناوچە بازرگانییە جیاجیاکانی کەرکوکدا و گرنگیدان بە کێشە زمانەوانییەکانی پەیوەست بە ڕێنووس و زمانی کوردی، و کاریگەرییەکانی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی لەسەر دیزاینی تابلۆکان و کەمی تابلۆ کوردییەکان ...

## - چەمک و پێناسەی فرەچەشنی کولتووری و زمانی

### - پێناسەکردنی فرەچەشنی کولتووری :

فرەچەشنی کولتووری ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵێک کولتووری جیاواز لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیارکراو یان ناوچەیەکی جوگرافیدا. ئەم هەمەچەشنییە لە شێوازی ژیان، بەها، بیروباوەڕ، داب و نەریت، زمان، هونەر، مۆسیقا، لە خواردن و جۆرەکانی تری دەربڕینی کولتووریدا ڕەنگ دەداتەوە ... فرەچەشنی کولتووری تەنیا لە جیاوازی نێوان وڵاتاندا سنووردار ناکرێت ، بەڵکو دەشێ فرەچەشنی لەناو یەک کۆمەڵگاشدا دەرکەوێت، کە گرووپە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییە جیاوازەکانی تێدا دەژین (یونسکۆ) فرەچەشنی کولتووری بەم شێوەیە پێناسە کردووە: « فرەچەشنی دەربڕینی کولتووری کە لەلایەن گروپ و کۆمەڵگاکانەوە دەگوازرێنەوە، لەوانەش کەمینەکان و گەلانی ڕەسەن و کە لە نێوان شتەکانی تردا، لە هونەر و زانست و تەکنەلۆژیاشدا دەردەکەوێت » ( یونسکۆ، ٢٠٠١، ل ٤).

### - پێناسەی فرەچەشنی زمانی :

فرەچەشنی زمانی ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵێک زمانی جیاواز لە ناو کۆمەڵگەیەکی دیارکراو یان ناوچەیەکی جوگرافیدا. زمان بەشێکی جەوهەریی شوناسی کولتوورییە، ڕەنگدانەوەی بەها و باوەڕ و نەریتی کۆمەڵگایە . فرەچەشنی زمانی بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا. ( یونسکۆ ) فرەچەشنی زمانی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: « بوونی زمانی جیاواز لە ناوچەیەکی جوگرافی یان کۆمەڵگەیەکی دیارکراودا» ( یونسکۆ، ٢٠٠٣، ل٧).

- گرنگی فرەچەشنی کولتووری و زمانی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا :
- بەرەوپێشچوونی تێگەیشتن و لێبوردەیی

فرەچەشنی کولتووری و زمانی یارمەتیدەرە بۆ بەرەوپێشچوونی تێگەیشتن و لێبوردەیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کولتوور جیاواز. کاتێک مرۆڤەکان ئاشنای کولتوورەکانی تر دەبن، زیاتر کراوە دەبن و جیاوازییەکان قبوڵ دەکەن، کەمتر تووشی گرفت و هەڵاواردن دەبن. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ، کە کارلێککردن لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا یارمەتی کەمکردنەوەی

پەیوەندییە نەرێنییەکان دەدات و پەیوەندییە ئەرێنییەکان بەرەوپێشەوە دەبات . Pettigrew & Tropp, 2006). )

**- دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری**

فرەچەشنی کولتووری و زمانی بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگاکان. چونکە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بیرۆکە و دیدگای نوێ و داهێنانی پەروەردەیی و بەشداری کردن لە پەرەپێدانی گەشتیاری کولتووری و بازرگانی نێودەوڵەتی . توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ، کە ئەو کۆمپانیا و ڕێکخراوانەی کە فرەچەشنی کولتووری لە خۆ دەگرن ( مەبەست خەڵکی جۆراوجۆرە لە کۆمپانیاکان ) ، کاریان باشترە و باشتر کاردەکەن، چونکە سوود لە دیدگا و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی کارمەندەکانیان وەردەگرن (کۆکس، ١٩٩٣).

**- پاراستنی شوناسی کولتووری**

فرەچەشنی کولتووری و زمانی یارمەتی پاراستنی شوناسی کولتووری پێکهاتە جیاوازەکان دەدات، و میراتی کولتووری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە . هەموو کولتوورێک مێژوو و بەها و زانیارییەکی ناوازە لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت و بە پاراستنی فرەچەشنی کولتووری، دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە ئەم سامانە کولتوورییە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

**- بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ**

فرەچەشنی کولتووری و زمانی، بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەرز ڕادەگرێت ، دڵنیای ئەوە دەدات کە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە مافە کولتووری و زمانەوانییەکانیان سوودمەن دەبن ، هەروەها بەشداری دەکەن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و یەکسانتر. زۆرێک لە (کۆمیسیۆنە نێودەوڵەتییەکان)، وەک (جاڕنامەی جیهانیی یونسکۆ) سەبارەت بە فرەچەشنی کولتووری، جەختیان لەسەر گرنگی پاراستن و پێشخستنی فرەچەشنی کولتووری وەک مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ کردووەتەوە .

**- فرەچەشنی کولتووری و زمانی**

**- لایەنی تیۆری و گرنگییەکەی لە شاری کەرکوکدا**

فرەچەشنی کولتووری و زمانی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانە. هەر لەم بوارەدا چەندین تیۆر هاتوونەتە ئاراوە، کە هەوڵ دەدەن

لەم فرەچەشنییە تێبگەن و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگاکان شیبکەنەوە. لە نێو ئەم تیۆرانەدا، فرە کولتوری و تیۆری پەیوەندی نێوان کولتوورەکان بەرچاون، کە تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرەچەشنی کولتووری و زمانی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا دەڕەخسێنن.

تیۆری فرە کولتوری پێی وایە کۆمەڵگاکان پێویستە دان بە فرەچەشنی کولتووریدا بنێن و ڕێزی لێبگرن، و مافی هەموو گروپە کولتوورییەکان مسۆگەر بکەن . ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی شوناسی کولتووری هەر گروپێک دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هاندەری پەیوەندی و کارلێککردنە لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا . هەوڵدەدات کۆمەڵگای یەکڕیز و یەکگرتوو بنیات بنێت، کە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیدا . ( چارلز تایلۆر ) چەمکی فرە کولتوری لە کتێبی (سیاسەتی دانپێدانان - ١٩٩٢)دا دارشتووە، کە تیایدا جەختی لەسەر پێویستی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کردووەتەوە بۆ ناسین و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی کولتووری.

لە لایەکی دیکەوە ( تیۆری پەیوەندی نێوان کولتوورەکان ) سەرنج دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی تاکەکان لە گەڵ کولتوورە جیاوازەکاندا . ئەم تیۆرییە ئامانجی تێگەیشتنە لەو ئالانکاریانەی کە ڕووبەڕووی پەیوەندی نێوان کولتوورەکان دەبنەوە، و پێشنیارکردنی ستراتیژییەکان بۆ باشترکردنی ئەم پەیوەندییە. جەخت لەسەر گرنگی هۆشیاری کولتووری و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ جیاوازییە کولتوورییەکان دەکاتەوە. ( ئێدوارد تی هۆڵ ) بەشدارییەکی بەرچاوی لەم بوارەدا کردووە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر پەیوەندی نازارەکی و جیاوازییە کولتوورییەکان لە شێوازەکانی پەیوەندیکردندا . ( هۆڵ، ١٩٧٦)

جێی ئاماژەیە ، کە کەرکوک شارێکە بە مۆدێلی فرەچەشنی کولتووری و زمانی ناسراوە . ئەم تیۆریانە گرنگییەکی تایبەتییان هەیە بۆ کەرکوک . چونکە کەرکوک شاری پێکەوەژیانی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییە جیاوازەکانە و ئەم فرەچەشنییە سامانێکە بۆ شارەکە ، بەو پێیەی بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەلایەتی و کولتووری و ئابووری . بەلام لەگەڵ

هەمــوو ئەمانەشــدا بەداخەوە فرەچەشــنی کلتــووری و زمــانی لە کەرکوکــدا بەرەورووی ئاســتەنگی بەرچــاو بــۆتەوە ، بەهــۆی سیاســەتی چەوتــی ڕژێمــی پێشــووی عێــراق ، وەک گرژیــی نەتەوەیــی و ئــاینزایی و ململانێــی زمــانی و کولتووری ...

بۆیە زۆر پێویست و گرنگە ئەو سیاسەتە پراکتیکانە بگیرێتەبەر کە فرەیی کولتووری و پەیوەندی نێوان کولتوورە جیاوازەکان لە کەرکوک بەرەوپێش ببات ، لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و ئاوەدان. تیۆری ( فرە کولتوری ) دەکرێ بۆ داڕشتنی سیاسەتێک کە مافی هەموو گروپە کولتوورییەکانی شارەکە دەستەبەر بکات و هاندەری پاراستنی شوناسە کولتوورییەکانیان بێت. هەروەها دەشێت تیۆری ( پەیوەندی نێوان کولتوورەکان ) بەکاربهێنرێت بۆ داڕشتنی بەرنامە و پلانی پێش وەخت، کە پەیوەندی و کارلێککردن لە نێوان کولتوورە جیاوازەکانــدا تونــدوتۆڵتر بکــات و بەشــدار بێــت لە دروســتکردنی پــردی لێکتێگەیشتن و هاوکاری .

ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئاماژەیان بەوە کردووە کە کەرکوک خاوەنی فرەچەشنییەکی دەوڵەمەندی کولتوورییە و ئەم ڕاپۆرتانەش جەخت لەسەر گرنگی پاراستن و بەرزکردنەوەی ئەو فرەچەشنییە دەکەنەوە. بۆ نمــوونە، لە ڕاپۆرتێکــدا هــاتووە، « ئەمــڕۆ هەمەچەشــنییەکی دەوڵەمەنــدی کولتــووری لە کەرکــوک بە تەواوی نمایشــکرا، کاتێــک گەنجــان بە جلــوبەرگی نەتەوەیی ڕەنگاوڕەنگەوە گۆرانی و هەڵپەرکێیان پێشکەش دەکرد » .

لە کۆتاییــدا دەتــوانین بڵێــین فرەچەشــنی کولتــووری و فەرهەنگــی و زمــانی تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی شاری کەرکوکە، و سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندییە کە دەبێــت بپارێزرێــت و بەرز رابگیرێــت . بە پشتبەســتن بــە تیۆرییەکــانی ( فــرە کولتوری و پەیوەندی نێوان کولتوورەکان ) ، دەکرێ کۆمەڵگایەکی یەکگرتووتر و لێبوردەتر و ئاوەدانتر لە شارەکەدا بنیات بنرێت.

**تابلۆکان :**

تابلۆکان زمانێکی بینراون کە ڕەنگدانەوەی شوناسی کولتوورییە ، تابلۆکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەیوەندی بینراودا تەنها ئامرازێکی ڕیکلام یان ڕێنمایی نیــین ، بەڵکــو زمــانێکی بینــراوە کە ناســنامەی کولتــووری کــۆمەڵگەیەکی تێــدا

ڕەنگدەداتەوە و بەشێکی جەوهەری دیمەنی شارەکان پێکدەهێنێت. هەر وەک (بارنارد ) پێناسەی دەکات و دەڵێت : « هەر تابلۆیەکی بینراو، بەکاردێت وەک ، هێمایەک ، یان دەقێک بۆ گەیاندنی پەیامێک یان زانیارییەک بە بینەر» (بارنارد، ٢٠٠٥، ل ١٢٣).

تابلۆکان لە جۆر و ئەرکەکانیاندا جیاوازن، هەندێکیان نیشانەی بازرگانین کە ئامانجیان بەرەوپێشبردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانە، هەندێکیان نیشانەی ئاراستەکردنن کە خەڵک ئاراستەی شوێنە جیاوازەکان دەکەن، هەندێکیشیان نیشانە کولتوورییەکانن کە ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگا دەردەخەن. تابلۆ بازرگانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئابووریدا، یارمەتیدەرە بۆ ڕاکێشانی کڕیاران و زیادکردنی فرۆشتن و قازانج . هەروەها دەشێ بڵێین تابلۆکان پێویستن بۆ ئاسانکاری هاتوچۆی خەڵک و پێدانی زانیاری پێویست بە خەڵک ، سەبارەت بە نیشانە کولتوورییەکان، ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ و نەریتەکانی کۆمەڵگان، هەروەها بەشدارن لە پاراستنی شوناسی کولتووری و گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو. گرنگی تابلۆکان تەنها لە ئەرکە کردەییەکانیاندا سنووردار ناکرێت ، بەڵکو تابلۆکان ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی وێنەی دەروونی لای خەڵکی شار و بەهێزکردنی شوناسی کولتوورییان .

تابلۆکان ڕەنگدانەوەی سەلیقە و جوانکاری کۆمەڵگان و بەشدارن لە بەخشینی سیمایەکی ناوازە بە شارەکان . بۆ نموونە ئەو تابلۆیانە کە فۆنتی کوردی و ڕەنگی گەش لەخۆ دەگرن دەشێ ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کوردی شارەکە بن...

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین تابلۆکان زمانێکی بینراوی بەهێزن کە ڕەنگدانەوەی شوناسی کولتووری کۆمەڵگان و بەشدارن لە داڕشتنی وێنەی دەروونی خەڵکی شار . بۆیە زۆر پێویستە گرنگی بە داڕشتن و جێبەجێکردنی تابلۆکان بە شێوەیەک بدرێت کە ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ و نەریتەکانی کۆمەڵگا بێت ، هاوکات بەشداربێت لە بەهێزکردنی شوناسی کولتووری و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو .

**- بازاڕە بازرگانییەکانی کەرکوک لە ڕووی جوگرافیاوە :**

کەرکوک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزە ، چونکە لەگەڵ چەندین کولتوور و زماندا تێکەڵاو بوونە و تێکچڕژاون ، کە پێویستە ئەم تێکەڵاویە لە

فەزای گشتی شاردا ڕەنگ بداتەوە ، بەتایبەتی لە بازاڕە بازرگانییەکانیدا، کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی ناوخۆیین . بەڵام واقیعی ناو شار جیاوازییەکی بەرچاو لە دەربڕینی زمان لەسەر نیشانە بازرگانییەکان ئاشکرا دەکات ، ئەمەش ئەو پرسیارانە دەوروژێنێت کە ئایا تا چەند هەمەجۆریی دیمۆگرافی شارەکە لە بواری زمانیدا ڕەنگیداوەتەوە ؟ بۆ ئەم مەبەستە دەشێت بازاڕەکانی کەرکوک بەسەر چوار جۆردا دابەشبکەین، وەک :

**١- بازاڕی گەڕەکە کوردییەکان**

ئەم گەڕەک و بازاڕانە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و خاوەن دوکان و چێشتخانە و مۆڵ و دەرمانخانە و پزیشک و تەنانەت فیتەرەکانیش هەر لە نەتەوەی کوردن ، بەڵام لەم گەڕەکانەدا زمانی عەرەبی بوونێکی بەرچاوی لە تابلۆ بازرگانییەکاندا هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامی کاریگەریی ئەو سیاسەتە زمانییە شۆفیانانەی ڕژێمەکانی پێشوو، کە دژ بە نەتەوەکانی تر گرتبوویانەبەر ، کە بەکارهێنانی زمانی عەرەبییان لە هەموو کایە گشتییەکاندا چەسپاند بوو . (ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەرکوک، ٢٠٢٣) جگە لەوەش دەتوانین ئەم دیاردەیە بگەڕێنینەوە بۆ هۆکارە ئابوورییەکان، بەو پێیەی هەندێک لە بازرگانەکان پێیان وایە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بنکەی کڕیارەکانیان فراوانتر دەکات .

**٢- بازاڕی گەڕەکە عەرەبییەکان**

لەم گەڕەکانەدا، تابلۆکان تەواو بە زمانی عەرەبی نووسراون، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دیمۆگرافیای شار شتێکی چاوەڕوانکراوە.

**٣- بازاڕی گەڕەکە تورکمانییەکان**

لەم گەڕەکانەدا زاڵبوونی زمانی عەرەبی لەسەر تابلۆ بازرگانییەکان زۆر بە زەقی دەبینرێت ، لەگەڵ بوونی هەندێک تابلۆ کە ناوی تورکمانییان لەسەرە و بە پیتی عەرەبی نووسراون، کە ئەویش زۆر سنووردارە ، وەک : (صيدلية ايجان، صيدلية نازلي، عمارة اوچي، مطعم سراج اوغلو، متوسطة بارش، ... ) ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ هەژموونێکی بەهێزی زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی تورکمانی لە بواری تابلۆ بازرگانییەکاندا، ئەمەش نیگەرانی لەبارەی پاراستنی ناسنامەی زمانی تورکمانی لە کەرکوکدا دروست دەکات . هۆکارەکەش

دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی شوێنە بازرگانییەکان ... ! ( تویژینەوە ئەکادیمییەکان لەسەر فرە زمانەوانی لە عێراق، ٢٠٢٢، ل٤٥-٤٨).

## ٤- بازاڕە گشتییە تێکەڵەکان

هەمـوو کولتـوور و زمـانە جیاوازەکـان لە بـۆتەی ئەم بـازاڕە گشـتیانەدا تـواونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەمـوو تێکچـڕژانەش تـابلۆ بازرگانییەکـان یەک ڕەنـگە، واتە بە تەواوی زمـان و نوسـینی عەرەبـی بەسـەر زۆربەی زۆری تابلۆکانـدا زاڵە و تـابلۆی کـوردیش بە دەگـمەن دەبینرێت، بەڵام دەتـوانم بڵـێم تابلۆی تورکمانی و کلدو ئاشوری بە جارێک پشگوێ خراوە و بوونیان نییە ...! جگە لە هەندێک تابلۆ نەبێت کەپێشتر ئاماژەمان پێدا ... بێگوومان ئەم دۆخەش خۆی لە خۆیدا ڕێگرە لە هەوڵی ئاوێتە بوونی زمانەکان و کلتوورە جیاوازەکان ... کەواتە دەشێت سوود لە ئەزموونی ( کەنەدا ) وەرگرین کە لەو وڵاتەدا بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی لەسەر تابلۆکان دەنوسرێت ... بۆیە زۆر پێویستە تابلۆکانی ئەم بازاڕە گشتیانە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دیزاین بکرێت ... وەک ( شەقامی کۆماری و شەقامی پزیشکان و ڕێگای بەغدا ... هتد ) هەروەها جێی سەرنجە شەقامی پزیشکان هیچ تابلۆیەکیان بە کوردی یان زمانەکانی تر نەنوسراوە ، ئەگەر هەبێت ئەوا بە پەنجەکانی یەک دەست دەژمێردرێت ...!! بە هەمان شێوە تابلۆی فیتەرەکانی ناو شاریش بە دەگمەن بە زمـانی کـوردی نوسـراون ... لەگەڵ ئەوەشـدا زۆربەی فیتەرەکـان کـورد و تورکمانن ...!!!

## ٥- زاڵبـوونی زمـان و نوسـینی عەرەبـی لە سـەر تـابلۆی بـازاڕە کوردنشینەکاندا

ئەم زاڵبوونە زمانییەی لەسەر تابلۆکاندا دەبینرێت جێی پرسیار و تێڕامانە بە تـایبەتی لەو بـازاڕانەی کە دەشـێ بڵـێم دانیشـتوان و خـاوەن بـازاڕە بازرگانییەکانیش هەر کوردن، کەچی زمان و نوسینی عەرەبی بووە بە مۆدێل و زاڵە بەسەر تابلۆکاندا ...! ئەو بازاڕە کوردیانەی کە زمانی کوردی بەسەریاندا زاڵە زۆر کەمـن لە چەنـد بازاڕێـک تێناپەڕێـت، وەک ( بـازاڕی دەروازە و سەرچنار) ئیدی هەموو بازاڕەکان تێکەڵەن یان هەر بە زمانی عەرەبی نوسراون ... ! لێرەدا ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە دەبێت بە جارێک زمانی عەرەبی بەکار نەهێنیـین ، نەخێـر ئەوەی پێـی باشـە و لەگەڵ کارەکەیـدا دەگونجێت دەشـێت هەردوو زمان بەکاربهێنێت بە مەرجێک تابلۆکانیان بە شێوەیەک دیزاین بکرێت

هاوسەنگی هەر دوو زمانیش بپارێزرێت ... چونکە بەپێی دەستور هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی و دەستورین ... جێی سەرنجە تابلۆی فەرمانگە حکومیەکانی شاری کەرکوک لە هەندێکیاندا بە چوار زمان و هەندێکیان بە سێ زمان و هەندێکیان بە دوو زمان نوسراون ... ئەمەش بەندێکە لە دەستوری عیراق ... (یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق، ٢٠٠٨) کەواتە هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیە دەگەڕێنمەوە بۆ خاوەنی شوێنە بازرگانییەکان ... ئیدی هەر پاساوێکیان هەبێت خۆیان بەرپرسن بەرامبەر بە مێژوو ... ئەم واقیعە کەلێنێک لە نێوان فرەچەشنی دیمۆگرافی و فرە زمانی کەرکوک دروست دەکات ، بەو پێیەی فرە زمانی شارەکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە فەزای بازرگانییەکەیدا ڕەنگدانەوەی نییە. کەمبوونەوەی بەکارهێنانی زمانە ناوخۆییەکان بەتایبەتی زمانەکانی کوردی و تورکمانی ، مەترسی لەسەر شوناسی کولتووری پێکهاتە جۆراوجۆرەکان دروست دەکات . بۆیە ئەم دۆخە پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی زمانی دادپەروەرانە هەیە بۆ تابلۆ فرە زمانییەکانی شار ، ئەویش بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی زمانی و کلتووری لە کەرکوک و پاراستنی میراتە دەوڵەمەندە زمانەوانییەکەی . ( ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کەرکوک، ٢٠٢١).

- هەژموونی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە سەر تابلۆکانی شاری کەرکوک
- میراتی مێژوویی و ململانێی فرەچەشنی

کەرکوک نموونەیەکی ئاڵۆزی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانییە ، کە پێکهاتەکانی ( کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری ) تێدایە و پێکەوە دەژین . دەبێت ئەم هەمەچەشنییە لە شێوە و ڕوخساری شارەکەدا ڕەنگ بداتەوە ، لەوانەش ( تابلۆی بازرگانی و ڕیکلام ) بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە تابلۆکاندا باڵادەستییەکی بەرچاوی زمان و ڕێنووسی عەرەبی هەیە، تەنانەت لەو گەڕەکانەش کە زۆرینەی کوردە یان تورکمانە ... !

زاڵبوونی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە تابلۆکاندا بۆ سەردەمی داروودەستەی ڕژێمی پێشووی بەعسی شۆفێنی دەگەڕێتەوە ، کە بەکارهێنانی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە هەموو تابلۆ فەرمی و بازرگانییەکاندا بە زۆر سەپاند...! هیچ کەسێک بۆی نەبوو بەهیچ شێوەیەک ناوی کوردی یان بیانی لە سەر تابلۆکان بنوسێت ... ! ئەم بەزۆر سەپاندنە لە ماوەی دەسەڵاتی بەعسدا چەسپا،

بووه بەشێک لە سیما و ڕوخساری  شاری کەرکوک ... ! هەر بۆیە ئەم میراتە مێژووییە شۆفێنییە ، سەبارەت بە زمان و ڕێنووسی عەرەبی جۆرێک لە "ئاشنابوون"ی لەلای خەڵک دروستکرد و  لە تابلۆکاندا ڕەنگیان دایەوە ، تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمیش هەوڵی جدی نەبوو بۆ سڕینەوەی ئەو ئاسەوارە  ... هەر چەندە لە دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێم  بەپێی دەستوور ئەو مافە بە هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک درا تاوەکو زمانی نەتەوایەتی خۆیان لە تابلۆکانیاندا بەکاربهێنن . بۆیە  پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە  دەستووری عێراق گەرەنتی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بەکارهێنانی زمانە ناوخۆییەکانی کردووە. هەروەها ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤیش جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی هەمەچەشنی کولتووری و زمانی  دەکەنەوە . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای پێدانی مافی یاسایی پێکهاتەکان لە  بەکارهێنانی زمانەکانیان لەسەر تابلۆکانی شار ، کەچی  هێشتا هەژموونی زمانی عەرەبی بەسەر تابلۆکاندا زاڵە ... ! ئەمەش دەشێت  بە چەند هۆکارێک ڕوون بکەینەوە ، لەوانە:

**١ - هۆکاری ئابووری**

ڕەنگە هەندێک لە خاوەن دوکان و مۆڵ و چێشتخانە و مێوانخانە و ... هتد ، وابزانن کە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەسەر تابلۆکانیان  توێژێکی فراوانتری کڕیاران ڕادەکێشێت، بەڵام بێ ئاگان لەوەی ئەگەر بە چەند زمانێک تابلۆکانیان بنەخشێنن کڕیایان زۆرتر دەبێت و قازانجی زیاتریش دەکەن ... یان دەشێ کەمی درامەت هۆکارێک  بێت بۆ ئەوەی خاوەن دوکانەکان نەتوانن بە چەند زمانێک و بە دیزاینێکی لە بار تابلۆکانیان دروست بکەن ...

**٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان**

ڕەنگە هەبوونی هەندێک گرژی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شاری کەرکوک ، هۆکارێک بێت بۆ  پەسەندکردنی زمانی عەرەبی وەک فۆڕمێکی هاوبەش بۆ هەموو پێکهاتەکان .  هەژموونی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە تابلۆکاندا ململانەیەکی گەورەیە بۆ فرەچەشنی زمانی لە کەرکوکدا . چونکە دەبێتە هۆی لاوازی پشتگوێ خستنی بەکارهێنانی زمانەکانی تر لە نوسینی سەر تابلۆکانی شار، وەک زمانەکانی کوردی و تورکمانی کەمەنەتەوەیەکانی تر ... ئەم بەکارنەهێنانەش  مەترسی لەسەر ناسنامەی کولتووری پێکهاتە جیاوازەکان

دروست دەکات، و ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات ببێتە هۆی لەدەستدان و بێهێزکردنی زمانە ناوخۆییەکان. هەروەها ڕەنگە هەندێک لە دانیشتووان بەزەحمەت لەو تابلۆیانە تێبگەن کە تەنها بە زمانی عەرەبی نووسراون، بەتایبەتی ئەگەر شارەزاییان لە زمانی عەرەبی نەبێت. ئەمەش پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان دانیشتووانی شار گران و زەحمەتتر دەکات، و ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هەندێک هەست بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن بکەن.

– بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ململانێیە ، پێویستە چەندین ڕێوشوێن بگیرێتەبەر، لەوانە :

١- هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان : پێویستە خاوەن دوکانەکان هانبدرێن بۆ بەکارهێنانی زمانی دایکیان لەسەر تابلۆکان، نەک تەنها زمانی عەرەبی بەکاربهێنن . دەشێ هاندانێکی دارایی یان ئەخلاقی پێشکەش بەو خاوەن دوکانانە بکرێت کە تابلۆی فرە زمان بەکاردەهێنن لە بازاڕە فرە زمانییەکاندا.

٢- پەرەپێدانی کوالێتی تابلۆ فرە زمانییەکان : پێویستە هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان نووسینی سەر تابلۆ فرە زمانییەکان، بە مەرجێک خوێندنەوەی پەیامەکان ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەم پێوانەیە دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندی هەر زمانێک بکات و هاوسەنگی نێوان زمانە جیاوازەکان مسۆگەر بکات .

٣- زیاتر هۆشیاری بدرێت لە سەر گرنگی فرەچەشنی زمانی

پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری لە کۆمەڵگادا ڕێکبخرێت سەبارەت بە گرنگی فرەچەشنی زمانی و پاراستنی زمانە ناوخۆییەکان. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە دەشێ کەڵک لە میدیای جۆراوجۆری ، وەک تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادیۆ و ڕۆژنامە وەربگیرێت .

٤- چالاککردنی یاسا و یاسادانان

چالاککردنی ئەو یاسایانەی کە گەرەنتی پاراستنی فرەچەشنی زمانی دەدات لە شوێنە گشتییەکاندا .کەواتە دەکرێ بڵێین زاڵبوونی زمانی عەرەبی لە تابلۆکانی کەرکوکدا میراتێکی مێژووییە کە دەبێت بە شێوەیەکی هەستیارانە و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت . پێویستە هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک هەوڵبدەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی لێبوردە و فرە کولتوری کە ڕێز لە مافی هەموو پێکهاتەکان بگیرێت و فرەچەشنی زمانی و کولتووری شارەکە بپارێزرێت.

**- کێشەکانی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکانی کەرکوک**

زمـانی کـوردی لە ڕووی نوسـینی سـەر تابلۆکـان ڕووبەڕووی ئاسـتەنگی بەرچاو بۆتەوە . بەگشتی لە تابلۆکانی هۆتێل و چێشتخانە و دوکان و تابلۆی پزیشکان و مۆڵە بازرگانییەکان و تەنانەت تابلۆی فیتەرەکانیش. ئەم ململانییە تەنیا لە لایەنە زمانەوانییەکاندا سنووردار و قەتیس ناکرێن، بەڵکو هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش دەگرێتەوە.

کەواتە بەکارهێنانی بەربڵاوی نووسینی عەرەبی بۆ وشە و ناوی کوردی لەسەر تابلۆکان، جێی سەرنجە. ئەمەش کێشەیەکی بنەڕەتی زمانەوانی دروست دەکات، بەو پێیەی نووسینی عەرەبی ناتوانێت ( نوێنەرایەتی ) هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی ( گۆکردن و مانا ) جگە لەوەش بەکارهێنانی ڕێنووسی عەرەبی لە جیاتی ڕێنووسی کوردی بۆ نوسینی وشە و ناوە کوردییەکان ، شوناسی زمانی کوردی لە کایە گشتییەکاندا کەم دەکاتەوە و لایەنی ( بینراو لاواز ) دەکات . واتە خەڵک هێندە بایەخ بە تابلۆکان نادات و سەیریان ناکات.

بەکارهێنانی تێکەڵەیەک لە دوو ڕێنووس و دوو زمان لە تابلۆکاندا

مەبەستمان لەم خاڵە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە نوسراوی سەر تابلۆکان بریتییە لە تێکەڵەیەکی دوو ڕێنووسی و دوو زمانی . بۆ.نموونە ناونیشانی تابلۆکە بە زمانی عەرەبییە و ناوەکان بە کوردیەکی تێکشکاوی ڕێنووس عەرەبی نوسراوە ... وەک ( صیدلیة هیدی ، دیکورات برایتي ، اصباغ اري ، مکتب صباح لکي ، حلاقة جۆمان دەلاک ، مطعم سید بهروز ، سیوا مارکت ، مخبز اشتي ، مکتبة هڤال ، صیدلیة اڤیستا ، روضة باباگرگر الاهلیة ، صیدلیة هلویست ، چرزات نهرو ، مخبز هلۆ ، ... هتد ) بێگوومان ئەمیش کێشەی یەکگرتوویی ( بینراوی و زمانی ) دروست دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە تابلۆکان بە شێوەیەکی دروست قورس و گران بێت، بە تایبەت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە هەردوو زمانەکە شارەزا نین. ئەم تێکەڵە زمانییە ڕەنگە ناسنامەی شوێنەکەش تێکبدات و جۆرێک لە ناڕوونی لە گەیاندنی پەیامەکەیدا دروست بکات .

**- بێ ئاگایی لە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی**

دەشێ بێ ئاگایی و کەم هۆشیاری هۆکار بێت بۆ  گرنگی نەدان بە زمانی کوردی لە نوسینی سەر تابلۆکاندا ، بەتایبەتی لای خاوەن دوکان و میوانخانە و چێشتخانەکان ، ڕەنگە  پێیان وابێت کە بەکارهێنانی تەنها زمانی عەرەبی بەس بێت بۆ ڕاکێشانی کڕیار، یان ڕەنگە ئەوەندە زانیارییان لە زمانی کوردیدا نەبێت بۆ دیزاینکردنی تابلۆی دروست . ئەم نەبوونی هۆشیارییە گوزارشت لە ململانێیەکی بەرفراوانتر دەکات ، سەبارەت بە قەدرزانینی زمانی کوردی و ڕۆڵی زمانی کوردی لە کۆمەڵگەدا.

**- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر :**

لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونی وڵاتانی دیکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ فرەچەشنی زمانی  لە شوێنە گشتیەکاندا دەشێت سوودبەخش بێت. بۆ نموونە لە ( سویسرا) چوار زمانی فەرمیی لە سەر تابلۆ فەرمی و بازرگانییەکان بە یەکسانی بەکاردەهێنرێن. لە ( کەنەدا ) هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لەسەر تابلۆکان بەکاردەهێنرێن لەو ناوچانەی کە هەردوو زمانەکە قسەیان پێدەکرێت. ئەم ئەزموونانە گرنگی هەبوونی سیاسەتی زمانی ڕوون و جێبەجێکردنی ستانداردە یەکسانەکان بۆ تابلۆ  فرە زمانەکان نیشان دەدەن  .

**پێشنیاز و چارەسەر**

- هاندانی خاوەن شوێنەکان بۆ بەکارهێنانی نووسینی کوردی بە شێوەیەکی دروست :

پێویستە خاوەن دوکان و چێشتخانە و میوانخانە و هۆتێلەکان هانبدرێن بۆ ئەوەی نووسینی دروستی کوردی لەسەر تابلۆکانیان بەکاربهێنن. دەکرێت وۆرکشۆپ و خولی ڕاهێنان ڕێکبخرێت بۆ فێرکردنی چۆنیەتی نووسینی کوردی بە شێوەیەکی دروست. یان دروستکردنی ڕێنماییەکی یەکگرتوو بۆ ئەو ناوە کوردیانەی کە لە تابلۆکاندا  بەکاردەهێنرێن .

**- دیزاینی تابلۆی یەکگرتووی فرە زمانی**

پێویستە دیزاینەران هان بدرێن بۆ دیزاینکردنی تابلۆی یەکگرتووی فرە زمان، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەر زمانێک. دەشێت ستانداردی دیزاینی یەکسان بۆ تابلۆکانی فرە زمانی پەرەپێبدرێت و دڵنیابین  لە ڕوونی پەیامی تابلۆکان و خوێندنەوەیان بە شێوەیەکی ئاسان .

- هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی: پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە ڕێکبخرێت سەبارەت بە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە دەتوانرێت کەڵک لە میدیای جۆراوجۆری وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگیرێت. دەکرێ بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە ڕۆشنبیرییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە گرنگی زمانی کوردی هاریکاربن ...

**-ڕۆڵی( ژووری بازرگانی) لە ڕێکخستنی ناوە بازرگانییەکاندا**

ژووری بازرگانی، بەپێی یاسا و ڕێساکان، دەسەڵاتی ڕێکخستنی ناوی بازرگانی هەیە، بە ئامانجی دڵنیابوون لەوەی کە هیچ ناوێکی چەواشەکارانە یان ناوێک کە پێشێلکردنی ئەخلاقی گشتی بێت، یان ئەو ناوانەی کە دەبنە هۆی ناکۆکی بازرگانی. ئەم دەسەڵاتە ڕۆڵێک دەدات بە ژووری بازرگانی لە دڵنیابوون لە ڕەوایەتی ناوە بازرگانییەکان و پابەندبوونیان بە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان. ژووری بازرگانی دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی زمانی لە ناوی شوێنە بازرگانییەکان ، بە دانانی پێوانە و ڕێنمایی کە هاندەری بەکارهێنانی زمانە ناوخۆییەکان بێت، لەوانەش زمانی کوردی. ژووری بازرگانی دەتوانێت هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، وەک ( زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان )، بۆ ئەوەی پاڵپشتی تەکنیکی و ڕاوێژکاری پێشکەش بە خاوەن شوێنە بازرگانییەکان بکات لە هەڵبژاردنی ناوی گونجاودا.

سەبارەت بە ڕۆڵی ژووری بازرگانی نموونەیەکی زیندوومان لایە چەند مانگێک پێش ئێستا پارێزەرێک هاتە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوک داواکارییەکی هێنابوو لە ژووری بازرگانی کەرکوکەوە داوای دەکرد پشتگیری بکەین لەوەی کە ئەم ناوە ( کادو ) ناوێکی کوردیە و ناوێکی بیانی نییە ... ئێمەش پێمان سەیر بوو لێمان پرسی ژووری بازرگانی حەقی چییە بەسەر ناوی کۆمپانیاکانەوە ؟ لە وەڵامدا ووتی دەمانەوێت ناوی کۆمپانیاکەمان تۆمار بکەین ڕازی نەبوون بەو ناوە ووتیان بە ناوێکی بیانی دەکات ئێمە بەپێی ڕێنماییەکان ناتوانیین تۆماری بکەین ، دەبێت ئەوە بسەلمێنیت کە ئەم ناوە کوردیە ئەوجا هیچ لارییەکمان نابێت، منیش پشکنینێکی خێرای فەرهەنگی ڤەژینی ئەلیکترۆنیم کرد ... لە گەڕانەکەیدا لە فەرهەنگی ڕێژگە بە

واتـای ( دیـاری ) لە فەرهەنگـی هەنبـانە بـۆرینەش بە ( دوکەڵ ) هـاتبوو ... نوسراوێکمان بۆی کرد و ڕۆیشت ... ئەمە مانای ئەوەیە کە تاوەکو ئێستاش کـار بەو نوسـراوە دەکرێت کە نابێت لە ژووری بازرگانیـدا ئەو نـاوانە تۆمـار بکرێت کە بیانیین، بەڵکو دەبێت ناوەکان یان عەرەبی بێت یان زمانە کانی دیکەی نـاوخۆ بێـت ... کەواتە هـیچ ڕێگـرییەک نیـیە لە ڕووی یاسـاییەوە زمـانی پێکهاتەکانی کەرکوک قەدەغەبکات و نەهێڵێت بەکاری بهێنن ... بۆیە ژووری بازرگـانی ڕۆڵـی گرنگـی هەیە لە سنورداركردنی ناوەکـانی سـەر تابلۆکـان ... بەپێی یاسا دەشێت ڕێکیبخات ...

**- ڕۆڵی پارتە سیاسییە کوردییەکان**

پـارتە سیاسـییە کوردییەکـان دەتـوانن ڕۆڵێکـی گرنـگ بگێـڕن لە هانـدانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکاندا. لایەنەکان دەتوانن دەستپێشخەری بکەن بـۆ هۆشـیارکردنەوەی خـاوەن شـوێنە بازرگانییەکـان سـەبارەت بە گرنگـی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پاڵپشتی تەکنیکی و ڕاوێژکارییان پێشکەش بکەن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی لە تابلۆکانی کەرکوکدا پێویستی بە هەوڵێکی هاوبەش هەیە لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لەوانە خاوەن دوکانەکان، دیزاینەرەکان، دەزگا حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و لایەنە سیاسییە کوردییەکان . ئەویش بە پیادەکردنی سیاسەتێکی زمانی ڕوون و ئاشکرا ...

**ئەنجامەکان :**

١ - ئەم تـوێژینەوەیە ئەوە دەردەخـات کە زمـانی کـوردی لە دەرکەوتـن و دەربڕینـی ناسـنامەکەی لەسـەر تابلۆکـانی شـوێنە بازرگانییەکـان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بۆتەوە .

٢ - بەکارهێنانی بەربڵاوی نووسینی عەرەبی بۆ وشەی کوردی و تێکەڵەی نووسین لە سەر تابلۆکاندا ڕوون و بەرچاوە ...

٣ - هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە هەژموونی زمانی عەرەبی لەسەر تابلۆکانی شاری کەرکوک .

٤ – دامودەزگا ناوخۆییەکانی، وەک (ژووری بازرگانی) و ( لایەنە سیاسییە کوردییەکان) دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکاندا.

٥ – ئەزموونی ولاتانی تر لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەمەچەشنی زمانی لە شوێنە گشتیەکاندا، دەشێ کەڵک وەربگیرێت.

**– ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە :**

**١- دامەزراندنی ڕوانگەی زمانی کوردی**

– دامەزراندنی ڕوانگەیەکی زمان تایبەتمەند بێت بە زمانی کوردی لە کەرکوک ، کە پسپۆڕانی زمان و ڕۆشنبیرانی کورد لەخۆ بگرێت. کاری ئەم ڕوانگەیە یەکخستنی زاراوە و ڕێنووسی سەر تابلۆکان بێت، هەروەها پشتگیری زمانی و دۆزینەوەی ناوی کوردی لەبار بۆ خاوەن دوکان و دیزاینەران دابین بکات ...

**٢- پەرەپێدانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی لە زاراوە بازرگانییەکان**

– پەرەپێدانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی بۆ زاراوە بازرگانییەکان، لەوانە ئەو زاراوانەی کە لە کەرتە بازرگانییە جیاوازەکاندا لەسەرتاپای کوردستان بەکاردەهێنرێن، وەک هۆتێل و چێشتخانە و مۆڵەکانی بازرگانی و دوکان و ... هتد ئەم فەرهەنگە دەشێت بە شێوەی ئۆنلاین و وەک ئەپی مۆبایلە زیرەکەکان بەردەست بێت.

**٣- ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند**

– ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند بۆ خاوەن شوێنە بازرگانییەکان و بە تایبەت دیزاینەران، لەسەر چۆنیەتی دیزاینکردنی تابلۆی سەرنجڕاکێش و ڕوون بە زمانی کوردی. دەشێ ئەم خولانە وانەکانی ڕێزمانی کوردی و بەکارهێنانی فۆنتی کوردی و دیزاینی هێمای فرە زمانی لەخۆ بگرێت .

**٤- دەستپێکردنی کەمپەینی هۆشیاری**

– دەستپێکردنی هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ سەرجەم خاوەن شوێنە بازرگانییەکان و دوکانەکان، بۆ هاندانیان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکانیان، وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری خۆیان. کەمپینەکە دەکرێ بریتی بێت لە دابینکردنی مۆدێلی دیزاینی ( تابلۆ کوردی سەرنجڕاکێش ) و

پێشکەشکردنی پاڵپشتی تەکنیکی و ڕاوێژکاری بۆ خاوەن شوێنە بازرگانییەکان و دوکانەکان.

**٥- تەرخانکردنی خەڵات بۆ باشترین تابلۆی کوردی**

– تەرخانکردنی خەڵات بۆ باشترین تابلۆی کوردی لە کەرکوک، بۆ هاندانی خاوەن دوکانەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکانیاندا. دەکرێت ئاهەنگێکی ساڵانەی خەڵاتکردن ڕێکبخرێت، کە کەسایەتییە ڕۆشنبیری و میدیاییەکان تێیدا ئامادەبن.

**٦- ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی خولیی**

– ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی خولیی بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکانی شوێنە بازرگانییەکان لە کەرکوک. ئەم توێژینەوەیانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە دەستنیشانکردنی کێشە و ململانییەکان ، و دیاریکردنی کاریگەریی سیاسەتی زمانیی جێبەجێکراو ...

**سەرچاوەکان :**

Barnard, M. (2005). Graphic - design as communication. Routledge.1-

-٢ - Cox, T. (1993). Cultural diversity in organizations: Theory, research and practice. Berrett-Koehler Publishers.

- Hall, E. T. (1976). Beyond culture. Anchor books.3-

-٤ - Pettigrew, T. F., & Tropp, L. R. (2006). A meta-analytic test of intergroup contact theory. Journal of personality and social psychology, 90(5), 751.

-٥ - Taylor, C. (1992). Multiculturalism and "The Politics of Recognition": An Essay. Princeton University Press.

٦ - اليونسكو. (٢٠٠١). الإعلان العالمي بشأن التنوع الثقافي. اليونسكو.

٧ - اليونسكو. (٢٠٠٣). التعليم في عالم متعدد اللغات. اليونسكو.

٨ - الأمم المتحدة في العراق. "التنوع الثقافي الغنيّ في كركوك يتجلى في احتفال الكركوكيين باليوم الدولي للمرأة".

٩ - تقارير منظمات المجتمع المدني في كركوك حول التنوع الثقافي واللغوي.

١٠ - دراسات أكاديمية حول التعدد اللغوي في العراق.

١١ - قانون اللغات الرسمية في العراق.

١٢ - تقارير الامم المتحدة حول كركوك.

* زانکۆی کەرکوک – کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان- زمانی کوردی.

# زمانی کوردی لەنووسینی تابلۆی شوێنە گەشتیارییەکان و دامودەزگا فەرمییەکان

کازم عەباس زەندی

## پێشەکی

ڕاستییەکەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی کە لەئێستادا لەسەر گۆی زەوی بە نەتەوە دەناسرێن، هەڵکەوتەو پەیدابوونی هەریەکەیان بە ڕێڕەوەکی تایبەتدا ڕۆیشتووە، ئینجا بۆ هەر نەتەوەیەک ناسنامەیەک دروست بووە، دروست بوونی ناسنامەکانیش لەسەر سێ کۆڵەگە ڕۆنراوە،

کۆڵەگەی یەکەم بە گەڕانەوەیە بۆ ڕەچەڵەک و مێژووی ئەو نەتەوەیە، کە ئایا بە شۆڕبوونەوە بۆ ڕابوردووی دوور، ئەم نەتەوەیە بنەچەیەکی تایبەت و سەلمێنراوی بەخۆیان هەیە ؟

کۆڵەگەی دووەم بەهەبوونی خاک و نیشتمانە، کە ئایا ئەم نەتەوەیە بەردەوام لەسەر پارچەزەوییەکی تایبەت بەخۆی ژیاوەو پارێزگاری لێکردووە؟

کۆڵەگەی سێیەم بەهەبوونی کەلتوورو مانەوەی ئەو زمانەیە کە قسەی پێ دەکات، کە ئایا ئەم نەتەوەیە بە زمانەک دەئاخڤێت و بە کەلتووری تایبەت بەخۆی دەناسرێت؟ لەمەشدا ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە زمانەکی زیندوو، خاوەن ناسنامەی تایبەت بەخۆمانین، چونکە هەر سێ کۆڵەگەمان بەرجەستەیە، ڕەچەڵەکمان بۆ هیندوئەوڕوپییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لەسەردەمی مەدییەکانیشەوە بەمێژووەکی تایبەت دەناسرێینەوە، لەهەمان کاتدا بەردەوام خاکەکەمان کە شوێنەکەی میسۆپۆتامیایە، بە کوردنشینان ئاوەدانکراوەتەوە، کە ئێستا نیشتمانمانە و بە کوردستان دەناسرێتەوە، هەروەها کەلتوورو زمانەکی تایبەت بە خۆشمان هەیە، کە لەنەتەوەکانی چوار دەور جیامان دەکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ناوەڕاست و نوێدا، بە دیارکراویش لەدوای داهاتنی ئایینی ئیسلام، دەسەڵاتەکی سەرتاسەریمان لەسەر خاکەکەی خۆماندا نەبووە، بۆیە نەمانتوانیوە بەخۆمان مێژووی خۆمان بنووسینەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ داگیرکەرو ناحەزان ڕەخساند، تا سەرچاوەی ڕەچەڵەکمان لێڵ بکەن ! مێژووی ڕابوردوومان بشێوێنن ! کەلتوورمان زەوت بکەن یان لێمان یزر بکەن ! بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا خۆمان ڕاگرت و هەر ماوینەوە، چونکە نەیانتوانی ناسنامەی زمانمان لێ بسەننەوە، ئەگەرچی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم، لەدوای دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە هەوڵی زۆریاندا زمانەکەمان بتوێننەوە، نەتوانینی ئەم کارەش بەهۆی پتەوی زمانەکەمان بوو لەڕووی بنەما ڕێزمانییەکان و دەوڵەمەندی وشەکانیەوە

لەهەمان کاتدا بەهۆی چەند هۆکارەکی تری پەیوەست بەهەڵکەوتەی تاکی کورد و جوگرافیای خاکەکەمانەوە بووە، چونکە بەشی هەرە زۆری نەخوێندەواربوون یـان دوورەپەرێـز و نیشـتەجێی گونـدە لاتەریکەکـان بـوون، ئەمەش وایکـرد لەلایەکەوە ئـاخێوەری کەم نەبێتەوە، لەلایەکـی دیـکەوە زمانەکەمـان بەخـاوێنی بمێنێتەوەو لەکاریگەری زمانی داگیرکەران پارێزراو بێت .

## ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم تـوێژینەوەیە، تـوێژینەوەکی مەیـدانییە، بەنـاو نیشـانی (کێشـەکانی زمـانی کـوردی لەنووسـینی تـابلۆی شـوێنە گەشـتیارییەکان و دامودەزگـا فەرمییەکـان) لەکوردستانی باشووردا، هەڵبژاردنی ئەم ناونیشـانەش بۆ ئەو هۆکارو دیاردە زەق و بەرچـاوانە دەگەڕێـتەوە، کە لەنووسـینی ناوەکـان و بەکارهێنـانی ئەو زمانـانەدا دەبینرێت، کە لە نووسینی تابلۆکانی چێشتخانەو مۆڵ و هۆتێلەکانـدا بەکـار دەهێنـرێن، چـونکە یەک زمـان و یەک ڕێنووسـیان بـۆ بەکـار ناهێنرێـت، بەڵکوو بە زمان و بە ئەلفابێی جیاواز دەنوسرێن و پیشـان دەدرێن، هۆکـاریش لەمەدا، لەلایەکەوە پەیوەنـــدی بە نەبـــوونی زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی و ڕێنووسەکی یەکگرتوو هەیە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بەو هەستە بێ باوەڕ بەخۆبوون و باگڕاوندە ڕۆشنبیرییەوە هەیە، کە تاکی کورد هەیەتی، چونکە وا دەزانێت زمانەکەی هاوتای زمانـان نییە، ئەم هەستەش لە ئەنجامی ئەم ڕێڕەوە ناهەموارەدا دروستبووە، کە بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی کوردی پێدا تێپەڕیوە، چونکە هەرگیز دەسـەڵاتەکی سـەقامگیرو سەرتاسـەری نەبـووە، کە زمـانەکەی لە پرۆسەی خوێندن و دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بەکار هێنرابێت، تا لەئێستادا بتـوانێ هـاوبرکێی زمانەکـانی تـر بکـات، بەڵکـوو هەردەم زمـانەکی تـری لەڕێـی دەسەڵات و خوێندن و نووسیندا بەسەردا زاڵبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسـەر دروســتبوونی ئەم هەســتەدا هەبــووە، کە بەردەوام بیروبۆچــوونی جیــاوازو دووبەرەکی لەنێوان شارەزایانی زمان و دەستەبژێرانی دروستکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی بەردەوام ئەو ئامادەیی تێدا بێت، تا جێگە بۆ زمانی دیکە چۆل بکات و زمـانی تری بەسـەردا زاڵ ببێت یان لەجیاتی بەکار بهێنرێــت، هەمــوو ئەمــانەش کاریگەرییــان لەســەر دروســتبوونی کێشــەو چارەسـەرکردنی ئاریشـەکانی زمانەکەمانـدا هەبـوو، چـونکە ڕێڕەوی خـزمەت و

زەمینەی بەکارهێنانی وەک زمانە زاڵەکان بۆ مەیسەر نەدەبوو، هەردەم لە پاڵپشتی دەسەڵاتەکی دڵسۆزو لێزان بێ بەشبوو، کە بەپێی پێویست زەمینەیەکی لەباری بۆ خزمەتکردن و بەکارهێنانی ڕەخساندبێت، تا بایەخ و بەهای بەکارهێنان و پێشکەوتن و ڕێڕەوی گەشەو گۆڕانی زمانەکەی بەئاڕاستەیەکی تەندروستدا بردبێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەبێت هەردەم لەباسکردنی کێشەکانی زمانی کوردیدا ، ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکرێت، کە زمانەکەمانی تێدابووە، لەمەشدا هەموو ئەو کێشانە سەریان هەڵداوە، کە لە زمانی کوردی بەگشتی و لە نووسینی تابلۆکاندا دەبینرێت .

## ئامانج لەم توێژینەوەدا

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەیەکە بۆ نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان زمانی بەکارهێنراو لەنووسینی تابلۆکان و ڕێنووسی ناوەکاندا، چونکە ئەگەر سەیری زمان و نووسینی تابلۆکان لە کوردستانی باشوور بکەین، دەبینین لە نووسینی زۆربەی تابلۆکاندا، زمانی دیکە لەجیاتی زمانی کوردی بەکار دەهێنرێت، ئەوەندەی بەزمانەکانی دیکە دەنوسرێن، زمانی کوردی پێشبەندی بۆ دانانرێت، لە هەمان کاتدا تابلۆکان بەچەند ئەلفبێیەکی جیاوازیش دەنوسرێن، چونکە هەر زمانەک بەتایبەتمەندی خۆی ئەلفبێ بەکار دەهێنێت، لەمەشدا جیاوازییەکی زۆر لەنووسینی تابلۆکاندا دروستبووە، بۆیە پێویستی بە چارەسەر هەیە، تاوەکوو زمان و ڕێنووسی ناوەکان یەک بخرێن و بەشێوەیەکی جوان پیشان بدرێن .

## ڕێگەچارەی کێشەکان لەنووسینی تابلۆکاندا

یەکەک لەکێشەکانی نووسینی تابلۆکاندا، بەکارهێنانی ئەو زمانەیە، کە بۆیان بەکار دەهێنرێت، چونکە لەپاڵ زمانی کوردیدا، چەند زمانەکی تریش کاری پێ دەکرێت، ئەمەش کێشەیەکە پێویستی بەچارەکردن هەیە، چونکە ئەگەر وا بەردەوام بێت، بەهای زمانی کوردی ناهێڵێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، دەسەڵات ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت، چونکە دەسەڵات دەتوانێت بیروڕای خۆی بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنێت و ئەو توانایەی هەیە، کە بڕیارەکی گشتگیر دەربکات، تا هەموو دەزگاو لایەنەکانی پێوە پابەند ببێت، کە

تابلۆکانیان بەو زمانە بنووسن کە ئەو دیار دەکات، لەمەشدا دەبێت زمانی یەکەم کە کوردییە لەسەرووی زمانەکانی تر بێت پاشان عارەبی ئینجا ئەگەر بەپێویست زانرا بەزمانی تریش بنوسرێن، چونکە زمانی کوردی لەکوردستاندا زمانی یەکەمە پاشان عارەبی و زمانەکانی تری بەدوادا دێت، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی ڕێنووس بەبڕیار ناکرێت، چونکە تا تابلۆکان بەزمانی دیکە بنوسرێن و زمانی کوردی ستانداردو ڕێنووسەکی یەکگرتووی نەبێت، ئەم کێشەیە هەر دەمێنێت .ئەگەر بمانەوێت نووسینی تابلۆکان بەکوردی بکەین، دەبێت کێشەی زمانەکەمان لەڕووی ستانداردو ڕێنووسەوە چارەسەر بکەین، ئینجا داوای ئەوە بکەین، کە نووسینی هەموو تابلۆکان بەکوردی بنوسرێن، چونکە تا ئەمانەمان نەبێت، زمانی کوردی هەر بەشێوەزارەکانییەوە دەناسرێت، ئەمەش وادەکات، نەتوانێت هاوبڕکێی ئەو زمانانە بکات کە ستانداردیان هەیە، چونکە لەم حالەتەدا هەر شێوەزارەک لەنووسین و بەکارهێنانی ئەلفبێ و دەستەواژەکاندا خۆی لەشێوەزارەکی دیکە بەشیاوتر دەزانێت، لەمەشدا کێشەی بێ چارە بۆ نووسەرو زمانەوانان دروست دەبێت، چونکە ناتوانن ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ناوەک بکەن کە هاوواتای لەشێوەزارەکی تردا هەبێت لەهەمان کاتدا ناتوانن بەیەک شێوە ڕێنووسەکەشی ڕێک بخەن، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی تریش بینووسن بەڕاست دەزانرێت، ئەمەش وای لە بیرکردنەوەی هەندێ کەس کردووە، کە هانا بۆ بەکارهێنانی زمانەکی بیانی ببەن، بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیەش دەبێت دوو هەنگاوی بنەڕەتی هەڵ بهێنین، ئەویش دروستکردنی ستانداردو ڕێنووسەکی یەکگرتووە بۆ زمانی کوردی، تا زمانی کوردیش بکەوێتە ئاست ئەو زمانانەی کە لەگەڵیدا بەکار دەهێنرێت .

## هەنگاوی یەکەم : دروستکردنی زمانی ستاندارد

لەسەرەتاوە پێویستە ئەو خۆزگەیە بخوازین، کە دروستکردنی یەک ستاندارد بۆ زمانی کوردی ئاواتی هەموو کوردێکە، بۆیە دەبێت هەوڵی بۆ بدەین و بێ ئومێد نەبین لە دروستکردنی، بەلام هەروەک دەزانین، ئەو بارودۆخەی کە زمانی کوردی تێدایە، یارمەتیدەر نییە بۆ بەدیهێنانی ئەم خۆزگەیە، چونکە بێ توانایین لەڕووی دەسەڵاتەوە، لەهەمان کاتدا لەلایەکەوە خاک و شێوەزارەکانمان لەیەکتر دابڕێنراوە، لەلایەکی ترەوە لەهەر بەشەکیدا زمانەکی تری بەسەردا

زاڵکــراوه، ئەمەش وادەکــات بەشــێوەیەک بیــر لەچارەســەرکردنی کێشــەی ستانداردکردنی زمانەکەمان بکەینەوە، کە بەتایبەتمەندی زمانەکەمان بێت و ڕەچاوی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێدا بکرێت، کە زمانەکەمان لە کۆندا پێیدا تێپەڕیــوەو لە ئێســتادا تێیــدا دەگوزەرێــت .ئەگەر لە ســتانداردکردنی زمــانە جیاوازەکان بڕوانین، دەبینین بۆ ستانداردکردنی هەر زمانەک، شێوەزارەکی بە بنـاغە وەرگیـراوە ئینجـا ئەم شـێوەزارە بەشـێوەکانی دیـکە دەوڵەمەنـدکراوەو لەپڕۆسەی خوێنندنا بەکار هێنراوە، هەر ئەم زمانەش لەدامودەزگا فەرمییەکان کاری پێکراوەو لەنووسینی تابلۆکاندا پشتی پێبەستراوە، بەڵام ئەو شێوەزارەی کە بەبناغە وەرگیراوە، یەکەک لەو تایبەتمەندییانەی هەبووە :

١-لە ڕێی دەسـەڵاتەکی سەرتاسـەرییەوە، لە پڕۆسـەی خوێنـدن و نووسـین بەکار هێنراوە، بەمەش باڵا دەستی نواندووەو لەدواتردا زەمینەی ستانداردبوونی بۆ زمانەکە ڕەخساندووە .

٢- دەقەکــی ئــایینی بەو شــێوەزارە نووســراوە، بەمەش پێشــەنگی لەنێــو شێوەزارەکاندا وەرگرتووە، تا بەبناغەی ستانداردی زمانەکە بزانرێت .

٣- لەگەشـەی ئەدەبیدا ئەوەنـدە پێشکەوتوو بـووە، کە شـێوەزارەکانی دیکە ڕکابەرییان پێ نەکراوە، بەمەش ڕۆڵـی ستانداردی زمانەکەی بینیوە، چونکە لە هەموو شێوەزارەکان زیاتر نووسینی پێکراوەو ئاشناتربووە .

ئاشکرایە کە هیچ لەم تایبەتمەندییانە بۆ شێوەزارەکی زمانی کوردی لەئێستاو لەڕابـوردوودا دەسـتەبەر نەبـووە، چـونکە لەکۆنـدا هەرگیـز شـێوەزارەکی لە ڕێگەیەکەوە یـان لەژێـر سـایەی دەسـەڵاتەکی گشـتگیر بەسـەر شـێوەزارەکانی دیـکەدا زاڵ نەبـووە، بەڵکـوو لەهەر سـەردەمەکدا، زمـانەکەی بەپێـی شـێوەزاری میرنشینەکییەوە گەشەیکردووە، هەر ئەو شێوەزارەش لەکاروباری میرنشینەکەدا ڕۆڵـی سـتانداردی بینیـوە، لەئێستاشـدا ئەو ژیـنگەیەی بـۆ نارەخسـێت تـا بە ڕێڕەوەکــی تەندروســتدا خــزمەت بکرێــت و زەمینەیەکــی گونجــاوی بــۆ بەسـتانداردکردن هەبێـت، چـونکە دەسـەڵاتەکی گشـتگیرمان نیـیە، کە گشـت شێوەزارەکانی لەخۆ گرتبێت، تا بتوانێت هەموو پارچەو بەش و شێوەزارەکانی بەبڕیـارەک پابەنـد بکـرێن، بەڵکـوو لەلایەکەوە لەلایەن داگیـرکەران ڕێگـری لـێ دەکرێت، لەلایەکی دی شێوەزار پەرستی پەرەی پێ دەدرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی سـتانداردکردنی زمـانی کـوردی ئـاڵۆزو گـران بێـت، چـونکە لە ئەنجـامی

ئەمەدا هەموو شێوەزارەکانی خۆیان بە هاوبڕکێی یەکتر دەزانن لە هەڵبژاردنیان بەبناغەی ئەو ستانداردەی، کە پێویستە بۆ زمانی کوردی دروست بکرێت، ئەمەش وایکردووە ،بیر لەوە بکرێتەوە، کە دوو ستاندارد لەجیاتی یەک ستانداردی بۆ دروست بکرێت، یەکەکیان لە کرمانجی ناوەڕاست بێت، کە شێوەزاری بابانی تێدا بە بناغە وەربگیرێت، چونکە ئەم شێوەزارە نوێترین شێوەزارە لە نێو شێوە گفتوگۆی خۆیدا، کە زیاتر گەشەی کردبێت و دوا گۆڕانی بەسەرداهاتبێت، ئەوی دیکەیان لە کرمانجی سەروو بێت، کە شێوەزاری بۆتانی تێدا بە بناغە بزانرێت، چونکە ئەم شێوەزارەش لە نێو شێوە گفتوگۆی خۆیدا هەمان سیفەتی شێوەزاری بابانی هەیە، بەڵام لە دروستکردنی ئەم دوو ستانداردەدا دەبێت هەندێ تایبەتمەندی ناوچەیی لاببردرێت لەهەمان کاتدا بە دەستەواژەی شێوەزارەکانی دیکە مووتوربە بکرێن ئینجا بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتە ڕێزمانییەکان و هەڵبژاردنی دەستەواژەکان و لێکدانەوەی ڕیشەی وشەکان، شێوەزارە کۆنەکانی (هەورامی و زازاکی و لەکی و لوڕی و کەلهوڕی......تاد بەسەرچاوەی گەڕانەوە بزانرێن، چونکە ئەم شێوەزارانە کۆنترین شێوە ئاخاوتنی کوردین و نزیکترین شێوەن لە بنچینەی زمانی کوردی کە زمانی میدی و ئاوێستایە، ئەمەش وایکردووە بوون بەستانداردکرنیان بەسەردا تێ بپەڕێت، چونکە گۆڕانی زۆریان بەسەرداهاتووە، کە لەم دوو شێوەزارەو شێوەزارە جیاوازەکانی تردا دەر دەکەوێت .

### هەنگاوی دووەم : دروستکردنی ڕێنووسەکی یەکگرتوو

بەلگە نەویستە، کە ڕێنووسی هیچ زمانەک بێ کێشەو بێ ئاریشە نییە، بۆیە ڕێنووسی کوردیش لەم دیاردەیە بەدەر نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرمەندو شارەزایانی هەر زمانەک، توانیویانە بەتایبەتمەندی زمانەکەیان ڕێگەچارە بۆ گرفتەکانیان دابنێن، ئەمەشیان بەدانانی یاسای نووسین چارەکردووە، ئینجا کە جێبەجێیانکردووە، نووسینی دەستەواژەکانیان وەکوو یەکی لێهاتووە، بۆیە دەبێت ئێمەی کوردیش نووسینی زمانەکەمان بە یاسا ڕێک بخەین، تا بەیاسای پەیڕەوکراو نووسینی وشەکانمان وەکوو یەکتری لێ دەهێت .

بە هەبوونی یاسا ڕاسنووسی و هەڵەنووسی دەستنیشان دەکرێت، بۆیە دەکرێت ڕێنووسی وشەو ناوەکان لەنووسینی تابلۆکاندا وەکوو یەکتری لێ

بكرێـت، بەمەش كێشــەو جیــاوازی نووســین لەتابلۆكــان چــارە دەبێـت، ئەگەر نووســەرانی پــێ فێربكرێـت .بەســەرنجگرتن لە نووســینی ئەو تابلۆیــانەی كە بە زمــانی كــوردی دەنوســرێن، دەبینــین زیــاتر جیاوازییەكــان لەســێ حاڵەتــدا دەردەكەوێـت، یەكەكیـان دەرخسـتنی پلەبزوێنـی تەواو(و)، درێـژی (وو)ە، ئەوی دیكەیـان لكانـدن و نەلكانـدنی وشـەو ئەفێكسـەكانە، ئەوی تریـان نووسـینی نـاوە خوازراوەكـانە، چـونكە هەنـدێ نـاو كە بەجـووت (وو) دەنوسـرێن، هەمـان نـاو لەشـوێنەكی دیكە بەتـاك (و) دەردەخرێت، ئەگەر واتـای وشـەكە نەگۆڕێت وەك (نووسینگە – نوسینگە) هەروەها لەنووسینی ناوە ناسادەكانیشدا كێشەی جیاواز دروست دەبێت، چونكە هەندێ ناو دەلكێنرێن كەچی هەمان ناو لە شـوێنەكی دی بە نەلكێنراوی دەنووسرێت وەك (ڕوون گۆڕ – ڕونگۆڕ) یـان كە نـاوەكی بیانی بەكـار دەهێنرێت، ڕێنووسـی كـوردی و زمـانە بیـانییەكە تێكەڵـی یەكتـر دەكرێت وەك (احمــد- ئەحــمەد)، ئەمەش لەئەنجــامی ئەوەدایە، كە نووســینی كــوردی بەپێشــنیار ڕێكخــراوە، بــۆیە دەتوانرێــت لە هەریەک لەم حالەتــانەدا جــۆرە نووسینەک پەیڕەو بكرێت، چونكە پێشنیار هێزی جێبەجێكردنی یاسای نییە، بۆیە لەبەرامبەر هەر پێشنیارەكدا، كەسانی تر هەن، كە دەتوانن پێشنیاری دیكە بكەن، هەركەســەش پێشــنیاری خــۆی لەیەكەكــی تــر بەڕاســتتر دەزانێــت، ئەمەش وایكردووە، كە نووسـینی تابلۆكـان بەكوردی دەنوسـرێن، هەرچۆنەک بنوسـرێن بەئاسـایی بزانرێت و بەڕاست هەژمـار بكرێن، بەڵام ئەگەر نووسـینی كوردیش بەیاسایی بكرێت، بەمەرجەک یاسـایەكان بە پێی چەند پێوەرەک دابڕێژرێت، كە بە نووســینی زمانەكەمــان بەراورد بكرێــت ئینجــا یاســایەكان وەک پاســاوی ڕاستنووسـی پشـتیان پـێ ببەسـترێت، لەم حـالەتەدا گومـان لەوەدا نابێـت، كە ڕێنووسەكی لەیەكچوو بۆ وشەكان دروست دەبێت و نووسینی ناوەكان وەكوو یەكتـری لـێ دێـت، چـونكە بەپیـی یاسـا، نووسـەرەكان پـێگەی (و)(وو)لەیەكتـر جیادەكەنەوە، كە لە چ حالەتەكدا بەجووت (وو) بنوسرێت و لە چ حالەتەكی تردا بە تــاک (و)، لەهەمــان كاتــدا بــۆ لكانــدن و نەلكانــدنیش، هەر یاســا ڕۆڵــی یەكلاكەرەوە دەبینێت، چـونكە دەتوانرێت لەجیاكردنەوەی بەشـەكانی ئاخاوتندا یاسایەكان دابڕێژرێت بۆ ئەوەی بزانین لە چ حالەتەكدا وشەكان بلكێنرێن و لە چ حـالەتەكی تـردا نەلكێنـرێن، بەهەمـان شـێوە بـۆ نووسـینی نـاوە بیانییەكـانیش دەتوانرێت یاسـایەک دابنرێت، كە ئایـا هەر بەڕێنووسـی خۆیـان بنوسـرێن یـان بخرێنە سەر ڕێنووسی كوردی .

**تێبینی**

لەپاڵ نەبوونی یاسای نووسین و ڕێنووسەکی یەکگرتوودا، نووسینی کوردی کێشەیەکی تری هەیە، کە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، ئەویش بەکارهێنانی دوو ئەلفبێیە، کە ئەلفبێی عارەبی و لاتینییە، چونکە لەم باروودۆخەدا ناتوانرێت ئەلفبێیەکیان کاری پێ نەکرێت و بەتەنیا ئەلفبێیەکەی تر بەکار بهێنرێت، ئەم کێشەیەش درزەکی گەورەی لەنێوان فێرخوازانی کورددا دروستکردووە، چونکە نووسینەکەی لەتکردووە، خوێندەوارو نووسەرانی لەیەکتر دابڕایوەو وایکردووە نەتوانن بە ئاسانی نووسینی یەکتر بخوێننەوە، بۆیە پێویستە ڕێگە چارەیەک بدۆزینەوە، تا فێرخوازی کورد ئەو توانایەی هەبێت بەهەردوو ئەلفبێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، بۆ چارەکردنی ئەم کێشەو جیاوازییەش باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە، کە نووسین بەهەردوو ئەلفبێ هاوتای یەکتر بکرێت، بەواتای ئەوەی تەنیا جیاوازی نیگاری پیتەکانیان لەنێواندا بمێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت، لەهەردوو ئەلفبێدا یەک شێوە نووسین پەیڕەو بکرێت، چونکە لەئەلفبێی عارەبیدا شێوەنووسینی (فۆنەتیکی – فۆنیمی)، بەڵام لەلاتینیدا شێوە نووسینی (فۆنەتیکی – بڕگەیی) پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش جیاوازی لەدەرخستنی بنەماکانی نووسیندا کردووە، چونکە هەندێ بنەما لە ئەلفبێی عارەبی دەردەخرێت، بەڵام لەلاتینیدا دەرناکەوێت لەهەمان کاتدا هەندێ بنەما لەلاتینی دەردەخرێت کەچی لەعارەبیدا دەرناخرێت .

ئێمە لەو باوەڕەداینە، ئەگەر ئەم هاوتاکردنە جێبەجێ بکرێت، خوێندەوارانی هەردوو ئەلفبێ ئاسانتر نووسینی یەکتر دەخوێننەوە، چونکە جیاوازی نووسین و خوێندنەوە لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا، تەنیا بەرامبەرکردنی نیگاری پیتەکان دەبێت، ئەمەش بۆ فێرخوازان ئاسانە، چونکە تەنیا ناسینەوەی پیتەکان فێربوونی دەوێت، بەمەش ئەگەر کێشەی نێوان هەردوو ئەلفبێ بەتەواویش چارەسەر نەبێت، ئاسانکارییەک بۆ فێرخوازانی هەردوو ئەلفبێ دروست دەکات، کە بتوانن نووسینی یەکتر بخوێننەوە .

جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لەپڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا

ئەم پڕۆسەیە باشترین بوارو ژینگەیە بۆجێبەجێکردنی هەردوو هەنگاوی دروستکردنی ستانداردو ڕێنووسی یەکگرتوو، چونکە دەتوانرێت فیرخوازو

خوێندەواران بەو زمانە فێربکرێن، کە بە ستاندارد دەزانرێت، ئەو ڕێنووسەش پەیڕەوبکەن، کە پێی فێر دەکرێن .

ئاشکرایە ئەو زمانانەی کە تەنیا ئاخاوتنیان پێ دەکرێت، هەرگیز هاوبڕکێی ئەو زمانانەیان پێ ناکرێت، کە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیشدا بەکار دەهێنرێن، چونکە نووسین و خوێندنەوەیان پێ ناکرێت، ئەمەش وادەکات بایەخی زمانەکە هەر لە ئاخاوتنی نێو ماڵەکان بمێنێتەوە، هەروەها ئاخاوتن بەتەنیا، زەمینەیەکی ناتەندروستیش بۆ پەرش و بڵاوی زمان دەڕەخسێنێت، چونکە شێوەزارەکانی بەچەندین ئاراستەی جیاوازدا دەبات، کە ئاخێوەرانی لەیەکتر دوور دەخاتەوە تا ڕادەی یەکتر نەناسینەوە، ئەمەش لە داهاتوودا وا دەکات، گرفت و کێشەی زیاتر بۆ زمان پەیدا ببێت، بەڵام ئەو زمانانەی کە خوێندن و نووسینیان پێ دەکرێت، بەشێوەیەکی تەندروست خزمەت دەکرێن و گەشە دەکەن، چونکە وا دەکات شێوەزارەکانیان ئاشنای یەکتر ببێت و لەیەکتر دوور نەکەونەوە، بەمەش زمان لەهەموو بوارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت و زەمینەی ستانداردی ئاسانتر بۆ دروست دەبێت، هەر لەم ڕێیەوەش زمانەکان دەتوانن خۆیان بپارێزن و بەرگەی توانەوە بگرن، چونکە ناتوانرێت زمانی دیکەیان بەسەردا زاڵ بکرێت، بۆیە پێویستە ئێمەی کوردیش گرنگییەکی زۆر بەم پرۆسەیە بدەین و هەوڵ بدەین خزمەتی زمانەکەمانی تێدا بکەین، چونکە زمان تەوەری هەموو ئەو بابەتانەیە، کە لەم پرۆسەیەدا باس دەکرێت، هەروەها بوارەکی فراوانە، چونکە زەمینەی پێگەیاندنی کۆمەڵگاش دەڕەخسێنێت، بۆیە دەتوانرێت بە هەردوو بوار نەوەیەکی تەندروست لەڕووی پەروەردەو فێربوونەوە بەرهەم بهێنرێت، کە کاریگەری لەسەر پێشخستن و گۆڕانی زمان و کۆمەڵگادا هەبێت، چونکە لەپەروەردەکردندا، دەتوانرێت هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و کەلتوورو بیروباوەڕی ئاینی لەدل و دەروونی تاکەکاندا بچێنرێت، لەفێرکردنیشدا، دەتوانرێت خزمەتی زمان بکرێت، چونکە خوێندن و نووسینی پێ دەکرێت، بەمەش زمان قۆناغی پەرتەوازەیی تێ دەپەڕێنێت، زووتر سووری پێگەیشتن و یەک ئاراستەیی وەردەگرێت، هەر بەمەش شێوەزارە جیاوازەکان تێکەل و ئاشنای یەکتر دەبن و ناهێڵێت ئەوەندە لێک دووربکەونەوە تا هەرشێوەیەک بەئاراستەیەک گەشەبکات، کە لەداهاتوودا تێگەیشتنی ئاخێوەرانیان بۆ یەکتر زەحمەت و گران بێت .

هەروەک دەزانـین لە کوردسـتانی باشـووردا، هەرسـێ شـێوە ئاخـاوتن و گفتوگـۆی زمـانی کـوردی، کرمـانجی سـەروو(بادینی) کرمـانجی ناوەڕاسـت (سـۆرانی، بابـانی ، گەرمیـانی) کرمـانجی خـواروو(هەورامی) ئاخێوەریـان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاخێوەرانی ئەم بەشە لە کرمانجی ناوەڕاستن، بۆیە وا شیاوترە ئەو ستانداردە لەپرۆسەی خوێندن و دامودەزگاکانی فەرمارەوایەتی بەکـار بهێنرێـت کە لەسـەر بابـانی دروست دەکرێت، هەر ئەم سـتانداردەش لە نووسـینی تابلۆکانـدا پشـتی پـێ ببەسـترێت، چـونکە ئەم شـێوەزارە هەمـوو سیفەتەکی تێدایە، تا ستانداردی لێ دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەتـوانرا لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەم ستانداردە پەیڕەو بکرێت، چونکە زەمینەیەکی لەبارمـان بـۆ ڕەخسـا، دەسـەڵات دەیتـوانی لەپرۆسـەی فێرکردنـدا بیسـەپێنێت، بـابەت و پرۆگرامـی هەمـوو کتێبەکـانی مەنـهەج بەو زمـانە بنووسـێت و ئەلفبیـی عـارەبی بەکاربهێنێـت، بـۆ یەکخسـتنی ڕێنووسەکەشـی دەیتـوانی، لەجیـاتی پێشـنیارەکان بەدانانی یاسا چارەسـەری ڕێنووسـەکەی بکات، تـا یەک شـێوە نووسـین پەیـڕەو بکرێت، ئینجـا لەم پرۆسـەیەدا فێرخـوازان بەسـتانداردو ڕێنووسـەکی یەکگرتـوو فێربکرابوونایە، تا بەمە ڕێچکەیەک بۆ فێربوونی خوێندەوارانی دروست دەبوو، کە نووسەرانی بەرهەم دەهێنا بەیەک شێوە بنووسن، هەر بەمەش دەکرا کێشەی نووسـین و زمـان و ڕێنووسـی تابلۆکـان چارەسـەر بکرێـت و ئەو جیاوازییـانە نەهێلرێت کە ئێستاکە دەبینرێت .

**تێبینی**

لە پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردنـدا، دەتـوانرا خـزمەت بە سـتانداردی دووەمیش بکرێت، ئەگەر بـۆ کرمـانجی سـەروو لە شـێوەزاری بۆتـانی دروست بکرێـت، چـونکە دەکـرا لەڕێکخسـتنی پرۆگرامەکـانی خوێندنـدا، ڕێزمـان و دەستەواژەی هەردوو ستاندارد بەراوردی یەکتر بکرێت ئینجا فێرخـوازانی پـێ فێربکرێت، بەواتـای ئەوەی دەتـوانرا ئەو خوێنکـارەی کە بە سـتانداردی بابـانی دەیخوێنـد لەسـتانداردی بۆتـانیش شـارەزا بکرێت، ئەوەی بەسـتانداردی بۆتـانی دەیخوێنـد، لەسـتانداردی بابـانیش شـارەزا بکرێـت، ئەمەش لەدوور مەودادا کـاریگەری لەسـەر ڕێڕەوی زمانەکەمان دەبوو، چونکە بەتێپەڕینی قۆناغەکـان،

نەوەیەکـــی خوێنـــدەوار پـــێ دەگەیشـــت، کە ســـتانداردەکی دەزانـــێ و بە ستانداردەکەی دیکە شارەزا دەبوو، ئەمەش وای دەکرد خوێندەوارانی هەموو شێوەزارەکانی دیکە لەم دوو ستانداردە نزیک ببنەوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاخێوەرانیشـدا دەبـوو، چـونکە وای دەکـرد زمـانەکی هاوبەشـی لێکتێگەیشـتنی ئاسان لەنێوانیاندا دروست ببێت، کە لە دواڕۆژدا ببێتە بناغە بۆ دروستکردنی یەک ستاندارد، ئەگەر بارودۆخەکی لەبار بۆ زمانەکەمان بگونجێت .

## چەند ڕاسپاردەیەك

بەهۆکاری ئەوەی کە زمان بۆ ئێمەی کورد، گرنگترین پایەیە کە خۆمانی پێ بپارێزین، بۆیە وا پێویست دەکات لە هەمـوو بوارەکـانی تـر زیـاتر گرنگـی پێ بـدەین، چـونکە مـانەوەی زمانەکەمـان بە واتـای بوونمـان دێـت، هەر بە زمانەکەشـمان دەتـوانین خاوەنـداری لەکەلتـوورو لەمێـژووی خۆمـان بکەیـن و یەکگرتنەوەی نەتەوەییمـانی پێ دروسـت بکەینەوە، لەم پێناوەشـدا دەبێت هەتـا زووە ئەم ڕاســپاردانە جێبەجــێ بکەیــن، تــا خزمەتکردنــی زمــانی کــوردی بەئاڕاستەیەکدا دەڕوات، کە لەشێوەی زمانی نەتەوەکانی چوار دەورمان بێت .

١-دەســەڵات : زەمیــنە بــۆ دروســتکردنی زمــانی ســتانداردی کــوردی بڕەخسێنێت، چونکە هەر ئەو دەتوانێت پاڵپشتی ئەم کارە بکات، بەمەش زمـانی کـوردی دەتوانێـت هـاوبڕکێی زمـانی تـر بکـات لەنووسـینی تابلۆکـان و هەمـوو بوارەکانی دیکەدا .

٢- شارەزایان : یاسا بۆ نووسین دابنێن، چونکە تا نووسینی کوردی یاسای نەبێت، ڕێنووسـەکی یەکگرتـووی بـۆ دروسـت نابێت، ئەمەش وادەکـات کێشـەو جیاوازی لەنێوان نووسینی نووسـەراندا دروست ببێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسـەر نووسینی تابلۆو دامودەزگا فەرمییەکاندا دەبێت .

٣- زمانزانـان : لەڕێـی دەزگـایەکی فەرمییەوە، فەرهەنگەکـی گشـتی لەوشـەی هەموو شێوەزارەکان دروست بکەن، چونکە ئەم فەرهەنگە سوودی بۆ توێژەران دەبێـت، کاریـان ئاسـانتر دەکـات و بەرچاویـان ڕوون و ڕۆشـنتر دەبێـت، لەبەر ئەوەی هیچ توێژەرەک نییە، کە هەموو شێوەزارە کوردییەکان بزانێت، تا کـاری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و بنەچەی بنەما ڕێزمانییەکان و ڕیشەناسی وشەکانی

پێ بکرێت، بۆیە دانانی ئەم فەرهەنگە پێویستییەکە هەرچەندی زووتر بکرێت، سوودی زیاتری دەبێت .

٤- وەرگێڕەکان : سەرچاوە پێویستەکان بۆ خوێندکارانی زانکۆ وەربگێڕن، چونکە بەوەرگێڕانی سەرچاوەکان، زمانی کوردی لەلای فێرخوازان بەهادارتر دەبێت، وا دەکات خوێندکاری کورد ناچار نەبێت، تا سەرچاوەی زمانی بێگانە بەکار بهێنێت، بەمەش هۆگری زمانی خۆیان دەبن و بەزمانی دیکە گۆش نابن، ئەمەش وادەکات بایەخیان بۆ زمانەکەی خۆیان زیاتر بێت .

٥- بیرمەندان : سیستەمەکی پەروەردەو فێرکردن دابنێن، کە لاسایی نەبێت، بەڵکوو خۆماڵی بێت و بەتایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی و لەخزمەتی زمانی کوردیدا بێت، تا فێرخوازەک بەرهەم بهێنێت، کە سوودی بۆ زمان و ئایندەی نەتەوەکەمان دەبێت .

٦- خوێندنی باڵا : لە هەموو بەشەکانی زانکۆ، بایەخی زیاتر بۆ زمانی کوردی دابنێت، چونکە زمان لەم پڕۆسەیەدا باڵایی دەردەکەوێت، بەمەرجەک لەداهاتوودا دەرفەتی کاری بۆ مسۆگەر بکرێت .

لەدوای تێپەڕبوونی ٣٥ ساڵ بەسەر هەبوونی دەسەڵاتەکی خۆماڵی لەکوردستانی باشوور، ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەک ڕوونبۆتەوە، کە خزمەتکردنی زمانی کوردی بەئاراستەیەکی هەڵەدا دەبردرێت، چونکە زمانی کوردی لە هیچ بوارەکدا پێشبەندی بۆ دانانرێت، بەڵکوو تەنیا دەرفەتی ئاخاوتنی لەنێو ماڵەکاندا بۆ هێلراوەتەوە، بۆچارەکردنی ئەمەش دەبێت ئەم ئاراستەیە ڕاست بکرێتەوەو گۆڕانکاری ڕیشەیی تێدا بکرێت، چیتر زمانی تری بەسەردا زاڵ نەکرێت، بەڵام ئەم کارە بە حکوومەت و بەدەسەڵاتەک دەکرێت، کە دڵسۆزو خەمخۆرو شارەزا بێت، خەمی زمان بە خەمی خۆی بزانێت، بە تەگبیری کەسانی بەهرەمەندو سەلیقەداری زمانەوانی دەکرێت، کە بتوانن ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، چونکە حکوومەت و دەسەڵات دەتوانێت، ئەو زەمینەیە برەخسێنێت لەهەمان کاتدا پێداویستییەکان دابین بکات ئینجا بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکاندا بدات، لەمەشدا پێویستە زمانەوانانی کورد پشتگیری هەموو هەوڵ و بڕیارەکی دڵسۆزانە بکەن، ئەگەر بە مەبەستی خزمەتکردنی زمانەکەمان بێت .

## ئەنجام

هەروەک دەزانین کوردستانی باشوور پارچەیەکی بچووکە لە کوردستانی گەورە، بەڵام زۆرترین ئەرک و بەرپرسیاریەتی خزمەتی زمانی کوردی کەوتۆتە سەرشان، چونکە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەڕاددەیەکی زیاتر لەپارچەکانی دیکە لەبەکارهێنانی زمانی کوردیدا کاراترو ئازادتربووە، هەروەها دەزگای فەرمی وەک کۆڕی زانیاری کوردو ئەکادیمیاشی هەبووە، لەهەمان کاتدا بەسیستەمی نوێش لەخوێندندا، بەشێوەیەکی بەردەوام زمانی کوردی تێدا بەکارهاتووە، بەمەش چەند نەوەیەکی لێ بەرهەمهاتووەو پێگەیشتووە، کە بەکوردی دەنووسن و بیر دەکەنەوە، ڕۆشنبیربووینەو دەخوێننەوە، لەکاتەکدا لەپارچەکانی دیکەیدا زمانی کوردی نووسینی پێ نەکراوە یان قەدەغەبووە، بۆیە هەق وایە ئەگەر خزمەت و چاکەی زیاتری کرد بێت بەستایش باس بکرێت، ئەگەر لەئاستی پێویستیشدا نەبووبێت ڕەخنەی زیاتری لێ بگیرێت .

ئەو بارودۆخەی کە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی زاینیش هەڵکەوت، دەرفەتەکی زێڕینی بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی لەم پارچەیەدا ڕەخساند، چونکە هەموو پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان کەوتە بەردەستی خۆمان، بەڵام بەداخەوە کە نەمانتوانی بەپێی پێویست سوود لەم دەرفەتە وەربگرین، تا بە بەرنامە خزمەتی زمانەکەمان بکەین و  پێشی بخەین، چونکە لەجیاتی ئەوەی سیاسەت و پلانی زمانمان هەبێت، بە بەرنامەیەکی نەشیاو بەڕێوەبردرا، شێوەزار پەرستی پەرەی پێدرا، زمانی بیانی بەسەردا زاڵکرا، ئەمەش وایکرد زمانی کوردی بەدەستووری جاران هەر بەشێوەزارەکانی بناسرێتەوە، تاوای لێهات هەندێ کەس بیر لەوە بکەنەوە، زمانی جێگرەوەی بۆ دابنێن، وەک ئەوەی نەتەوەی کورد زمانی خۆی نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین فێرگە بەزمانی بیانی دانرا، کە زمانی ئینگلیزی و عارەبی و زمانی تری تێدا زاڵ دەکرا ئینجا لەگەڵیدا دەرفەتی کارو بژێوی ژیان بەو زمانانەوە گرێدرا، لەپێناو جیبەجێکردن و ڕەواییدان بەم بەرنامەیەش، چەندین پاساوی نابەجێ دەهێنرێتەوەو چەندین قسەی هەق بۆ ئەم مەرامە ناهەقە بەکار دەهێنرێت، چونکە هەندێ کەس دەڵێن، وا پێویست دەکات و ئاساییە، ئەگەر فێرخوازی کورد ئازاد بێت، تا چ زمانەک بەکار دەهێنێت و دەخوێنێت، لەم حالەتەشدا هەموو زمانەک ئەو هەقەی پێ دەدرێت، کە هاوبڕکێی زمانی کوردی بکات، لەکاتەکدا هیچ وڵاتەک، هیچ دەسەڵاتەک، هیچ گەل و

کۆمەڵگایەک نییە لە دنیادا، ئەگەر لەشوێنی گەلی کورددا بێت، کە بوونی خۆی لەمانەوەی زمانەکەیدا دەبینێت، ئەوە قبووڵ بکات، کە بەزمانەکەی دەکرێت، لەئەنجامی ئەمەشدا زمانی کوردی لەجیاتی ئەوەی وەک زمانی یەکەم ڕۆڵ ببینێت، لە زمانەکانی وەک ئینگلیزی و عارەبی کەمتر سەیرکرا، چونکە نەتوانرا داهاتووەکی شایستە بۆ دەرچوانی زانکۆ، بەشی کوردی فەراهەم بکرێت، کە شایانی پسپۆڕی و هەوڵ و ماندووبوونیان بیت، لەهەمان کاتدا لەبازاڕی کاردا بەکەمترین دەرفەت هەلی کار بەزمانی کوردی دەست دەکەوێت، ئەمەش وایکرد ئاخێوەرو فێرخوازی کورد، گرنگی و بایەخیان بۆ زمانەکەی خۆیان نەمێنێت ! زمانی کوردی بەهاوتای زمانان نەزانن ! زمانی بیانی لەزمانی خۆیان بەشایستەتر بزانن ! لەجیاتی ئەوەی هۆگری زمانەکەی خۆیان بن، بەزمانی ترەوە گۆش ببن !

**سەرچاوەکان:**

لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە، بۆیە :

١-بەسەرنجگرتن لە نووسینی تابلۆی شوێنە گەشتیارییەکان و دەزگا فەرمییەکان نوسراوە.

٢- بەبەراوردکردنی بەکارهێنانی زمانەکان لەنووسینی تابلۆکان ڕێکخراوە .

٣-بەڕەچاوکردنی ئەو سیستەمە دانراوە، کە لە خوێندنگاکانی حکومی و ناحکومی لە کوردستانی باشوور پەیڕەو دەکرێت .

٤-لەجیاوازی ئەو ئەلفبێ و شێوەزارانە سەرچاوەی گرتووە، کە لەهۆکارە بینراوو بیستراوو نوسراوەکان بەکار دەهێنرێت .

# ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان

## (توێژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە)

ئازاد وەڵەدبەگی

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد
ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حسێبن

ئەحمەدێ خانی

ڕاستەن مـواچـان فـارسی شـەکـەرەن
کوردی جـــــە فارسی بـەڵ شیرینترەن
پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دونیای بەدکێش
مەحزووزەن هەر کەس بە زوان وێش

خـــانای قوبادی

**پوختە**

زمـانی کـوردی کـۆڵەگەیەکی گرنگـی شوناسـی نەتەوەیـی کـوردە و لە سـەد ساڵی رابردوو، لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسـەر کوردسـتاندا هەوڵێکی زۆر دراوە بـۆ سـڕینەوە و لەنـاوبردنی ئەم زمـانە. لەبەرامـبەردا، گەلـی کـوردیش بەردەوام هەوڵیـداوە بـۆ پاراسـتنی زمـانەکەی وەک بەردی بنـاغەی شـوناس و ئاسایشـی نەتەوەیـی خـۆی. دوابەدوای دامەزرانـدنی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و دەرچوونی دەسـتووری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥ و داننـان بە زمـانی کـوردی وەک زمـانێکی فەرمـی لەسەرانسـەری عێـراق، یاسـای زمـانە فەرمییەکـان ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠١٤ لە هەرێمـی کوردسـتان دەرچـوو وەک هەوڵێکـی یاسـایی بـۆ پراکتیزەکردنی دەقەکانی دەستوور و پارێزبەندییەک بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە هەرێمـی کوردسـتان. لەم تـوێژینەوەیەدا، بـاس لە یاسـای زمـانە فەرمییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (٦) سـاڵی ٢٠١٤ دەکەیـن و تێیـدا خوێنـدنەوەیەک دەکەیـن بـۆ دەقەکـان و نـاوەڕۆکی ئەم یاسـایە و ئەو چوارچێـوە و بـوارانە دەخەینەڕوو کە یاسای زمانە فەرمییەکان دەیانگرێتەوە، لەوانەش بواری یاسـا و دادوەری، دامودەزگاکانی جێبەجێکردن، خوێندن، کار و بازرگـانی و فەرهـەنگ و رۆشـنبیریی. هەروا تیشـک دەخەینەسـەر ئەو ئاسـتەنگانەی کە لە بـواری جێبەجێکـردن و پراکتیزەکردنـدا رووبەڕووی یاسـاکە بـوونەتەوە، لەوانەش ئاسـتەنگە دەرەکییەکـان و ئاسـتەنگە ناوخۆییەکـان ، لە کۆتاییشـدا ئەنجـام و راسپاردەکان دەخەینەڕوو.

کلیلە وشەکان: یاسای زمانە فەرمییەکان، هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی، ئاستەنگەکان، پلان و سیاسەتی زمانی.

## پێشەکی

زمـان یەکـێکە لە بنەمـا و ڕەگەزە پێکهێنەرەکـانی هەر نەتەوەیەک، هەرچـی زمان زیاتر لە ئاخاوتن و خوێندن و نووسیندا بەکار بێت، زیاتر گەشـە دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەگەر زمانێک قەدەغە بکرێت یا پەراوێز بخرێت، ئەوا دەبێتە هێمایەکی نیشتمانی لاواز و لەرزۆک و بەرەو لەناوچوون هەنگاو دەنێت. بەدەر لەوەش، زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندیی و ئاخـاوتن، بەڵکوو وەک چوارچێـوەیەک میراتـی ڕۆشـنبیریی و زانسـتی و مێژوویـی هەر نەتەوەیەک لە ئامێز دەگرێت. زمانی کوردی وەک هێمایەکی سـەرەکی بوونی نەتەوەی کورد، بەدرێژایی مێژوو بە ئێستاشەوە بەردەوام لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسـەردا بەشـکراوە لەبەردەم هەڕەشـەی تواندنەوە و لەناوچووندا بـووە، بەڵام گەلـی کـوردیش سەرسـەختانە هەوڵـی پاراسـتن و پەرەپێـدانی داوە. پاراسـتنی زمـانی کـوردی، ئامـانجێکی سـەرەکی هەمـوو بـزووتنەوە ڕۆشـنبیریی و سیاسییەکانی کوردستان بووە، هەر لە کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستانەوە بگـرە لە سـاڵی ١٩١٠ کە یەکەم قوتابخـانەی کـوردی لە ئەسـتەنبوڵ دامەزرانـد، هەتـا بـزووتنەوە سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکانی هـاوچەرخ. لەم نێوانەشـدا، پـاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ هەوڵەکانی بە فەرمـی کـردن و پەرەپێـدانی زمـانی کـوردی گەیشـتنە چڵەپـۆپەی خۆیـان، چـونکە بـۆ یەکەمجار دەسەڵاتێکی سیاسی-یاسایی لە کوردستان دامەزرا، کە زمانی کوردی کردە زمانی فەرمی خۆی.

دەسـتووری عێـراق لە سـاڵی ٢٠٠٥ لە مـادەی (٤) خۆیـدا بـۆ یەکەمجـار لە مێژووی عێراق و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، دانی بەوەدا نـا کە زمـانی کوردی زمـانی فەرمیـیە لە سەرانسـەری عێراقـدا. ئەمەش بـووە هانـدەر و پاڵپشـتێکی یاسـایی بەهێـز و سـەرئەنجام پەرلەمـانی کوردسـتان یاسـای ژمـارە (٦) سـاڵی ٢٠١٤ یاسـای زمـانە فەرمییەکـانی لە هەرێمـی کوردسـتان دەرکـرد، بەمەش هەوڵەکانی بەفەرمـی ناسـاندن و پاراسـتنی زمـانی کوردی قەڵەمبازێکی گرنگـی بڕی. هەرچەندە دەرچوونی یاساکە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام بەو حاڵەش ئەوەی کە گـرنگە یاسـاکە وەک خـۆی لەڕووی شـکڵ و نـاوەڕۆکەوە جێبەجـێ بکرێت. بەسـەرنجدان بە ئەزمـوونی چەنـد سـاڵی رابـردوو، دەبینـین لەڕووی کـردارییەوە

جێبەجێکردنــی یاســاکە بــێ ئاســتەنگ نەبــووە و لەم تــوێژینەوەیەدا بــاس لەو ئاستەنگانە دەکەین کە ڕووبەڕووی یاساکە بوونەتەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە

پاراستنی زمانی کوردی وەک بەشێکی گرنگی شوناس و ئاسایشی نەتەوەیی کورد، بابەتێکە کە هەمیشە جێی باس و سەرنج بووە لەلایەن بەشێکی زۆری هاوڵاتیان، ڕۆشنبیران، ناوەندەکانی توێژینەوە و دامودەزگا پەیوەندییدارەکان. پاش دەرچوونی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ هەرچەندە ئەم بابەتە دۆخێکی یاسایی پێدراوە، بەڵام بەوحالەش هەڕەشە و مەترسییەکان کۆتاییان نەهاتووە، بابەتەکە بەردەوام جێی سەرنج و بایەخپێدانە، چونکە پەیوەندیی بە بابەتێکی چارەنووسسازەوە هەیە، کە ئەویش پاراستنی زمانی کوردی و شوناس و ئاسایشی نەتەوەیی کوردە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تیشک بخاتەسەر ناوەڕۆکی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و، ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە بخاتەڕوو بۆ ئەوەی لایەنە پیوەندییدارەکان لە هەرێمی کوردستان بەرچاوڕوونییان هەبێت، لە پلان و بەرنامەکانیان لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرن.

## پرسیاری توێژینەوەکە

پرسیاری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەوەی کە ئایا دەرچوونی دەقێکی یاسایی وەک یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، بووەتە هۆی پاراستنی زمانی کوردی لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەوڵی لاوازکردنی پێگەی ئەم زمانە دەدەن.

## گریمانەی توێژینەوەکە

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەرچوونی یاسای زمانە فەرمییەکان بە تەنیا بەس نییە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و نابێتە

هۆی نەهێشتنی هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی، هەربۆیە ئەمەش ئەرکی دامودەزگا پەیوەندییدارەکان قورستر دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی پاراستنی زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژەپێکراو.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، پشت بە میتۆدی وەسفی و شیکاریی یاسایی دەبەستێ لە خستنەڕووی دەقەکانی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ ، بە ڕوانگەیەکی شیکاریی ڕەخنەیی لێیان دەڕوانێ و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی دەخاتەڕوو. هەروا لە هەندێ جێگاشدا بەپێی پێویستی کەڵکمان لە میتۆدی مێژوویی و هەڵێنجان وەرگرتووە.

**پەیکەری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە دووبەش جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام. لە بەشی یەکەم، خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەکەین. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە، باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان و لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو کە پێی گەیشتووین.

١- خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا، هەوڵدەدین تیشک بخەینەسەر یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ کە لەبەر ڕۆشنایی مادەی (٤) دەستووری عێراقدا دەرچووە و، زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی ناساندووە لەسەرانسەری عێراقدا. لەم بەشەدا، سەرەتا باس لە جۆری زمانەکان و پێناسەی زمانی فەرمی دەکەین و پاشان خوێندنەوەیەک بۆ ناوەڕۆکی یاسای ئاماژەپێکراو دەکەین.

**١-١جۆری زمانەکان و پێناسەی زمانی فەرمی**

بەشێوەیەکی گشتی زمانەکان لەڕووی بەکارهێنانەوە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن:

أ- زمانی نیشتمانی: ئەو زمانەیە کە هاوولاتیانی یەک ولات قسەی پێدەکەن و بەکاری دەهێنن لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا وەک زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا و زمانی ئینگلیزیی لە بەریتانیا و ئەمەریکا و.. هتد.

ب- زمانی فەرمی: ئەو زمان یا زمانانەیە، کە لە دەستووری ولاتانی فرەزمانندا دانیان پێدانراوە وەک زمانێکی فەرمی و بەکار دێن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەک لە دەستووری هیندستان (٢٢) زمان و لە دەستووری ئەفریقیای باشوور (١١) زمان و لە دەستووری سویسرا (٤) زمان و لە دەستووری بەلجیکا (٣) زمان و لە دەستووری کەنەدا و عێراقدا (٢) زمان وەک زمانی فەرمی دانیان پێدانراوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەبینین لە مادەی (١/دووەم) بەم جۆرە پێناسەی زمانە فەرمییەکان دەکات: ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمی بوونیاندا نراوە. هەر لە مادەی (٢)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە.

ج- زمانی ناوچەیی یا لۆکاڵی: ئەو زمانەیە، کە لە ناوچە جۆراجۆرەکانی ولاتێکدا بەکار دێت و ئەم زاراوەیە لە داهێنانەکانی نەتەوەی بالادەستە، کە بۆ زمانی نەتەوە کەمینەکان بەکار هاتووە وەک یاسای زمانە ناوچەییەکان ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٣١ کە لە عێراق دەرچووە  یا ئەوەی کە لەناو دەقی مادەی (١٥)ی دەستووری ئێرانی ساڵی ١٩٧٩دا هاتووە و باس لە زمانە ناوچەیی و ئەتنییەکان دەکات، کە بەکارهێنانیان لە ڕاگەیاندنەکان و خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانەکان لەپاڵ زمانی فارسیدا  ئازادە.

سەبارەت بە پێناسەی زاراوەی زمانە فەرمییەکان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ دەبینین لە مادەی (١) دوو جۆرە زاراوەی بەکارهێناوە بەم جۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ زمانی فەرمی: ئەو زمانەیە کە دەوڵەت لە ئاخاوتن و دەربڕین و نووسراوی فەرمی و دراو و پوول و بەڵگەنامە فەرمییەکاندا بەکاری دەهێنێت، ئەویش لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەدا و لە هەموو بوارەکاندا.

دووەم/ زمـانی فەرمـی خـۆجێی: ئەو زمـانەیە، کە بەکارهێنـانە فەرمیـیەکەی سـنووردارە بەو یەکە کارگێڕییـانەی کە قسـەپێکەرانی زۆریـنەی دانیشـتووان پێکدەهێنن.

جیاوازییەکی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و هەرێم ئەوەیە، کە لە یاسای هەرێم باس لە زمانی فەرمی خۆجێی یا ناوچەیی نەکراوە و زمانی پێکهاتەکانی تری وەک تورکمان و سریان و ئەرمەن لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا و لە کـاتی پێویسـتدا، لە پـاڵ زمـانی کوردیـدا زمـانی فەرمـین. ئەم جیـاوازییەش لەڕاستیدا بۆ جیاوازیی لە عەقڵیەتی بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە لەنێوان یاسادانەری عێراقی و کوردستانی، کە ئەوەی یەکەمیان بەردەوام هەوڵی بچووککردنەوەی زمانی کەمینە نەتەوەییەکان دەدات.

## ١-٢ خوێندنەوەیەك بۆ یاسای زمانە فەرمییەکان

یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ لە دە بەش و (٢٧) مادە پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، باس لە پێناسە و زاراوەکان دەکات و لە بەشی دووەم باس لە بنەما و ئامانجەکان دەکات، بەڵام لەڕاستیدا یاسـادانەر هـیچ ئامـانجێکی بـاس نەکـردووە و پێـدەچێ ئەم خـاڵە گـرنگە لەبیرکرابێت. یاسادانەر لە بەشـی سـێیەم، ئامـاژە بە زمـانی یاسـا و دادگاکـان دەکـات. لە بەشـی چـوارەم، باسـی لە زمـانی دامودەزگاکـانی حکـومەت و دامەزراوەکانی دیکە کردووە. لە بەشی پێنجەم، تیشکی خستۆتەسەر زمانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان. لە بەشی شەشەم، ئاماژەی بە زمانی کار و بازرگـانی داوە. لە بەشـی حەوتەم، باسـی لە زمـانی فەرهەنـگ و رۆشـنبیری کردووە. لە بەشی هەشتەم، ئاماژەی بە زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان کردووە. لە بەشـی نـۆیەم، تیشـکی خستۆتەسـەر ئەو سـزایانەی کە لە ئەنجـامی جێبەجێنەکردنی یاساکە دەسەپێندرێن و لە بەشی دەیەم و کۆتایی ئاماژەی بە مادە دوماهییەکان داوە.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لە یاساکەدا پێنج بواری بۆ بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان دیارکردووە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١-٢-١ زمانی یاسا و دادگاکان (دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری)

بەوپێیەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری، دوو دەسەڵاتی گرنگی وڵاتن، هەربۆیە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە چوارچێوەی کار و دەسەڵاتەکانیاندا بایەخی خۆی هەیە و، دەبنە هۆی فراوانبوون و قاڵبوونی زمانی کوردی لە بوارەکانی یاسا و دادوەریدا. لە مادەی (٤ و ٥)ی یاسای زمانە فەرمییەکان، ئەو ئەرکە خراوەتە ئەستۆی پەرلەمان کە دەبێت پرۆژە یاسا وبڕیارەکان و پەیڕەو و ڕێنماییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی ئامادە بکرێن و دەربکرێن و، هەروا دەبێ یاسا و بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بن و دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە. هەروا نابێ ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەریش لەبەرچاو نەگیرێت لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی، هەربۆیە یاساکە ڕۆڵی ئەو دامەزراوەی بە بایەخدار زانیوە لە چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان و، لە مادەی (٦)دا ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیارەکانی دادگاشەوە دەبێ بە زمانی کوردی بنووسرێن و ئەگەر لایەنێکی داواش کوردی نەزانی، ئەوا دەبێ وەرگێڕی بۆ دابین بکرێت.

بە سەرنجدان لە کاری پەرلەمانی کوردستان دەبینین، ناوەڕۆکی یاساکە بە باشی جێبەجێکراوە و ئێستا پرۆژە یاساکان بە زمانی کوردی ئامادە دەکرێن و نامەکارییەکانی پەرلەمانیش هەر بە زمانی کوردییە. سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریش نووسراو و کۆنووس و ڕێکارەکانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکان لە سنووری دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی و گەرمیان بە زمانی کوردین، بەڵام لە سنووری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک هێشتا بەکارهێنانی زمانی عەرەبی هەر ماوە و هەموو ڕێکارەکان نەکراونەتە کوردی. سەبارەت بە بڕیاری دادگاکانیش لەسەر ئاستی هەرێم، سەرەڕای دوافەرمانی ئەنجومەنی دادوەری بە ژمارە (٦٧) لە ٢٠٢٠/٩/٢٦، کە تێیدا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بە (بەکوردی کردنی بڕیارەکانی دادگا و هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق) و تەنها لە کاتی پێویستدا بە زمانی عەرەبی بنووسرێت، بەڵام لەڕاستیدا، هێشتا بەشی زۆرینەی بڕیارەکانی دادگاکان هەر بە زمانی عەرەبین و بە تەواویی نەکراون بە کوردی. هەروا ئەوەی جێی سەرنجە بڕیارەکەی ئەنجومەنی دادوەری بە تێکڕای دەنگ

نەبووە، بەڵکوو بە زۆرینە بووە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە هێشتا هەموو ئەندامانی ئەنجومەن لەگەڵ بەکوردی کردنی بڕیار و ڕێکارەکانی دادگا نین، جگە لەوەش دادگاکانی بە تەواویی ناچار نەکردووە کە پێویستە زمانی کوردی بەکار بهێنن، بەڵکوو دەرفەتێکی هێشتووەتەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی.

## ١-٢-٢ زمانی دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)

دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەپاڵ دوو دەسەڵاتەکەی تر، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی، هەربۆیە یاسای زمانە فەرمییەکان لە مادەکانی (٧-١٢) ئەم بابەتەی ڕێکخستووە. لە مادەی (٧) زمانی کوردی بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستوورییی و فەرمانگەکانی هەرێم داناوە. لە مادەی (٨) باس لەوە دەکات کە زمانی نووسین و پەیوەندیی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی تری عێراق بە زمانی کوردی و عەرەبییە. بۆ پەیوەندیی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان، زمانی کوردی و هەر زمانێکی تر کە پێویست بێت بەکار دێت. لە مادەی (٩) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ڕێککەوتنەکانی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان بە زمانی کوردی و زمانی لایەنی بەرامبەر بێت. لە مادەی (١٠) ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە تابلۆی سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان بە کوردی و عەرەبی بن بەڕەچاوکردنی زمانی پێکهاتەکانی تر، بە مەرجێک زمانی کوردی لە سەرەوە بێت. هەروا سەبارەت بە تابلۆی نووسینگە و کونسولگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان، جگە لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی دەتوانن زمانی خۆشیان بەکاربهێنن. لە مادەی (١١) هەموو دەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی ناچار دەکات لە کاتی مامەڵەیان لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێم، پێویستە لە فۆرم و نووسینەکانیان زمانی کوردی بەکار بهێنن. لە مادەی (١٢) باس لەوە دەکات، کە تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردنی و عەرەبی و ئینگلیزیی دەبن، بە مەرجێک نووسینە کوردییەکە لە سەرەوە بێت و دەرکەوتووتر بێت، هەروا پێویستە تابلۆی ئوتۆمبێلەکان بە زمانی کوردی بنووسرێن.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، ناوەڕۆکی بەشێکی ئەم مادانە وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە نووسراوەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی هەر بە عەرەبییە و زمانی کوردی بەکار ناهێنن، یا خود دامودەزگا حکومی و ناحکومییە بیانییەکان وەک پێویست زمانی کوردی، تەنانەت لە کاتی مامەڵەیان لەگەڵ هاوڵاتیان هەرێم بەکارناهێنن و پتر زمانی ئینگلیزیی و هەندێ جاریش عەرەبی بەکاردەهێنن و زمانی کوردی وەک پێویست و بەگوێرەی ناوەڕۆکی یاساکە بەکارنایەت. هەروا سەبارەت بە تابلۆی دووکان و شوێنە بازرگانییەکان، لە واقیعی کرداریدا ئەوەی کە بەدیدەکرێت جۆرێک لە بێسەروبەریی دەبینرێت و، هەر کەسەو بەگوێرەی میزاجی خۆی زمانەکانی کوردی یا عەرەبی یا ئینگلیزی یا بەشێوەی تێکەڵاو بەکار دەهێنێت و، زۆر جار دەبینین کە لە تابلۆکاندا زمانی کوردی هەر بەکار نایەت، جگە لەوەی کە زۆر جار هەڵەی زەق لە رێنووس و شێوازی نووسینە کوردییەکاندا بەدی دەکرێت. هەروا لە مادەی (٧) کە ئاماژە بە زمانی فەرمی حکومەتی هەرێم دەکات، دەبوو زمانی ستانداردی کوردی دەست نیشان بکردایە لەگەڵ دیارکردنی رێنووسی ستانداردی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی هیچ گومان و مشتومڕێک لەم بارەیەوە، چونکە لە واقیعی کرداری لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست زمانی فەرمییە و لە پارێزگای دهۆک زاراوەی کرمانجی سەروو زمانی فەرمی حکومەتە، کە ئەم بابەتەش لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ناکۆکە، چونکە بوونی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بەهێزترین سەرچاوەیە بۆ یەکخستنی تواناکانی هەر نەتەوەیەک و دروستکردنی کەلتوورێکی هاوبەش و یەکدەست و رێگا لە دابەشبوون دەگرێت.

**١-٢-٣ زمانی خوێندن**

بەگوێرەی مادەی (١٣) لە یاساکە، زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراق. بەگوێرەی ئەم دەقە یاساییە، پێویستە زمانی کوردی زمانی یەکەمی خوێندن بێت لە هەرێمی کوردستان و هیچ جیاوازییەک نەکراوە لەنێوان ناوەندەکانی خوێندنی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی نەوەیەک پێبگەیەندرێت کە زمانی خوێندن و

هزرینی بە زمانی کوردی بێت. ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان رەوتێکی سیاسی- ئـابووریی هەیە، کە بـووەتە دارێـژەری سیاسـەتی پەروەردەیـی و مەرج نـیە خواست و روانگەکانی ئەم رەوتە، رەنگدانەوەی خواست و روانگەی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستان بێت بۆ داهاتوو. زۆرجار ئەم رەوتە سیاسی- ئابوورییە، لەژێر کاریگەریی و هەژمـوونی ئەو گوتـارە باڵادەسـتە جیهـانییەدایە، کە ئەوان زیـاتر ئاشـنایەتییان لەگەڵیـدا هەیە و زمـان و فەرهەنگـی ئەم گوتـارە جیهـانییە زمانی ئینگلیزییە، هەربۆیە بەشێکی هەژمـوونیی زمان و فەرهەنگی ئینگلیزیی لە کوردستان رەنگدانەوەی سیاسەتی ئەم رەوتەیە. گەرچی وەزارەتی پەروەردە زمانی کوردی کردووەتە زمانی خوێندنی لە قوتابخانە حکومییەکان، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا مۆڵەتی بە سەدان قوتابخانەی کەرتی تایبەت داوە کە زمانی یەکەمی خوێنـدنیان زمـانی ئنگلیـزییە، ئەمەش بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و نـیمچە راستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی کوردی داناوە وەک زمانی فەرمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان. هەروا سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاش، هەنگاوێکی کرداریی و گرنگ ئەنجام نەدراوە بۆ بە کوردی کردنی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەک دەبینین لە واقیعی کرداری، ئەم مادەیە لە کەرتی خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردسـتان وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت و، زمـانی ئینگلیـزی بـووەتە زمـانی یەکەمـی خوێنـدن و بەداخەوە ئێسـتا نەوەیەک پێگەیشـتووە کە نەک هەر زمانی کوردی بە باشی نازانێت، تەنانەت فۆنتیکی قسەکردنیشی کوردی نیە و پێیان شەرمە بە کوردی قسە بکەن. سەرەڕای ئەوەی فێربوونی زمانی بیانی و بەتایبەت زمانی ئینگلیزیی ئەمڕۆ بە پێویست دادەنرێت، بەڵام نابێت ئەمە لەسەر حیسابی پەراوێزخستنی زمانی کوردی بێت.

### ١-٢-٤ زمانی کار و بازرگانی

یاسادانەر لە مادەکانی (١٤-١٩) ئەم بابەتەی رێکخسـتووە و لە مادەی (١٤) باس لەوە دەکات، کە پێویستە گشت کومپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت زمـانی کـوردی بەکـاربهێنن، بەکارهێنـانی زمـانی بیـانی بەپێـی پێویسـتی خزمەتگـوزاریی و زمـانی بەکـارهێنەران ئـازادە. لە مـادەی (١٥) ئامـاژە بەوە دەکات، کە بۆ دامەزراندن یا کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا

ئەوانەی زمـــانی کـــوردی دەزانـــن دەرفەتـــی وەرگرتنیـــان زیـــاتر دەبێـــت، بەڕەچاوکردنی پسپۆڕیی و تایبەتمەندیی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیاکاندا. لە مادەی (١٦) تیشک دەخاتەسەر ئەوەی کە پێویستە لە پەیوەندیی نێوان خاوەنکار و کارمەنـدەکانی (بە گرێبەستیشـەوە) زمـانی کـوردی بەکاربهێنرێـت، دەکرێـت لەپاڵیدا زمانی دیکەش بەکاربهێنرێت. مادەی (١٧) باس لەوە دەکات، کە پێویستە هەموو جۆرە ریکلام و بانگەشـە و ئاگاداریییەکی کـار و بازرگـانی لە هەرێم بە زمانی کوردی بێت و، دەکرێت لەگەڵیدا زمانی دیکەش بەکاربهێنرێت. لە مادەی (١٨) دەڵێـت: پێویسـتە هەمـوو شـتومەک و کەلـوپەل و کـاڵایەک کە لە هەرێـم بەرهەم دەهێنرێت بە زمانی کوردی رێنمایی لەسـەر بنووسرێت. هەروا دەزگـا پەیوەندییـــدارەکان و کۆمپانیاکـــانی هـــاوردەکردنی خـــواردن و دەرمـــان بە وەرگێڕانـی رێنماییەکـان بە زمـانی کـوردی پابەنـد دەکـات. مـادەی (١٩) جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە پێویسـتە فـۆرمی داواکـاری و پـارەدان و وەرگـرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسولە و زەرف و...هتد، بە زمانی کوردی بن، بەکارهێنانی زمانی دیکەش لەپاڵیدا رێگەپێدراوە.

بەو پێـیەی ناوەنـدەکانی کـار و بازرگـانی ناوەنـدگەلێکی گـرنگن، هەربـۆیە یاسـادانەر لە داڕشـتنی سیاسـەتی زمـانی ئەو ناوەندانەشـی لە یـاد نەکـردووە، چونکە وا هەسـت دەکرێ بەهـۆی فراوانیـی کـاڵا و براندی بیـانی لە بازاڕەکـان، زمانی کوردی بەڕێژەیەکی بەرچاو لەو ناوەندانە پاشەکشەی کردووە، ئەگەرچی یاسـاکە بەهـۆی واقیعـی زاڵ بەسـەر بـازاڕ، بەکارهێنـانی زمـانی بیـانی فەرامـۆش نەکردووە و لەم بارەیەوە نەرمی نواندووە، بەڵام بەڕوونی ئەوەی چەسپاندووە کە پێویستە زمانی کوردی لەو بوارانەدا ئامادەیی بەرچاوی هەبێت.

بە ســـەرنجدان لە دەقـــی ئەو مـــادانەی کە لە ســـەرەوە ئاماژەمـــان پێکـــرد، سـەرەڕای ئەوەی کە وەک دەقـی یاسـایی کـاری بـاش کـراوە، بەڵام لە واقیعـی کــرداری یاســاکە وەک خــۆی جێبەجــێ نەکــراوە، بە تــایبەت مــادەی (١٥) کە دەبینرێت لەو ئاگادارییانەی کە بۆ دامەزراندن لە کەرتی تایبەت بڵاو دەکرێنەوە لە هەرێمی کوردستان، بەزۆریی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کراونەتە مەرج بــۆ دامەزرانــدن و بە دەگــمەن دەبنیرێــت زمــانی کــوردی کــرابێتە مەرجــی دامەزراندن، کە ئەمەش بە کردەوە دەرفەتی دامەزراندن لەبەردەم لاوانی کورد

کەمتر دەکاتەوە و زمانی کوردی لە دامەزراندن بە تەواویی پشتگوێ خراوە، کە ئەمەش پێچەوانەی دەقی روون و ئاشکرای یاسایە.

هەروا خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە، کە لە ناولێنانی شار و گەڕەک و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەنانەت هوتێل، چێشتخانە، قوتابخانە و زانکۆ تایبەتەکان و...هتد، پتر وشەی ئینگلیزی بە کار دێت و، زمانی کوردی لەم شوێنانە بووەتە قاچاخ و بەکار نایەت، کە پێویستە لایەنە بەرپرسەکان پێداچوونەوەیەک بەم شێوازی ناولێنانە بکەنەوە و وشەی کوردی جوان و لەباریان بۆ دابنێن و بیکەنە مەرج لەسەر ناولێنانی ئەو شوێنانە.

### ١-٢-٥ زمانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی

لە بەشی حەوتەم مادەکانی (٢٠-٢١) تیشکیان خستۆتە سەر ئەم بوارە. لە مادەی (٢٠) ئاماژە بەوە دەکات کە میدیا و ناوەندی کلتووریی لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لە کاتی پێویستدا زمانی دیکەش بەکار دەهێنرێت. هەروا پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمیش بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت. لە مادەی (٢١) باس لەوە دەکات، کە لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتووریی بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدا بێت لەپاڵ زمانە بیانییەکەدا. هەروا هەر کارێکی هونەریی و کلتوریی کە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت.

هەر لە کۆنەوە، لە بواری رۆشنبیریی و هونەریی گرنگییەکی باش بە زمانی کوردی دراوە و دەتوانین بڵێین بەشی هەرەزۆری بەرهەم و بڵاوکراوەکان بە زمانی کوردی لەم بوارەدان، بەڵام بەو حاڵەش هێشتا زمانی کوردی تەنانەت لەچاو زمانانی دەوروبەریش لەم بارەیەوە زۆر هەژارە و، ئەمەش وایکردووە کە خوێنەری کورد بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی خۆی لەم بوارە و ئاشنابوون بە بابەتە نوێیەکانی رۆشنبیریی و هونەریی پەنا بباتە بەر زمانەکانی دیکە، هەربۆیە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش پیویستی بە کاری جیدی و هەمەلایەنەی دامودەزگا پەیوەندییدارەکان بە تایبەت وەزارەتی رۆشنبیریی هەیە.

**١-٢-٦ لایەنی جێبەجێکاری یاساکە**

لە مادەی (٢٥) یاساکەدا هاتووە: "پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندییدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن". لەڕاستیدا، ئەم مادەیە سەرکەوتوو نەبووە لە دیارییکردنی لایەنی جێبەجێکاری یاساکە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەوەی ڕۆح بکرێت بە بەر دەقەکانی یاسادا، چونکە ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم و قورسە بۆ دەسەڵاتەکانی تر کە لەم بارەیەوە ملکەچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بن، باشتر دەبوو ئەگەر کۆمیسیۆنێکی باڵا دروستکرابا کە نوێنەری هەموو دەسەڵات و لایەنە پەیوەندییدارەکانی وەک (سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، ئەکادیمیای کوردی و...هتد) تێدا بوایە بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بکرێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و هاوئاهەنگی لەنێوان هەموو دامودەزگاکان دروست بکردایە.

لەڕاستیدا، هەندێ جار لایەنی سەرپێچیکار خودی دامودەزگاکانی کەرتی گشتین، هەربۆیە قورسە لایەنی سەرپێچیکار خۆی سزای خۆی بدات. لە هەمان کاتدا دامودەزگا حکومییەکان هەریەکەو ئەرکی خۆی هەیە، کە لەوانەیە زۆرجار نەپەرژێنە سەر گرنگیدان یا جێبەجێکردنی ئەم یاسایە. هەربۆیە، دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان کە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی خۆی بێت یەکێکە لە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کە بە داخەوە یاسادانەر فەرامۆشی کردووە.

٢- ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان

سەرەڕای ئەوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە مادەی (٤)ی خۆیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە عێراقدا و پاش دەرچوونی یاسای زمانە فەرمییەکانیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤، بەڵام بەو حاڵەش دەبینین سەرباری ئەوەی کە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم زمانی کوردی بە زمانی یەکەم دادەنێت لەناو هەرێمی کوردستان، بەڵام ئاستەنگ و بەربەستی زۆر هەن لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکە و هەتا ئێستا ناوەڕۆکی یاساکە وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە. لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا، هەوڵدەدین تیشک بخەینەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە

لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکەدا هەن و دابەشی دەکەین بەسەر دوو جۆری ئاستەنگە دەرەکییەکان و ئاستەنگە ناوخۆییەکان بەم جۆرەی خوارەوە:

## ٢-١ ئاستەنگە دەرەکییەکان

مەبەست لە ئاستەنگە دەرەکییەکان، ئەو ئاستەنگانەن کە سەرچاوەی کاریگەرییان لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانن و، لە هەمان کاتدا بەشێوەی راستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر پەراوێزخستن و لاوازکردنی زمانی کوردی و، بە کردەوە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجیکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان و بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ٢-١-١ بە جیهانیبوون و باڵادەستی زمانی ئینگلیزی

بە جیهانیبوون بە واتای داڕووخان و تێپەڕاندنی سنوورەکان دێت لەسەر ئاستی جیهان کە رەهەندە ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەگرێتەوە و، لە ئەنجامدا پێکهاتە لۆکاڵییەکان دەبنە جیهانی. ئەم پرۆسەیە، ئەوەندە بەربڵاوە کە کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە، بە جۆرێک کە هەندێک لە خاوەنڕایان بە گەورەترین رووداوی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدەن. لەئەنجامدا، هێزە باڵادەستەکان لەڕووی کەلتووریی، ئابووریی و...هتد، کاریگەریی لەسەر زمان و کەلتوور و رۆشنبیریی گەلانی دیکە دادەنێن و دەبنە هۆی لاوازبوون و کاڵبوونەوەیان، کە ئەمەش تێکدان و لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی گەلانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە، دەبینین بەجیهانیبوون بووەتە هەڕەشە لەبەردەم کەلتوور و زمانی نەتەوەکانی دیکە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی دەرەکی. لەلایەکی ترەوە، وەک بەشێک لە پرۆسەی بەجیهانیبوون، زمانی ئینگلیزی بە حوکمی باڵادەستی ئابووریی، سیاسی، رۆشنبیریی، سەربازیی ئەمەریکا و بەریتانیا جێگای بە زمانەکانی دیکە لێژ کردووە و هەژموونی لەسەر هەموو بوارەکاندا کردووە و بە ئاست و پلەی جیاواز هەڕەشەی لەسەر زمانەکانی تر دروست کردووە، هەربۆیە زانایان ئەمە بە (جیهانگیریی زمانی) ناوزەد دەکەن. خۆبەدەستەوەدانی فەرهەنگە لۆکاڵییەکان لەهەمبەر فەرهەنگی جیهانی، یەکێکە لەو تەوەرانەی کە پاساو بۆ بەجیهانبوون دەهێنێتەوە، کە دیوەکەی تری خۆبەدەستەوەدانی دەستەبژێری

سیاسییه لەبەرامبەر فەرهەنگی جیهانی. سڕینەوەی ڕەوایەتی فەرهەنگی لۆکاڵی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ فەرهەنگی جیهانی دەبێتە میکانیزمێک بۆ پووچەڵکردنەوەی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی لۆکاڵی. هەربۆیە، زمانی کوردیش لەناو باهۆز و زریانی ئەم بەجیهانیبوونەدا و چەرخی مردنی زمانەکان و هەژموونی زمانی ئینگلیزیی، بە ڕێڕەوێکی سەخت و پڕ کەند و لەندا تێپەڕ دەبێت.

نابێ ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین کە جیهانگیریی زمانی ئینگلیزیی، ئەمڕۆ هەموو کایەکانی ژیان و تەنانەت هەموو وڵاتانی جیهانیشی گرتۆتەوە، کە زمانی کوردیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە و پێویستە لایەنە بەرپرسەکان لە حکومەتی هەرێم، پلان و بەرنامەی کاریگەرییان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەژموونییە و بتوانن بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووریی، یاسایی، ڕۆشنبیریی و پەروەردەییەکان و...هتد، لەناو کۆمەڵگادا فراوان بکەن و جێ پەنجەی زمانی کوردی لەو بوارانەدا بەهێزتر بکەن.

**٢-١-٢ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان**

پێشکەوتنی زانستی و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لەم سەردەمەدا، وایکردووە لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆژیایە زمان و کەلتووری زمانە باڵادەستەکان بێنە ناو زمانی گەلانی بەکارهێنەر. بۆ نموونە سەدان وشە و زاراوەی زمانی ئینگلیزیی، لەڕێگای سوشیال میدیا و تۆڕی زانیارییەکان هاتووەتە ناو زمانی ڕۆژانەی خەڵک و بەکاری دەهێنن، کە لەگەڵ ئەم وشانەدا لایەنی زمانی و نازمانی (کەلتوور)ی زمانی زاڵ دێتە ناو زمانی کوردی و بەرەبەرە مەوداکانی بەردەم زمانی کوردی بەرتەسک تر دەکەنەوە، ئەم بابەتەش ئەگەر بە وشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم زمانی کوردی. هەربۆیە، پێویستە گرنگی بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بدرێت لە هەموو دەربڕین و زاراوەکان لەو بوارەدا و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زمانی بیانی، تەنیا لە کاتی پێویست و بەشێوەیەکی کاتی نەبێت، هەتا زاراوەی کوردی گونجاویان بۆ دادەنرێت.

سەرەڕای گرنگی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا، بەڵام دەبینین گەلان و نەتەوەکانی دیکەی

جیهـــان بە پـــلان و بە وشـــیارییەوە مـــامەڵە لەگەڵ ئەم بـــابەتەدا دەکەن و، هەوڵـــدەدەن لەڕێگـــای هاوئـــاهەنگی لەگەڵ دامودەزگـــا و کۆمپانیاکـــانی بەرهەمهێـــنەری ئەم تەکنۆلۆژیـــایە، زمـــانی خۆیـــان بـــخەنە ریـــزی زمـــانە بەکارهاتووەکـــان لەنـــاو ئەو تەکنۆلۆژیـــانە. پێویســـتە لایەنـــی پەیوەندییـــدار لە حکـــومەتی هەرێمـــیش، ئەم بـــابەتە لەبەرچـــاو بگرێـــت و هەوڵ بـــدات وێـــڕای کەڵکوەرگرتن لەو تەکنۆلۆژیایە لەناو کۆمەڵگا، ئەوا کەمترین مەترسی بۆ سەر زمانی کوردی بە جێ بهێڵێت.

### ٢-١-٣ سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر

ئەو دەوڵەتـانەی کە کوردسـتانیان لەنێـوان خۆیانـدا دابەشـکردوە هەر زوو هەوڵیانـدا، کە بە جۆرێـک لە جۆرەکـان زمـانی کـوردی لەنـاو بـبەن یـا خـود پەراوێزی بخەن. ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم بە ڕێژەیەکی باش گەشەی کرد و، کورد هەتا ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی سەدەی بیســتەم کێشــەیەکی ئـاڵۆزی زمـانەوانی و ڕێنووســی نەبــوو و شــاعیران و نووسـەرانی کوردیش بەو زمانە نووسـیویانە و خـوێنەری کـوردیش لە هەمـوو بەشەکانی کوردستان دەیتوانی بیخوێنێەوە و ئاگای لەسەرجەم کایەکانی زمانی کوردی بێت. پاش سەرهەڵدانی دەوڵەتانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا، ئەم دەوڵەتانە هەوڵیاندا سیاسەتی تواندنەوەی زمانی کوردی بگرنەبەر و بەردەوام ئەو بیرۆکەیەیان پەرەپێدەدا کە کوردی زمان نیە، سەربەخۆ نیە و مێژووی نیە و، هەروا هەوڵیانداوە لەڕێگای یاساییەوە ڕێگریی لەبەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی دروست بکەن لە بواری خوێندن و پەروەردە و رووبەرە گشتییەکاندا، کە تەنانەت هەندێ جار گەیشتووەتە ئاستی قەدەغەکردنی زمانی کوردی. بەدەر لەمەش، ئەو وڵاتانە هەندێ جار هەوڵیانداوە ئاژاوەی زمانی لەناو زاراوەکانی زمـانی کوردیـدا دروسـت بـکەن و شـەڕی زاراوەکـان و بەرتەسـک کـردنەوەی زمانی کـوردی پەیـڕەو بکەن و هەوڵـی دابڕانـدنی ئەو زاراوانە بـدەن لە زمـانی کوردی و بە زمانی سەربەخۆ بیانناسێنن وەک زاراوەکانی هەورامی، لەکی، زازا و...هتد. هەربـۆیە زمـانی کـوردی، وەک تایبەتمەندییەکی جەوهەریـی شوناسـی کورد، یەکێک بووە لە یەکەم و گرنگترین ئامانجەکانی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی ئەو دەوڵەتـانە. هەوڵە بەردەوامەکـانی دەوڵەتـان، بـۆ سـنووردارکردنی بـوونی

شوناسی کورد لە کایە گشتییەکاندا بریتی بووە لە سنووردارکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بە زمانی عەرەبی و ئەوانیتر و، هەروەها سنووردارکردنی دەربڕینی زمانی کوردی لە پراکتیزە کولتوورییەکاندا.

هەروا لە عێراق سەرەڕای ئەوەی کە دەستوور دانی بە زمانی کوردیدا ناوە وەک زمانێکی فەرمی و یاسای زمانە فەرمییەکانی ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە، بەڵام دەبینین رووبەری بەکارهێنانی ئەو زمانە لە ناوچەکانی بندەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لە ئاستی نەبووندایە و تەنانەت هیچ نووسراوێکی فەرمی بە زمانی کوردی لە دامودەزگاکانیان وەرناگرن و کاری پێناکەن. سروشتییە کە ئەم جۆرە سیاسەتە، نائومێدی و رەشبینی لەناو هاوڵاتیانی کورد لەم وڵاتەدا دروست دەکات و لە هەمان کاتدا شەرێکی دەروونییە دژ بە هاوڵاتیانی کورد کە رۆژانە پەیڕەوی دەکەن.

### ٢-٢- ئاستەنگە ناوخۆییەکان

مەبەست لەم ئاستەنگانە ئەوانەن، کە پەیوەندییان بە خودی زمانی کوردی یا دامودەزگا ناوخۆییە پەیوەندییدارەکانی حکومەتەوە هەیە، کە بەرپرسن لە جێبەجێکردن یا گرنگیدان بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان وەک زمانێکی فەرمی.

### ٢-٢-١ نەبوونی دەوڵەت

لەڕاستیدا بە دەوڵەت نەبوونی کوردستان ئاستەنگێکی سەرەکییە لەبەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی، چونکە هەتا کوردستان بەشێک بێت لە دەوڵەتی عێراق، بە کردەوە دەبینین سەرەڕای بە فەرمی ناسینی زمانی کوردیش وەک زمانێکی فەرمی لە مادەی (٤) دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، کە ئەم راستییە لە مادەکانی (٣-٩) یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە تەنیا رواڵەتییە و، تەنانەت دژایەتییەکی فراوانیش هەیە بۆ گەشەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراقدا. سروشتییە کە ئەم دۆخە، کاریگەریی هەبووە لەسەر گەشەکردن و پەراوێزخستنی زمانی کوردیش لە هەرێمی کوردستان.

هەروەک مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت: "ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە هەموو کوردستان فەرمانڕەوا بوو، بە ناچاری دەبێت زمانێکی رەسمی هەبێت بە کاری دەوڵەت و سەقافەتش بێت، بێگومان شێوازێکی پوختی بە ملەوە دەبێت و گرفتیش نایەتە پێش لە دۆزینەوەی ئەو زارەدا".

## ٢-٢-٢ نەبوونی یەك زمانی ستاندارد

زمانی کوردیش وەک هەموو زمانەکانی تری جیهان، لە کۆمەڵێک دیالێکت و زاراوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە، کە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و ئەمەش دۆخێکی ئاساییە، چونکە لە هەموو زمانە پێشکەوتووەکانی جیهانیشدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت. هۆکاری سەرەکیش لە پشت دروستبوونی ئەم زاراوە جیاوازانە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی و دۆخی سیاسی کوردستان دەگەڕێتەوە. لەڕووی جوگرافییەوە، کوردستان دۆخێکی سەخت و ناهەمواری هەبووە، کە ئەمەش دابڕانی لەنێوان ناوچەکاندا دروست کردووە و، لەڕووی سیاسیشەوە کوردستان بەسەر چەندین وڵاتدا دابەش بووە و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆی نەبووە، کە ئەمەش بە کردەوە بووەتە بەربەست لەبەردەم لێک نزیکبوونەوەی زاراوەکان و سەرهەڵدانی زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارد.

یەکێک لە گرفتەکانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی زمانێکی ستاندارد و پێوەرە کە لە هەموو هەرێم بەکاربێت، ئەوەی کە ئێستا هەیە داننانی ناڕاستەوخۆیە بە دوو شێوە زاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست، کە ئەمەش لەڕووی نەتەوەسازیی و زمانەوانییەوە مەترسی هەیە و رێگریی دەکات لە دروستبوونی زمانێکی ستاندارد لە سەرتاسەری هەرێم. یەکەمجار حکومەتی عێراق لە یاسای زمانە لۆکاڵییەکانی ساڵی ١٩٣١ هەوڵی نانەوەی ناکۆکی نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی داوە بەوەی کە لە ناوچەی بادینان بە شێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێنرێت، کە لەو سەردەمەدا ئەمین زەکی بەگ هەستی بەم مەترسییە کردووە و لەڕێگای دوو یادداشتەوە لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ بۆ حکومەتی عێراق و نوێنەری بەریتانیا لە عێراق مەترسی ئەم کارەی خستۆتەڕوو. هەروا ئەوەی جێی سەرنجە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە حەفتاکان رەتیکردەوە کە زمانی خوێندن لەت بکرێت و تەنیا زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست کرایە تاکە زمانی خوێندن لە کوردستان. یەکەم هەنگاو بۆ

کەرتکردنی زمانی خوێندن لە ساڵی ١٩٩٦ دەستی پێکرد، کە حکومەتی هەرێم ڕێگەیدا بە گۆڕینی خوێندن لە پارێزگای دهۆک لە پۆلی یەکەم هەتا سێیەم لە سۆرانییەوە بۆ بادینی. پاشان لە سەردەمی (د.رۆژ نووری شاوەیس) سەرۆک وەزیرانی ئەوسای هەرێم بە بڕیاری ژمارە (٣١٧٤) لە ساڵی ١٩٩٨ ڕەزامەندی درا کە کرمانجی سەروو لە پەروەردەدا بەکاربێت بە دوو مەرج:

١- هەتا پۆلی چواری سەرەتایی لەو ناوچانەی کە بەم شێوەزارە قسە دەکەن بخوێنرێت.

٢- ڕەچاوی ئەوە بکرێت کتێبە مەنهەجییەکان موتوربە بکرێن بە چەند وشەیەکی کرمانجی ناوەڕاست.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە و لەسەر داوای پەروەردەی دهۆک خوێندن بە تەواویی گۆڕا بە شێوەزاری کرمانجی سەروو. لە ئەگەری بەردەوامیی و چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتە و چەسپاندنی واقیعی دوو زمانی ستاندارد، دەکرێ بڵێین ئەمە دەبێتە دابەشبوون و فراوانبوونی ناکۆکییە زمانی و کەلتووریی و جوگرافی و مێژووییەکان، کە ڕەنگە لە درێژخایەندا دروستبوونی دوو نەتەوەی جیاوازی لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە، کاتی ئەوە هاتووە لێدوانی هێمنانە و بەرپرسانە بە دوور لە زاراوەچێتی و ناوچەگەری، لە بارەی ئەم پرسەوە بکرێت، بە ئامانجی ئەوەی سیاسەتێکی زمانی دابڕێژرێت کە تێکەڵبوون و یەکبوونی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکات و بەهێزتری بکات.

### ٢-٢-٣ نەبوونی یەك ڕێنووسی ستاندارد

یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی بوونی دوو ڕێنووسە کە بریتین لە ئارامی و لاتینی (بەدەر لەوەی کوردانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست ڕێنووسی سریلیک بەکار دەهێنن). لە بواری کارگێڕیی و فەرمی و پەروەردە ڕێنووسی ئارامی بەکاردێت، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکان و سوشیال میدیا ڕێنووسی لاتینیش بەکاردێت بەو پاساوەی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا و ئەورووپا شارەزای ئەو ڕێنووسەن. هەروا لە ڕێنووسی شوێنە گشتی و فەرمانگەکاندا هەڵەی زۆر لە نووسینی ڕێنووسی کوردیدا دەبینرێت، کە ئەم نموونەیە لە هیچ وڵاتێکی تردا بە دیناکرێت و ئەمەش واتای ئەوەیە هیچ پلان و چاودێرییەک

لەلایەن دامودەزگا بەرپرسەکانەوە بوونی نیە. بوونی دوو جۆر ڕێنووس پاشاگەردانی دروست کردووە و بووەتە گێژۆکەی زمانی کوردی و لە ناچارییەوە هاتۆتەئاراوە و، خزمەت بە داهاتووی ڕێنووس و زمانی ستانداردی کوردی ناکات. بەدەر لەمەش بەشێکی هەڵەکانی ڕێنووس بۆ هەست و گرنگی پێنەدانی خوێندەواران و نووسەرانی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە کە یاساکانی ڕێنووس لەبەرچاو ناگرن و بە هەڵە دەینووسن.

ئەو ئەلفوبێیەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ نووسینی زمانی کوردی بەکار دێت، لەڕاستیدا دوای سەدان ساڵ بەکارهێنانی بووەتە گەنجینەی پاراستنی ئاوەز و بیر و هۆش و فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردی، هەروا ئەو داوە زێڕینەیە کە زمان و فەرهەنگی کوردی بە زۆرینەی گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گرێدەدات. لەلایەکی ترەوە، ڕێنووس پەیوەندیی بە پێکهاتەی زمانەوە نیە، هەربۆیە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ڕێنووسی زمانی کوردی زیاتر بڕیارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، نەک زمانەوانی و ناشێ بۆ یەک زمان و یەک نەتەوە لە یەک کاتدا دوو ڕێنووس بەکار بێت و نابێ دەسەڵات لەم بارەیەوە بڕیار و هەڵوێستی نەبێت و چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بداتە دەستی زەمەن.

هەربۆیە، پێویستە دامودەزگا بەرپرسەکان و تەنانەت هاوڵاتیانیش بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن و، وێڕای چەسپاندنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی هەموو لایەک هەوڵ بدەن، بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە ڕێزی لێبگرن و جێبەجێی بکەن.

### ٢-٢-٤ بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوەکانی حکومەت

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هەر زمانێک بریتییە لەبەکارهێنانی ئەو زمانە لە هەموو بوارەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، کارگێڕیی، یاسادانان، ئابووریی، دادوەریی و...هتد، سەبارەت بە زمانی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی دەستووری عێراقی زمانی فەرمییە لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵام تەنانەت لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا وەک پێویست لە هەموو کایەکاندا بە کار نایەت و، هەتا ئێستاش لە بواری فەرمی و لە هەندێ کایەدا هەر زمانی عەرەبی بەکاردێت. لە بوارە زانستییەکانیش، لە زانکۆکانی

کوردستان زمانی کوردی پەراوێز خراوە و لە پێگەیەکی لاوازدایە و نەیتوانیوە شانبەشانی زمانی عەرەبی یا ئینگلیزی بەرەو پێشەوە بڕوات. نابێ ئەو راستییە لە یاد بکەین کە زمانگەلی وەک ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی پاش چەندین سەدە لە هەوڵ و تێکۆشان توانییان جێ بە زمانی لاتینی چۆڵ بکەن و بگەنە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ، هەربۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو ئاستەکان و سوود لە ئەزموونی زمانەکانی تریش وەربگیرێت.

لە هەموو جیهاندا، هەر زانکۆیەک زمانی خوێندنی خۆی دیاری دەکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمانی خوێندن لە هەرێم کوردییە، بەڵام لە زۆربەی زانکۆکان تێکەڵەیەکە لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانی کوردی پەراوێز خراوترینە، هەربۆیە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کار بکات بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی یەکەمی زانکۆکانی هەرێم و لەپاڵ ئەوەشدا ئینگلیزی و عەرەبی وەک زمانی یاریدەدەر بەکاربێن و زانینی زمانی کوردی مەرج بێت بۆ دامەزراندنی مامۆستایانی زانکۆ. هەروا وەزارەتی پەروەردە سەرەڕای ئەوەی زمانی خوێندنی قوتابخانە حکومییەکانی کردووەتە کوردی، بەڵام لە هەمان کاتدا سەدان مۆڵەتی قوتابخانەی بە کەرتی تایبەت بەخشیوە، کە بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیی دەکەن وەک زمانی فەرمی، کە ئەمەش راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسە زمانی کوردی بەجێهێشتووە.

### ٢-٢-٥ نەبوونی دەزگای نیشتمانیی وەرگێڕان

پرۆسەی وەرگێڕان، پرۆسەیەکی گرنگە بۆ ئاشناکردنی هەر گەلێک بە کەلتوور و شارستانیەتی گەلانی دیکەی جیهان و، وەرگێڕانی بابەتە زانستییەکان لە زمانەکانی دیکە و دەوڵەمەندکردنی زمانی نەتەوەیی و پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کە لەو بارەیەوە هەن. نەبوونی دەزگایەکی نیشتمانی وەرگێڕان لە کوردستان، بۆ وەرگێڕانی هەموو بابەت و سەرچاوەی زانستی بۆ سەر زمانی کوردی، بووەتە هۆی هەژاریی و کەم پێزیی زمانی کوردی لە بوارە زانستییە جۆراوجۆرەکاندا. هەربۆیە، دامەزراندنی دەزگایەکی لەو جۆرە کە

خاوەن بوودجە و سەربەخۆیی خۆی بێت بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی، بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی بەرفراوانی وەرگێڕان لە بوارە زانستییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی دەست پێ بکات. لەم بارەیەوە، دەکرێ سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکەی جیهان وەربگیرێت و، لەڕێگای دامەزراندنی دەزگای نیشتمانی وەرگێڕان گەنجینەی زانستی زمانی کوردی بەهێز بکرێت، چونکە زۆر جار توێژەری کورد بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و لەڕووی ناچارییەوە پەنا دەباتە بەر زمانەکانی تر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

## ٢-٢-٦ نەبوونی کومیسیۆنی زمانە فەرمییەکان بۆ چاودێریی و لێپرسینەوە

بەپێی مادەی (٢٤) لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

"یەکەم: سزاکانی بەرزەفتەکردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ئەگەر فەرمانبەر بوو.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبێت ئاگادار دەکرێتەوە لە ماوەی (١٥) رۆژدا سەرپێچییەکە راست بکاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەکە بەردەوام بوو، بۆ هەر رۆژێک بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە لە (٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و، لە (١٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

سێیەم: هەموو زەرەرمەندێک مافی جووڵاندنی داوای هەیە لە کاتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە".

یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم زمانی کوردی، سەرەڕای بوونی بڕگەی سزایی لە یاسای زمانە فەرمییەکان نەبوونی چاودێریی و لێپرسینەوەیە لەڕووی یاسایی و کارگێڕییەوە، کە بە پلەی یەکەم دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت لێی بەرپرسیارن و پێویستە بە تەواویی چاودێریی جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاساکە بکەن لە هەموو بوار و سێکتەرەکاندا و، لێپرسینەوە لەو کەسانە بکەن کە بە ئەنقەست یا نائەنقەست هەوڵی شێواندنی زمانی کوردی دەدەن یا خود بە شێوازێکی خراپ بە کاری دەهێنن یا خود لەو شوێنانەی کە پێویستە بەکاری بهێنن بەکاری ناهێنن.

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، پێویستە کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان دابمەزرێت بە مەبەستی چاودێرییکردن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەکی یاسای زمانە فەرمییەکان، کە ئەمە یەکێکە لە کەموکورییەکانی یاساکە. یاسای زمانە فەرمییەکان بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی یاساکەی دابەشکردووە بەسەر دامودەزگاکانی تر، کە لە لەوانەیە هیچ کامیان لایەنی پسپۆڕ نەبن بۆ جێبەجێکردن و چاودێریی و لێپرسینەوە لە ئەگەری ڕوودانی هەر سەرپێچییەک و، ئەم کۆمیسیۆنە دەتوانێ لایەنی کۆکەرەوە و ڕێکخەری هەموو دامودەزگاکان بێت.

## ٢-٢-٧ نەبوونی سیاسەت و پلاندانانی زمانی

سیاسەت و پلاندانانی زمان، چەمکێکی بەربڵاوە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەیی زماندا و پەیوەندیی بە هەوڵی سیستماتیکی دامودەزگاکانی حکومەت، دامەزراوە ئاکادیمییەکان و ڕێکخراوە تایبەتەکانەوە هەیە بەمەبەستی دانانی کاریگەریی لەسەر بەکارهێنان، فێرکردن و تێڕوانین بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکی دیارییکراودا. پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت، بریتییە لە تەرخانکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا، کە ئەمەش دەکرێت لە دەستنیشانکردنی زمانێکەوە دەست پێ بکات وەک زمانی فەرمی یا نیشتمانی، کە میدیای فێرکردن لە دامەزراوە پەروەردییەکان یا زمانی کارگێڕیی و دادوەریی لەسەر ئاستی حکومەت بەو زمانە دەبێت. هەروا هوشیاریی زمانیی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا گەرەنتی جێبەجێکردنی هەر سیاسەتێکی زمانی دەکات، هەتا زۆرینەی تاکەکان وەک بەها و گەنجینەیەکی بەنرخ سەیری زمانی دایک و زمانی فەرمیی کوردی نەکەن، ئاستەمە بتوانرێت سیاسەت و پلانی زمانی لەسەرجەم ئاستەکان وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

سیاسەت و پلاندانانی زمانی دوو ڕەهەند لەخۆ دەگرێت. ڕەهەندی یەکەم، بریتییە لە بەها و پێگەی زمانێک و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ زمانەکانی تر، بۆ نموونە پێگە و بەهای زمانی کوردی لە بەرامبەر زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و تا چەند زمانی کوردی توانیویەتی پێگە و نرخی خۆی بپارێزێت و گەیەنەر و

دەربڕی دۆخی فەرهەنگیی و پەروەردەیی نەتەوەی کورد بێت و، تا چەند توانیویەتی ببێتە سەنگەرێکی بەهێز بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. ڕەهەندی دووەم، پلاندانانی جەستەی زمان لەخۆ دەگرێت کە مامەڵە لەگەڵ ڕێکارەکانی چۆنێتی هەڵبژاردنی زمانێک و هەلاوێرکردنی نۆرمەکانی ئەو زمانە دەکات، هەتا وەک زمانێکی ستاندارد بەکاربێت، ئەمەش بە دانانی پلانێکی کرداریی-زانستی بۆ بەکارهێنانی ئەم زمانە لە بوارە فەرمییەکانی وەک پەروەردە دێتەدی، لەپاڵ ئەوەشدا، کار دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی نۆرمێکی زمان بۆ کەڵک لێوەرگرتنی وەک زمانی ستاندارد و دیارییکردنی ڕێنووسی ئەو زمانە و چۆنێتی نووسینەوەی فەرهەنگ و ڕێزمانی ئەو زمانە. لە ئەنجامی نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانی لە هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی دوچاری قەیرانی شوناس و پێگەیەکی لاواز بووەتەوە، بەهۆی نەبوونی زمان و ڕێنووسێکی ستاندارد، کە ببێتە چەتری کۆکەرەوە و دروستکەری شوناسێکی هاوبەش. لە ئەنجامی سیاسەتی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، کە لەسەر حیسابی لاوازکردنی پێگەی زمانی کوردی گرنگییەکی کوێرانە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەدەن، زمانی کوردی بەرەبەرە توانای ململانێی لەهەمبەر زمانەکانی تر لە دەست دەدات، کە ئەمەش قەیرانی شوناس و زمانی لێدەکەوێتەوە.

کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی زمانی روون وەک بەشێک لە سیاسەتی فەرهەنگی خۆی دابڕێژێت بە مەبەستی گێڕانەوەی پێگەیەکی شیاو بۆ زمانی کوردی، بەجۆرێک کە بتوانی لەبەرامبەر زمانەکانی تر توانای خۆڕاگریی و ململانێی هەبێت و شوناسی نەتەوەیی کورد بپارێزێت.

### ٢-٢-٨ هەستی خۆبەکەمزانینی تاکی کورد

هەرچەندە زمانی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا، توانیویەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کەرتەکاندا ئەرکەکانی خۆی فراوانتر بکات و ڕۆڵ بگێڕێت، بەڵام پێمان خۆش بێت یا نا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنەین کە هێشتا زمانی کوردی نەبووەتە زمانی سەرەکی هەندێ چینی کۆمەڵگا. بە واتایەکی تر، زمانی کوردی نەک هەر ئەو پلە کۆمەڵایەتییەی نەدراوەتێ کە بە زمانەکانی تر دراوە، بەڵکوو هەتا ئێستاش بێت لەلایەن هەندێ کەس و لە هەندێ شوێندا بە چاوی

نزم سەیر دەکرێت یا خود زۆربەمان کەمتەرخەم و خەمساردین بەرامبەر بە زمانی کوردی. هەرچەندە ئەم هەستی خۆبەکەمزانینە هۆکاری زۆرن، بەڵام هەتا ئێمە لە بازاڕی جیهانگیرییدا هەر کڕیار بین و نەبینە فرۆشیار و نەبینە خاوەن بەرهەمی مادی و نامادی خۆمان، ئەو هەستکردن بە شانازییەمان لە لا دروست نابێت، هەربۆیە هەوڵدەدەین ئەو شانازییە لە مێژووی رابردوومان‌دا بدۆزینەوە.

هەستکردن بە نزمیی پێگەی زمانی کوردی رەگورِیشەیەکی مێژوویی هەیە و، پەیوەندیی بەو دەسەڵاتە سیاسییانەوە هەیە کە لە رابردوودا کوردستانیان بەڕێوە بردووە و، پێگەیەکی نزمتریان داوەتە زمانی کوردی لەچاو زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی. لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەم راستییە سەلمێنراوە کە هەموو زمانەکان لە بواری (دەنگسازیی، وشەسازیی و رستەسازیی)دا یەک بناغەیان هەیە، ئەوەی کە زمانەکە دەوڵەمەندتر دەکات پێشکەوتن و دواکەوتوویی کۆمەڵگا و ئاخێوەرانی ئەو زمانەیە لە بوارە جیاوازەکاندا، کە دەبێتە هۆی بەهێزیی ئەو زمانە و بەکارهێنانی لە هەموو کایە جیاوازەکانی ژیان و زانستدا، نەک خودی زمانەکە. هەربۆیە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژووییە و، گەشەکردن و پەرەسەندنی بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو. جگە لەمەش، هۆی دروستبوونی هەستی خۆبەکەمزانین، پەیوەندیی بە هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەو دۆخە نالەبارە مێژووییەوە هەیە، کە ئەویش دابەشبوونی کوردستانە لە ئێستا و لە رابردوو لەنێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا و، بەردەوام ژێردەستە بووە و ستەمی لێکراوە و زمانەکەشی پشتگوێ خراوە یا قەدەغەکراوە و بە نزم سەیرکراوە، کە ئەمەش بەرەبەرە گرێی خۆبەکەمزانینی لەناو تاکی کوردیدا دروست کردووە و هەتا ئەمڕۆش بە دەستییەوە دەناڵێنێ.

هەرچەندە یاسادانەری کوردستانی، هەستی بەم دۆخە کردووە و لە پێنج شوێنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم لە مادەکانی (٢٠/١٣/١٠/٥/٢) باڵادەستی و لەپێشتریی بە زمانی کوردی داوە، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاش تاکی کوردی نەیتوانیوە خۆی لەم هەستە دەرباز بکات و، شکۆ و باڵادەستی بۆ زمانی کوردی بگەڕێنەوە و بەسەریدا زاڵ بێت.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا، لەژێر ناوی (ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان) پاش خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک لە مادە و بڕگەکانی ئەو یاسایەمان خستەڕوو و شیکارییەکی ڕەخنەییەمان بۆ کەموکوورِییەکانی یاساکە کرد، هەروا باسمان لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە کرد لە هەرێمی کوردستان و گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- پەرلەمانی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەرکرد، کە ئەمەش هەوڵێکی یاسادانەری کوردستانییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٤) لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی و یەکەم لە هەرێمی کوردستان.

٢- بەسەرنجدان بەو ستەمە مێژووییەی کە تووشی گەلی کورد و زمانی کوردی هاتووە، یاسادانەر لە پێنج مادەی یاسای زمانە فەرمییەکان هەوڵی چەسپاندنی باڵادەستی و لەپێشتریی زمانی کوردی داوە.

٣- هەرچەندە، دەرچوونی ئەم یاسایە هەنگاوێکی ئەرێنییە بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی، بەڵام بەو حاڵەش جێبەجێکردنی یاساکە بە کردەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی دەرەکی و ناوخۆیی بووەتەوە.

٤- ئاستەنگە دەرەکییەکانی بەردەم یاسای زمانە فەرمییەکان بریتین لە: جیهانگیریی و هەژموونی زمانی ئینگلیزیی، سیاسەتی دەوڵەتانی دەوروبەر و هەژموونی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان.

٥- ئاستەنگە ناوخۆییەکانی بەردەم یاسای زمانە فەرمییەکان بریتین لە: نەبوونی دەوڵەت، نەبوونی یەک زمان و ڕێنووسی ستاندارد، نەبوونی کۆمیسیۆن زمانە فەرمییەکان بۆ چاودێریی و لێپرسینەوە، نەبوونی دەزگای نیشتمانیی وەرگێڕان، بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکان لەناو هەموو دامودەزگاکانی حکومەت، نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانی و هەستی خۆبەکەمزانین تاکی کورد.

٦- نەبوونی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان لەناو دەقی یاساکە، بە کەموکوورِییەکی جەوهەری دادەنرێت و بە کردەوە میکانیزمێکی روونی بۆ چاودێریی و لێپرسینەوەی سەرپێچییەکان دانەناوە.

٧- سەرەڕای بوونی ئەم یاسایە، بەڵام هەتا ئێستاش لە هەندێ دامودەزگای فەرمی و ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێت و، زمانی کوردی پەراوێز دەخرێت و هیچ کاردانەوەیەکیش لەلایەن دامودەزگا بەرپرسەکانەوە بەدیناکرێت.

٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا سیاسەت و پلانێکی روونی زمانی نییە و، پێویستە لەم بارەیەوە لایەنە بەرپرسەکان هەوڵی جیدی بدەن بە تایبەت لە یەکخستنی زمان و رێنووسی ستانداردی کوردی و دۆخی زمانی کوردی لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەک دادوەری، پەروەردە و خوێندنی باڵا و...هتد.

٩- هەتا ئێستا کەموکورِیی و بێسەروبەریی لە نووسینی تابلۆی دامودەزگا گشتی و فەرمییەکان، شوێنە بازرگانییەکان و فرۆشگاکان و...هتد، بەدیدەکرێت و زمانی کوردی لە بەشێکی زۆری ئەو تابلۆیانە یا فەرامۆش کراون یا بە رێنووسێکی هەڵە دەنووسرێن.

١٠- لەکاتی ناولێنانی شار و گەڕەک و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەنانەت هوتێل، چێشتخانە، قوتابخانە و زانکۆ تایبەتەکان و...هتد، پتر وشەی ئینگلیزی بەکار دێت و زمانی کوردی لەم شوێنانە بە تەواویی پشتگوێ خراوە.

راسپاردەکان

١- یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوورِییانەی کە لە یاساکەدا هەن، بە تایبەت دامەزراندنی کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان و بەهێزکردنی رێوشوێنەکان بۆ پاراستنی باشتری زمانی کوردی.

٢- وا باشە بە سەرنجدان لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان و ستراتیژێکی زمانی گشتگیر دابڕێژێت بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لەسەر زمانی کوردی هەن. بۆ ئەم مەبەستە، سوود وەربگیرێت لە ئەزموونی وڵاتانی

ڕۆژئاوایی لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەیان و پراکتیزەکردنی لەسەر زمانی کوردی.

٣- داواکاری گشتی لە هەرێم لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە یاسای زمانە فەرمییەکان دەکرێن ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتەبەر لە جووڵاندنی داوای سزایی.

٤- وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێداچوونەوە بە سیاسەت و پلانەکانی خۆیان بکەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەتایبەت لە کەرتی ناحکومی.

٥- دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان هەوڵی شێلگیرانە بدات بۆ بە کوردیکردنی بڕیارەکانی دادگاکان و، بۆ ئەم مەبەستە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەوە دەست پێ بکات، هەتا دادگاکانی تر چاوی لێ بکەن.

٦- سەبارەت بە تابلۆی ناوەندە بازرگانییەکان و فرۆشگاکان لە هەرێمی کوردستان ئاڵۆزییەکی زۆر بەدیدەکرێت و زمانی کوردی پشتگوێ خراوە یا بە ڕێنووسێکی هەڵە دەنووسرێت، پێویستە لەم بارەیەوە لایەنە بەرپرسەکان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

٧- بە ئابووریی کردنی زمانی کوردی و بەستنەوەی بە بازاڕی کار و بازرگانی و بکرێتە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی و تایبەت.

٨- هاندانی توێژینەوە و دانان و وەرگێڕانی کتێب بە زمانی کوردی لە بواری زانستییە جۆراجۆرەکان و پێدانی پاداشتی گونجاو بە نووسەر یا وەرگێڕ، هەتا گەنجینەی زمانەکە لەم بارەیەوە بەهێزتر بکرێت و هەڵمەتێکی نیشتمانی لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت.

٩- ئەکادیمیای کوردی، ڕۆڵی چالاک بگێڕیت لە بواری زاراوەسازیی زانستی بەپێی پێشکەوتنەکانی سەردەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لەم بارەیەوە بەدیدەکرێن.

١٠- لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەڵمەتی بەرفراوان ئەنجام بدرێ بۆ وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا و ناولێنانی شوێنە بازرگانی، ڕۆشنبیریی، قوتابخانە و زانکۆکان و تەنانەت گەڕەک و شارەکانی وەبەرهێنان و ...هتد، بە زمانی کوردی.

١١- حکومەتی هەرێم بە بڕیاری فەرمی یەک زمان و ڕێنووسی ستاندارد لە سەرانسەری هەرێم بچەسپێنیت.

١٢- دانانی کەسانی شارەزا لە زمانی کوردی لە هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت، بە تایبەت ئەو دامەزراوانەی کە یاسا و فەرمان و بڕیارەکانیان لێ دەردەچێت وەک پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری بۆ پێداچوونەوەیان لەڕووی زمانەوانی و ڕێنووسەوە.

١٣- حکومەتی هەرێم هەڵمەتێکی بەرفراوان دەست پێ بکات بۆ بە کوردی کردن و ڕاستکردنەوەی تابلۆی هەموو فەرمانگە و فرۆشگا و شوێنە بازرگانییەکان بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی.

١٤- خولی ڕێنووس و زمانەوانی بکرێتەوە بۆ هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کاری تایپ دەکەن لە دامودەزگا حکومییەکان، چونکە زۆربەیان لەو بارەیەوە زانیارییان نیە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ کتێب**

**أ- کوردی**

١- ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، چاپی دووەم، ئەنستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٢- خانای قوبادی، خوسرەو و شیرین، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی)، ورمێ، ١٣٦٨ (١٩٨٩).

٣- د.ڕەفیق سابیر، بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٤.

٤- ڕێبوار عەلی، زمانی ستانداردی کوردی سەرنجێک لە ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی، سلیانی، ٢٠١٠.

٥- فوئاد حەمەخورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی توێژینەوەیەکی جوگرافی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سوداد ڕەسووڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٦- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٧- د.قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمانی (ڕوانینێک)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨- د.محەممەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

**ب- عەرەبی**

١- الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند، قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان-العراق، اربيل، ٢٠٠٧.

**دووەم/ توێژینەوە**

**أ- کوردی**

١- د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین، زمانی کوردی پێگە و ئاڵنگارییەکانی لە خوێندنی باڵا، بڵاوکراوەی زمانی دایک، دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٤.

٢- د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە، رۆڵی یاساکان لە دارشتنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، وەرزنامەی زمانەوانی، دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان، ژمارە ٥، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٢٤، هەولێر.

٣- د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە، ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی؛ وەک زمانی یاسا، وەرزنامەی زمانەوانی، دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان، ژمارە ٢، زستانی ٢٠٢٣، هەولێر.

٤- دیداری گۆڤاری زمانەوانی لەگەڵ د.عەبدورەحمان ئەحمەد وەهاب، گۆڤاری زمانەوانی ژمارە ٣، زستانی ٢٠٢٤، هەولێر.

٥- رێکار ئەحمەد، شتێک بەناوی جووتستاندارد نییە، گۆڤاری زمان و زار، کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، ژمارە ٩، سلێمانی، پاییزی ٢٠٢٣.

٦- سیاسەت و پلاندانانی زمانی، گۆڤاری زمانەوانی، دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جهیان، ژمارە ١، هەولێر، هاوینی ٢٠٢٣.

٧- شوکر مستەفا، مەسعوود محەمەدی زانا لە گەشتێکی فەلسەفی و سیاسی و زماندا، گۆڤاری رامان، ژمارە ٥٤، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨- مستەفا رەزا مستەفا، ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی (هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، بەرگی ١٠، ژمارە ١.

٩- د.هێمن عەبدولحەمید شەمس، رێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی رێنامییەکانی ئەکادیمیای کوردی (تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بە نموونە) لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ساڵی چوارەم، ژمارەی ١١، رانیە، تەمووزی ٢٠١٧.

**ب-عەرەبی**

١- د.حسن منديل حسن العكيلي، قراوة في قوانين اللغات الرسمية في العراق، مجلة مداد الاداب، الجامعة العراقية، كلية الالداب، عدد خاص بالمؤتمرات ٢٠١٨-٢٠١٩.

٢- يونس أباكاي، ذوات في فضاوات متنازع عليها: أمننة اللغة الكردية في سورية، مجلة عمران، العدد ٤٠، المجلد ١٠، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، دوحة، ٢٠٢٢.

**ت- فارسی**

١- علی محمد حقیقی و فریدەون سعیدی ابواسحقی، سیر تحولی و تاریخی جهانی شدن، ماهنامە آفاق علوم انسانی، شمارە دهم، فروردین ماه ١٣٩٧.

3 - محمد فرهادی و دیگران، جهانی سازی و انقراض زبان های محلی (مورد شهر صحنە استان کرمانشاه)، مجلە بررسی مسائل اجتماعی ایران، دورە ١٣، شمارە ١، بهار و تابستان ١٤٠١.

**سێیەم/ دەستوور و یاساکان**

١- دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

٢- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، سال ١٣٥٨ (١٩٧٩).

٣- قانون اللغات الرسمية في العراق رقم (٧) لسنة ٢٠١٤.

٤- یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤.

٥- فەرمانی ئەنجومەنی دادوەری بە ژمارە (٦٧) لە ٢٠٢٠/٩/٢٦.

**Abstract**

The Kurdish language is a fundamental pillar of Kurdish national identity. Over the past century, dominant states have tried to erase and suppress the language extensively. In response, the Kurdish people have persistently strived to preserve their language as a cornerstone of their national identity and security.

Following the establishment of the Kurdistan Regional Government (KRG) 1992 and the enactment of Iraq's 2005 Constitution, which recognized Kurdish as an official language across Iraq, the Kurdistan Region passed the Official Languages Law No. (6) of 2014. This law serves as a legal framework to implement constitutional provisions and safeguard the Kurdish language within the Kurdistan Region.

This study examines the Official Languages Law No. (6) of 2014 in the Kurdistan Region, analyzing its content and provisions. It explores the areas and frameworks addressed by the law, including legal and judicial affairs, administrative implementation, education, employment, and commerce, as well as culture and intellectual development. Additionally, the study highlights the challenges encountered in the implementation and practical application of the law, including both external and internal obstacles. Finally, it presents the study's findings and recommendations.

Keywords: Official Languages Law, Kurdistan Region, Kurdish Language, Challenges, Language Policy and Planning.

**الملخص**

بما أن اللغة الكردية تشكل ركيزة مهمة من ركائز الهوية الوطنية الكردية، فقد جرت محاولات عديدة من قبل الدول المهيمنة على كوردستان لمحو هذه اللغة وتدميرها خلال المائة عام الماضية. ومن ناحية أخرى، سعى الشعب الكردي دائما إلى الحفاظ على لغته باعتبارها حجر الأساس لهويته الوطنية وأمنها. وبعد تأسيس حكومة إقليم كردستان عام ١٩٩٢ وإصدار الدستور العراقي عام ٢٠٠٥ والاعتراف باللغة الكردية كلغة رسمية في جميع أنحاو العراق، صدر قانون اللغات الرسمية رقم (٦) لسنة ٢٠١٤ في إقليم كردستان. في هذه الدراسة نتناول قانون اللغات الرسمية رقم (٦) لسنة ٢٠١٤ ونعرض نصوص ومحتويات هذا القانون والأطر والمجالات التي يشملها قانون اللغات الرسمية ومنها التشريع والقضاو والمؤسسات التنفيذية، التعليم، العمل والتجارة والثقافة. كما نسلط الضوو على العوائق التي تواجه تنفيذ القانون وممارسته، بما في ذلك العوائق الخارجية والداخلية، وفي الخاتمة تم تقديم الاستنتاجات والتوصيات.

الكلمات المفتاحية: قانون اللغات الرسمية، إقليم كوردستان، اللغة الكردية، المعوقات، التخطيط والسياسة اللغوية.

*** ماستەر لە یاسای گشتی**

**لێکۆڵەری دادوەریی پێشکەوتوو لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر**

# "پرسی زمان و نووسینی کوردی لەبەر ڕۆژنایی ئاسایشی نەتەوەییدا"

پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج

## پێشەکی:

گومـان لەوەدا نیـیە، کە نەتەوە پێوەنـدیی بە کۆمەڵێـک دیـاردەوە هەیە، کە ئەوانــیش پێوەنــدییان بە دیــارکردنی ناســنامەی نەتەوەیــیەوە هەیە، دیــارە ناسنامەش بە دوو ئاستدا پێکدێت، کە ئەوانیش خودی و بابەتین. لایەنی ئاستە خودییەکە، پێوەندیی بە زمـان و مێژوو و پەرژەوەندییە هاوبەشـەکانەوە هەیە، لایەنە بـابەتییەکەش پێوەندە بە ئەو هەرێمە ڕامیارییە و بە پێڕەو (سیستەم)ی دەوڵەتەوە هەیە. بەپێی بیرکردنەوەیەکی ڕووالەتیی سادە، ئاسایشی نەتەوەیی پـارازتنی نیشـتمان و نەتەوەیە لە هێرشی دەرەکی، واتە بەرگریی سەربازی لە بەرامبەر هەڕەشە سەربازییە دەرەکییەکاندا.

دیارە ئەم بۆچوونە بەتەنیا زۆر لەبار نییە، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی زۆر فرەتــر لە کەلــوپەل و ئامــادەیی هێــزی چەکــدار و بەکارهێنــانی، لە ســاتی هەڕەشـەکاندا، دەگرێتەوە.

جگەلەوەش مەرج نییە، دوژمنان هەمیشـە بۆ داگیرکارییەکانیـان، تەنیا هێزی سەربازی بەکارببەن، بەڵکو زۆرجار پەنا دەبەنە بەر هێزی نەرم. بێگومان هێزی نەرم لەباریـدایە، کە زۆر بە شـێنەیی بەرنـامەی داگیرکـاری پیـادە بکـات، ئەگەر هەرێمێک یـان دەوڵەتێک ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت، تەنـانەت ئەگەر ئاسایشی نەتەوەییشیان هەبێت، ئەمە دادیان نادات، ئەگەر وابزانن، کە ئاسایشی نەتەوەیی تەنیاو تەنیا هێزی چەکدارە.

بۆنموونە هەر نەتەوەیەک، کە بخوازێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، ئەوا دەبێت ڕەگەزەکانی ئەو ناسنامەیە بپارێزێت و قانوون و ڕێنمایی دروستی بـۆ پارازتنیـان هەبێـت. بەپـێچەوانەوە، ئەگەر لە پرسـی ئاسایشـی نەتەوەیـی بە دروستی نەگەیشتبن و کاریان بۆ نەکردبێت، ئەوا زۆر ئاساییە، کە داگیرکەران لەڕێــگەی هێــزی نەرمەوە، کــار لەســەر ئەو کەلێنــانە بــکەن، کە لە جەرگەی ئاسایشی نەتەوەییدان. بۆنموونە زمان کۆڵەگەی مانەوەی نەتەوەیە بە ناسنامەی خـۆیەوە. جـا کاتێک کە زمـان و نووسـینی تـایبەتی نەتەوە، گرنگیـی دروسـتی پێدەدرێت، ئەوا هێدیهێدی دەلاقەی ئەو کەلێنە فراوانتر دەبێت، بەشـێوەیەک کە ڕەنـگە بە تێپەڕینـی ڕۆژگـار، چارەسـەرکردنی ئاسـان نەبێـت. ئەوەش واتـای ئەوەیە، کە ئاسایشـی نەتەوەیـی نەتەوەکە دەکەوێـتە بەر مەترسـیی، تـا ئاسـتی لەدەستدانی ناسنامەکەشی.

ئەوەی پێشتر خستمانەڕوو، ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بە شێنەیی دەگوزەرێت. بۆ دڵنیابوون لە ئەم بۆچوونە، دەکرێت لە پرسی زمان و نووسینی کوردی بڕوانین، دەکرێت لە بوواری پەروەردە بڕوانین، چونکە دەبینین ئەم لایەنانە بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک لە ڕەچاونەکران و خەمساردی بەرامبەریان هەیە.

هەر بۆ نموونە، ئەگەر لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بڕوانین، ئەوا دەبینین کەمکەم دەخرێتە پەراوێزی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و ...تاد. ڕەنگە دڵنیابوون لە ئەم پرسە، ئەرکی زۆری نەوێت، چونکە تەنیا گوێ لە نەوەی نوێی ئەم سەردەمە بگرە و گوێ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بگرە و پەخشنامەی هەواڵەکانیان بگرە و ژێرنووسەکانیان بخوێنەوە، دەبینیت، کە چ پاشاگەردانییەک لەئارادایە. خۆئەگەر بەسەر شەقامەکانی شارەکانی هەرێمدا بگەڕێین و لە تابلۆی سەر دووکان و کۆمپانیا و مۆڵەکان بڕوانین، ئیدی بەباشی تێدەگەین، کە چ زمان و چ نووسینی کوردی، ئەو ڕەچاوکردنەیان نەماوە، کە پێشتر ببوونە خوازتی شۆڕشەکانی کورد، چونکە ئێستا هێندە زمانانی تر بوونەتە زمانی نووسینی تابلۆکان، هێندە کوردی لەئارادا نەماوە. خۆئەگەر بە کوردییش تابلۆت بینی، ئەوا نە زمان و نە واتای لەبار و نە دروستنووسی و ڕێنووس، لە کەمترین ئاستدا نەبێت، لەئارادا نەماوە. بەبێ هیچ گومانێک ئەم دیاردەیە و تەنگهەڵچنینی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئاخاوتن لە خواردنگە و مۆڵ و کۆمپانیاکاندا و تەنانەت بوونیان بە زمانی خوێندن، هەموو پێکەوە ئەو هێزە نەرمەی داگیرکاری و لەنێوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردن، کە ئەگەر وەرچەرخانێک و بەخۆداهاتنەوەیەک لەلای بەرپرسان نەهێتە ئاراوە، ئەوا ئەوەی بەهێزی چەک بە داگیرکەر نەکرا، لە ئەم سەردەمەدا هێزی نەرم دەیکات. لێرەوە هەوڵدەدەین لە ئاستی خۆمانەوە هێندێک لە ئەو هەڵەیانەی بوواری ئەلفوبێ و نووسینی کوردی بدووێین و چارەسەرییەکانیان بخەینەڕوو.

گومان لەوەدا نییە، کە ڕێنووس بابەتێکی گرنگە و هەر نەتەوەیەکیش بخوازێت ببێتە خاوەن قەوارەی ڕامیاری خۆی، ئەوا دەبێت لە هەوڵی ئەوەشدابێت، کە زمانەکەشی ستانداردی خۆی هەبێت و ڕێنووسەکەشی کەلێنبڕ بکات، تاوەکو بتوانرێت وەک ڕێنووسێکی ستاندارد خوێندن و کاروباری فەرمی پێڕایی بکرێت. لەم سۆنگەیەوە، لە مێژە لایەنی دەنگسازی و ڕێنووس بوونەتە

خولیام. تەنانەت لە بواری وتنەوەی زانستی دەنگدا، لەو کۆلێژانەی وانەم تێدا وتوونەتەوە، هێندێکیانم بۆ خوێندکاران خستوونەڕوو، بۆیە جێگەی خۆیەتی گەر بڵێم ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هێندێک لایەنەوە، پێوەندیی بەو نووسراوەی ئەکادیمیای کوردستانەوە هەیە، کە بە ناونیشانی "هەوڵۆچکەیەکی تر بەرەو ڕاستەڕێیەکی ڕێنووسی کوردی"بوو، کە لەم سالآنەدا بۆ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆی نارد، تاوەکو ببێتە تەوەری کۆنفراسێک و دوواتر ئەنجامێکی لێبمالڕێتەوە. هەر بۆیە لێکۆڵ بە دەنگ ئەو خوازتەوە چوو و چەندان تێبینیی لەولایەنەوە پێشکەشکرد. هەرچی ئەم لێکۆڵینەشە، کە لە دووتوێی یەک بەشدایە و چەند تەوەرێک لە خۆدەگرێت، بە پلەی یەکەم ئەو هەوڵۆچکەیەی کردووەتە باسگە و تێبینی و بۆچوونەکانمان ڕوونتر و دیارکراوتر کردوون و لەوێشەوە چەند ئەنجامێکمان خستوونەڕوو و لە کۆتاییشدا چەندان پەراوێز و لیستێکی تایبەت بە سەرچاوەکانمان پێشکەشکردووە، بەو هیوایەی ئەگەر ئەرێی بڕیاربەدەستان بەدەستبهێنن، کەمتازۆر کەلێنێک بگرن.

دیارە دەبێت ئەوە بڵێین، کە لەم باسەدا مەبەستمان لەو ڕێنووسەیە، کە ئەلفوبێی چاککراو لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ نووسینی کوردی ڕەچاو دەکات. ئاشکراشە، کە لێکۆڵینی زمان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەپێی ڕێبازی زانستییە و زانستیش ئەم لایەنەی بۆ چەندان پسپۆڕیی تایبەت وردکردووەتەوە. بۆنموونە زانستی دەنگ خۆی دوو لقی تایبەت لە لێکۆڵینیدا لە ئارادان، کە ئەوانیش "فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی"ن. لە جیهانیشدا هەزاران زمان لە ئارادان، ئەم زمانانە لە لایەنی پێکهاتەی ئەندامەکانی ئاخاوتن لە مرۆڤدا، لەیەکدەچن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە هەموو زمانەکان وەکیەک لەو ئەندامانە بەیەکسانی کەڵک دەبینن. بۆنموونە لەلایەنی فۆنەتیکەوە، ئەوەی لە زمانەکاندا وەک ژمارەی وات (فۆنیم) کەڵکیان لێدەبینرێت، لە نێوان (١١) بۆ (٦٧) واتدان.(١) بەواتایەکی دی، زمان هەیە تەنیا لە (١١) سازگە سووتمەندە، کە ئەمە کەمترین ژمارەی وات (فۆنیم)ی دەبێت. لە کاتێکدا زمان هەیە لە (٦٧) سازگە سووتمەندە، ئەوە وەک کەمترین و زۆرترین، ئەگینا زمان هەیە لەو نێوەندەدایە، بۆ نموونە زمانی کوردی بە تایبەت ئەو شێوەزارەی، کە ڕێچکەی بە ستانداردبوونی گرتووە، لە (٣٦) سازگە سووتمەندە، دیارە ئەمە سازگەی واتمان مەبەستە(٢)، ئەگینا سازگەی دی هەن، کە وەک دەنگ سووتیان لێدەبینرێت، بەڵام مەرج نییە ئەو دەنگە یاخود ئەو

دەنگانە وات (فۆنیم) بن. جا کاتێک کە لە ڕێنووس بدوێین، ئەوا پێش هەر شت، دەبێت بزانین، کە ژمارەی واتەکانی ئەو زمانە چەندن و خودی وات (فۆنیم) چۆن دەناسێنرێت.

دیارە بەپێی زانستی دەنگ، وات (فۆنیم) بەو دەنگە بنجییانەی زمانێکی دیارکراو دەوترێت، کە خۆیان واتایان نییە، بەڵام دەتوانن واتای وشە بگۆڕن(٣). جا ئەگەر ڕەچاوی ئەو پێناسەیەی واتمان کرد و هاوکات پێناسەی پیتیشمان زانی، کە بریتییە لەو وێنەیانەی، کە وەک هێما بۆ ناسینەوەی واتەکانی زمانێکی دیارکراو، پسپۆڕانی بوواری نووسینی زمانێکی دیارکراو، لەسەری ڕێکدەکەون (٤) (٥). کاتێکیش کە ڕەچاوی ئەو پێناسانەی وات و پیت بکەین، ئەوا دەبێت بزانین، کە ژمارەی پیتەکان بۆ نووسینی زمانێک، دەبێت هێندەی ژمارەی واتەکانی بن.

ئەوەی وترا، بەو واتایە نییە، کە لە زماندا ئەو دەنگانەی لە ئارادان تەنیا هەر واتبن، بەڵکو هێندێک دەنگ هەن، کە دەنگی زمانین، بەڵام بنجی نین، واتە وات نین و واتا ناگۆڕن، بۆیە ئەگەر گۆکردنیشیان نەبێت، کێشەیەک دروست نابێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەنگی هەمزە (گلۆتەڵستۆپ) لە ئەلفوبێی چاککراو لە عەرەبییەوە هێمای بۆ دانراوە، کە ( ئـ ) ە، لەکاتێکدا ئەگەر لە وشەدا لاببرێت واتا ناگۆڕێت، وەک (ئاو، ئەو) کە ئەگەر هەمزەکەش گۆنەکرێت و تەنیا بە) او – (aw) ەو (ew –گۆبکرێن، کێشەیەک نابێت. هەرئەمەش وای کردووە، کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا بۆ زمانی کوردی هێمای بۆ دانەنرێت، بەڵام ئەگەر هێمای بۆ دابنرێت، ئەوا ژمارەی وات لەگەڵ پیتدا لە زمانەکەدا بەرامبەر نابن. دیارە ئەمەش کارێکی باش نییە، چونکە نووسینی پێڕەوبەند لەگەڵ نووسینی دەنگی یاخود فۆنەتیکیدا جیاوازە. واتە دەشێت لە نووسینی دەنگیدا هێما بۆ سەرجەم ئەو دەنگانە هەبن، کە مرۆڤ یان ڕاستتر بڵێین، کە لە زمانەکانی مرۆڤدا هەن، هەبێت، وەک ئەوەی کە خودی هەمزە لەو پێڕەوەدا هێمای {?} هەیە، کە گۆکردنەکەی بەرجەستە دەکات. کەواتە لە زماندا بەپێی گۆکردن ئەوەی کە لە ئاخاوتندا دەبیسترێت، دەنگ بە دوو شێوە لە ئارادایە، یەکەم: دەنگە بنجییەکان، کە واتەکانی هەر زمانێکن، دووهەم: دەنگە زمانییەکانی دی، کە وات نین، واتە بنجی نین و توانای گۆڕینی واتایان نییە. لێرەشەوەیە، کە دەوترێت واتەکان هەموو دەنگن، بەڵام دەنگەکان ئەگەر دەنگی زمانییش بن، هەموویان وات نین.

هەر بەوپێیەش هێندێکجار بە هۆی کاری میکانیکیی زمانەوە لەناو زاردا لەپێناو گۆکردنی دەنگە جیاجیاکانی زمانەکەدا، هێندێک وات بە شێوەیەک بەرجەستە دەبن، کە شێوە ئەلۆفۆنێکی دەنگەکە بێت و لەمەدا بەپێی فۆنەتیکی بیستن جۆرێک لە نزیکبوونەوەی لە دەنگی زمانێکی بێگانە هەبێت و ئەمەش وابکات، کە هێندێک کەس بەو دەنگەی لە قەڵەمبدەن و هەر ئەمەش وابکات لە نووسیندا پیتی زمانە بێگانەکەی بۆ ڕەچاو بکەن، بەتایبەت ئەگەر لەو زمانە بێگانەیە و نووسینەکەی بە ئاگابن. بۆ نموونە هێندێک لە نووسەران لە وشەیەکی کوردی ی وەک (شەست) یان (سەگ) دا، پیتی (س)یەکە بە (ێ)، کە پیتێکی عەرەبییە، دەنووسن. دیارە ئەمەش هەڵەیەکی زەقە و بەپێی پێناسەکانی وات و پیت دەخرێتەلاوە و هیچ کاتێک نابێت ئەلۆفۆنی واتەکان وەک وات لە نووسیندا ڕەچاوبکرێن و پیتیان بۆ دابنرێت، چونکە ئەلۆفۆن خۆی بریتییە لە: شێوە جیاجیاکانی دەربڕین ی واتێکی تایبەت، دیارە هیچکات شێوە جیاجیاکانی دەربڕینی واتێکی تایبەتیش لە سنووری واتەکە دەرناچن، بۆیە هەر بە پیتە تایبەتەکەی واتەکە دەنووسرێت.

بێگومان دراوسێیەتی ی هێندێک دەنگیش لەگەڵ دەنگی دیدا لەناو وشەدا، لە کاتی درکاندندا هێندێکجار وا دێتە بەرگوێ، کە دەنگێکی تایبەت بێت، بۆ نموونە دەنگەکانی {گ} و{د} کە لە وشەدا بە دووای دەنگی {ن}دا بێن، لە هێندێک ناوچە یاخود لە هێندێک گۆڤەر یان شێوەزاردا بە {نگ – ŋ گۆدەکرێن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەمە دەربڕینی فۆنەتیکییە، نەک پێڕەوبەند، کە بێگومان لە نووسینیشدا نابێت فۆنەتیکییەکە ڕەچاوبکرێت. ئەم دیاردە دەنگییەی زمانی کوردی، دروست وەک ئەوە وایە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا دەنگەکانی {ing} کە بە دووای هێندێک کەرەستەدا،

بە {نگ–ŋ دەردەبڕرێت. جگەلەوەش دەنگی {ک} کە پێش دەنگەکانی {ی} و {آ} بکەوێت لە بڕگەی وشەکاندا، ئەوا بە ئەلۆفۆنێکی وا گۆدەکرێت، کە لە دەنگی {چ} نزیک بێت.

جا ئەو بۆچوونەی، کە دەڵێت: "زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت وا دەنووسرێت"، ئەوا ئەگەر وابێت، دەبێت ئەلۆفۆنەکانیان، کە لەلایەنی فۆنەتیکییەوە بەرگوێ کەوتنی تایبەتیان هەیە، دەبوو لەلایەنی ئەلفوبێوە ڕەچاوبکرانایە و پیتی تایبەتیان بۆ دابنرایە، وەک ئەوەی کە هێندێک بە هەڵە

پێشنیازی وایان کردووه(٦)، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر زانستی دەنگ ڕەچاوبکرێت، ئەوا ئەو هەڵەکردنە نایەتە ئاراوە، چونکە پیت تەنیا بۆ وات دادەنرێت، نەک بۆ ئەلۆفۆن، دیارە وەک پێشتر خرایەڕوو ئەلۆفۆنیش پێناسەی خۆی هەیە. جا دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەلۆفۆنیش لە هێندێک هەلومەرجی دەنگیدا، تیایاندایە، کە بەگوێی ڕووت هەستیان پێدەکرێت و تیاشاندایە بەوشێوەیە دیارنییە، ئەگەرچی هەر درکاندنێکی واتێکی دیارکراو، ئەلۆفۆنێکی ئەو واتەیە، ئەگەر چەندان جار و چەندان کەسی جوداجودا دووبارە و چەندبارە گۆی بکەن، بەڵام هیچکات ئەم جیاوازییانە لە سنووری ئەو واتە دیارکراوە ناترازێت، بۆیە ئەلۆفۆن واتا ناگۆڕێت.

بێگومان ئەوەی وترا ڕاستییەکی زانستییە، کەچی هێندێک لە توێژەران بە هەڵە لە نووسیندا پێشنیازی هێمای تایبەت وەک پیت بۆ ئەم ئەلۆفۆنانە دەکەن یاخود لە نووسینی خۆیاندا بەرجەستەشی دەکەن. سەرباری ئەوەش هێندێکجار ئەلۆفۆن بەپێی دەنگە دراوسێکانی لە وشەدا، دەشێت: درێژ بێت یان کورت، ئەمەش وایکردووە، کە لای هێندێک بە چوونەسەریەکی دوو واتی تێبگەن و بۆ ئەمەش بە دوو پیت بینووسن. دیارە نموونەی ئەم دیاردەیەش لە نووسینی کوردیدا هەیە، وەک واتی {ی – ڵ} لە وشەکانی (شیر)، (بیر)، کە بە (شییر) و (بییر) نووسراون. جگە لەمانەش هێندێک لە توێژەران، پێیانوایە، کە لە زمانی کوردیدا چەند دیفتۆنگێک هەن، هێندێکی تریش بەپێچەوانەوە وای دەبینن، کە لە کوردیدا دیفتۆنگ نییە(٧). هەیشن پێیانوایە، کە نەک هەر دیفتۆنگ، بەڵکو تریتۆنگ و تێتراتۆنگ و بگرە زیاتریش لە کوردیدا هەن(٨).

ئەوەی پێشتر لێیدواوین، لە پێناوی ئەوەدایە، تاوەکو لەبەر ڕۆژناییاندا ڕاستەوخۆ بچینە ناو بابەتی هەوڵۆچکەکەی ئەکادیمیای کوردییەوە، کە پێشتر باسکرا. دیارە ئەو هەوڵەی ئەکادیمیا، وەک دەزگایەکی تایبەتمەند بەم لایەنانەی زمان و نووسینی کوردی، کارێکی پیرۆز و بەجێیە و دەشچێتە سەر خەرمانی هەموو ئەو هەوڵانەی لەم بارەیەوە لەلایەنی دەستگا یان کەسانی ترەوە، دراون. جا لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین، کە دەستگایەکی وا گرنگ، نابێت کارەکانی هەر لەو بازنەیەدا بمێنێتەوە کە تائێستا هەبووە، بەڵکو ڕاستیی کاریان ئەوەیە، کە لەو بازنەیە دەربچن و بەرەو ئەوە بچن، کە ستراتیژێک بۆ زمانەکەمان و هەروەها

بۆ ڕێنووسەکەشمان دابنێین و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، کە بەر بە پاشاگەردانی و دارمانەکانی چ زمان و چ ڕێنووسەکەشمان بگیرێت.

هەر لە کۆنیشەوە وتراوە (دۆم بە دانیشتن، ماڵی ویرانە). جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم ئەوەی لە (١٩٩٢) لە پەرلەمانی کوردستاندا، سەبارەت بە زمانی کوردی خرایە دەنگدانەوە، ئەگەر تەواوی ئەندامانی پەرلەمانەکەمان لە بایەخی زمان بەئاگابوونایە یاخود گرنگیی بڕیارە یەکلاییکەرەوەکانیان لە ساتو کاتی خۆیدا بزانیایە، ئەوا ئێستا کۆمەڵێک کێشە، کە بەربینی نەتەوەی کوردی لەلایەنی زمانەوە گرتووە، بوونیان نەدەبوو.

هەرچۆنێکبێت، چاکوایە لە دووای چووە نەچین و بیر لە ئێستا و داهاتوو بکەینەوە، لێرەشەوە تێبینی و بۆچوونەکانم هەنگاو لەبارەی ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی و بە تایبەت سەبارەت بە هەوڵۆچکەکە دەخەمەڕوو، کە هەر لە لاپەڕە (٣)یدا هاتووە، دەڵێت: "... زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت، وا دەنووسرێت"(٩)، من لێرەدا دەڵێم ئەم بۆچوونە کۆنە و ڕاستیش نییە و نابێت ڕەچاوبکرێت، ڕەچاوکردنیشی هێندەی دی زمانەکەمان بەرەو لێکترازان دەبات، بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونە وەلابنرێت و بەپێچەوانەوە هەوڵبدرێت پێڕەوبەندی ی زمانەکە چۆنە، ئەوە ڕەچاوبکرێت، ئەودەم لێک نزیکخستنەوەی زارەکانیشی لێدەکەوێتەوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر بەپێی ئەو وتراوە کۆنە بێت، ئەوا لە شاری سلێمانیدا وتنی لەم چەشنە هەن، کە دەڵێت: (یە، یەت،...) کە ئەمانە وتنی فۆنەتیکین و ڕاستە کورتکردنەوەی زۆریان بەسەرداهاتووە و لە وتندا ئاسابیە بەکاربهێنرێن، بەڵام ئەمانە نابێت بە هیچ جۆرێک لە نووسیندا ڕەچاوبکرێن.

دیارە ئەمانە دەبێت بەپێی پێڕەوبەندیی زمانەکە لە لایەنی پێکهاتەی وشەیی زمانەکەوە ڕەچاوبکرێن، کە هەر ئەمەشە بۆ قسەپێکەرانی زارەکانی تریش لێکترازان ناخاتەوە. بۆیە دەبێت ئەو وتراوانە بگێڕرێنەوە بۆ ئەو شێوەیەی، کە لایەنە وشەییەکەی زمانەکە دەربخەن، چونکە ئەمانە ڕاستیی وشەییان بەم شێوەیەن: دهێت > دێت > دێ > یەت > یە ، جا سەبارەت بەوەی کە وتمان لێک نزیکخستنەوەی زارەکانی لێدەکەوێتەوە، ئەوا دەکرێت ئەوە بزانین، کە لە هێندێک گۆڤەر یان شێوەزاری کرمانجی ژووروودا، کە دەوترێت : دهێت > تهێت

واته دەنگی {ت} کە جێ ی دەنگ ی {د}ی گرتووەتەوە، ئەم گۆڕینە بەپێی زانستی دەنگ دەزانرێت هۆی چییە. ئەویش ئەوەیە، کە دەنگی {ه} کە خۆی دەنگێکی کپە، واتە لەرەی ژێدەنگی لەگەڵدا نییە و کاتێکیش کە دەنگی {د}ی گڕی لەپێشەوە بێت، بزوێنی نێوانیشیان بزرۆکە بێت، کە خۆی ڕووبەرێکی دەنگیی کەمی هەیە، ئەوا ئەمە وادەکات کە {د} بە {ت} بگۆڕرێت، یاخود لەرەی هێندە کەمبێتەوە، کە بەرەو کپبوون بچێت، بەڵام لەو زارانەدا، کە دەنگی {ه} دەکەوێت و (دهێت) دەبێت

بە (دێت) ئەودەم دەنگی {د} ناگۆڕێت و بەرجەستە دەبێت.

لەو شێوەزارانەشدا کە پێدەچێت دەنگی {ه} درەنگتر کەوتبن، ئەوا دەبێت بە (تێت) و بەدووای کەوتنی جێناوە لکاوەکەشدا، کە (ت)یە، دەربڕراوەکە تەنیا بە (تێ) دەمێنێتەوە، واتە: دهێت > تهێت > تێت > تێ

بێگومان ئەو گۆڕانانەی باسکران، هەلومەرجی فۆنەتیکی دەیانهێنێتە ئاراوە و نابێت لەلایەنی نووسینەوە ڕەچاوبکرێن، جا ئەگەر ڕەچاونەکران، ئەوا لە پێکهاتە پێڕەوبەندەکەدا زارەکان جیاوازییان نامێنێت یاخود کەمدەبنەوە، بەمەش هەنگاوێکی گەورە لە سەرگرتن و خۆچەسپاندنی ستاندارد نزیکدەبینەوە، کە خوازتێکی لە دوواخستننەهاتووی نەتەوەییمانە. دەبێت ئەوە بڵێم، کە گومانم لەوە نییە، کە نووسەر و ئەکادیمی ی لەو بابەتەمان کەم نین، کە یەکسەر لەبەرامبەر ئەم بۆچوونانەی ئێمەدا، دەڵێن زمان پێشدەکەوێت و بەو بنەمایانە کاردەکات، کە بە کورتترین کات و کەمترین ئەرک، زۆرترین بیر بە گوێگر بگەیێنێت، دیارە ئێمەش لەگەڵ ئەم بنەمایانەداین و ڕاستیشن، بەڵام ئەمانە لە ئاستی وتن و ئاخاوتنی ئاسایی ناو خەڵکدا، نەک لە ئاستی نووسیندا، لێرەدا بۆچوونەکەمان هیچ لە بەهای ئەو ناساندنەی نووسین کەمناکاتەوە، کە دەڵێت: نووسین وێنەکردنی ئاخاوتنە. بێگومان ئەوە ڕاستە، بەڵام کرۆکی ئەو ناساندنە مەبەست لێی خودی بیرەکەیە. واتە بیری ئاخاوتنەکە مەبەستە. دیسانەوە ئەمە نابێت وابکات، کە ڕەچاوی بە ئاخاوتنکردنەوەکەیشی، واتە خوێندنەوەی ئەو نووسینەش نەکرێت. بە واتایەکی دی نووسین بۆئەوەیە، کە بخوێنرێتەوە. لێرەدا نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە ئێمە دەبێت هەوڵی ئەوەبدەین کەلێنەکانی زمانەکەمان نەهێڵین بەرگیری ی دژە تەلاشەکان، لەپێناو لێکنەترازان و هەروەها

له بەرامبەریشـــیدا نزیککـــردنەوەی زارەکـــان و بڕواهێنانیـــان بە هەوڵەکـــانی چەسپاندن و پەرەسەندنی ستانداردی زمانەکە، بکەین.

لە ل (٣)ی هەولۆچکەکەدا، کە ڕێنووس دەناسێنێت، دەڵێت:"وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمـان و ...". جـا ئەوەی ڕاسـتی بێـت، وەک پێشـتریش لێـی دووایـن، نووسـین وێـنەی ئاخـاوتنە، بەڵام ڕێنـووس یاسـاکانی چۆنێتیی نووسـینە، واتە وەکچـۆن بەپێـی ڕێزمـان، کە یاسـای ئاخـاوتنە، هەر بەوپێـیەش لە نووسـیندا، ڕێنووس ڕێکخەری نووسینە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشـەوە لە ڕێنووسـدا کار بە وێنەی واتەکان دەکرێت، نەک دەنگ. خودی ئەلفوبێش هێمای واتەکانی هەر زمانێکە. واتە ئەوەی لە نووسیندا ڕێنووس ڕەچاوی دەکات واتەکانن، کە بە پیت وێنە یاخود هێمایان بۆ دادەنرێت.

جـا بـۆ دەرخسـتنی ڕاسـتیی ئەوەی، کە ئـێمە لە زۆربـاردا نووسـینەکانمان فۆنەتیکییـانەن و وەک بەدەمـدا هـاتن دەنووسـین، دیـارە ئەمەش بـۆ نووسـینی فەرمـی و سـتاندارد هەڵەیە. لێـرەوە دەکرێـت نمـوونە لە خـودی هەولـۆچکەکە وەربگـرین، بۆنمـوونە لە ل(٤)دا، دەسـتەواژەکانی (خۆمـان ڕابێنـین)، (خۆمـان وا ڕابێنـین) هـاتوون، کە ڕاسـتییەکەی ئەوەیە بە (ڕابهێنـین) بنووسـرێن ، چـونکە چاوگی کارەکە (ڕاهێنان)ـە و هەر بەمەش ڕەگی کار بە ڕوونی دەردەکەوێت. بێگومـان ئەمەش چ بـۆ فێربـوونی منـداڵانی کـورد خـۆی و چ بـۆ فێربـوونی بێگـانەش، پێڕەوبەنـدە و ئاسـانە، کە پێکهاتەکـانی کەرەسـتە یـان پێکهـاتە وشەییەکان بدۆزرێنەوە یان بناسرێنەوە.

هەر لە ل (٤) دا، لە پەڕەگرافـی دووهەمـدا بە (تیـپ) قسـە لە وات کـراوە و دوواجـار بە (دەنـگ) قسـە لە ئەلۆفـۆن کـراوە، جـا هەروەک لە سـەرەتای ئەم باسـەدا لێیدووایـن (پیـت) تەنیـا هێمـایە بـۆ ناسـینەوەی وات، واتـیش ئاسـاییە، کە ئەلۆفۆنی جوداجـودای هەبـن و تیاشـیاندا هەبـن، کە بە گـوێی ڕووت هەسـت بە جیاوازییان لە سنووری واتەکەدا بکرێت، بەڵام لەو سنوورە دەرنـاچن و ئەمەش وادەکات، کە پیتی تایبەتیان بۆ دانەنرێت.

هەر لەو پەڕەگرافەدا باس لەوەکراوە کە: "... چەند وشـەیەک بەسـەریەکەوە و بە شـێوە و مەزەنـدە Context دەناسـینەوە و لە واتاکانیـان دەگەیـن..." لێرەدا جێـی خـۆیەتی، کە بڵێـین (مەزەنـدە لەگەڵ واتـای(Context) دا جیـاوازن و (Context)چەند جۆرێکی هەن و یەکێک لەوانە دەوروبەری زمانییە، کە خودی

ڕستە بەپێی شوێنی پێکهاتەکانی، واتای لێدەکەوێتەوە و ئەو واتایە مەزەندە نییە و پێڕەوە.

لێرەوە ئەگەر لەوە بدوێین، کە ئەکادیمیا پێشنیازیکردووە، ئەوا لە بنەچەدا دەبێت پەنابردنە بەر لایەنی زانستی دەنگ ڕەچاوبکرێت، تاوەکو بڕیار لەبارەی پیتەکانەوە بدەین. ئەو زانستەش ئەوەی یەکلایی کردووەتەوە، کە دەنگە زمانییەکان بزوێن (ڤاوڵ)و نەبزوێن (کۆنسۆنانت)یان هەن، کەواتە دەبێت هەر جۆرێک لە پیتەکان بەپێی تایبەتێتیی خۆی باسبکرێت. ئەمەش دەخوازێت لە واتەکانەوە بۆ پیتەکان بچین. بۆنموونە لە ل(٤)دا هاتووە، کە: "پلەکانی دەنگە بزوێنی واو...". جا هەر لەم تێبینییەوە ئێمە پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە با ئیتر لەو پاشاگەردانییەی ناوی پیتەکان و ناوهێنانیان ڕزگارمان ببێت، کە هەرکەسە بە ئارەزووی خۆی ناو لە پیتەکان دەنێت، هێندێک بە کاریگەری ی زمانی عەرەبی و هێندێک بە ئینگلیزی و هەیشن خۆبەخۆی خۆیان چۆنیان بەدەمدا بێت، ناویان لێدەنێن. هەر بۆ نموونە غازی فاتح وەیس، کە ماستەرنامەکەی لە وڵاتی بەریتانیا هێناوە، پیتی (ا) بە (ئەلف) و (م) بە (میم) ناودەبات(١٠) کە ئەمەش لە (ئەلیف)ی عەرەبییەوەیە. بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین، کە لە ناوهێنان یان ناونانی بزوێنەکاندا، با بە دەنگ ی }ە{ یاخود بە دەنگ ی هەمزە (گلۆتەڵستۆپ) دەستپێبکات و بە خودی هەر بزوێنێک لە بزوێنەکان کۆتایی بێت. دیارە ئەمە ئامانجێکی چاک دەپێکێت، ئەویش ئەوەیە، کە بزوێن خۆی دەتوانرێت درێژبکرێتەوە، بەمەیش لە ناوبردنەکەوە بەرجەستەبوون و گەیاندنیشی بۆ گوێگر چاکتر دەبێت. واتە بزوێنەکان یان بە {ها، ە، هو، هوو، هۆ، هە، هی، هآ} ناوببرێن، یان بەمشێوەیەی خوارەوە:

| وێنەی پیت بە ئەلفوبێی چاککراو لە عەرەبییەوە | بە ئەلفوبێی چاککراو لە لاتینییەوە | ناوی پیت |
|---|---|---|
| ا | a | ئا |
| – | i | ئـــــــ |
| و | u | ئو |
| وو | û | ئوو |
| ۆ | o | ئۆ |
| ە | e | ئە |

| | | |
|---|---|---|
| ی | î | ئی |
| آ | ê | ئێ |

لێرەدا ڕەنگە هەبن بڵێن، کاتێک کە گلۆتەڵستۆپ (هەمزە) لە کوردیدا وات نەبێت، ئیتر بۆچی لێرەدا دابنرێت، لەوەڵامدا دەڵێین لەبەرئەوەی کە بەشێوەیەکی لەبار سروشتی دەنگی ی واتەکان بۆ ناوی پیتەکان بەرجەستە دەکات، دەنا دەکرێت وەک پێشتر نموونەمان نیشانداوە، هەر دەنگی {ە} دابنێین، واتە بۆ ناوی پیتەکان بە (ها، ە، هو، هوو،...) بنووسرێن و گۆبکرێن. بۆ نەبزوێنەکانیش، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وێنە یان هێمای پیت بە ئەلفوبێی چاککراو لەعەرەبییەوە | بە ئەلفوبێی چاککراو لە لاتینییەوە | ناوی پیت |
|---|---|---|
| پ | p | پێ |
| ب | b | بێ |
| م | m | مێ |
| و | w | وێ |
| ف | f | فێ |
| ڤ | v | ڤێ |
| ت | t | تێ |
| د | d | دێ |
| س | s | سێ |
| ز | z | زێ |
| ن | n | نێ |
| ل | L | لێ |
| ر | r | رێ |
| چ | ç | چێ |
| ج | c | جێ |
| ڵ | Ĺ | ڵا |
| ڕ | ř | ڕێ |
| ی | y | یێ |
| ش | Ş | شێ |

| | | |
|---|---|---|
| ژ | J | ژێ |
| ک | k | کێ |
| گ | g | گێ |
| خ | x | خێ |
| غ | Ẍ | غێ |
| ق | q | قێ |
| ح | ĥ | حآ |
| ع | و | عێ |
| ه | h | هێ |

لێرەدا بەچاکیدەزانین ئەوە بڵێین، کە دوواتر پێشنیازی تایبەتمان سەبارەت بەو پیتانە هەن، کە لە نووسینی کوردیدا گرفتیان لێدەکەوێتەوە. لەوانەش، هەولۆچکەکە لە ل(٤)دا، دەڵێت:"کورتەواو"، بێگومان ئەمە لە دوو باردا هەڵەیە، یەکهەم: لەوەدا کە هەر واتێک دەشێت چەندان ئەلۆفۆنی هەبن، تیاشیاندا درێژ و کورت و کورتتر هەبن، دووهەم: خودی ناوبردنی واتەکە و دوواتر پیتەکە، بە (واو) ئەمەش هەر هەڵەیە. بۆیە ئەگەر بە (ئو) ناوببرێت چاکترە، بەڵام ئەوە ڕاستە، کە دەڵێت لە زۆر باردا بەرامبەر بە بۆری عەرەبی دەوەستێت. لەبەرئەوە بەچاکی دەزانین پیتەکە هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کە لە ئێستادا لە کاردایە. جا بۆ جیاکردنەوەی لە پیتی وێ) ۆ (W –چاکوایە، کە هێماکەی یان وێنەکەی بگۆڕرێت، بەشێوەیەک کە لە پێش کۆتایی ی پیتەکەدا ڕاستەهێڵێکی کورت وەک ژمارە(یەک) بکێشرێت، بەشێوەی: ۆ) ۆ(W –

لە نووسیندا بەوپێیە بەرجەستە بکرێت، بۆنموونە: وریا وەرە نەوشیرۆان هاتووۆە.

دیارە ئەو گۆڕینە بە لەبارتر دەزانین لە (خاڵ، حەوت، تەقەڵ...هتد) لەبەرئەوەی سەرلێتێکدان لەگەڵ هێمای پیتەکانی دیدا ناخاتەوە.

دوواتریش کە هەولۆچکەکە (ئوو) بە (درێژەواو) ناودەبات، ئەمەیان گومانی تێدا نییە، کە لەم ئەلفوبێیەی ئێستادا کێشەی خستووەتەوە و سەرلێشێوانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێش هەر شت دەکرێت ئەوە بڵێین، کە ئەم دەنگە لە کوردیدا واتێکی سەربەخۆیە و ئەمەش ئەوە دەخوازێت، کە لە ئەلفوبێکەماندا پیتێکی

تایبەتی بێ کێشەی هەبێت، نەک بە دووبارەکردنەوەی پیتی تر. بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە بۆ (ئوو) پیتی (ڵ) بنووسرێت، بەڵام وەک هێڵێکی شکاوە یان وەک نیوەی سەرە تیرێک بە ئاراستەی ژێری سەرەتای پیتەکە، بەبێ دەستهەڵگرتن، بکێشرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە: ڵ) ڕ -ڵ نموونەی لە نووسیندا، وەک: نووسین بە پێنووس سووتی خۆی هەیە .

بێگومان ئەوەی سەبارەت بە گۆڕینی پیتی وێ) ۆ (W - باسکرا، بۆ ( ڵ) یش هەر وایە، جگەلەوەش، لە ئوودا ئەم خاڵانەش وەک جیاوگ لەم پێشنیازەدا، لە ئارادان، کە بریتین لە :

١- دەستهەڵگرتنی لە کاتی نووسیندا پێویست نییە، کەواتە ئەرکی کەمتر دەبێت.

٢- کاتێکی کەمتری لە (خاڵ و حەوت و تەقەڵ و...هتد) دەوێت.

٣- سەرلێتێکدان لەگەڵ هێمای پیتەکانی تردا ناخاتەوە.

سەبارەت بە پیتی ئۆ) ۆ (O-ئەو شێوەیەی کە هەیە، لەبارە و چەسپاویشە سەرلێتێکدانیش ناخاتەوە. سەبارەت بە دیفتۆنگ یان جووتەبزوێن، پێمانوایە ئەو نموونانەی بۆ دیفتۆنگ دەهێنرێنەوە(١١)، دیفتۆنگ نین. ئەم بۆچوونەمان بە پشتبەست بە چەند بنەمایەکی زانستی دەنگ دەخەینەڕوو، لەوانەش، یەکەم: دەنگی بزوێن ئەو دەنگانەن، کە دەتوانرێت درێژ و کورت بکرێنەوە، ئەمەش بەپێی دراوسێیەتی لەگەڵ دەنگەکانی دیدا لەناو بڕگە و وشەدا. دیارە هەر دەنگێک سازگەیەکی خۆی هەیە، هەر لە لچولێوەوە تاوەکو بە چاڵایی قوڕگ دەگات، جا لەلایەنی فۆنەتیکییەوە نەبزوێنەکان بەهۆی بزوێنەکانەوە دەدرکێن. لێرەشەوە ئەگەر لەو نموونانە، کە بۆ دیفتۆنگ هێنراونەتەوە وردببینەوە، کە بریتین لە: (شوێن) و (نوێن) و (کوێ) و (توێ)، ئەوا دەبینین لە (شوێن) و (نوێن) دا بە چوار دەنگ و لە (کوێ) و (توێ) دا بە سێ دەنگ دراونەتە قەڵەم، دیارە ڕاستییەکەی وانییە و (شوێن) و (نوێن) پێنج دەنگن و (کوێ) و (توێ) هەریەکەیان چوار دەنگن. هەر وشەیەکیشیان لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| شوێن | (ش/وێن)(Şi/wên) |
| نوێن(ن/وێن) | (ni/wên) |
| کوێ(ک/وێ) | (ki/wê) |

تویَ (ت/ویَ)           (ti/wê)

لێرەدا تێبینییەک ی گرنگ هەیە، کە ناکرێت فەرامۆشبکرێت، ئەویش ئەوەیە لە زمانی کوردیدا واتەکانی ئو) و (u – و ئی) ی(î – ، کە خۆیان بزوێنن، کەچی لە هێندێک باردا، کە بە ئەلۆفۆنێکی زۆرکورت دەدرکێنرێن، ئەم هەلومەرجە وادەکات هێندێکجار لەو کورتبوونەوەیەدا، لە سنووری ئەو واتانە دەربچن و بگۆڕرێن بە بزوێنی بزرۆکە، وەک وشەکانی      :

ژییان      Jîyan

زییان      Zîyan

جووان      Cuwan

سووان      Suwan

جا ئەو وشانە ئەگەر لە گۆرانیدا، کە ئاوازی لەگەڵدایە، سەرنج بدرێن، ئەوا بەرجەستەکردنێکی ڕوونیان دەبێت و بە ئاشکرا بە گوآ ی ڕووت هەستیانپێدەکرێت.

دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، کە بزوێن هەلومەرجی درێژوبوونەوەی هەیە، دەنا ئەوە نەدەبوو. هەر کاتێکیش وەک پێشتر باسکرا، کە بە ئەلۆفۆنێکی زۆر کورت واتەکانی ئی (ی) و ئو (و) بدرکێنرێن، ئەوا ئەو هەلومەرجە دەڕەخسێت، کە لە کورتبوونەوەی زۆردا، سنووری واتەکانیان ببەزێنن و ببنە بزوێنی بزرۆکە) .ئ(i – ، وەک :

ژییان > ژیان      Jîyan      Jiyan<

زییان > زیان      Ziyan< Zîyan

جووان > جوان      Ciwan<Cuwan

سووان      >سوان      Siwan< Suwan

لێرەدا ئەگەر لە نموونەیەکی وەک (جوێن) بڕوانین، کە هەروەک نموونە بۆ دیفتۆنگی (ویَ) دەهێنرایەوە، ئەوا ئەگەر لە شێوە درکاندنەکانی دی ئەو وشەیە لە زار و شێوەزارەکاندا بڕوانین، دەبینین کە بە چەند شێوەیەک لە ئارادایە، لەوانەش:

- جمێن Cimên –
- جمان Ciman –
- جنێو Cinêw –

جا ئەگەر لە نموونەی یەکەم وردببینەوە، ئەوا چەند لایەنێکی فۆنەتیکی تر لە ئارادان، کە دەکرێت یارمەتیدەرمان بن بۆئەوەی لە ڕێگەیانەوە ڕاستی ی نادیفتۆنگی ی ئەو نموونانە بسەلمێنین، لەوانەش کاتێک ئێمە بزانین، کە واتی مێ/م/ و چەند دەنگێکی دی زمانی کوردی لە زارەکانی زمانی کوردیدا بە واتی وێ /ۆ / W- گۆڕراون، وەک :

کەمان – کەوان

نیم – نیو

نیمەڕۆژە – نیوەڕۆ

دیارە ئەمە ئاسانکاریمان بۆدەکات، تاوەکو لەوەبگەین، کە واتی مآ/م/ لە وشەی (جمێن)یشدا بە وێ/و /W-گۆڕراوە و بووە بە جوێن. جا ئەگەر لە سروشتی بڕگەیی وشەی (جمێن) بڕوانین، ئەوا بە ئاشکرا هەستدەکەین دوو بڕگەیە و لە (Ci) و (mên) پێکهاتووە، لەم بارەدا ڕووبەری بزرۆکە، کە دراوسێی مێ/م/ بێت، درێژترە لەوکاتەی کە دراوسێی واتی وێ/ۆ /W-بێت، دیارە ئەمەش پێوەندیی بەکاری میکانیکیی زمانەوە، لەناو زاردا هەیە. هەر ئەمەش وادەکات، کە لای هێندێک کەس هەستکردن بە بزوێنی بزرۆکە هێندە کەم بێت، کە نەتوانن سنووری بڕگەی پێ دیاربکەن و بەمەش وێ) ۆ (W- و ئێ (ێ) بە دیفتۆنگ بزانن.

لێرەدا بەجێیە گەر بڵێین ئەو نموونانە، کە وەک دیفتۆنگ باسدەکرێن، دیفتۆنگ نین، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە لە شێوەزارەکان و لە ئاخاوتنی ئاساییدا لە هێندێک باردا دیفتۆنگ لە ئارادا نەبێت، بۆنموونە لە ئاخاوتنی ئاسایی ی شاری سلێمانیدا، هێندێکجار دەنگی دێ {د} دەکەوێت، گەرچی ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە بە دەنگێکی دی دەگۆڕرێت، هەرچەندە سروشتیان، لەلایەنی بزوێنی و نەبزوێنییەوە جیاوازە، بۆنموونە ناوێکی وەک (ئەحمەد)، گۆکردنی دەبێت بە:

ئەحمەد > ئەحمە{i}

eȟmed > eȟmei

واتە ئەوەی کە گۆدەکرێت) ئەحمە (eȟme -نییە، بەڵکو(eȟmei) ـە. واتە دەنگێکی دی لە دووای دەنگی {ەe} -وە لە ئارادایە، کە هیچ گرتنێکی لەبەردەمدا نییە و درێژدەبێتەوە. دیارە ئەم سیمایەش سیمای بزوێنە و بزوێنەکەش بزرۆکەیە. کەواتە ئەوەی لەو پێکهاتەیەدا بەرجەستە دەبێت دیفتۆنگە. جا ئەگەر

ئەو بزرۆکەیە نەبێت، ئەوا ئەو پێکهاتەیە ناوەکە ناگەیەنێت. لێرەشەوە دەکرێت ئەوە بڵێین کە لە ئاخاوتندا دەشێت تریتۆنگیشمان بەشێوەی فۆنەتیکی هەبێت، ئەمەش لەوکاتەدا، دەبێت، کە فرمانی بێهێز بێتە دووای ناوەکەوە، کە (ئەحمەد)ـە، ئەوجا ببێت بە: eȟmede < eȟmeie

وەک ئەوەی دەوترێت:

ئەوە ئەحمەدە eȟmede ewe .ئەوە ئەحمە + بزرۆکە + ە

هەر بەوپێیەش لە ناوچەی شارەزوور و هێندێک ناوچەی گەرمیاندا، وتراوێکی وەک (کردووە) دەبێت بە) kirdie < Kirdûwe :ک + بزرۆکە + ر / د + بزرۆکە + ە)، واتە بڕگەی دووهەم بە دیفتۆنگ کۆتاییدێت و واتای دروستی خۆی بەپێی شێوەزارەکە دەگەیێنێت. هەر ئەم دەربڕراوە، دەکرێت بە دیفتۆنگ کۆتاییەکەی گۆ نەکرێت، ئەو دەم دەربڕراوەکە بە سآ بڕگە دەردەبڕرێت نەک بە دوو. واتە ئەگەر یەکەمیان (ک + بزرۆکە + ر / د + بزرۆکە + ە ) بێت، ئەوا دووهەمیان (ک + بزرۆکە + ر / د + بزرۆکە / ە) دەبێت، کەواتە یەکەم دوو بڕگە و دووەم سێ بڕگە دەبێت. واتە دووا بڕگە تەنیا بزوێنی {ەe } یە .

سەبارەت بەوەیش، کە بە دیفتۆنگی) وی (ü –ناودەبرێت، ئەمەش هەروەک (وێ Ö) وایە و دیفتۆنگ نییە و جیاوازییەکەشی تەنیا ئەوەیە، کە بزوێنی دووای ۆ (w–کە ئـی {ی}یە، نەک ئـێ {آ}. هەر بۆنموونە ئەگەر لە وشەی هەنگوین بڕوانین، ئەوا دەبینین، کە پێش بزوێنی ئی {یî } کۆنسۆنانتی {ۆ w} –هەیە و کۆنسۆنانتێکی ڕاشکاوە. بۆ ڕاستی ئەمەش، ئەگەر لە زمانی فارسیدا بۆ ئەو وشەیە بگەڕێین، ئەوا لە زمانی فارسیدا ئەنگەبین (انگبین) دەڵێن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەروەکچۆن لە زارەکانی کوردیدا (ۆ (w –جێی بێ {ب} و چەند دەنگێکی تر دەگرێتەوە، یان ڕاستتر بڵێین چەند دەنگێک بە {w} دەگۆڕرێن، ئەوکاتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەپێی پێناسەی دیفتۆنگ، ئەو دوو دەنگە دیفتۆنگ نین. دیارە ئێمەش دانانی پیتی تایبەت بۆ ئەو لایەنە بە هەڵە دەزانین، بەڵام وەک پێشتر خرایەڕوو، ئەگەر {ۆ w} – لەجیاتی {و} ڕەچاوبکرێت، ئەوا ئەو بەهەڵە بردنەش لە ڕەچاوکردنی دەنگیدا ناهێڵێت و ئەوە دەردەخات، کە بڕگەی {wîn} بە نەبزوێن ی {ۆ w}– دەستپێکردووە. دیارە پێکهاتە فارسییەکەش، کە (ئەنگەبین (engebîn – بوو، لە کوردیدا بە دەنگی {ە} و لە

فارسیدا بە (هەمزە) وشەکە دەستپێدەکات، بەڵام لە فارسیدا بڕگەی دووهەمی وشەکە بە {گ} دەستپێدەکات و بە {ە e} - کۆتاییدێت، بەڵام لە کوردیدا هەر بە {گ}یە و کۆتایی ی بڕگەکە بە بزوێنی بزرۆکەیە، ئەمە لە کاتێکدا سەرەتای بڕگەی کۆتایی ی فارسییەکە بە {ب}یە، بەڵام لە کوردیدا {ۆ w}-یە. ئەوەی خرایەڕوو، هەبوونی دیفتۆنگی {وی} لە وشەی هەنگویندا بەرپەرچدەداتەوە.

خاڵی (٧)ی هەوڵۆچکەکە، کە باس لە دەنگی سەرەتای وشەکانی، وەک: وڵات، وشە، وریا، ورد، ورچ...هتد، دەکات، سەبارەت بەوەی کە هێندێک بە (ووڵات، ووشە، ووریا، وورد، وورچ) دەیاننووسن. دیارە ئێمەش پێمانوایە، کە بە) ۆ - (wدەستپێدەکات، بەڵام وەک پێشتر باسکرا، زمانی کوردی ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە دەنگەکانی {و u} -و {ی î -} کاتێک کە زۆر کورتببنەوە، ئیتر لە سنووری ئەو واتانە دەردەچن و هەردووکیان بۆ دەنگی بزرۆکە {i} دەگۆڕرێن، ئەگینا بە دەربڕینی (هرچ، هورچ، ۆورچ، هورد، ۆورد) گۆکردنیان هەبووە، هەروەک:

هۆشیار > ووشیار > وشیار

کەواتە دانانی پیتی(ۆ) بۆ(W) ، ئەو کێشەیە ناهێڵێت. دیارە هۆکەشی ئەوەیە، کە گۆڕرانی ئەو دوو دەنگە بە بزرۆکە لەو پێکهاتە وشەییانەدا واتا ناگۆڕێت، دەنا زمان لەکوێدا گۆڕین زیان بەواتا بگەێنێت، ئەو گۆڕینە ناکات. بێگومان دەبێت ئەوە بزانین، کە هەڵەیەکی ناشییانەیە، ئەگەر هەبن بە {ئووû ی} دابنێن، ئەمە لەبەرئەوەنا، کە دەوترێت وشەی زمانی کوردی، بە بزوێن دەستپێناکات، چونکە ئەمەش مەرج نییە دروست وابێت، تەنیا هێندە هەیە، کە دەستپێکردن بە بزوێن لە زمانی کوردیدا، لای کوردزمان کەمێک گرانیی هەیە، وشەکانی: ئەو، ئێمە، ئا...هتد، ئەمانە ئەگەرچی سەرەتاکانیان گلۆتەڵستۆپن، واتە هەمزەن و هەمزەش وات نییە و لابردنیشی واتا ناگۆڕێت، بۆیە بەرجەستەنەکردنی کێشەیەک دروستناکات و لە وشەکاندا دەنگێک ی بنچینەیی ی وشەکان نین، بەڵکو لە پێناوی ئاسانیی دەربڕیندا هێنراونەتە کایەوە.

خاڵی (٩)ی هەوڵۆچکەکە، دەڵێت: "(و)ی بزوێن، وەک: (کوڕ، گورج، گورگ...)، لە (و)ی نەبزوێن، وەک: (وەرە، چاو، ڕاو...) بەشێوە جیانەکرێنەوە". دیارە ئێمە لەم لێکۆڵینەدا پێشنیازمان بۆ چۆنییەتی ی چارەسەرکردنی کردووە و

بۆچوونەکەی هەولـۆچکەکەش هەڵەیەکی زەقە و هیچکات ڕاست نییە، کە دوو واتی جودا، یەک پیت هێمایان بێت.

لە خاڵی (١٠)دا، کە لە بارەی ئـووی پێوەنـدییە، پێیوایە، کە بـۆ ئاسانی ی خوێنـدنەوە و نووسـین، نزیـک وشـەی پـێش ئـووەکە بنووسـرێت(١٢). ئـێمە پێمانوایە، کە ئەم بۆچوونە هەڵەیە و ئووی پێوەندی دەبێت دوور لە کەرەستەی پـێش و پاشـی خۆیشـی بنووسـرێت. واتە دەبێـت مەودا (سـپەیس) بکەوێـتە نێوانیانەوە. دیارە ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ئەم ئـووە خـۆی لە بەشـە ئاخـاوتنی وشەی ناتەواوە، بۆیە دەبێت هەلومەرجی وشـەی بۆ ڕەچاوبکرێت. بۆ ڕاستی ئەم بۆچـوونەش، ئەگەر لە زمـانی ئینگلیـزی بـڕوانین، ئەوا دەبینـین لەویشـدا، کە بەرامبەرەکەی(and) ـە، هەمیشە بۆشایی دەخرێتە نێوان کەرەستەکانی پێش و پاش(and) ـە کەش، جا چ وشـە بن یان ڕستە. جێگەی خۆیشـییەتی، کە لێرەدا بڵێـین لە هێنـدێک شـێوەزاردا تائێستاش گـۆکردنی ئەم کەرەسـتە زمـانییە وەک لایەنـی دەنگـی بە (ئـوو) دەردەبڕڕێـت، واتە لە دەربڕینـدا هەمـزەکە بەرجەسـتە دەکرێـت، کە پێـدەچێت لە کۆنـدا هەر بەو شـێوەیەش گۆکرابێـت و دوواتـر ئەو دەنگە نەمابێت .

هەولۆچکەکە پێیوایە، ئەلفوبآ ی عەرەبی ی چاککراو بـۆ کوردی، هەرچۆنێک دەستکاریی بکرێت هێشـتا نـاتەواوی هەر تێدا دەمێنێت. دیارە ئەمە بۆچـوونێکی ڕاستە، بەڵام هەولۆچکەکە، کە دێتە سـەر دەرخسـتنی لایەنێکی ئەو ناتەواوییانە، سـەیردەکەین ئەم هەڵەیە لەوەدا دەبینێت، کە گـوایە هەریەک پیت کە (و) وە، بـۆ ئەو بارەی، کە وشـەی پێش خـۆی بە نەبزوێن کۆتاییهاتبێت، لەگەڵ ئەو بـارەدا، کە بە بـزوێن کۆتاییهاتبێـت، ڕەچاودەکرێـت. بێگومـان خـودی ئەم بۆچـوونەی هەولۆچکەکە هەڵەیە، چـونکە ئەم ئامرازی پێوەندییە ئەوەیڕاستیبێت خـۆی وەک پێشتر لێیدووواین بـزوێنە و بزوێنـی درێژی ئوو) ڵ(û –ـە،جا ئەگەر ئێمە بێینو بەپێی دووادەنگ ی پێش خۆی بیگۆڕین، ئەمە ڕاست نییە. بێگومان لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێـین، کە ئەگەر دووادەنـگ ی وشـەی پـێش خـۆی نەبـزوێن بـوو، ئەوا دەرکەوتنی ئوو (û– ئاسـایی دەبێت، بەڵام ئەگەر دووادەنگی وشـەی پێشـەوەی بزوێن بوو، ئەوا لەم بارەدا لە گۆکردندا

جۆرێک لە دیفتۆنگ دروستدەبێت، وەک: برا لە باوک، چا لە شەکر .

جـا دەبێـت ئەوە بـزانین، کە کاتێـک (ئـوو) لە ئـامرازی پێوەنـدییەوە دەبێـتە لێکـدەر، ئەو کـاتە هەلـومەرجی لایەنـی دەنگـی وادەکـات، کە کەڵەهێـز، کە هێـزی دیاری دەربڕراوەکەیە، واتە (پرایمەری ستریس)ـەکە، بچێتە سەر بزوێنی بـڕگەی کۆتـایی ی وشـەکە، بەمەش ڕووبەری دەنگـی ی ئەو ئـامرازە، کە خـۆی بـزوێنە، واتە ئوو)لە(Û –ـەکە، کورتتر دێتە گوێ، بەڵام ئەم گرژبوونە دەنگییە، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی سـەرلێتێکدان بخـاتەوە و لە نووسـیندا بە ئو)  و  (U –بنووسـرێت. دیارە لە هـیچ بارێکیشـدا وێ، واتە) ۆ (W –نییە، تـاوەکو لە نووسـیندا بەوجـۆرە ڕەچاوبکرێـت. سـەبارەت بەوەش، کە هەوڵـۆچکەکە، دەڵێـت: "لەبەر بەرتەنگیـی ئەلفوبێیەکە ناتوانرێ تیپی نیوە دەنگداری ( W ) لەگەڵ تیپی دەنگداری (U) لێک جیابکرێتەوە، ناچار بۆ هەردووکیان هەر (و) دەنووسرێت". لێرەدا ئێمە هەروەک پێشتریش ڕوونمانکردەوە، ئەو(W) یە لە زمانی کوردیدا نەبزوێنێکی ڕاشکاوە و لەمەدا مەرج نیـیە، کە ئەگەر لە زمانـانی تـردا وابێـت، ئەوا لە کوردیشـدا وەک ئەوان بێت. لەلایەکـی تریشـەوە سـەبارەت بە دانـانی پیتـی تـایبەت بـۆی، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەم ئەلفوبێیە لە سـەدەی (١٩)ـەوە هەوڵـی گونجاندنی دراوە و لە سـەدەی بیسـت و بە تـایبەت لە نیـوەی دووهەمـی ئەو سـەدەیەوە، تـاوەکو هەشـتاکانیش هەوڵـی نەهێشـتنی کەموکووڕییەکـانی دراوە. ئێسـتاش کە هەلـومەرجێکی لەبـار لەم بەشـەی کوردسـتاندا لە ئـارادایە و دەزگـایەکی وەک ئەکادیمیامـان هەیە، ئەوا دەکرێـت کەلێنبـڕ بکرێـت. هەر بـۆ نمـوونە دەکرێـت بە کەڵک وەرگـرتن لە خـودی ئەو شـێوە پیتە عەرەبییە، لەگەڵ زیـادکردنی کـورتە هێڵێکی ستوونی  نووساو بە پێش کۆتایی ی پیتەکەوە، بیکەینە هێمای ئەو واتە، واتە بەو وێنەیە پیتەکە بناسینەوە، هەروەک پێشتر خستمانەڕوو.

سـەبارەت بە گرفتـی پیتـی یێ) ی  (y–هەوڵۆچکەکە، دەڵێت: "یەک واتە نەک دوو، هەرچەنـدە هەنـدێ جـار کـورت و هەنـدێ جـاریش درێـژ گۆدەکرێـت..."(١٣). لێـرەدا ئەوەی زانسـتی دەنـگ جەختـی لێـدەکات ئەوەیە کە هەر واتێـک ئەلۆفـۆنی هەیە، هەروەک پێشتر باسـمانکرد، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە کـورتکردنەوە و درێژکـردنەوە تایبەتمەنـدێتیی بزوێنەکـانە. سـەبارەت بەوەی کە بە ئەلفـوبێی چاککراو لە عەرەبییەکەوە هەریەک شێوە پیتی هەیە، ئەوا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت و زۆریش لە شـێوە بـاوەکە دوورنەکەوینەوە و تایبەتمەندییەکەشی بگەێنێت، وەک:

یـ / ی / ی

یەک یاری لە یارییە کوردەوارییەکان، لەلای من لە هەزار یاری ی ڕۆژئاوایی چاکترە.

دوواتر باس لە پیتی ئی) ی (آ -دەکات و باس لەوەدەکات، کە هێندێکجار درێژ و هێندێکجاریش کورت گۆدەکرێت، دیارە ئەمە ڕاستە و سیمایەکی ئاسایی دەنگی بزوێنە.

لە ل (٦)دا هەولۆچکەکە تێکەڵکردنێکی لە نێوان وات ی بزوێن ی ئی) ی(آ -و بزرۆکەدا کردووە، لەوەدا، کە بزرۆکە بە ئەلۆفۆنێکی وات ی ئی) ی (آ -لە قەڵەمداوە و دەڵێت: گوایە ئەوەی، کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا بە پیتی (i) وەک لە وشەی(min) دا هاتووە لە ئارادایە، دوواتر دەڵێت، ئەمە لە ئەلفوبێی عەرەبی چاککراودا بۆ کوردی وێنەی نییە، هەروەها دەڵێت پێویستیش ناکات پیتێکی سەربەخۆی بۆ دابنرێت، گوایە ئەو وشانەی وا هەڵدەکەون، وەک: "نیاز، پیاو، دیار..."(١٤) بزوێنیان ناوێت.

جا ئەوەیڕاستیبێت، یەکەم: ئەو دەنگە بزوێنە، ئەلۆفۆنی ئی) ی (آ -نییە و دەنگێکی سەربەخۆیە. دووهەم: لەوەیشدا، کە دەڵێت: پێویست بە پیتی سەربەخۆ ناکات و ئەو وشانەی کە بە نموونە هێناونییەتەوە و گوایە بزوێنیان ناوێت، ئەوە هەڵەیەکی زەقە، ئەگەر دان بە واتییەتی ی ئەو دەنگەدا بنرێت، ئیتر ناکرێت پیتی نەبێت، بەڵام کە لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا نییە، ئەمە کەلێنێکە و دەبێت چارەسەر بکرێت، نەک پیتەکە پێویست نییە.

لە خاڵی (٤)ی ل (٦)دا، هەولۆچکەکە، هەلومەرجێکی فۆنەتیکی زمانی کوردی، لە کاتی هاتنی بزوێنی ئی) ی(آ -، بە بڕگەی (یە) باسدەکات، کە ڕاستییەکەی ئەو دیاردەیە یەکێکە لە تایبەتمەندییە دەنگییەکانی زمانی کوردی لەوەدا، کە لە زۆربادا دوو بزوێن بە دووابییەکدا نایەن، بۆیە لەوکاتانەدا ناوگرێکی فۆنەتیکی نەبزوێن، کە کۆنسۆنانتە، دێتە نێوانیانەوە، وەک: (ئەم دێیە، ڕێیە...، دیارە ئەمەش کارێکی ئاساییە، بەڵام لەوەدا کە بە جودا بنووسرێت، ئەمە هەڵەیە، چونکە یەکێک لە ویستەکانی چ ئاخاوتن و چ نووسینیش ئەوەیە، کە بە کەمترین کات چ وتراوەکە چ نووسراوەکە بەرجەستە بکرێن.

سەبارەت بە ئی) ی (آ -خستنەسەر یاخود پەسن (وێف)، پێش هەر شت دەبێت بڵێین، کە ئەم کەرەستەیە خۆی بزوێنە و لە کۆمەڵەی وشەی ناتەواوە،

بۆیە ڕاستوایە کە بە جودا بنووسرێت و مەودایش لەنێوانیاندا هەبێت. دیارە ئەوەی وادەکات، کە بوترێت پێوەی بلکێنرێت لایەنی دەنگییەکەیەتی، واتە لایەنی فۆنەتیک، چونکە ئەم کەرەستەیە هەمیشە دەبێت بزوێن بێت و هیچکات نەبزوێن نییە. بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەمان دەکرێت لەو دەمە وردببینەوە، کە کوردزمان پرسیار لە دەرخەرەکە دەکات یان لەو وشەیەی یاخود ئەو شتەی کە پەسنی دەرخراوەکە دەکات، لە زۆربار‌دا لە پرسیارەکەدا دەرخراوەکە دووبارە ناکاتەوە، یاخود پەسنکراو دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو یەکسەر بە (هی چۆن؟) پرسیاردەکات، وەک ئەوەی کاتێک بوترێت:

ڕێنووس ی پێڕەوبەند باشە.

ئەوا دەکرێت پرسیار کاتێک دەپرسێت، بڵێت: هی چۆن باشە؟ لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم کەرەستەیە سەربەخۆیی هەیە و ئەمەش وادەکات، کە لە ڕێنووسیشدا پەراوێز نەخرێت. بێگومان ئەم ڕەچاوکردنە چەندان کێشەی نووسینەکەمان بۆ چارەسەر دەکات.

هەر بۆ نموونە لە دەروازەی (شاری یاری سلێمانی)، ئەم ڕاستییە زمانییە ڕەچاونەکراوە، نووسراوە: شاری یاری سلێمانی

دیارە ئەمەش وەک دوو کەرەستەی لێکپچڕاو خراونەتەڕوو، نەک وەک ناونیشانێکی پێڕەوبەند بۆ ئەو جێگەیە. واتە بەستنەوەیەک لە نێوان (شاری یاری) لەگەڵ (سلێمانی)دا لە ئارادا نییە. جگەلەوەش وشەی (شار) لەگەڵ ئی) ی- (آکە ئەمەیان بەپێی نیشانەی خستنەسەرەکە، یان پەسنەکە، کە (هی)یە دەبێت لەگەڵ شاردا مەودای هەبێت و ئەمەش پێڕەوبەندە، ئەوەی کە خەڵکەکە پێیڕاهاتوون، ئەوە لایەنە دەنگییەکەی وتراوەکەیە. واتە فۆنەتیکییە و نابێت لە نووسیندا بەوشێوەیە ڕەنگدانەوەی هەبێت. جا ئەگەر پێڕەوبەندی ڕەچاوبکرێت، ئەوا نەک هەر بەهەڵەدابردن ناهێڵێت، بەڵکو لە فێربوونی خەڵکانی بێگانەشدا بۆ زمانەکەمان، کارئاسانی دەکات. ئەوانەش کە باس لە پێوەلکاندنی ئەم کەرەستەیە دەکەن، با سەرنجێک لە زمانی ئینگلیزی و کەرەستەی ڕێزمانیی (of) بدەن، ئایا هەرگیز لەو زمانەدا ڕێدەدەن بەپێش یان بەپاش خۆیەوە بلکێنرێت. بێگومان هەرگیز ڕێنادرێت ، بەڵام کە لە ئاخاوتندا فۆنەتیکییانە گوێیان لێبگرین، کە (Some of)بەکاردێنن، ئەوا هێندە نزیک لەیەک دەردەبڕڕێن، تا ئەو ئاستەی هێندێک کەس هەست بە مەودای نێوانیان ناکەن.

سەبارەت بە خاڵی (٦)ی ل (٦)، ئەوا ئەگەر ڕەچاوی پێشنیازەکەی ئێمە بکرێت. ئەو یەک پیتییە نامێنێت و چارەسەردەکرێت، دوواتر لکاندن و نەلکاندنیشیان بەپێی پێویستی لایەنە ڕێزمانییەکە، دەبێت بڕیاربدرێت.

سەبارەت بە خاڵی (٧)، ئەمە ڕاستە، کە دەشێت سیٚ(ی) بەدوواییەکدا بێن، بەڵام ئەو (ی)یانە ڕاستییەکەی لە وێنەی پیتدا وەک یەکن، ئەگینا لەلایەنی واتییەتییەوە جیاوازن، چونکە وەک پێشتر وترا (ی)ی یەکەمیان ئەوەیە، کە لە بنەچەدا (هی) بووە، بەڵام لەباری هاتنی لەگەڵ کەرەستەی دیدا، تەنیا بزوێنەکە دەمێنێت، جا سەبارەت بە دەنگی {ە} هێندێکجار لە زۆر وشەی کوردیدا دەکەوێت یاخود بە دەنگی دی دەگۆڕێت، وەکو (دەستهاڕ) کە {ە} دەکەوێت، کە خۆی ڕەگی چاوگی (هاڕین)ە، بەڵام کە دەچێتە سەر مۆرفیمی دەست و لەگەڵیدا وشەیەکی داڕێژراو دروستدەکات، کە (دەستاڕ)ە، وەک دەبینین دەنگی {ە} کەوتووە. واتە ئەم دیاردەیە وەک دەنگ لە زمانی کوردیدا لە ئارادایە. لێرەوە دێمەوە سەر ئەو وشانەی کە تێیاندا چەند پیتێکی (ی) بە دوواییەکدا دێن، بۆنموونە پێکهاتەیەکی زمانی ی وەک: بنچینەییەکان، لە بنەچەدا، کە لە (بنچینە + ی + ی + ی + ەکە + ان) پێکهاتووە، کە دەنگی {ی}ی یەکەم بزوێنە و ئەو دەنگەیە، کە لە بنەچەدا (هی) بووە و {ە} کەوتووە، واتە {یî -خستنەسەرە، وەک ئەوەی کە بوترێت: (بنچینە ی خانوو) ئەوەیڕاستییشبێت، دەبێت لە نووسیندا دوور لە کەرەستەی یەکەم و دووهەمیش بنووسرێت، چونکە لە ڕێزەی وشەی ناتەواودایە. کاتێکیش کە پێکهاتەکە دەبێتە (بنچینەیی) ئەوا دەنگی {ی î -}یەکی دی، کە خۆی مۆرفیمێکە و نیسبەت دەگەێنێت، دێتە سەر مۆرفیمەکەی پێشوو، کە ئامرازی خستنەسەربوو، بەمەش وشەیەکی نوآ، کە خاوەنی واتایەکی نوێیە و بەم پێکهاتە نوێیە دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێن، چونکە یەک یەکەی زمانی ی نوێیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە لێرەدا دیفتۆنگێک هاتووەتە ئاراوە، کە لە دوو بزوێن ی هاوچەشن و سازگە، یاخود ڕاستتر بڵێین لە بەدوواییەکدا هاتنی یەک بزوێنی دووبارە درکاو دروستبووە.

دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین، کە بزوێنەکان ئەو دەنگانەن، کە بەربەست لەبەریاندا نییە، بۆیە لای هێندێک بە درێژکردنەوەی خودی بزوێنی یەکەمی تێدەگەن، یاخود هێندێکی دی بە بڕگەیەکی پێکهاتوو لە کۆنسۆنانتی {ی y} – و بزوێنی {ی }î –تێدەگەن، بەڵام ڕاستییەکەش ئەوەیە، کە بڕگەیەک پێکهاتووە، کە

خۆی دیفتۆنگه و لەبەرئەوەیش کە بڕگەی سێهەمی وشە نوێیەکە بە بزوێن کۆتایی هاتووە، کە }نە{یە، ئەمە وایکردووە، کە هەلومەرجی فۆنۆتاکتیکی، بوواری هاتنەکایەی دیفتۆنگێک ی وابدات، کە خۆی بەتەنیا بڕگە پێکبهێنێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

îîbinçîne - بن – چیـ – نە – یی

جا کاتێک کە مۆرفیمی ناسراوی دەچێتە سەر وشەکە، دەیکاتە:

بنچینەیی + ەکە

ئەمجارەیان لەبەرئەوەی کە مۆرفیمی ناسراویش بە بزوێنی {ە e} – دەستپێدەکات، واتە سەرەتاکەی بزوێنە، ئەوا لایەنە دەنگییەکە دەخوازێت، کە ناوگرێکی فۆنەتیکی بێتە نێوانیانەوەو ببێتە:

بنچینەییەکە yekeîîbinçîne –

جا ئەگەر بەم شێوەیەی سەرەوە نەبێت، ئەوا بە تریتۆنگ لە کردەیەکی فۆنۆتاکتیکیی تردا و بە پێکهاتەیەکی دی، دێتە ئاراوە، وەک:

بنچینەییێکە êkeîîbinçîne –

واتە بڕگەکان بەم شێوەیە دەبن:

ê – keîîbin + çî + ne +

کاتێکیش نیشانەی (کۆ)ی بچێتە سەر، ئەوا پێکهاتەکە دەبێت بە:

بنچینەییەکان yekanîîbinçîne –

واتە لەبەرئەوەی کە مۆرفیمی ناسراوی بە بزوێنی {ە e} – کۆتاییهاتووە و نیشانەی (کۆ)یش بە بزوێنی {ا a} – دەستپێدەکات، کە بە چوونە سەریەکیان دیسان دیفتۆنگ دروست دەبێت، بێگومان چوونە سەریەکی بزوێنیش لە زۆربارادا، گرانی ی خۆی هەیە، بۆیە بەپێی بەهێزی و بێهێزی، یەکێک لە بزوێنەکان زاڵدەبێت و بزوێنە بێهێزەکە لە ئارادا نامێنێت، بەمەش پێکهاتەکە دەبێتە:

بنچینەییێکان yêkanîîbinçîne –

واتە (ەکە)ی نیشانەی ناسراوی و (ان) ی نیشانەی کۆ، دەنگی {ا a} – زاڵدەبێت و {ە e} – تێدەچێت .

ئەوەی باسکرا، بۆ زۆر وشە و پێکهاتەی دی، لە زمانی کوردیدا لە ئارادایە و بەرگوێ دەکەون، لەوانەش:

واتاییەکـــان، ئاســـاییەکان، لادێییەکـــان، دووڕووییەکـــان، ســـنەییەکان، شــنۆییەکان،...هتد. ئــێمە لە هەشــتاکانی ســەدەی پێشــوودا، لە نووســیندا، لە ماستەرنامەکەماندا ڕەچاوی ئەم لایەنەمان کردووە(١٥) (١٦).

سەبارەت بە خاڵی (٩) هەوڵۆچکەکە دەڵێت: "ئەو وشانەی کە بە بزوێنی (ی) و (ێ)کۆتاییان هاتبێت، (ی)یەکی نەبزوێنی دەخرێتە سەر و بەجیا لە نزیک وشەی یەکەمەوە دەنووسرێت". جا ئەوەی ڕاستی بێت، هەر ئەو دوو بزوێنە نین، بەڵکو وشە بە هەرکام لە بزوێنەکانی زمانی کوردی کۆتایی هاتبێت، هەر ئەو ناوگرە نەبزوێنە دێتە ئاراوە. دیارە ئەمەش بۆ بەرگرتن لە چوونە سەریەکی دوو بزوێن دێتەکایە، بۆنموونە: ئاغایە، چەقالەیە، دۆیە،...هتد، ئەم پێکهاتانە لە بنەچەدا بەم شێوەیەن (ئاغا + ە ، چەقالە + ە ، دۆ + ە) جا لەبەرئەوەی وشەکان خۆیان بە بزوێن کۆتاییان هاتووە و مۆرفیمەکەش هەر بزوێنە، بۆیە ناوگرە فۆنەتیکییەکە، کە {ی}یە هاتووەتە ئاراوە، بەلام دەبێت ئەوەش بڵێین، کە وشەی کۆتایی هاتوو بە {وو} و {و} ناوگرەکەی {و w} –دەبێت، وەک: چووCû – ، Cûwe.

لەوەشــدا، کە دەڵێــت نەبــزوێنەکە بەجــودا و لە نزیــک وشـــەی پێشــییەوە بنووسـرێت، هەڵەیە و ڕاسـت نییە، چونکە وەک پێشـتر ڕوونمـان کـردەوە، لە نووســیندا و هەروەهــا لەوتنیشــدا دەبێــت دەرفەتــی ســەرلێتێکدان نەهێڵرێـت و کەمترین ئەرکیش بۆ گەیاندنی ئەو بیرە بخرێتە گەڕ، بەمەرجێک لە پێڕەوبەندی زمـانەکە دوورنەکەوینەوە، بۆیە دەبێـت نەک هەر لە نزیـک وشـەی پێشـییەوە بنووسرێت، بەڵکو بە پێشییەوە بلکێنرێت.

دوواتـر هەولـۆچکەکە دەڵێـت: پیتـی (ی) سـێ پـلەی هەیە. ڕاسـتییەکەی ئەم وتـراوە، کە خـۆی دەڵێـت پیتـی (ی)، ئەوا ئەگەر مەبەسـتی ئەلـۆگراف بێـت ، کە شێوە جوداجوداکانی پیتێکی دیارکراوە، ئەوا ئەمە ڕاستە، بەلام ئەگەر مەبەستی ئەلۆفۆنە، ئەوا پێش هەر شت دەبێت بزانین ئایا مەبەست لە (ی)ی بزوێنە یاخود نەبزوێن، کە) ی(y – یە. جا کاتێک کە لە خاڵی (١)دا بە (ی)ی کورت باس لە (خۆری بەهار) دەکات و لە خاڵی (٢)یشدا بە (ی)ی درێژی کۆتایی وشە، ئەم بۆچوونانەش هەڵەن، چونکە ئەوەی خاڵی (٢) بەشێکە لە وشەیەک و یەکەیەکی فەرهەنگـی ی سـەربەخۆیە، بەلام ئەوەی خـاڵی (١) کەرەسـتەیەکی ڕێزمـانی ی سەربەخۆیە و پێشتر لێیدووواین.

له ل (٧)ی هەولۆچکەکەدا سەبارەت بە (ی)، خاڵی (ئەلف) باسکراوە، بەڵام (ب) بوونی نییە(١٧).

سەبارەت بە خاڵی (١٢)ی هەولۆچکەکە، کە تایبەتە بە ئی) ی(Î –ی نیسبەت، کە بە دوو (ی) واتە (یی) دەنووسرێت، ئێمە پێمانوایە کە لە بنەچەدا (هی)یە و دەنگی {ه} کەوتووە و ئەوەی ماوەتەوە تەنیا بزوێنەکەیە، واتە {ی}Î –یە، جا ئەگەر بە دووای وشەیەکدا هات، کە خۆی بە بزوێن کۆتاییهاتبوو، ئەوا ئەودەم ناوگرێکی نەبزوێن دەخوازێت، بەڵام ئەگەر وشەی پێشەوەی بە نەبزوێن کۆتاییهاتبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ (ئی) یەکەی پێوە دەلکێت و کەرەستەیەکی زمانی ی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، وەک:

ڕانیەیی

شارەزووری

جا کاتێکیش کە خودی وشەی پێشەوەی بە بزوێنی (ئی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا دوو شیمانە لە ئارادا دەبن، یەکەم: یان ئەوەتا ناوگرێکی نەبزوێن دێتە نێوانیانەوە، یاخود دوو بزوێنەکە وەک دیفتۆنگ دەدرکێن، وەک:

سلێمانی + یی <سلێمانییی îSilêmanîy –

یاخود: سلێمانی + ی <سلێمانیی Silêmanîî –

دیارە ئەو بۆچوونەی، کە بڵێت ئەگەر وشەکە بە بزوێن کۆتایی هاتبوو، با تەنیا کەرەستەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، واتە وەک: حەمەتاڵ سلێمانی

شەم کونەماسی

ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە زمان خۆی، کە کەرەستە لێکدەبەستێت، بەپێی پێڕەو دەیکات و پێڕەوی زمانیش هیچشتێک ناخاتەلاوە، ئەگەر واتا لەنگ بکات، کەواتە ئەو پێکهاتانە دەبنە:

حەمەتاڵ سلێمانیی Silêmanîî ĥemetaĽ –

شەم کونەماسیی kunemasîî Şem –

یاخود Silêmanîyî :

Kunemasîyî

سەبارەت بە (ی)ی ئامرازی پێوەندیش، کە هێندێک دەڵێن با بەپێش خۆیەوە بلکێنرێت و هێندێکیش بەپێچەوانەوە، بەڵام ڕاستوایە، کە بە پێش خۆیەوە نەلکێنرێت، جا کەرەستەی پێش خۆی بە (ی) کۆتاییان هاتبێت یاخود بە

دەنگەکانی تر. دیارە دەبێت ئەوە ڕەچاوبکەین، کە لەلایەنی فۆنەتیکییەوە، بەپێی کـردەی فۆنۆتـاکتیکی زمـانی کـوردی، ئاسـایی بەدووای کەرەسـتەی پێشـتردا گۆدەکرێت.

خـاڵی (١٣)یش، ئەوە ڕاسـتە، کە) ی (î –ی ناوەڕاسـتی وشـە لە کوردیدا بە ئەلۆفۆنێکی درێژ گۆدەکرێت، بەڵام ئەوەی کە بڵێت هەرگیز کورت نابێت، ئەمە بەپێی زانستی دەنگ بۆچوونێکی ڕاست نییە، چونکە ئەگەر (ی) لە وشـەی یەک بڕگەییـدا یـان دوو و پتـر دا بێـت، بەڵام بە مەرجێـک لە بـڕگەی کۆتاییـدا بێـت، درێـژە، خـۆ ئەگەر لە بـڕگەی سـەرەتای وشـەی فـرە بـڕگەدا بێـت، ئەوا کـورت گۆدەکرێت. دیارە ئەمەش پێوەندیی بە لایەنی ئەلۆفۆنەکانی {ی}î –یەوە هەیە و هەرکـاتێکیش کە کەڵەهێـز، واتە (پـرایمەری سـترێس) لەسـەر هەر بزوێنێـک ی بڕگەکـــان ی وشـــە بێـــت، ئەوا ئەو ئەلۆفـــۆنە درێـــژ گۆدەکرێـــت، وەک:

| | |
|---|---|
| پیرەمیر | pîremîr |
| میرەپیر | mîrepîr |

سـەبارەت بە خـاڵی (١٥)یش، پێشـتر لە (خستنەسـەر) دا لێیـدووایـن، لەبـارەی (دی) و (تـر)ەوە، بۆچـوونی هەوڵـۆچکەکە بەجێـیە، ئەگەر (دی) بـۆ ئاوەڵنـاوی ژمـارە و (تـر)یش بـۆ پەسـەندکاری (مفاضـلە) بەکـاربهێنرێن، بەڵام سـەبارەت بە ئاوەڵناوی (کە) و (دیکە) ئەمانە پێمـوایە فۆنەتیک هێنـابنییە نـاوەوە، بۆیە، یەکەم: بەپێـی ئەو بنەمایـانەی، کە پێشـتر باسـکران، (دی) لە (دیـکە) کـورتترە، دووهەم: (کە) دەشێت لەگەڵ کەرەستەی زمانی دیدا لە هێندێک باردا سەرلێتێکدان بهێنێتە ئـاراوە. لەبەرئەو هۆیـانە، چـاکتر وایە، کە لە زمـانی ئەدەبـی ڕێچکەگرتـوو بـۆ سـتانداردی کـوردی، هەرتەنیـا (تـر) و (دی) بەکـاربهێنرێن، هەریەکەشـیان یەک ئەرکـی ڕێزمـانی ببینێـت، لەبـارترە. بێگومـان بەوکـارەش سـەرلێتێکدان نابێـت و منداڵ و بێگانەش، کە فێری زمانەکەمان دەبن، بۆیان ئاسانتر دەبێت.

ســـەبارەت بە دەنگەکـــانی {ر} و {ڕ} یـــش، ئەو بۆچـــوونەی، کە پێیوابـــوو لەســـەرەتای وشـــەی کوردیـــدا دەنگـــی {ڕ} پێویســـت بە دانـــانی تایبەتمەنـــدییە واتێتییەکەی لە پیتەکەیدا، کە حەوتەکەی ژێریەتی، ناکات. دیارە ئەمە بۆچوونێکی بێئاگایـانەیە لە زانسـتی دەنـگ و هەروەهـا لە زانسـتی ڕێنووسـیش، چـونکە هەرکاتێک دەنگێک لە زمانێکی دیاریکراودا لە وشـەدا واتـا بگۆڕێت، بەو دەنگە

وات دەوترێت، کە واتیش هەبێت، ئەوا لە نووسیندا پیتی تایبەتی بۆ دادەنرێت، کە پیتی تایبەتیش هەبوو، ئیتر لە هەر کوێیەکی وشەدا بێت، دەبێت بنووسرێت.

وشەی لێکدراو و چۆنییەتی ی نووسینیان

هەرکاتێک وشەی لێکدراو لە ئارادا بێت، ڕاست ئەوەیە کە بەسەریەکەوە بنووسرێت، نەک بەجودا. دیارە ئەمەش بەپێی ئەو بنەمایانەی زمان، کە پێشتر باسکران گونجاوە، چونکە لە نووسیندا دەستهەڵگرتنی ناوێت و ئەمەش لەلایەنی کاتەوە خێراتر بەدەستەوەی دەدات، لەلایەکی تریشەوە بوواری سەرلێتێکچوون بەهۆی لەنزیکەوە نووسینی بەشێکیان لە وشەی دییەوە ناهێڵێت، کە ئەمەش ئاسانییەک لە بوواری خوێندنەوەیدا دەرەخسێنێت. کاتێکیش بەشەکانی وشە لێکدراوەکە بە پیتە لکاو کۆتایی نەهاتبێت، لەم بارەدا دەبێت تەواو لە نزیک کەرەستەی دووای خۆی بنووسرێت، لە نێوان کەرەستەی یەکەم و دووهەمی وشە لێکدراوەکە و وشەکانی دیدا، مەودا هەبێت.

سەبارەت بەو ئامرازانەش، کە وشەی لێکدراویان پێدەبەسترێت، ئەمانە هەرچۆنییەک بن کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە لە کەرەستەکانی پێش و پاشی خۆی دانەبڕێت، ئەمە بۆ وشەی داڕێژراویش هەر بەو چەشنەیە، بەڵام ئەگەر پیتەلکاو لە ئارا دا بێت، ئەوا دەبێت بلکێنرێت و مەودا لە نێوان کەرەستەکاندا نەبێت.

سەبارەت بە نیشانەی نەناسراویش، دیسان پێشتر خستمانەڕوو، کە (یەک) بنچینەیە و ئەوانی دی گۆڕرانی دەنگی و کردەی فۆنۆتاکتیکی ی زمانی کوردی هێناونییەتە ئاراوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە لە وتندا ئەگەر بەو جۆرانەش گۆبکرێت ئاسایی نەبێت، تەنیا هێندە هەیە، کە لە نووسیندا چاکوایە (یەک) ڕەچاوبکرێت، ئەمەش بەبێ گوێدان بەوەی ئایا وشە تاکە نەناسراوەکە بە بزوێن کۆتاییهاتووە یاخود نەبزوێن، وەک:

پیاویەک

ژنیەک

چایەک

زانایەک

دیارە ئەمەش بۆ سەرجەم ئەو دەنگانەی لە کوردیدا هەن، بەبێ جیاوازی، دەبێت ڕەچاوبکرێت، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە ئەم بۆچوونە لەگەڵ

ئەوەشدا کۆکە، کە دەوترێت سەرجەم ئەو مۆرفیمانەی، کە ئێستا لە زماندا واتای سەربەخۆیان نییە، لە بنەچەدا واتای سەربەخۆیان هەبووە.

سەبارەت بە چۆنییەتی ی نووسینی چاوگیش، دەبێت لە خودی زمانەکە وردببینەوە، لەوەدا کە زمانی کوردی، چاوگی تێدایە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام هەر ئەو چاوگە بە یارمەتی ی پێشگر، دەشێت چاوگی نوآ بهێنێتە ئاراوە. جا ئەگەر ژمارەی پێشگرەکان لە یەک زیاتر بوون، ئەوا چاوگی نوێتر و دیارە بەواتای نوێش دەهێنرێنە ئاراوە، وەک ئەوەی لە کوردیدا چاوگەکانی (خستن،

بردن، کردن...) هەن، بەڵام بەم شێوانەی خوارەوە، چاوگی نوێیان لێپێکدەهێنرێت، وەک:

خستن – هەڵخستن – پێ + هەڵ + خستن > پێهەڵخستن

بردن – لابردن – پێ + لا + بردن > پێلابردن

کردن – ڕۆکردن – پێ + ڕۆ + کردن > پێڕۆکردن

تەنانەت دەشێت ناوی دی بکەوێتە پێش پێشگرەکانەوە و بە هەموویان چاوگی نوێ بهێننە ئاراوە، وەک: گوێ + هەڵخستن > گوێهەڵخستن

سەر + دەرکردن > سەردەرکردن

ناو + دەرکردن > ناودەرکردن

دیارە ئەم کارەی زمانی کوردی لەلایەکەوە خۆی لەخۆیدا چالاککردنی لەلایەنی گەیاندنی واتا و لەلایەنی ئەرکیشەوە تێدایە، لەلایەکی دیکەوە ڕێخۆشکەری هێنانە ئارای مۆرفۆسینتاکسیش بووە. دیارە مۆرفۆسینتاکس، لەو زارەی زمانی کوردیدا، کە ڕێچکەی ستانداردی گرتووە، زۆر لەبەرچاوە، بە ڕادەیەک کە دەتوانرێت بوترێت لە زارەکانی دیدا بەو چەشنە نییە. بێگومان ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشکەوتنی زمانە و لەگەڵ ئەو بنەمایانەشدا کۆکە، کە پێشتر لەبارەی زمانەوە خرانەڕوو.

کەواتە سەبارەت بە چۆنییەتی ی نووسینی چاوگ، هەرچەندە کەرەستەکانی زۆربن، جا ئەو کەرەستانە پێشگربن یاخود کەرەستەی زمانی ی دی، ئەوا دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێن، خۆ ئەگەر پیتی نەلکاویش لە ئارادا بوو، ئەوا دەبێت تەواو لەپاڵیەکدا بنووسرێن. دیارە ئەم کارەش چەند کەڵکێکی هەن، هەروەک پێشتر باسمانکرد، یەکەم: ئاسانکارییە لە ئەرکی نووسینیاندا و

دەستهەڵگرتنی ناوێت و کاتی کەمتریش دەبات، واتە خێرایی بە کردەی نووسین دەبەخشێت. دووهەم: لە خوێندنەوەشدا کەمترین بوواری بە هەڵە خوێندنەوە و سەرلێتێکدان ناهێڵێتەوە.

دیارە ئەوەی وترا سەبارەت بە چاوگ بوو، دەنا ئەگەر چاوگ نەبێت، ئەوا بەیەکەوەبەستنی کەرەستەکان لە لایەنی واتاوە بە هەڵەدابردن دەهێنێتە ئاراوە، وەک:

دەمووچاوهەڵگرتن

دەمووچاوپێهەڵگرتن

سەرپێشۆڕکردن

بۆنموونە: - سەرپێشۆڕکردنی دوژمنان لە سەرکردەی لێهاتوو دەوەشێتەوە.

-سەرکردن / گوللەکە سەریکرد.

-کوڕانی نەوەی نوآ، هێندێکیان حەزیان لە دەمووچاوهەڵگرتنە.

-کرێکارەکان زوو دەستهەڵدەگرن.

-بەزۆر دەستپێهەڵگرتن، کرێکارەکان نیگەران دەکات

-کە هاوسەر باش نەبوو، دەستلێهەڵگرتن باشترین چارەسەرە.

سەبارەت بەوەی، کە دەوترێت لە وشەی لێکدراودا ئەگەر وشەی دووهەم (فرمان) بوو، بەجودا بنووسرێت، بەڵام ئەگەر وشەی دووهەم چاوگ بوو یان هەر بارێکی دی، ئەوا پێکەوە بنووسرێت. بەشی دووهەمی ئەم بۆچوونە ڕاستە، بەڵام بەشی یەکەمەکەی هەڵەیە، چونکە ئەوەیش هەر دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێت.

وەک پێشتر باسمانکرد، لە زمانی کوردیدا هێندێک وشە خۆیان چاوگن، بەڵام کاتێک وشەی دی دەچێتە پێشیانەوە، ئەوا بوواری ئەوە هەیە، کە چاوگێکی نوێ پێکبێت، بەڵام بەواتایەکی نوێ. لێرەدا ڕەنگە بوترێت باشە ئەگەر وابێت، چۆن بتوانرێت مۆرفۆسینتاکسی (ڕێککەوتن) لەگەڵ چاوگی (ڕێککەوتن) لەیەک جیابکرێنەوە؟ لەوەڵامدا دەڵێین، هەروەک چۆن لە وتندا کەڵەهێز (پرایمەری سترێس) تایبەتمەندییەکی واتایی بە هەر یەکێک لەو کەرەستە زمانییانە دەدات، وەک:

١-  ڕێککەوتن řêkkewtin -

٢-  ڕێککەوتن řêkkewtin -

واتە کەڵەهێز لە چاوگەکەدا لەسەر بزوێنی دووابڕگەی پێکهاتەکەیە، بەڵام لە دووهەمدا، کە مۆرفۆسینتاکسە، ئەوا کەڵەهێز لەسەر بزوێنی بڕگەی یەکەمی پێکهاتەکەیە.

دیارە لە نووسیندا هەردووکیان دەبێت هەر بەسەریەکەوە بنووسرێن، بەڵام ئەوەی ڕاستی هەریەکێکیان یەکلاییدەکاتەوە، دەورووبەری ڕستەیی و زمانییە، نەک بەجودا نووسینی یەکێکیان، دەبێت ئەوەش بزانین، هەلومەرجی ئەوە هەیە، کە لە زمانەکەدا (ڕێک) لەگەڵ (کەوتن)دا بەدووایییەکدا بێن، بەڵام جیاوازبێت لەو دوو پێکهاتەیەی پێشوو، کە باسکران. بۆنموونە لەم وتراوە وردببەوە:

هەر کە دارەکە شکا، منداڵەکان ڕێک کەوتن و قوڕاوی بوون.

لەو وتراوەی سەرەوەدا (کەوتن) چاوگێکی سەربەخۆیە و (ڕێک)یش ئاوەڵکاری چۆنییەتییە.

سەبارەت بە (دا)، ڕاستییەکەی ئەم پێکهاتەیە بە چەند چەشنێک دەرکەوتنی هەیە و هەریەکەیان واتای تایبەتی هەیە، بۆنموونە کارەکانی (لێدان، پێدان، دان). بۆیە دەبێت ئەوە بزانین هەروەک پێشتریش ڕوونمانکردەوە، هەر چاوگێک کە پێشگر و کەرەستەی تری بچێتە سەر، ئەوا چاوگێکی دیی لێ دروستدەکات. بۆیە دەکرێت بڵێین، کە چاوگی (دان) یەکێکە لەو چاوگانەی، کە چاوگگەلێکی زۆری لێپێکدەهێنرێت، لەوانەش: سەردان، فریودان، فڕێدان...هتد. بۆیە کاتێک کە مۆرفۆسینتاکس لەو پێکهاتانە پێکدێت، ناکرێت جیابکرێنەوە، چونکە کەرەستەیەکی وەکو (فڕێدان) ئەگەر (فڕێ) بە تەنیا بمێنێتەوە، لە ئێستای زمانی کوردیدا بەم قاڵبە و بە تەنیا کارپێکردنی نییە، دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئەو چاوگانەی چاوگی (دان) یان تێدایە، کە سازدەبن واتای نوێیان دەبێت و هەمیشەش کارەکانیان تێپەڕن.

کاتێکیش کە (دا) ڕەهەند دیاریکەر دەبێت، جا شوێن یان کات، ئەوا بەبوونی بە پاشپرتک هەمیشە دەبێت لە پێش شتە ڕەهەند دیاریکراوەکەوە، پێشپرتک هەبێت، وەک:

لە کوردستاندا، لە ساڵێکدا، لە ڕێتدا، لە دڵتدا...هتد

واته بوونی پێشپرتکەکە، لە پێشەوەی ڕەهەند دیاریکراوەکەوە، پاشپرتکەکە دەخوازێت. بە نەبوونی ئەو پاشپرتکەش کەلێنێک لە وتراوەکەدا لە لایەنی واتاوە دەبێت، کەچی لە نووسینی ئێستادا ئەم پاشپرتکە کەمتازۆر نانووسرێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی زەقە .

## تێبینییەکانمان سەبارەت بە سەرنجەکانی هەوڵۆچکەکە:

بێگومان ئەوەی کە دەبێت هەر واتێک لە نووسیندا تەنیا یەک هێمای هەبێت، ئەمە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە. واتە پیتێک تەنیا هێمای یەک وات بێت، بەڵام وەک پێشتریش باسمانکرد، لە زماندا هێندێک دەنگ بوونیان هەیە، هەرچەندە واتیش نین، لەبەرئەوە ئەو دەنگانە پیتیان بۆ دانانرێت.

ئەوەی هەوڵۆچکەکە لەبارەی (ئـوو)وەوە پێشنیازیدەکات، کە هەشتێکی بچووکی لە ژێردا دابنرێت، ئێمە بەچاکی نازانین لەبەرئەوەی، یەکهەم: هەبوونی هەشت لە جیاتی سآ خاڵ لە هێندێک پیتدا بەکاردێت، دووهەم: حەوتو هەشت بۆ هێندێک پیتی دی لە ئارادایە، ئەمانەش وادەکەن، کە بوواری سەرلێتێکچوون برەخسێنێت. بۆیە ئێمە ئەو گۆڕانکارییەی پێشنیازمانکردووە، بە لەبارتر دەزانین و هۆی ئەوەشمان خستووەتەڕوو. سەبارەت بە (ی)یش پێشتر لێیدوواین، بۆیە ئەم پێشنیازەی هەوڵۆچکەکە بە لەبار نازانین.

لەبارەی دەنگەکانی {د}و {ت}ش، ئەوە ڕاستە، کە دەبێت لە هەر شوێنێکی وشەدابوون، لە نووسیندا بنووسرێن، بەڵام ئەو گوزارشتەی کە بە کلۆر لەباری وتندا بەشێوەی ئەو ناوچانەی، کە دەنگەکە نادرکێنن، لێیدەدوێن، ئەوە گوزارشتێکی هەڵەیە، چونکە ڕاستییەکەی کلۆربوون لە بنەچەدا هەر نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە، یەکهەم: هێندێک دەنگ نامێنن یاخود دەکەون و گۆناکرێن، وەک :

ددان> دان، مندالٚ > منالٚ، پەند > پەن، دەست > دەس...هتد

دووهەم: هێندێک دەنگ، دەنگی دی جێگەیان دەگرێتەوە، وەک:

- eȟmei < eȟmed ئەحمەد
- destii < destit دەستت

لەم جۆرەیاندا، کە دەنگی {د} نامێنێت، بزوێنی بزرۆکە دێتە جێی، بەمە لەگەڵ بزوێنی پێشخۆی دیفتۆنگ دەردەچێت، بەمەش ئەرکی دەنگە کەوتووەکە

دەبینێت، بە تایبەت لەوکاتانەدا خودی بزرۆکەکە جێگەی دەنگی {ت}، کە جێناوی لکاوی کەسی دووهەمی تاک بێت، وەک لە(destit) دا، دەگرێتەوە. ڕەنگە ئەو دیفتۆنگە بۆ هێندێک کەس وا بێتە گوآ کە هەر ئەلۆفۆنێکی درێژی دەنگی بزرۆکە بێت، بەلاّم ئەمە هەڵەیە، چونکە وشەی دەستت (destit) ئەگەر لێیوردببینەوە، دەبینین خۆی پێش جێناوەکە بزرۆکەی هەیە. کەواتە ئەوەی بە درێژ دێتە گوێ، ئەلۆفۆنێکی درێژی دەنگی بزرۆکە نییە، بەڵکو هاتنی دەنگێکی بزرۆکەی دییە لە جێگەی دەنگی {ت}و ئەرکی جێناوەکەش دەبینێت.

سەبارەت بەو وشانەش، کە کوردی نین و پێکهاتەشیان لەو دەنگانەیان تێدایە، کە لە زمانی کوردیدا نین، ئەوا بە هیچ جۆرێک نابێت وەک نووسینی زمانە بێگانەکە، پیتەکانیان ڕەچاوبکرێن(١٨)، بەڵکو وەک هەر زمانێکی تری جیهان، لەوانەش زمانی ئینگلیزی، دەبێت خەڵکی ڕەشۆکی ی کورد چۆنیان بۆ دێت و چۆنی گۆدەکەن، بەوجۆرەش لە نووسیندا ڕەچاوبکرێن. دیارە ئەو دەنگانەش، کە خەڵکی ڕەشۆکی ی کورد بەکاریدەهێنن، ئەو دەنگانەن، کە دەنگی بنجی ی زمانەکەن. واتە واتن و ڕێنووسیش لە نووسینی پێڕەوبەندی زمانەکەدا ڕەچاویاندەکات. هەروەک ئەوەی لە عەرەبیدا دەنگەکانی {چ} و {ڤ} و {ژ} و {ز} هەن، جا وشەگەلێک لەو زمانەوە هاتوونەتە کوردییەوە و لەم دەنگانەش لە پێکهاتەیاندا هەن، بەلاّم کورد ئەو وشانەی بەم جۆرەی خوارەوە گۆکردوون: ڕەوزە، زالم، زەلیل، ...هتد .

کەواتە سەرجەم ئەو دەنگانەی بە دەنگی {ز} گۆکردووە، چونکە خۆی هەر ئەو دەنگەی هەیە، بۆیە لە نووسینیشدا هەر دەبێت بەوشێوەیە بنووسرێن، نەک وەک نووسینی عەرەبی. دیارە ئەوەی باسکرا بۆ سەرجەم ئەو دەنگانەی زمانانی تر، کە وشەیان بێنە زمانەکەمانەوە ڕاستە و دەبێت بەپێی هەلومەرجی دەنگی ی زمانی خۆمان لە نووسیندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

سەبارەت بەو وشانەش، کە لە کوردیدا دوو دەنگی نەبزوێن بەدواییەکدا دێن، بەلاّم هەریەکەیان لە بڕگەیەکدان، یەکێکیان لە کۆتایی بڕگەی پێشەوە و ئەوی دی لەسەرەتای بڕگەی دوواتر، لەم بارەدا دەبێت هەر دوو نەبزوێنەکە بەرجەستە بکرێن، چونکە ئەگەر گۆنەکرێن، واتای وشەکە دەشێوێت، بۆیە لە نووسینیشدا ناکرێت نەنووسرێن. لەو وشانەش: زلـلە، کەلـلە، گولله، کولله،

هەفتتەغـار، چێشـتتەنگاو، جـا بـۆئەوەی بـزانین، کە ئەمـانە بەوچەشـنەن، ئەوا بە گۆنەکردنی یەکێک لە دەنگە دووبارەکان، دەبینین کە واتا دەگۆڕڕێت، وەک :

زلله > زله (کەسە زلەکە، یان شتە زلەکە)

کەلله > کەلە (کەسە دان کەوتووەکە)

کولله > کولە (چەقۆ کولە)

هەفت + تەغار > هەفتەغار

چێشت + تەنگاو > چێشتەنگاو

دیارە دەبێت ئەوە بزانین، کە لە گۆکردندا، واتە لە فۆنەتیکدا ئەگەر جۆرێک لە کـورتکردنەوەش ڕووبـدات، هەرگیـز نابێـت لە نووسـیندا ڕەنگـدانەوەی هەبێـت یـاخود ڕەچاوبکرێـت. جـا سـەبارەت بە وشــە، چ لێکـدراو چ داڕێـژراو، ڕاسـتە هەمیشـــە دەبێـــت بەســـەریەکەوە بنووســـرێت، وەک پێشـــتریش هۆکـــانی ئەم بۆچوونەمان ڕوونکردەوە.

جا ئەو دەستەواژانەش، ئاوەڵناوی بن یان ئاوەڵکاری، ئەگەر لە زماندا بووبنە گوزارشـــت یـــان ئیـــدیەم، ئەوا بەسەریەکەوەنووســـینیان زانســـتانەیە و لەیەکدابڕینیشـیان لە هێنـدێک بـاردا واتـای وتـراوەکە تێکـدەدات. بۆنمـوونە وتراوەکانی: کەواسووری بەرلەشکر، کەوابخۆ، چنگلەسەرشان...هتد.

سەبارەت بە ناوی عەرەبی و بێگانە بە گشتی، وەک پێشتر باسمانکرد، کورد چـۆن گۆیـدەکات، دەبێـت بەوشـێوەیەش بنووسـرێت. بێگومـان زمانـانی تـری جیهانیش هەرگیز ڕەچاوی ئەوە ناکەن، کە لە زمانی بێگانەدا چۆن گۆدەکرێت، ئەوانـیش وایگـۆبکەن. وشـەش یەک پێشـگر یـان دووانـی لەپێشـەوە بێـت، هەر بەیەکەوە بنووسرێت لەبارە، وەکچۆن پێشتر ڕوونمانکردەوە.

سـەبارەت بەوەش، کە جێنـاوی لکـاو بکەوێـتە ناوەڕاسـتەوە، ئەوا هەر لەگەڵ پێشوپاشـی خۆیـدا پـێکەوە بنووسـرێن ڕاسـت و زانسـتانەیە، نەک تەنیـا لەگەڵ بەشی پێشەوەی خۆیدا بنووسرێت و لە دووای خۆی دابڕڕێت، چونکە ئەمـانە ڕسـتە نـین، بەڵکـو مۆرفۆسینتاکسـن. جـا هەر کاتێـک ڕسـتە لە ئـارادابوو، ئەوا دەبێـت کەرەسـتەکانی بەجـودا بنووسـرێن، وەک پێشـتر باسـمانکرد. پێشـگریش، لێکدراوبێت یـان نـا، هەر دەبێـت بە دووای خـۆیەوە بنووسـێت، بەمەرجێک یەک کەرەسـتەی زمـانی دروسـتبکات، بەڵام ئەگەر پێشـپرتک (پریپۆزیشـن) بـوو، ئەوا دەبێت بەجودا و دوور لە وشەکەی دووای خۆی بنووسرێت، چونکە خـودی ئەو

پێشــپرتکە وەک کەرەســتەیەکی نــیمچە ســەربەخۆ کاردەکــات. ســەبارەت بە پاشگریش هەمیشە دەبێت بەدووای کەرەستەکانەوە بلکێنرێت، جا یەک پاشگر بێت یاخود چەند پاشگرێک.

بۆ ژمارەش ئەوەی هەولۆچکەکە پێشنیازیکردووە، زانستییە و دروستە، بۆیە پێمانوایە ئەگەر بەو چەشنە نەبێت، ئەوا بەکارهێنانی فۆنەتیکییانە دێتە ئاراوە، دیارە ئەمەش پێڕەوبەند نییە و بەکارهێنانێکیش گەر پێڕەوبەند نەبێت، چاک نییە لە نووسیندا ڕەچاوبکرێت.

ســەبارەت بە (ئــوو)ی پێوەنــدیو چــۆنییەتی ی نووســینی، پێشــتر پێشــنیازی خۆمانمان خستووەتەڕوو.

لەبارەی ئامرازی (نە)یشەوە، دەکرێت بڵێین، کە دوو هەلومەرجی جیاواز بۆ دەرکەوتنی هەن، یەکێکیان: ئامرازی نەرێکردنە و دووهەمیان: پێشگری نەرێیە، وەک:

نە پێڵاوی تەنگ، نە خانەی بەجەنگ- نە بکەیت و نە بخۆیت هەر تەماشای سای گەردنی بکەیت. دیارە دەبێت بۆ ئەم جۆرەیان مەودا هەبێت.

ســەبارەت بە بــاری پێشــگرییەکەی، کە دەبێــت مەودا لە نێــوان (نە) کە لەگەڵ کەرەستەی دوواتریدا نەبێت، وەک:

نەکەی هەرگیز نەمامی گوڵ بکەیتە سێبەر و سایەت - نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ.

لەبارەی هـاتنی پیتـی (و)وەوە بەدووابییەکدا، ئەمە ئەگەر واتەکانمـان هەریەکە هێمــای خــۆی هەبێــت، ئەو کێشــەیە نامێنێــت. جــا ئەگەر ئەو پێشــنیازانەی لەم بـارەیەوە پێشـتر خسـتماننەڕوو، ڕەچـاوبکرێن، ئەوا ئەو کێشـەیە نامێنێت، بەڵام ئەگەر ڕەچـاونەکرێن، ئەوا چـاکوایە ئەگەر لە وشـەیەکدا بـن، هەر بەسـەریەکەوە بنووسرێن، نەک بە جودا.

ســــەبارەت بە لەیەکبەســــتنی پیتەکــــانیش لە وشــــەدا، ئەوا بێگومــــان ئەگەر هەلـومەرجی بەسـەریەکەوە نووسـینی سروشـتی ی پیتەکـان بیرەخسـێنێت، ئەوا ئەگەر بەسـەریەکەوە بنووسـرێن زانسـتانەیە و پێشـتریش هـۆی لەبـاری ی ئەم بۆچوونەمــان خســتووەتەڕوو. لەبــارەی ئــامرازی بەستنەوەشــەوە، لایەنــی پێڕەوبەندی نووسینی ئەو ئامرازانەمـان خسـتووەتەڕوو و لەگەڵیشـیدا پێشـنیازی چۆنییەتی ی نووسینیمان ڕوونکردووەتەوە .

سـەبارەت بە بـزرۆکەش، کە هەوڵـۆچکەکە بە (سـووکەژێر) گوزارشـتی لێدەکات، ڕاستییەکەی سووکەژێر نییە، چونکە (سووکەژێر) لە کوردیدا ئەلۆفۆنی واتی /ی /آ-یە، بەڵام بزرۆکە واتێک ی سەربەخۆیە، کە لە ئەلفوبێی عەرەبی ی چاککراو بۆ کوردیدا، هێما یاخود پیتی نییە، کە ئەوەش کەمووکووڕییەکی ئەو ئەلفوبێیەمانە، هەربۆیە بۆ ئەمەش پێشنیازی ئەم هێمایە دەکەین ( ێ ) کە بکرێتە پیت بۆی، وەک : چێرا جێلەکانی شێتووە ، بێراکەم کێرا بە ڕازگێر. (١٩)

پێشتر لەوە دووایین، کە دەنگەکانی {د} و {ت} و {گ}و...هتد، لەهەر کوێیەکی وشەدا بوونیان هەبوو، ئەوا نابێت ڕەچاوی لایەنی گۆڕینە فۆنەتیکییەکانیان بکەین، کە هێندێک دەنگ تێدەچن، بەڵکو دەبێت لە نووسیندا بنووسرێن، وەک:
دەست > *دەس

دەستگیران > *دەزگیران

ددان > *دان

منداڵ > *مناڵ

گایەک > *گایێ

مامۆستایەک > *مامۆستایە

پێشتر لە (یەک، ێک، ەک) کە نیشانەی نەناسراوین و وەک پاشگر دەکەونە دووای کەرەستەی دی و نەناسراوێتییان دەخەنەڕوو، دووایـن. ئەم مۆرفیمە لە بنەڕەتدا (یەک)ـە، بەڵام گۆڕرانە فۆنەتیکییەکان و کردەی فۆنۆتاکتیکی گۆڕرانی لە هێندێک باردا تێدا کردوون، بۆنموونە ئەگەر لەم پێکهاتانە بڕوانین، دەبینین کە: مەڕیەک

بزنیەک

ئەگەر کەرەستە نەناسێنراوەکە بە بزوێن کۆتایی بهاتایە، ئەوا لەبەرئەوەی کە مۆرفیمی نەناسراوی بە دەنگی {ی}ی نەبزوێن دەستپێدەکات، هیچ کێشەیەک و گۆڕرانێکی فۆنەتیکی نەدەهاتە ئاراوە، چونکە بەپێی کردەی فۆنۆتاکتیکی، کە لە دووای بەیەککەیشتن ی ئەو دوو کەرەستەیە ڕوودەدات، وشەی (مەڕ)، کە بە تەنیا بەیەک بڕگەی {CVC} گۆدەکرا، لە کارلێکە دەنگییە نوێیەکەی دووای بەیەککەیشتنی لەگەڵ (یەک)دا، بڕگەی (مەڕ) دوو دەنگی سەرەتای دەبێتە بڕگەیەک و دەنگی {ڕ}یش لەگەڵ دەنگێکی دیکەدا دەبێت بڕگە سازبکات، بەڵام لەبەرئەوەی دەنگی سەرەتای مۆرفیمی (یەک)ەکە، بە دەنگی نەبزوێنی {ی y}-

دەستپێدەکات، لەبەرئەوەش، کە بڕگە لە زمانی کوردیدا بە هێشووە نەبزوێن دەستپێناکات، بۆیە ئەم هەلومەرجە دەخوازێت، کە بۆ درکاندنی نەبزوێنی {ڕ} دەنگی بزوێن لە ئارادا بێت، کاتێکیش بزوێن لە سەرەتای بڕگەی دوواتردا نەبێت، ئەوا دووشیمانە دێنە پێشەوە، یەکێکیان ئەوەیە، کە نەبزوێنی {ی y}- بگۆڕرێت بە بزوێن، دووهەمیان ئەوەیە، کە نەبزوێنەکە لەناوبچێت، تاوەکو بزوێنی دوواتری دەستەبەر دەبێت و بەمەش کردە فۆنۆتاکتیکییەکە لە هەر دوو باردا ساز دەبێت، بەڵام دوو پێکهاتەی لەیەکجودا دێنە ئاراوە. واتە زارەکانی زمانی کوردی لێرەدا هەریەکە و بەیەکێک لەو دوو ڕێگەیە مامەڵەی دەنگی لەگەڵ مۆرفیمی (یەک)ی نەناسراویدا کردووە، کە بریتین لە:

مەڕ + یەک > مەڕیەک        مە + ڕ {ی > آ{ - ە + {ک} > مەڕێک

مە + ڕ – {ی} + ەک > مەڕەک

جا ئەگەر لە پێکهاتەی یەکەمی نوآ، کە (مەڕێک)ـە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە نەبزوێنی {ی} دەگۆڕرێت بە بزوێنی{آ} و بزوێنی {ەe} -یش لەناودەچێت، چونکە لە زمانی کوردیدا هاتنی دوو بزوێن بەدووایییەکدا گرانی ی خۆی هەیە. بۆیە لە نێوان بزوێنی سەرهەڵداو، کە {آ}یە، لەگەڵ بزوێنی ڕەسەنی مۆرفیمی (یەک)دا بەپێی بەهێزی ی دەنگ، کە {آ} بەهێزترە لە {ەe} - ، دەنگی {ە e} - لەناودەچێت، لە ئاکامدا پێکهاتە نوێیەکە دەبێت بە (مەڕێک.(

سەبارەت بە پێکهاتەی دووهەمیش، کە (مەڕەک)ـە، ئەمەیان کردە فۆنۆتاکتیکییەکە، کە سنووری بڕگەکان دادەڕێژێتەوە (مە) دەبێتە بڕگەی یەکەم، بەڵام دەنگی کۆتایی مۆرفیمی یەکەم، کە {ڕ}یە، بۆئەوەی بەپێی کردە فۆنەتیکییە نوێیەکە دەرببڕرێت، دەبێت بە دووایدا بزوێن بێت، جا لەبەرئەوەی کە لە دووای {ڕ}کەوە دەنگی نەبزوێنی {ی}، کە سەرەتای مۆرفیمی (یەک) کە، هەروەک پێشتر لێیدووواین، یەکەم: بڕگە بە هێشووە کۆنسۆنانت لە زمانی کوردیدا دەستپێناکات، دووهەم: دەنگی {ڕ}کەش دەیەوێت بڕگەیەکی نوێ لە کردە فۆنۆتاکتیکییەکەدا دروستبکات، بۆیە دەبێت یان بزوێنێکی بۆ بێتە ئاراوە، وەک نموونەکەی پێشتر، یاخود بزوێنی مۆرفیمەکە، کە {ەe} - یە و لە دووای نەبزوێنی {ی}یەکەوەیە، بۆئەوەی {ڕ}یەکە لەگەڵیدا بڕگە دروستبکات، دەبێت {ی}یە نەبزوێنەکە لەناوبچێت، بەمەش بڕگەیەکی(CVC) ، کە (ڕەک)ە دێتە ئاراوەو پێکهاتە نوێیەکە دەبێتە (مەڕەک).

دیاره ئەم چەشنە پێکهاتانەش لە هێندێک زار و ناوچەی زمانی کوردیدا لە کاردان. جا ئەگەر بمانەوێت زمانەکەمان لەلایەک پێڕەوبەند و لەلایەکی دییەوە کار بۆ بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری جیاوازییەکان لە زارەکانی زمانەکەماندا بکەین، ئەوا دەبێت ڕەچاوی پێڕەوبەندی نووسین و ڕێنووسەکەمان بکەین. هەر ئەمەش لە هێنانەکایەی زمانێکی ستانداردی سەرتاسەریمان نزیک دەکاتەوە.

دیارە لێرەدا نابێت ئەوە لەبیر بکرێت، کە پێشتر لێیدوواین، لەوەدا کە نابێت هیچکات دەنگێک لە دەنگەکان بکرتێنرێت و لە نووسیندا نەنووسرێت، لێرەدا جەخت لە (لەنووسیندا) دەکەینەوە، دەنا بۆ لایەنی فۆنەتیکی، خەڵکی لە ئاخاوتنی ئاساییدا سەربەستن. بۆنموونە پێکهاتەیەکی وەک نموونەکەی پێشوومان، کە (مەڕیەک)ـە و هێندێک ناوچە دەیکەنە (مەڕێک)، زۆرجاریش دەنگی }ک{کەش دەکرتێنن و تەنیا (مەڕێ) دەوترێت. دیارە ئەم پێکهاتەیە لە نووسیندا دووجار هەڵەیە و ناشێت ڕەچاوبکرێت، بەڵام لە وتندا گرفت نییە.

لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین کاتی ئەوە هاتووە، کە ڕێنووسەکەمان کەلێنبڕ بکەین، دیارە ئەمەش بەپێی پێڕەوی دەنگ و وشەسازی و ڕستەسازی ی زمانەکەمان و ئەوەی لەسەری ڕێکدەکەوین، دەبێت هەوڵبدرێت ڕەچاوبکرێت و دەستگا بەرپرسەکان بیسەپێنن، دەنا ئەگەر تەنیا لە دووتوێی لێکۆڵینەوە و گۆڤارەکاندا بمێنێتەوە، کەڵکێک ناگەێنن و ڕۆژدووایڕۆژ ڕێنووسەکەش بەرەو پتر شپرزەبوون دەبرێت. بێگومان لە سنووری (٤٠-٥٠) ساڵی پێشوودا، چەندان نووسین و پێشنیازی زانستانە و لەبار هەبوون، بەڵام ڕەچاونەکراون(٢٠).*

**ئەنجام:**

١- سەبارەت بە چاکسازی لە ڕێنووسدا، هەر هەوڵ و پێشنیازێک ئەگەر لەبەر ڕۆژنایی ی زانست، بە تایبەت زانست ی زمان بە سەرجەم ئاستەکانییەوە نەبێت، ئەوا کارێک نابێت، کە پێڕەوبەندی ی زمانەکە و ڕێنووسەکە بپارێزن.

٢- سەبارەت بە پیتەکان، کێشەکان بریتین لە:

ڕ- بزوێنی بزرۆکە پیتی نەبووە و ئەمەش لە هەندێک باردا کێشە دروستدەکات، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پێشنیازی هێمایەکمان وەک پیت بۆ کردووە، کە لە شێوەی (ب) دەچێت، بەڵام لە جیاتی خاڵ، هێڵێک لە شێوەی ژمارەی یەک لە ژێرەوە بە ناوەڕاستییەوە دەلکێت، بەمشێوەیە (ێ). دیارە بە

پێی سروشتی بزوێنەکە خۆی، گەرچی دەرکەوتنی بە زۆری لە ناوەڕاست و کۆتایی ی وشەدا دەبێت، ئەوا ئەلۆگرافەکانیش هەر بە شێوەی ئەلۆگرافەکانی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی پیتی ( ب ) دەبێت، بەڵام لە جێگەی خاڵ تەنیا هێڵێکی کورت لە ژێریاندا بە ناوەڕاستیانەوە دەلکێت.

ب- واتەکانی ئی /Î/و یی /Y/پێشتر هەر یەک پیت و هێمایان هەبوو، لەم توێژینەوەیەدا پیتی تایبەت بە یی) ی (y - پێشنیازکراوە، کە ئەلۆگرافەکانیشی بریتی دەبن لە (ێ، ـێ ، ی).

ج- هەر بەو پێیەش، واتی ئوو /û/ و ئو /u/ و /w/ بە یەک شێوە بوون و لە یەکەمیاندا بە دووبارەکردنەوە بەرجەستە دەکرا، کە ئەمە کێشەیەکی زۆری بۆ ڕێنووس و نووسینی کوردی لێدەکەوتەوە، بۆیە توێژینەوەکە بۆ واتەکانی وآ / w /و ئوو/ û /پیتی تایبەتی پێشنیازکردووە، کە بەم شێوەیەن: وێ) ۆ (w-، ئوو ( ڵ) .

٣- بەپێی چەند بەڵگەیەک ئەوە خراوەتەڕوو، کە ئەو دەنگانەی بە دیفتۆنگ ناوبراون، دیفتۆنگ نین .

٤- سەبارەت بە نووسینی وشەش، جگە لە سادە، چ لێکدراو بێت یاخود دارێژراو، جا پێشگرێک لە ئارادا بێت یاخود زیاتر، بە پێی توێژینەوەکە، بەسەریەکەوە نووسینیان پێشنیاز دەکرێت .

٥- ئامرازی پێوەندی و لێکدەر، چۆنییەتی نووسینیان لەبەر ڕۆژنایی ی زانستی دەنگ و سەرجەم ئاستەکانی دی ی زماندا خراونەتەڕوو .

٦- لایەنی فۆنەتیکی ی زمان جودایە، لە لایەنی پێڕەوبەند، بۆیە ئەگەر ئەم جودابییە ڕەچاونەکرێت، ئەوا ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بین، کە لە داهاتوودا ببینە خاوەن زمانی ستاندارد .

## ڕاسپاردەکان:

١- چاوخشاندنەوەیەک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بکرێت، سەبارەت بە لایەنی خودی ئاسایشی نەتەوەییمان، بەتایبەت بۆ پرسی زمان.

٢- ئەکادیمیای تایبەت بە زمانی کوردی دابمەزرێت.

٣- شارەوانییەکان سەرپەرژتیی سەرجەم ئەو تابلۆیانە بکەن، کە لە شەقام و دوکان و مۆڵەکاندا هەڵدەواسرێن. ئەوە بکەنە بڕیار، کە دەبێت زمانی کوردی و وشەو واتای دروست و ڕێنووسی کوردی ڕەچاوبکرێت.

٤- ئەوەی لە ئەم لێکۆڵینەدا، سەبارەت بە گرفتی چەند پیتێکی نووسینی کوردی خراوەتە ڕوو و چارەسەریان بۆ دەسنیشانکراوە، هەوڵبدرێت لە زووترین کاتدا بڕیار لە ڕەچاوکردنیان لە دامودەستگاکاندا، بدرێت.

## پەراوێزەکان:

١- بۆ زانیاری لەوبارەیەوە، بڕوانە: زمانەوانی، محمد معروف فتاح، ل(١٤).

٢- لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم، کە توێژەرانی زمانی کوردی، تائێستاش سەبارەت بە واتەکان ی زمانی کوردی، یەکدەنگ نین، تێیاندا هەن، کە باس لە پیتەکان دەکەن، بە (٣٥) پیتیان دادەنێن، هەیشن بە (٤٣) پیتیان لەقەڵەمدەدەن. لەوبارەیەوە، بڕوانە -A :نووسینی کوردی بە لاتینی، جەمال نەبەز، ل(١) -B .ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، نوری عەلی ئەمین، ل(٢٤-٢٦).

٣- لەوبارەیەوە بڕوانە: فۆنەتیک، غازی فاتح وەیس، ل(٤٠).

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٩-٤٠).

٥- سەبارەت بە پێناسەی پیت، دکتۆر نەسرین، دەڵێت، کە: "وێنەی دروستکراوە بۆ ئەو دەنگانەی کە ئاخافتن دروست دەکەن...". جا ئەم پێناسەیە بەپێی زانست کورتدەهێنێت، چونکە لە ئاخاوتندا دەنگ هەن، کە پیتیان بۆ دانەنراوە. بڕوانە: ڕێنووسی کوردی، دکتۆر نەسرین محەمەد فەخری، ل(٩).

٦- بڕوانە: فۆنەتیکی زمانی کوردی، محمد امین هەورامانی، ل(٤٢-٤٣).

٧- بۆ نموونە (محمد معروف فتاح) پێیوایە، کە {وآ }ö - فۆنیمە، گەرچی هەندێک زمانەوانی کورد و بێگانە دانی پێدا نانێن، بەڵام هەرخۆیشی دەڵێت: فۆنیمێکی ناتەواوە و لە هەموو شوێنێکی وشەدا دەرناکەوێت و لە هەموو دیالێکتەکانیشدا نییە و دەرکەوتنیشی لە چەند وشەیەکی دیاریکراودایە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، محمد معروف فتاح، ل(٢٣١).

٨- بڕوانە: فۆنەتیکی زمانی کوردی، محمد امین هەورامانی، ل(٤٢).

٩- بڕوانە: هەولۆچکەیەکی تری...، ل(٣).

١٠- بڕوانە: فۆنەتیک، غازی فاتح وەیس، ل(٣٩).

١١- بۆنموونە، دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، پێیوایە، کە سێ بزوێنی دوولانە لە زمانی کوردیدا هەن. بۆ زانیاری لەوبارەیەوە، بڕوانە: زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ل(٣٤).

١٢- لە (ڕێزمانی کوردی، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی...) بۆ ئەوەچووە، کە لە ڕستەو لە وشەشدا با بە پێش خۆیەوە نەنووسێت، بەڵام هەر بە (و)ی داوەتە قەڵەم نەک بە (ئـوو). بـۆ زانیـاریی زیـاتر، بـڕوانە: کتێبـی ناوبراو، ل(٣٣٦).

١٣- بڕوانە: هەولۆچکەیەکی تری...، ل(٥).

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل(٦).

١٥- بڕوانە: بوواره واتاییەکان، هۆگر مەحموود فەرەج، ماستەرنامە، (چاپ نەکراوە).

١٦- سـەرچاوەی پێشـوو، کە ماسـتەرنامەیە، لە (١٩٨٩) پێشکەشـی کـۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کرا، بەڵام (١٩٩٣) بە فەرمی وەرگیراوە.

١٧- جگەلەوەش، ئەو ئی) ی(Î - یە، کە لە (ڕای کرد، دای نا، بۆی برد)دا هەیە، پێموایە لە بنەچەدا دەنگەکانی }ە{ و }ەe{ - یشی لەگەڵدا بووە، واتە جێناوەکان، کە بریتین لە:

م مان < هەم هەمان

ت تان < هەت هەتان

ی یان < هەی هەیان

واتە بـۆ تـاک لە بـنەچەدا (هەم، هەت، هەی) بـوون، بەڵام کە دەنگـی }ە{ بکەوێت، ئەو دەمە تەنیا بزوێنەکە، کە {ەe} - یە لەگەڵ {م} و {ت} و {یÎ - } دەمێننەوە، لەلایەکیشەوە کە جێناوی کەسی سێهەمەکە (ەی (eÎ -دەمێنێتەوە و ئەگەر کەرەسـتەی پێشخۆیشـی بە بـزوێن کۆتاییهـاتبوو، ئەودەم بەپێـی دەنگـی بەهێز، بزوێنی{ە e} - کەش دەکەوێت و ئیتر تەنیا بزوێنی بەهێزی کەرەستەی پێشەوە و بە دوواشیدا بزوێنی {ی}Î - ، کە جێناوەکەیە دەمێنێت. دیارە ئەمەش هەلـومەرجی ئەوە دەیڕەخسـێنێت، کە {ی }Î - یەکە بە ئەلۆفـۆنێکی کـورت گۆبکرێت و کـورتی ی ئەلۆفـۆنەکە وابکـات، کە بە {یy} - ی لە قەڵەمبـدەن،

ئەوەیڕاستیشبێت {ی  y}  –  بەسەربەخۆیی نابێت و سەربەخۆیی تەنیا بۆ بزوێنەکانە. ئەم گۆڕرانانەش بەمشێوەیە دەبن:

ڕا + هە ی + کرد > ڕا + ە ی + کرد > ڕایکرد

دا + هە ی + نا >    دا + ە ی + نا   <داینا

بۆ + هە ی + برد > بۆ + ە ی + برد > بۆیبرد

١٨- دیارە هەڵەیەکی زەقە، کە لە نووسینی کوردیدا ڕەچاوی ئەلفوبێی زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی دی بکرێت، کەچی هەروەک دکتۆر ئەوڕەحمان، دەڵێت: لەناو زمانەوانانی کورددا، بە پێوانەی عەرەبی لە دەنگە کوردییەکانیان ڕوانیوە. بۆ زانیاری ی زیاتر، بڕوانە: نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ل(٩٣).

١٩- وێنەی ئەو پیتە و چەند پیتێکی تر، کە لە سیستەمی کۆمپیوتەردا نەبوون، بۆیە بۆ یەکەمجارە لە کۆمپیوتەردا دامانڕژتن و لە ئێستادا لەناو فۆنتەکاندا بە (قاسم هۆگر) ناودێر-کراوە.

٢٠- دەیانساڵ لەمەوبەر سەبارەت بە (ی)ی خستنەسەر، لەساڵی (١٩٥٣)دا، لە (پۆستەی خوێنەواران)ی گۆڤاری پەیام، ژمارە (٢١) کە لە (٣)ی ئابی (١٩٥٣)دا، باس لەوە کراوە، کە ئەو (ی)یە، ئەگەر بەرجەستە نەکرێت، هەڵەیە، تەنانەت نموونەیەکیشی بۆ ئەو لایەنە هێناوەتەوە، کە دەڵێت: هەڵەیە ئەگەر بنووسرێت: (دیاری کوردستان)، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە بنووسرێت (دیاریی کوردستان)، دیارە ئەم بۆچوونەش ڕاستە، جا ئەگەر لەوکاتەوە بسەپێنرایە، ئەوا ئێستا لێرەدا وەک کێشەیەک نەدەمایەوە و نەدەبووە خاڵێک لەم باسەشدا.

## سەرچاوەکان:

١-  هەوڵۆچکەیەکی تر، بەرە و ڕاستەرێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر- کوردستان- ٢٠٠٩ (کە بە نووسراوێک ئاراستەی توێژەر کراوە لەپێناوی ئەوەدا، کە ڕاوبۆچوونی لەبارەوە بنووسێت).

٢-  زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٦.

٣- نووسـینی کـوردی بە ئەلفـوبێی عەرەبـی، دکتـۆر ئەورەحمـانی حـاجی مـارف، لە چاپکراوەکـانی ئەمینـداریێتیی گشـتی ی ڕۆشـنبیریو لاوانـی نـاوچەی کوردستان، چاپخانەی (علا) ١٩٨٦.

٤- بوواره واتاییيەکان، هۆگر مەحموود فەرەج، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣ (چاپ نەکراوە).

٥- نووسینی کوردی بە لاتینی، جەمال نەبەز، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٧.

٦- ڕێزمانی کوردی، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٧- فۆنەتیکی زمانی کوردی، محمد امین هەورامانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دارالحافق) بەغدا ١٩٧٤.

٨- ڕێنووسی کوردی لەڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) بەرگی نۆهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٢.

٩- ڕێنووسی کوردی، دکتۆر نەسرین محەمەد فەخری، کۆلیژی پەروەردە، دانیشگای بەغدا، ١٩٧٧-١٩٧٨.

١٠- ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، نوری عەلی ئەمین، چاپخانەی (سلمان الأعظمی) بەغدا، ١٩٦٦.

١١- ڕێنووس، چۆنیەتی نووسینی کوردی، گاهر ێادق، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکوک ١٩٦٩.

١٢- زمانەوانی، محمد معروف فتاح، کۆلیژی ئاداب، (مطابع دارالحکمە)، ١٩٩٠.

١٣- فۆنەتیک، غازی فاتح وەیس، ئەمینداریێتیی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، زنجیرە (٥)، چاپی یەکەم، ١٩٨٤.

١٤- گۆڤاری پەیام، پۆستەی خوێندەواران، ژمارە (٢١) بەغدا، ٣ی ئابی ١٩٥٣.

**تێبینی//** ١-پەخشانێک بە ئەلفوبێی پێش ئەو گۆڕانکارییەی، کە لێکۆڵینەکە کردوویەتی.

لە تۆ بزۆزی لە خودا ڕۆزی*

تاریکی و چرا دوو دژیەکن، کە هەمیشە لە ململانێدان. ئەم ململانێیەشیان، تا ئەو ڕۆژە بەردەوام دەبێت، کە تێیدا دووا تیژک خامۆش دەبێت. دییارە ئەوەش تەنیا ئەو کاتە دێتەکایەوە، کە هێزی مەرگ هێزی ژییان بشکێنێت، چونکە ژییان هەمیشە لەدایکبوون دەخاتەوە، هەمیشە گۆڕانکاری دەهێنێت، هەمیشە دژە وەستانە، چونکە خودی وەستان، لە بزاوتکەوتنە، کە ئەمەش لەگەڵ مردندا نزیکییەکیان هەیە. تۆ بڕوانە ئاو، چۆن بە وەستانی ورده ورده لیخن دەبێت و دوواتر بۆگەن دەکات. تۆ سەرنج بدە، ئەگەر بای دارئاوس نەبێت، ئەوا هەڵاڵەی زۆرێک لە شکۆفە و گوڵەکان ناگەنە هاوڕەگەزەکانیان، کە بەمەش بوون و بەرهەمیان لە کەمی دەدات.

ئێمەی کوردیش، ئەگەر بخوازین وەک نەتەوەیەکی خاوەن خوازت و توانست بناسرێین، ئەوا دەبێت لە هەوڵی بوونە دەوڵەتدابین، دییارە ئەمەش زەمینەی پێویستە. بێگومان زەمینەش تەنیا یەک چەشن نییە، بەڵکو چەندانن، هەر بۆ نموونە یەکێک لەوانە، زەمینەی ڕامیارییە، کە ئەمەش هەوڵی دیپلۆماسی هەرێمی و نێودەوڵەتیی گەرەکە. یەکێکی دی لەو زەمینەیانە، لایەنی ئابوورییە، دییارە ئەمەش گرنگی زۆری هەیە، چونکە ئەگەر توانای ئابووری نەبێت، ئەوا هەلی بەدیهێنانی ئەو خوازتە زۆر نابێت. لەلایەکی تریشەوە لایەنی هێزی سەربازییە، کە ئاشکرایە بە بێ توانای سەربازی، بەرەنگاریی هەڕەشەکانی ناحەزان، بێهوودە دەبێت. جا ئەو توانایانەش لە ناگەهانەوە پەیدا نابن، بەڵکو کاری فەرهادئاسا و یەکدەنگی و یەکگرتنی کوردیان گەرەکە .

پێبەپێی ئەمانەش دەبێت لە هەوڵی ئەوەدابین، ڕێز لە گەوهەری نەتەوەکەمان بگرین، کە ئەویش زمانەکەمانە. ئەمەش بەبێ هاتنەکایەی زمانێکی فەرمی نایێتەدی، دییارە هەر بەو زمانەش دەبێت کارە فەرمییەکانی میرییەوانی بەڕێوەببرێن، هەر بەویش بخوێنرێت. ئاشکراشە، کە ئەمەش بەبێ لە ئارادابوونی ڕێنووسێکی بێگرفت، زۆر ئەستەم دەبێت. بۆیە دەبێت پێش هەرشتێک بیر لەو زمان و لەو ڕێنووسە بکەینەوە، تاوەکو وەک نەتەوە وو گەلانی جیهان ببینە خاوەن نووسینی خۆمان و لە داهاتوودا سەرجەم ڕۆڵەکانی کورد، چ ئەلفوبێیەکەی و چ ڕێنووسەکەی ڕەچاوبکەن. ئاشکراشە، کە ئەمە خوازتی هەر تاکێکی کوردە لەسەرجەم پارچەکانی نیشتیمانی شیرینماندا. جا ئەگەر دەستبەرداری ناوچەگەری و خێڵگەری نەبین وو پەرژەوەندی ی نەتەوە نەکەینە

دروشمی پیرۆز ، بەدیهاتنی ئەو خەونەمان سانا نابێت. هەر بە هاتنەئارای ئەو زمـــان وو نووســـینە فەرمیـــیەش، دەکرێـــت شـــانازی بە یەکگرتـــوویی ی نەتەوەکەمانەوە بکەین.


**Abstract**

The study is summarized in one chapter, elaborating on different aspects of Kurdish orthography. The idea is rooted from the guide addressed to a number of university teachers or professors by the Kurdish academy depending on some academic proposal for Kurdish orthography. As I am interested in the topic which needs to be studied cautiously by researchers, I tried in the present study to focus on some debatable points to show what is scientifically correct. One problem is they draw various phonemes using similar letters. By its turn this leads to some confusion when it is used in writing.

Another section is developed to the phoneme known as 'Bizroke' /ə/ and to avoid making mistakes and confusion I tried to find a symbol representing it.

On the other hand, the academic guide claims that the process of assimilation can not be found in Kurdish, and how the words are combined to each other and to suffixes and prefixes. I tried to show the correct way of those combinations. The paper is ended with some results and a list of reference books.

# قۆناغەکانی دەرچواندن و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقی، ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٤

پ.د.سامان فەوزی عومەر

**پێشەکی :**

کورد کە نەتەوەیەکی جیاوازە لە نەتەوەکانی دیکە، زمانی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێی دەڵێن زمانی کوردی، کە بە درێژایی مێژوو لەبەرامبەر هەوڵی دوژمنانی بۆ لاوازکردن وسڕینەوەی ئەو زمانە، ئەویش هەوڵی هێشتنەوە و پێشخستنی زمانەکەی خۆی داوە، بۆیە هەمیشە یەکێک لە داواکاری ڕاپەرین و شۆرشەکانی کورد، ئازادی بەکارهێنانی زمانی کوردی بووە. جا ئەگەر ئەو داواکارییە لە هەندیک پارچەی کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش بەدی هاتبێت، ئەوا لە هەندێک پارچەی دیکەدا، هیشتا خەباتی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی سەر بە دوژمنانی دابنەوێنێت بۆ ئازادکردنی زمانەکەی و بەدەستهێنانی مافەکانی دیکەی .

ئەم بابەتە ڕۆدەچێتە ناو پێگەی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە عێراقی سەردەمی فیدرالیدا، باس لە ناوەرۆکی یاسای زمانە فەرمییەکان و هەنگاوەکانی دەرچواندنی و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی دەکات.

لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا کە بەئەندازەیەکی زۆر پشتم بەستووە بە نووسینێکی دیکەمان لەبارەی پێگەی زمانی کوردی لە یاساکانی عێراقدا- جگە لە میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنی دەقە یاساییەکانی یاسای زمانەفەرمییەکانی عێراق، شێوازێکی دیکەی نووسینیش پێداکراوە ئەویش شێوازی گێڕانەوە و یاداشتنامەیە بەو حوکمەی بەندە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق لەساڵی٢٠١٤ دا .

بۆ گەیاندنی ناوەڕۆک و ئامانجی نووسینەکەم بە شێوازێکی پلەبەندیانە، بە چاکی دەزانم بابەتەکەم بۆ دوو بەشی سەرەکی و هەر بەشێکیش بۆ دوو باس دابەش بکەم، لە بەشی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر هەنگاوەکانی ڕێکخستنی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە سەرتاسەری عێراقدا ، لەبەشی دووەمیشدا ڕاڤەی بڕگەو مادەکانی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و ئالنگارییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی باس دەکەین.

## بەشی یەکەم:
## هەنگاوەکانی ڕێکخستنی زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی لە عێراقی فیدرالیدا

لەم بەشەدا باس لە پێگەی زمانی کوردی دەکەین لەو قۆناغەی عێراق لەو ولاتێکی سادەی ناوەندیەوە دەبێت بە ولاتێکی فیدرالی، کە لەگەڵ خۆیدا گۆرانکاریەکی گەورەی لەروی پێگەی یاسایی زمانی کوردیەوە بەدیهێنا، لیرەشدا قسەکانمان بەسەر دوو باسدا دابەش دەکەین، لەیەکەمیاندا باس لە پێگەی یاسایی زمانی کوردی لەسەردەمی عێراقی فیدرالی دەکەین وتیشک دەخەینەسەر یاسای بەرێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە٢٠١٣ ودەستوری ساڵی٢٠٠٥ ،وە هەنگاوەکانی دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمیەکان، وە لەباسی دوەمیشدا تیشک دەخەینەسەر ناوەرۆکی یاسای زمانە فەرمیەکان وئاسۆی جێبەجێکردنی .

**باسی یەکەم: پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە سەردەمی عێراقی فیدرالیدا**

ساڵی٢٠٠٣ رژێمی بەعس کە زیاتر لە(٣٠ساڵ) حوکمرانی عێراقی کرد لەلایەن ئەمەریکاو بەیارمەتی چەند هێزیکی دیکەی دەرەکی وناوخۆیی ڕوخینرا و ئاسۆی عێراقێکی تازە بەگوێی عێراقییەکاندا درا. بۆیە لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن سەرکردەکانی عێراقەوە یاسایەکی گرنگ واژوو کرا، کە وەک دەستورێک وابوو بۆ داهاتووی عێراق ئەویش(یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەقۆناغی گواستنەوە) بوو. لەم یاسایەدا هەندێک مافی کوردەکانی تیادا باسکرا لەوانەش کردنی زمانی عەرەبی وکوردی بوو بە زمانی فەرمی لەسەرتاسەری عێراق لەمادە (٧)یاساکەدا، بۆ یەکەمجار لە مێژوی عێراق و ولاتانی ناوچەکە زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی ولاتێک کە ئەمەش هەنگاوێکی یاسایی گەورەبوو، بگرە ئەزموونی لەم جۆرە کە دوو زمان لە دەوڵەتێکدا فەرمی بن، تەنانەت لە ولاتانی دەوروبەری عێراق و ناوچەکە هەر بوونی نەبوو. دواتر ئەم یاسایە بوو بە هەوێنی دەستوری تازەی عێراق، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە پەسەندکرا.

مادەی چوارەمی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق تایبەتە بەزمان و دەڵێت:

یەکەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمی عێراقە، مافی عێراقییەکانیش زامنکراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایک وەک تورکمانی وسریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە فێرکارییە حکومییەکاندا بە گوێرەی ڕێککاری پەروەردەیی، یاخود بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە فێرکارییە تایبەتەکاندا.

دووەم: چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم مادەیە بە یاسایەک ڕێکدەخرێت کە پێکدێت لە:

أ-دەرچواندنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانەکە.

ب- قسەکردن و ئاخاوتن و گوزارشتکردن لەبوارە فەرمییەکانی وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان بەهەر یەک لەو دوو زمانە.

ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمی و نوسراوەکان بە هەردوو زمانەکە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بەهەردوو زمانەکە.

د- کردنەوەی خوێندنگا بە هەردوو زمانەکە بە گوێرەی بنەما پەروەردەییەکان.

ه- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی پێویستی بکات وەک پارە و پاسپۆرت و پوول.

سێیەم: دامەزراوە فیدرالییەکان ودامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمی دیکەن لەو یەکە کارگێرییانەی کەتیایدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک بۆی هەیە کە زمانی خۆجێی دیکە بکاتە زمانی فەرمی سەرەرای ئەوەی هەیە، گەرهاتوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بریاریان لە سەردا .

بەڵام هەر لەخودی ئەو مادە دەستوریەدا هاتووە کە(چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم مادەیە بەیاسایەک ڕێکدەخرێت) بۆیە دەبوایە ئەم بابەتی یاسای فەرمیە بەیاسایەکی ڕێکبخرێت کە لە پەرلەمان دەربچێت. هەر بۆیە کاتێک لەخولی دووەمی پەرلەمانی عێراقدا(٢٠١٠-٢٠١٤) بەندە بە نوێنەرایەتی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردرام بەئەندام پەلەمان و خرامە نێو لیژنەی راگەیاندن ورۆشەنبیریەوە ، کاتێک

بەئەرشیفی کارە تەواوکراو و تەواونەکراوەکانی لیژنەکەدا گەراین بۆمان دەرکەوت کە پەرلەمانتارانی کورد لەخولی یەکەمدا هەوڵیانداوە یاسای زمانە فەرمیەکان دەربچوێنن و بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازە(مقترح) یاسایەکیان ئامادەکردبوو تەنانەت خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرابوو. بەڵام ئێمە بەرلەوەی دوبارە پێشنیازە یاساکە بەمەبەستی دەرچواندنی بخەینە بەرکار، بەباشمان زانی کە تێبینی چەند کەسایەتیەکی کوردی لەسەر وەربگرین وباشتر و کاملّتری بکەین. بۆیە پێشنیارە یاساکەمان نارد بۆ چوار کەس کە ئەوانیش بەرێزان: د.نوری تاڵەبانی و فەرید ئەسەسەرد و تاریق جامباز بوون. بە سوپاسەوە تێبینی و سەرنجی هەر چواریانمان بەدەست گەیشتنەوە و پاشان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ پێشنیارە یاساکەی خولی یەکەم پێشنیازە یاسایەکی دیکەی تازەمان ئامادەکرد.

دواتر هەر بۆ پرس و ڕاوێژی زیاتر بە پسپۆران و ڕۆشەنبیران لە٣١-١٠-٢٠١١ ئەکادیمیای کوردی و مەڵبەندی کوردۆلۆجی بە هاوکاری کۆلیجی زمان و کۆلیجی یاسا لە زانکۆی سلێمانی سیمینارێکی زانستیان بۆ بەندە ئەنجامدا سەبارەت بە خستنەرووی پێشنیارە یاساکە کە تیایدا چەندان کەسی شارەزا ئامادەی ببون ، چونکە ئەو یاسایە لەسەر ئاستی نەتەوایەتی یاسایەکی ئیجگار گرنگە، بۆیە پێویست بوو زۆرترین سەرنج و تیبینی لەسەر کۆبکرێتەوە بۆ باشترکردنی.

جێگای سەرنجە بەر لەوەی ئەو پێشنیازە یاسایەی ئامادەمان کردبوو بخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بە مەبەستی ئەنجامدانی خۆێندنەوەی یەکەم بۆی و پاشان تێپەڕاندنی، لەوکاتەدا حکومەتی عێراقی وەک ئەوەی بە هەوڵەکانی ئێمەیان زانیبی و ویستبێتیان بەری لێبگرن ، لەکۆتایی ساڵی٢٠١١دا پرۆژە یاسای زمانی فەرمییان ناردە پەرلەمان. لەوەش سەیرتر سەرۆکی پەرلەمان (ئوسامە نجیفی) پرۆژەکەی بۆ چوار لیژنەی پەرلەمانی ناردبوو(لیژنەکانی یاسایی و پەروەردە و دارایی و خویندنی باڵا) بە بێ ئەوەی لیژنەکەی ئێمەی- لیژنەی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنی- تیدابێت، لەکاتێکدا زیاتر کاری لیژنەکەی ئێمە بوو. بۆ ئەو مەبەستە قسەم لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کرد کە بابەتی زمان ئەرکی لیژنەکەی ئێمەیە، ئەویش دوای گفتوگۆیەکی زۆر ڕازی بوو لیژنەکەی ئیمەش پەیوەست بکات بە پرۆژە یاساکە، بەڵام ڕازی نەبوو ناوی لیژنەکانی دیکە لابەرێت (بروانە پاشکۆی ژمارە١) . بەمەدا ئەو گومانەم لاقوڵتربۆوە کە

سەرۆکی پەرلەمان مەبەستیەتی کۆسپ لەبەردەم تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە دروست بکات، بۆیە بابەتەکەی هەڵدابووە ناو گۆرەپانی چوار لیژنەوە.

لەبەرئەوەی پرۆژەیاسا کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەینێرێت بۆ پەرلەمان بەهێزترە لە پێشنیارە یاسا کە پەلەمانتاران خۆیان ئامادەی دەکەن، چونکە ئەوەی دواتریان بەگوێرەی چەند بڕیارێکی دادگای باڵای فیدرالی پێویستە ڕەزامەندی حکومەتی بۆ وەرگیرێت دەنا، ئەگەر پەرلەمان بەکۆی دەنگ پەسەندیشی بکەن، حکومەت دەتوانی تانۆتی لێبدات و پەکی بخات ، بۆیە بەناچاری وازم لە پێشنیارەکەی خۆمان هێنا و دەستمان کرد بەکارکردن لەسەر پرۆژەکەی حکومەت.

ئەو پرۆژە یاسایەی حکومەت لەساڵی٢٠١١دا ناردی بۆ پەرلەمان بە ڕوحیکی شۆڤینی ئامادەکرابوو لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:و

١ –تەنها لە١٤ مادە پێکهاتبوو کە ئەوانیش زیاتر دووبارە کردنەوەی بڕگەکانی مادە(٤)ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥بوو سەبارەت بە زمانی فەرمی وناوچەیی لەعێراقدا، لەکاتیکدا لە کۆتایی ماددە(٤)ی دەستوردا هاتووە کە پێویستە بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا بە یاسا ڕێکبخرێت. واتە دەبوایە پرۆژەیاساکە وردەکاری زیاتری لەخۆبگرتایە.

٢ –پرۆژە یاساکە بە ناوی (یاسای زمانی فەرمی) بوو، لەکاتێکدا دەبوایە بەناوی (یاسای زمانە فەرمییەکان) بوایە.

٣ –لە بڕگەی یەکەمی مادە(٣)داهاتبوو کە قسەکردن و نووسراو ئاراستەکردن و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکانی وەک ئەنجومەنی نوینەران و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدرالی بە زمانی عەرەبییە. لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتبوو کە دەشێ لەکاتی پێویستدا (یجوز عند الحاجە) قسەکردن و نووسراو ئاراستەکردن و دەربرین کە لەبڕگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتووە بەزمان کوردی بێت لە پاڵ زمانی عەرەبی. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای کردنی زمانی عەرەبی بە زمانی یەکەم و زمانی کوردی بە زمانی دووەمی دەگەیاند، لە کاتێکدا لە دەستوردا هەردوو زمان هاوتا کرابوون.

٣ –لە مادە(٨)ی پرۆژەیاساکەی حکومەتدا هاتبوو کە ڕەچاوی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و کوردی بکرێت لە کاتی دەرچواندنی پارەو پولی پۆستە و پاسپۆرت و تابلۆی هاتووچۆ و تابلۆی ناوی وەزارەت و فەرمانگا فەرمییە

فیدرالییەکان و هەرێمی کوردستان. لەکاتێکدا ئەم دەقە پاشەکشێ بوو لە دەقی مادە(٤)ی دەستور کە زۆر بەراشکاوی وتبووی دەبێت ئەو بوارانەی باسمان کرد بە هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی بێت، نەک تەنها موراعات بکرێت.

بۆیە بەندە لەگەڵ (موئەید تەیب)ی نووسەر کە کوردی خەڵکی دهۆک و ئەندام و بریاردەری لیژنەی ڕۆشەنبیری وڕاگەیاندن بوو، لەکاتی گفتوگۆکردنی ئەم پرۆژەیاسایە لەناو لیژنەکەمان لامان وابوو ئەگەر گۆڕانکاری تەواوی تیانەکرێت دەرنەچواندنی باشترە لە دەرچواندنی، لیژنەکەشمان هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دواتر بەندەیان ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکەمان لەسەر پرۆژەیاساکە .

بیگومان لەبەر گرنگی یاسای زمانە فەرمییەکان و پێش ئەوەی پرۆژەکەی حکومەت خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، لەڕێگای نووسینگەی بەڕێز(عارف تەیفور) کە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بوو نووسراوێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کرد بۆ وەرگرتنی سەرنج و تیبینیان، چونکە دەمزانی لیژنەیەکی یاسایی لە سەرۆکایەتی هەیە و دەکرێ سود لەسەرنجەکانیان وەربگرین، ئەوەبوو سەرۆکایەتی هەرێم بە بەواژووی بەڕێز (فوئاد حوسین) کە سەرۆکی دیوان بوو وەڵامی نووسراوەکەیان داینەوە و ئەوانیش چەند تیبینیەکی کەمیان لەسەر پرۆژەیاساکە هەبوو، لاریان نەبوو لەسەر دەچواندنی. ئیتر ئێمەش بڕیاری ئەوەماندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە بکرێت و لەگەڵیشیدا ڕاپۆرتەکەم بەناوی لیژنەی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنەوە لەسەر هەڵەکانی ئەو پرۆژەیاسایەی حکومەت لەنێو پەرلەماندا خوێندەوە و ڕامانگەیاند کە ئومیدمان بە هەموارکردنی سەرتاسەری پرۆژەکە هەیە لەکاتی دەنگدان وپەسەندکردنیدا .

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک و کاریگەری لەسەر تێپەراندنی یاسای زمانە فەرمیەکان:

لە مانگی(٢)ی ساڵی٢٠١٢ تەلەفۆنێکم لە یاساناس کاک تاریق جامباز بۆ هات و پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک کە دەکەوتە ٢١-٢ چالاکیەک ئەنجام بدەین، منیش ئەو پێشنیازەم بەباش زانی و کەوتمە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ئەو ڕۆژەو بەیاننامەیەکیشم بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی ئامادەکرد ، دوای ڕەزامەندی لیژنەکەمان- لیژنەی رۆشەنبیری وراگەیاندن- کە سەرۆکەکەی لەعەرەبی شیعە(د.علی شلاە) وجێگرەکەی

لەعەرەبـی سـوننە(ئەندزیار میسـون دملوجی)بـوو، رۆژی٢٠-٢جلـی کـوردیم لەبەرکرد و بەناوی لیژنەوە داوام لەسەرۆکی پەرلەمان (ئوسامە نجیفی)کرد کە رێگامـان پێبدات لەنـاو دانیشـتنی فەرمـی پەرلەمـان بخـوینرێتەوە، ئەویـش دوای راوێژکردن لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی رازیبوو.

کە هەڵساین بۆ خوێندنەوەی بەیانامەکە چەندان پەرلەمانتاری دیکە لە گشت پێکهاتەکـانەوە بەتـایبەتی تورکمـان و مەسـیحی هـاتن لە تەنیشـتمانەوە وەسـتان وەک پاڵپشـتیکردنێک بۆمـان . سـەرەتا بەنـدە بەیاننـامەکەم بە زمـانی کـوردی خوێندەوە، کە وابزانم ئەوە یەکەمجار بوو لەنێو دانشتنی پەرلەمـان بەیاننـامە بە زمـانی کـوردی بخـوێنرێتەوە و کە تیایـدا جـگە لە باسـکردنی بـۆنەکە باسـمان لەبـارودۆخی زمـانی کوردی و هەوڵـی لاوازکردنـی کـرد بەتـایبەتی لەسـەردەمی ڕژێمی بەعس و حکومەتە یەک بەدوایەکەکانی عێراق و داوامـان لەپەرلەمانتـاران کـرد کە هاوکارمـان بـن بـۆ تێپپەڕانـدنی پـرۆژە یاسـای زمـانە فەرمییەکـان بە باشـترین شـێوە. پاشـان د.عەلـی شـەلاە دەقـی بەیاننـامەکەی بە زمـانی عەرەبـی خوێندەوە. کە دواتر ئەو بۆنەیە و ئەو چالاکییە تا ڕادەیەک ڕێگای خۆشکرد بۆ تێپەڕاندنی یاساکە.

جێگـای باسـە دەبـوایە چـاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕاپـۆرتی هەمـوو ئەو لیژنـانە بکەین کە هاوبەشکرابوون لەگەڵماندا لە دەرچواندنی یاساکە بەر لەوەی جارێکی دیـکە پـرۆژەکە بخـرێتە نێـو هـۆڵی پەرلەمـان بـۆ خوێنـدنەوەی دووەم و پاشـان پەسـەندکردنی. دوای مـاوەیەکی زۆر ئینجـا ڕاپـۆرتی ئەو لیژنانەمـان بەدەسـت گەیشتەوە و هەندێک سودمان لە سەرنج و تێبینیەکانی ئەوانیش وەرگرت.

لە کـاتی خوێنـدنەوەی دووەمـی پرۆژەیاسـای زمـانی فەرمـی لەدانیشـتنی ژمـارە(٦) ی رۆژی ١٥-٧-٢٠١٢، ڕاپـۆرتی لیـژنەی ڕۆشـەنبیری و ڕاگەیانـدنیش خـوێنرایەوە و پاشـان دەسـتکرا بە گفتوگـۆکردن لەسـەری. ئەوەی مـایەی سەرسـورمان بـوو، هێشـتا هەنـدێک پەرلەمانتـاری عەرەب وەکـو شـۆڤینیەکانی سـەردەمی رژێمـی بەعـس دەدوان و زۆر بەتونـدی بەگژ پێشـنیارەکانی لیـژنەی ڕۆشـەنبیریدا چـوونەوە، تەنهـا بـۆ نمـونە بەپشـت بەسـتن بە پرۆتۆکـولی فەرمـی پەرلەمان لێرەدا بۆ مێژوو ئاماژە بە قسەی چەند پەلەمانتارێک دەدەم کە لەکاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەیاساکەدا چییان پێگوتین:

-پەرلەمانتار ریاز عوبید عباس ئەلزەیدی: سەبارەت بە پارە و ئامادەکردنی بە چەند زمانێک، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو ئەو زمانانەی لە وڵاتدا هەیە، بەڵام لام وایە دانانی زیاتر لە زمانێک لایەنێکی نیگەتیفی هەیە و ئەوە پێشان دەدات کە حەساسیەت هەیە و تەوافق نییە، بۆیە باشترە تەنها بەیەک زمان بنووسریتەوە کە زمانی زۆرینەی خەڵکی عێراق بێت لەگەڵ یەک زمانی دیکەی جیهانی کە زمانی ئینگلیزییە، کە ئەمەش نمونەی شارستانییە. باشترە کاغەزی پارە نەکرێت بە لافیتە و زمان و شارستانیەکانی بە ڕێژەیکی زۆر لەسەر تۆماربکرێت، بەجۆرێک زیان بە جوانی سەرنج ڕاکیشیەکەی بگەیەنێت. سەبارەت بەمادە(٨) ئەوە لەئاکامی ئەو سەردانانەی لەم دواییەدا کردومانە بۆ کوردستان، بۆمان دەرکەوتووە کە زمانی عەرەبی لەنێو گەنجاندا بەکارناهێنێت، بۆیە پێشنیاز دەکەین قوتابخانەی زیاتر بە زمانی عەرەبی بکرێتەوە بۆ برەودان و بەردەوامی دان بەو زمانە، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزە و بە ئاسانی دەکرێت گەنجانی کوردی لەسەر لەبەرکردن و بەکارهێنانی ڕابهێنرێت، پێویستە زمانی عەرەبی لەسەر هەموو تابلۆی هاتووچۆی لەسەرتاسەری عێراقدا هەبێت، چونکە کاتێک سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەین ئێمەی عەرەب کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەبێت.

-پەرلەمانتار ئەسماو توعمە مەهدی ئەلموسوی: ...داوا لەخوشک و برایانم دەکەم لە ئەنجومەنی نوێنەران پێناسەیەکی سادەیان لە هەموو یاسانێودەوڵەتییەکان بیربکەوێتەوە، کە ئەویش پێناسەی(وڵات)ە کەبریتییە لە پارچەزەوییەک کە کۆمەڵێک خەڵکی تێدا دەژی کە یەک زمان کۆیان دەکاتەوە...بۆیە داواتان لێدەکەم بەو مەسەلەیەدا بچنەوەو هەموو پارەکان و هەموو زمانەکان لەیەک زمانی یەکگرتوو یەکبخەن ..هتد

-پەرلەمانتار عبود وحید عبود عیساوی: ئەوەی پەیوەندی بە مادە(٧)هەیە سەبارەت بە پشت بەستن بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بۆ دۆکیومینت ونووسراو و ڕێککەوتنامە لەنێوان دەسەڵاتی فیدرالی و هەرێم، بۆ ڕاڤەکردنی مانای دەقەکان و وەرگێرانیان لەکاتی بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا، لام وایە کە پێویستە لەم یاسایە دەقێکی تیادابێت کە زمانی عەرەبی بکات بە زمانی یەکەم لەکاتی بوونی جیاوازی لە مانای دەقەکان. هەرچی سەبارەت بە بوونی دوو زمانە لەسەرپارە لە پاڵ زمانی ئینگلیزی ئەوا من نمونە بە پارەی یەکیتی ئەورپا دەهێنمەوە کە یۆرۆیە و ئەگەرچی لە چەند نەتەوەو زمان پێکهاتوون، بەڵام

یەکیان گرتووە لەسەر یەک پارە و یەک زمان...لەکۆتاییدا دەڵێم دەستورەکەمان خراپەی لەگەڵ زمانی عەرەبی کرددوە و لە زۆر مادەیدا لاوازی کردووە، چونکە زمانی عەرەبی زمانی قورئان و زمانی خەڵکی بەهەشت و تاکە زمانی پیرۆزە. (مەبەستی ئەو پەرلەمانتارە ئەوەیە کە نەدەبوایە زمانی کوردی هاوتای زمانی عەرەبی بکرێت و ببێتە زمانی فەرمی).لە٨-٥-٢٠١٣ پرۆژەیاساکەمان بە گشت دەقە هەموارکردنەکانەوە بۆ دەنگدان ئامادەکرد و خستمانە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ خستنە ناو کارنامەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەیاساکەی نارد بۆ ڕاوێژکارە یاساییەکەی ئەویش بە(٦)لاپەرە کۆمەڵێک تێبینی لەسەر دەقە هەموارکردنەکانی لیژنەکەمان دەربڕی بوو کە لەبەرژەوندی ئەو دەقانە نەبوو کە لیژنەکەمان پێشنیازی کردبوو، داوای کردبوو کە بە سەرپەرشتی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان(قەیس سهیل) کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو لیژنە بەشداربووەکانی تێپەڕاندنی ئەو یاسایە بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دەسکاری و هەموارکردنانەی ئێمە بەسەر دەقی پرۆژەکەدا هێناومانە، کە ئەمەش مانای لابردنی هەموارکردنەکانی لیژنەکەی ئێمە و گەڕانەوە بۆ دەقی پرۆژەکەی حکومەت بوو.

لە١٨-٦-٢٠١٣ قسەم لەگەڵ سەرۆکی کوتلە کوردستانییەکان(د.فوئاد موعسووم) و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان(عارف تەیفور)کرد و ئاگادارم کردنەوە لەوەی سەرۆکی پەرلەمان نایەوێ یاسای زمانە فەرمییەکان بخاتە دەنگدانەوە و دەیەوێ یاساکە مردار بکاتە لە ڕێگای ناردنی بۆ ڕاوێژکار یاساییەکەی لە کاتێکدا ئێمەی پەرلەمانتار لەسەرمان نییە بەگوێی ڕاوێژکارەکەی بکەین مادام لیژنەی یاسایی پەرلەمان لاری نییە لەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

لە٢٠-٦-٢٠١٣ بەندە و د.عەلی شەلاە لەنێو هۆڵی پەرلەمان قسەمان لەگەڵ (د.قەیس سهیل)ی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد، سەبارەت بە هۆکاری دواخستنی دەنگدان لەسەر یاساکە؟ لە وەڵامدا وتی: ئوسامە نجیفی ڕازی نییە و هەوڵ بدەن ڕازی بکەن! دواتر داوای لێکردین لە ئۆفیسەکەی خۆی سەردانی بکەین. دوای (٣) ڕۆژ چووین بۆ نووسینگەکەی و بەر لە ئێمەش پەرلەمانتارێکی تورکمان کە (حەسەن ئوزمن) بوو لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە کە (عادل شرشاب)بوو ئامادەبوون، د.قەیس سوهیل ڕووی کردە ئێمە و وتی ئەگەر ئەو مادەیە لابدەن کە باسی لە دروستکردنی کۆمسیۆنی باڵای زمانەکان دەکات

ئەوکات من ڕازی دەبم بخرێتە دەنگدانەوە ئەگەرنا ئەوە ناچارە یاساکە بۆ حکومەت بگێرێتەوە، چونکە مەسەلەی پارەو دارایی دەکەوێتە ناو یاساکەو ناکرێ پرس بەحکومەت نەکرێت! و لەبەر ئەوەی دەمزانی ئەگەر پرۆژیاساکە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت ئەوە جگە لەوەی ئەوان لەسەر هەموارکردنەکانی لیژنەکەی ئێمە ڕازی نابن کە خاڵێکیان دروستکردنی کۆمسیۆنی زمانە ئەوا ڕەنگە هەوڵەکان جارێکی دیکە ببردرێتەوە بۆ خاڵی سفر، بۆیە ڕازیبووین بەلابردنی ئەو پێشنیازەمان و گەڕاینەوە بۆ مادە بنەڕەتییەکەی پرۆژەیاساکە کە باسی لە دروستکردنی لیژنەیەکی باڵای سێ کەسی دەکرد بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی یاساکە و یەکێک لەو سیانەش نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستنیشان دەکرا.

لە سەرەتای مانگی(٧) جارێکی دیکە بە نووسراوی فەرمی لیژنە داوامان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد پرۆژەیاساکە بخاتە نێو کارنامەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵام لە٦-٧ جارێکی دیکە سەرۆکی پەرلەمان ڕەوانەی ڕاوێژکارەکەی کردبوو کە ناوی (د.عەلی ئەحمەد عەباس)بوو. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی پەرلەمان زۆر پەست وتوڕە بووین کە نەیدەهێشت نەیاسای زمانە فەرمییەکان و نە یاسای سرودی نیشتمانی بخرێتە دەنگدانەوە کە بەگوێرەی پێشنیازە یاساکە دەبوایە بەشێک لە شیعر و ئاوازی سرودەکە شیعر و ئاوازی کوردی بێت، لە کۆبەنەوەی لیژنە پێشنیازی دەستلەکارکێشانەوەی بە کۆمەڵمان کرد لە لیژنەی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندن و هەموو ئەندامە عەرەبەکانیش ڕازی بوون، بەڵام سەرۆکی لیژنە د.عەلی شەلاە وتی ئێوە یەک دەرفەتی دیکەم پێ بدەن ئەگەر سەرنەکەوتم ئەوا منیش لەگەڵتان دەست لەکار دەکێشمەوە و پێشنیازکرا بەندە بە ناوی لیژنە نووسراوێکی دیکەی توند بۆ سەرۆکی پەرلەمان بنووسم و د.عەلەی شەلاە وەک سەرۆکی لیژنە واژوی بکات. دواتر لە١٧-٧ ڕاوێژکارە یاساییەکەی سەرۆکی پەرلەمانمان بانگهێشتی لیژنەی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندن کرد و مناقشەی تێبینیەکانیمان کرد و داوامان لێکرد چی دیکە کۆسپ نەخاتە بەردەم خستنە دەنگدانی پرۆژەیاساکە مادام هەموو لیژنەکانی پەرلەمان ڕازین لەسەر دەنگدان وتیپەڕاندنی.

هەرچۆنێک بێت لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٢ یاسای زمانە فەرمییەکان خرایە نێودەنگدانەوە، بەڵام کاتێک هەندێک لە پەرلەمانتارە شۆڤینیەکان دەقە هەموارکراوەکەی ئێمەیان بینی دەستیان بە ڕەخنەگرتن کرد و شەپۆلێکی

نارەزایەتیان دژ بە هەموارکردنەکانی ئێمە دروستکرد، بۆیە کاتێک دەستکرا بەدەنگدان  و بەداخەوە هەندێک لەو مادانەی لیژنەکەمان پێشنیازی کردبوو دەنگی پێویستی نەهێناو مادە ئەسلییەکەی پرۆژەکەی حکومەت بەدەنگدان شوێنی گرتەوە، بۆیە بەپەلە وەکو لیژنە داوای دواخستنی دەنگدانەکەمان کرد دەنا هەموو هەموارکردنەکانی ئێمە ڕەت دەکرایەوە و یاساکە ڕێک وەک پرۆژەکەی حکومەت تێدەپەڕی، دواتر من و بەڕێز موئەید تەیب کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ دەیان کەناڵی عەرەبی و جیهانی  سازکرد و ڕەخنەمان لەو عەقلیەتە شۆڤینیە گرت کە دەنگیان بە هەموارکردنەکانی لیژنەکەمان نەدا و ڕامانگەیاند ئەو جۆرە عەقلیەتە دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی عێراق لە داهاتوودا.ڕۆژی دواتر نووسراوێکم بۆ سەرۆکی پەرلەمان نووسی بۆ ئەوەی ڕەزامەندبێت لەسەر ئەوەی لیستی دەنگدان و ناوی دەنگدەرانم لە بەشی ئەلکترۆنی بدرێتی سەبارەت بەو دەنگدانەی ڕۆژی پێشووتر بۆ چەند مادەیەکی یاسای زمانە فەرمییەکان کرا، کە تیایدا چەند هەموارکردنێکی ئێمە ڕەتکرایەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین کێ بە(نەخێر) لەسەر هەموارکردنەکانی ئێمە دەنگی داوە بە مەبەستی قسەکردن لەگەڵ خۆیان و کوتلەکانیان، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان داواکارییەکەمی ڕەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی دەنگدانەکە ئەنجام نەدراوە و دواخراوە. بۆیە منیش لەدانیشتنی ٢٤-٧ لەناو هۆڵی پەرلەمان بە توندی ڕەخنەم لە شێوازی ئەلکترۆنی دەنگدانەکە گرت بە دەنگدانێکی نهێنی ناوزەدم کرد لەکاتێکدا دەنگدان لەبنەڕەتدا دەبێت ئاشکرابێت. لەسەر ئەو هەڵوێستە توندەی من سەرۆکی پەرلەمان لەو دانیشتنەدا بۆ یەکەمجار بڕیاریدا لە داهاتوودا لەسەر شاشەی نێو هۆڵی پەرلەمان هەڵویستی دەنگدانی پەرلەمانتار ئاشاکرا بکرێ و بخرێتەروو، بەکردەوەش جێبەجێی کرد.

دوای فشارکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و قسەکردن لەگەڵ سەرۆک و پەرلەمانتارە دیارەکانی زۆربەی کوتلەکانی نێو پەرلەمان، رۆژی٢٢-١٠جارێکی دیکە توانرا یاساکە بخرێتە نێو دانیشتنی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵام ئەمجارەش تەنها توانرا(٥)مادەتێپەڕێنرێت. ئەمجارە بە ئاشکرا پەرلەمانتارانی کوتلەی سەدری بەسەرۆکایەتی(مقتدى سەدر) و ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی(عمار حكیم)و بەشێک لە عەرەبە سوننەکان کیشەیان لەسەر مادەی(٥)دروستکرد وواژویان کۆدەکردەوە بۆ دووبارە دەنگدان لەسەر ئەو مادەیە، وەک ئەوەی هەڵەیان کردبێت، کە دەنگیان بە هەموارکردنەکەی ئێمە

داوه و دەبوایه دەنگی پێنەدەن، بۆ ئەوی دەقە ئەسڵییەکەی حکومەت تێپەربێت. بەو هۆیەوە جارێکی دیکە کێشەو غەڵبەغەڵب لەنێو دانیشتنی پەرلەمان پەیدابوو، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان لەسەر داوای ئێمە دەنگدانەکەی دواخست بۆ کاتێکی دیکە بۆئەوەی باشتر ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت. بێگومان ئەگەر دوانەخرایە جارێکی دیکە ئەوان بە حوکمی زۆرینە ئەوەی بیانویستایە دەیانهێنایەدی.

دواجار لە دانیشتنی ٢-١-٢٠١٤ لە کاتێکدا پەرلەمانتارە سوننەکانی لیستی ئەلعراقیە بە پاساوی گوێنەگرتنی حکومەت لە داواکاری خۆپیشاندانی شارە سوننییەکان بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کردبوو و دوای ئەوەی پەرلەمانتار و سەرۆک کوتلەکانمان ئاگادارکردبۆوە، کە ئەگەر ئەمجارە ئەم یاسای زمانە تێنەپەرێنرێت ئەوا شەقامی کوردی ئێوە بەهۆکار دەزانن و گلەییی لە ئێوەی شیعە دەکات، نەک سوننە، چونکە ئەوان لە دەرەوەی هۆڵی کۆبونەوەن، توانرا پرۆژەیاساکە بە دەنگدان تێبپەرێنرێت، جگەلە چەند هەموارکردنێک نەبێت بەتایبەتی مادە(٩)ی هەموارکراو، کە بە چەندان برگە ئەوەی ڕوونکردبۆوە چۆن لە هەرسێ دەسەڵاتەکەی وڵات(یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەری) هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی بەکاردەهێنرێت. ئا بەم جۆرە یاسای زمانە فەرمییەکان لە عیراقدا دەرچوێنرا.

ئەوەی جێگای سەرنجە، بەر لەوەی یاسا دەنگ لەسەردراوەکە بنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بەمەبەستی پەسەندکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی، کەچی جیاواز لەوەی دەنگی لەسەردرابوو و بە هەندێک دەستکاری کە بە زیانی زمانی کوردی بێت لە سایتی فەرمی پەرلەمان بڵاوکرایەوە، بۆیە بەپەلە پەیوەندیمان کرد بە سەرۆکی لیژنەی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنەوە، ئەویش بەپەلە فەرمانبەرانی لیژنەکە و بەرێوەبەرانی سایتەکەی ئاگادار کردبۆوە لەسەر پێویستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و دووبارە بڵاوکردنەوەی یاساکە بەو جۆرەی کە دەنگی لەسەردرابوو، پاشان ناردنی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەوێشەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

دواتر پۆزشیان بۆ هێنایەنەوە و ڕایانگەیاند کە هەڵەکە بەبێ مەبەست بووە و بەسەریان تێپەریوە! بەڵام بیگومان ئەگەر بە زوویی فریانەکەوتبواینە ڕەنگە یاساکە بە هەڵەکانەوە بنێردرایە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و پاشان هەر بە هەڵەکانەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراق بڵاوبکرایەتەوە .

## بەشی دووەم:

ناوەڕۆکی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و ئاڵنگارییەکانی جێبەجێکردنی، لەم بەشەدا سەرەتا ڕاڤەی ناوەڕۆکی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و پاشان باسی ئاڵنگارییەکانی جێبەجێکردنی دەکەین.

### باسی یەکەم: تیشکێك بۆ سەر یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق

دوای ململانێیەکی توند و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، کە کەمێکیمان لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسکرد یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەنگی لەسەردرا، ئەم یاسایە کە لە(١٨)مادە و هەر مادەیەکیش لە چەند برگەیەک پێکهاتووە، بێگومان بۆ ئەو سەردەمەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق یاسایەکی گرنگە بە ئاراستەی دیموکراسیەت و مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، بۆیە هەر زوو کەوتە بەر تیغی ڕەخنەی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە پیرۆزی زمانی عەرەبی هەبوو. بۆ نمونە پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی کە مامۆستای زانکۆیە لەعێراقدا ڕەخنە لە یاساکە دەگرێت و دەڵێت: نەدەبوایە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی یەکسان بکرێت، چونکە زمانی عەرەبی زمانیکی پێشکەوتووە و زمانی ئایینی ئیسلامە، بە پێچەوانەی زمانی کوردی کە تەنها چەند دیالێکتێکەو زمانێکی ستانداردی نییە و بگرە تەنانەت تایبەتمەندی زمانی فەرمی تیادا نییە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسانێکی زۆر ئەم یاسایەیان بە دەسکەوتێکی گرنک بۆ کورد لە قەڵەم دەدا، لە کاتێکدا ئێمە لامان وایە، ئەگەرچی بەگوێرەی قۆناغەکە ئەو یاسایە هەنگاوێکی باشە بە ئاراستەی دیموکراسی و مافەکانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا تەواو لەئاست ویستی ئێمەی کوردیش نەبوو. چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە پرۆژەکە  لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە نێردرایە پەرلەمان، ئەو حکومەتەی کە چەند وەزیرێکی کورد بوو، بەڵام تا نووسینی ئەم بابەتە نەمبیست لەناو ئەنجومەنی وەزیران هیچ ڕەخنەو گفتوگۆیەکیان بە ئاراستەی باشترکردنی پرۆژەکە کردبێت، لەلایەکی دیکەشەوە جگە لە لیژنەی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندن کە سەرۆکەکەی و جێگرەکەی عەرەب بوون و چوار لیژنەی پەرلەمانی دیکەش هاوبەش بوون لە دەرچواندنی یاساکە (لیژنەی پەروەردە لیژنەی دارایی و لیژنەی خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی) کە زیاتر کاریگەریان

بـۆ دواخسـتنی تێپەڕانـدنی پرۆژەیاسـاکە هەبـوو. ئەمە جـگە لەوەی هەمـوو یاسایەک بە ڕێگای دەنگدان پەسەند دەکرێت، کە بەداخەوە هەندێک لەو بڕگانەی کە بۆ زمانی کوردی زۆر گرنگ بوون بە دەنگدان لەناو پەرلەمانێکی زۆرینە عەرەب ڕەتکرایە.

ماوەتە ئەوەی بڵێن، ڕاستە ئەم یاسایە بەراورد ناکرێت لەگەڵ یاسای زمانە فەرمییەکـانی وڵاتـانی کەنەدا و سویسـرا، بەڵام بەگشـتی و لەچـاو قۆنـاغەکە یاسایەکی باش بوو، کە دواتر بوو بە پاڵنەر و هێزێک بۆ دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا لە هەمان ساڵدا.

بە پێویستی دەزانم لە کتێبێکی ئاوەهادا مادە بەمادەی یاساکە وەکو خۆی بخەمەڕوو پاشان بە گوێرەی پێویست ڕاڤە بۆ هەندێک لە مادەکانی بکەم.

**یاسای زمانە فەرمییەکان ژمار(٧) ساڵی ٢٠١٤**

مـادەی یەکەم : یەکەم/ زمـانی فەرمـی، ئەو زمـانەیە کە دەوڵەت لەئاخـاوتن ودەربڕین و نووسراوی فەرمی و دراو وپول و بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکاری دەهێنێت. ئەویش لە هەمـوو کاروبـارێکی دەوڵەت چ لەنـاوەوەو چ لەدەرەوەدا و لەهەر بوارێکی دیکەدا .

دووەم/زمـانی فەرمـی نـاوچەیی، ئەو زمـانەیە کە بەکارهێنـانی فەرمێتـی بـۆ زمانەکە لەو یەکە کارگێریانە دەبێت کە قسەپێکەرانی چڕی دانیشتوان پێکدەهێنن.

سەرەتا وەک ئاشکرایە یاساکە بەناوی یاسای زمانە فەرمییەکانە نەک یاسای زمـانی فەرمـی کە لە دەقـی پـرۆژەکەی حکومەتـدا هـاتبوو، بێگومـان ئەم دوو ناونیشانەش تا ڕادەیەک جیاوازی هەیە و هەر لەناونیشانەوە پێمان دەڵێت زیاتر لەزمانێکی فەرمی لەعێراقدا هەیە.

لە مـادەی یەکەمـدا تەنهـا هەردوو چەمکـی زمـانە فەرمییەکـان و زمـانە ناوچەییەکان پێناسـەکراوە، هەروەکو دیاریشـە لە ناسـاندنی زمـانی فەرمـی ئەوە وتـراوە کە ئەو زمـانەیە لە هەمـوو کاروبـارێکی دەوڵەت چ لەنـاوەوەو چ لەدەرەوەدا و لەهەمـوو بوارەکانـدا کـاری پێـدەکێت. ئەو بڕگەیەشـی کە ئامـاژە دەدات بە بەکارهێنـانی زمـانی فەرمـی لە هەمـوو بوارەکـانی دەرەوەی وڵات، لە پـرۆژەکەی حکومەتـدا نەبـوو، بەڵکـو لەلایەن لیـژنەی ڕۆشـەنبیری و ڕاگەیانـدن پێشـنیازکراو دواتـر دەنگـی لەسـەر درا. ئەمەش گرنگـی خـۆی هەیە، چـونکە

ئەگەرچی پێشووتریش(جەلال تاڵەبانی) سەرۆککۆماری عێراق پشت ئەستور بەمادە(٤)ی دەستور پیادەی کردبوو، کاتێک لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان قسەکانی بە هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی پێشکەشکرد. بەڵام ئەوەی جەلال تاڵەبانی توانی بیکات ڕەنگە لە داهاتوودا بۆ کەسێکی دیکە قورس و ئەستەم بوایە، لە کاتێکدا بەبوونی ئەم دەقە لەیاساکەدا جگە لەوەی هەر نوێنەرێکی کورد لە پۆستە سیادییەکانی عێراق دەتوانی بەکاری بهێنێت، بەڵکو ئیتر بە شێوازێکی یاسایی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی وڵاتێک بردە ئاستێکی نێودەوڵەتیش .

مادەی دووەم: ئامانج لەم یاسایە بریتیە لە:

یەکەم/دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە دەستور و کاراکردنی ئەویش بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراقدا.

دووەم/بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زمانیی، لە پێناو نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق و قوڵکردنەوە و چەسپاندنی چەمکە مرۆیی و نیشتمانییەکان.

سێیەم/بەدیهێنانی گیانی شانازیکردن بە زمانی دایک.

چوارەم/دابینکردنی یەکسانی لە نێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف و دەسکەوتەکاندا، ئەویش لەبەکارهێنانیان لە دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵی.

پێنجەم/ پشتگیری کردن و پێشخستنی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و زمانەکانی دیکەی عێراق، وەکو زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابئەی مەندائی.

ئەم مادەیەش لە پرۆژەیاساکەی حکومەت نەبوو و دواتر لەلایەن لیژنەی ڕۆشەنبیری بۆی زیادکراو دواتر بەدەنگدان پەسەندکرا، بیگومان دیارکردنی ئامانج لە یاسایەک زۆر گرنگە بۆ کاتی جێبەجێکردنی و یاخود لە کاتی کێشە لەسەر دروستبوونی لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمی کوردستاندا ،بەتایبەتی لە بڕگەی چوارەمدا کە دەڵێت: ئامانج لەم یاسایە دابینکردنی یەکسانییە لە نێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف و دەسکەوتەکاندا. کە ئەمەش بووە هۆی جێگای ڕەخنەیەکی زۆر و توندی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە پەرلەمان کە چۆن ڕێگایان بە پەسەندکردنی ئەم بڕگەیە داوە.

مادەی سێیەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا.

مادەی چوارەم: ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت.

مادەی پێنجەم: هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بەکاردەهێنرێت لە کۆبوونەوە فەرمییەکان و لە ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دەستەکان ودەزگاکانی دیکەی سەر بە حکومەتی فیدرال و کۆبوونەوە فەرمیەکان لەهەرێمی کوردستان بە پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیشەوە بەکاربهێنرێت.

مادەی شەشەم: قسەکردن و نوسراوی فەرمی و دەربرین لە بوارە فەمیەکاندا لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی حکومەتی فیدرال و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەبن.

مادەی حەوتەم: بەڵگەنامەو نوسراوەکان کەبەهەردوو زمانە فەرمیەکە دەرچون پشتیان پێدەبەسترێ لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم.

مادەی هەشتەم: دەشێ قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکان بکرێتەوە بۆ خوێندن بەزمانی عەرەبی یان کوردی یان تورکمانی یان سریانی یان ئەرمەنی لە هەموو دەزگا فێرخوازیەکانی حکومەت یان هەر زمانێک دی لەدەزگا فێرخوازییە تایبەتەکاندا، ئەویش بەگوێرەی ئەو ڕێککارییانەی لە بواری پەروەردەیی کاریان پێدەکرێت.

مادەی نۆیەم: هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەم بوارانەدا بەکاردەهێنرێن:

یەکەم/ دەرکردنی دراو.

دووەم/ دەرکردنی پاسپۆرت و تابلۆکانی هاتووچۆ و تابلۆکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ دەرکردنی پولی دارایی و پۆستە.

ئەم مادەیە ڕێک دەقی ئەو مادەیەیە کە لە پرۆژە یاساکەی حکومەتدا نێردرابوو بۆ پەرلەمان، لیژنە پەیوەستەکان بە دەرچواندنی ئەم یاسایە لە پەرلەمان مادەیەکی دیکەی باشتریان پێشنیازکرد، کە جێگای بگرێتەوە، مادە پێشنیازکراوەکە بە تێروتەسەلی باسی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکانی کردبوو،

له هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ،بەڵام بەداخەوە لەکاتی دەنگدان، مادە پێشنیازکراوەکە دەنگی پێویستی نەهێنا، کە ئێجگار باشتر بوو لە دەقی ئەم مادەیە(بروانە پاشکۆی ژمارە٤).

مادەی دەیەم: زمانی تورکمانی و زمانی سریانی بە زمانی فەرمی هەژماردەکرێن لەو یەکە کارگێرییانەی کە تورکمانەکان یان سریانەکان تیایدا چڕی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

مادەی یانزەم: هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک بۆی هەیە هەر زمانێکی ناوچەیی(خۆجێی) دیکەش بکاتە زمانی فەرمی، گەرهاتوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

ئەو دوو مادەیەی سەرەوە لە نێو بڕگەکانی چوارەم و پێنجەمی مادە(٤)ی دەستوری عێراقی و لە نێو دەقی پرۆژەکەی حکومەتیشدا هاتبوون، بۆیە وەکو خۆی دەنگی لەسەردرا و پەسەندکرا.

ماددەی دوانزەم: یەکەم/ هەر هاووڵاتییەکی عێراقی یان بیانی بۆیان هەیە منداڵەکانیان بە زمانی دایک فێربکەن.

دووەم/هەر پێکهاتەیەکی عێراقی مافی ئەوەی هەیە زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەری ڕۆشەنبیری یان کۆڕی زانیاری بۆ خۆی دابمەزرێنێت، بۆ پێشخستنی زمان و ڕۆشەنبیری و کلتوریی تایبەت بەخۆی.

لە کاتێکدا ئەم مادەیە وەک بە دەنگەوە هاتنێکە بۆ بە مافی قسەکردن بە زمانی دایک کە لە جارنامە و پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت مافی زمان هاتووە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە هێشتا هەندێک وڵاتی جیهان و وڵاتانی دەوروبەر وا بەئاسانی دان بە مافێکی لەم جۆرە نانێن و هێشتا میللەتان وکەمینە نەتەوەکان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بەو مافە لە فێربوون بە زمانی دایک و دروستکردنی زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەری ڕۆشەنبیری یان کۆڕی زانیاری بۆ ئەو مەبەستە.

مادەی سیانزەم: کۆڕی زانیاری عێراق و ئەکادیمیای کوردی هەردووکیان بە سەرچاوەی باوەرپێکراو هەژمار دەکرێن بۆ شرۆڤەکردنی زاراوە و وشەکان لەکاتی دروستبوونی جیاوازی لەسەریاندا.

مادەی چواردەم: هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەم یاسایە بجولێتەوە بەم شێوازەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

یەکەم/ ئەگەر فەرمانبەر بێت سزا ڕێککاریەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

دووەم/هاوولاتی نافەرمانبەر ئاگادارکردنەوەی ئاڕاستە دەکرێت کە سەرپێچیەکەی لەماوەی(١٥)رۆژدا لابەرێت، لەکاتی گوێرایەڵی نەکردنیشی سزای پێبژاردنی لەسەر جێبەجی دەکرێت بەو مەرجەی (٥٠)هەزاردینار لەبڕی هەر ڕۆژێک کەمتر نەبێت کە لە لابردنی سەرپێچیەکەی دواکەوتبێت.

سێیەم/ هەر زیان لێکەوتوویەک مافی جوڵاندنی سکاڵای سزایی هەیە، ئەویش لەکاتی سەرپێچی بەندەکانی ئەم یاسایەدا.

مادەی پانزەم: لیژنەیەکی باڵا دادەمەزرێنرێت بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کە بە ئەنجومەنی وەزیران دەبەستریتەوە و نوێنەرێک لە ئەمینداری ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکات و نوێنەرێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرێک لە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران دەبنە ئەندام و لیژنەیەکی تایبەتیش لە زمانەوان و ئەکادیمیان و نوێنەرانی تورکمان و سریان و ئەرمەن و مەندائییەکان بۆ هاریکاریکردنیان پێکەهێنرێت، بۆشی هەیە نوێنەرێکی دیکەی هەر زمانێکی دیکەی عێراقی بە ئەندام وەربگرێت.

لە هەندێک لەو وڵاتانەی زیاتر لە زمانێکی فەرمییان هەیە وەک کەنەدا، کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیان هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی یاسای زمانەفەرمییەکان، بەڵام ئەگەرچی ئێمە وەکو نوینەرانی کورد دەرکمان بە پێویستی دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنە کردبوو و تەنانەت وەکو لیژنەی رۆشەنبیری و ڕاگەیاندنی پەرلەمان پێشنیازی دروستکردنیمان کردبوو لە ڕێگای هەموارکردنی ئەم مادەیەی نێو پرۆژەکەی حکومەت بە مادەیەکی دیکەی پیشنیازکراو، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر زاری جێگری یەکەمی پەرلەمان(د.قەیس سوهێل) بە مەرجی لابرنی ئەو پێشنیازەی ئێمە کە داوای دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنەی دەکرد، ئینجا ڕازیبوون پرۆژە یاساکە بخرێتە نێو دەنگدانەوە و بەداخەوە لەبری کۆمسیۆن، دروستکردنی ئەو لیژنەیە پەسەندکرا کە حکومەت پێشنیاری کردبوو.

مادەی شانزەم: ئەرک و ڕێژەی بەستنی ئەو لیژنەیەی کە لەمادده(١٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە بە چەند ڕێنماییەک دیار دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەریان دەکات.

مادەی حەڤدەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنمایی تایبەت دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

مادەی هەژدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە ودوای(٩٠) ڕۆژ لەمێژوی بڵاوکردنەوەی کاری پێدەکرێت.

**هۆیەکانی پێویستبونی ئەم یاسایە:**

بۆ جێبەجێکردنی مادەی(٤)ی دەستور و ڕێزگرتن لە فرەیی نەتەوەیی یان زمـانی لەعێـراق و جەختکـردنەوە لەسـەر پتەوکردنـی ڕەهەنـدی مرۆیـی شارسـتانیەکەی لە سـەردەمی نـوێی فیدرالیـدا، هەروەهـا وەکـو هەمـانگی و گونجانـدنێک لەگەڵ ڕێنماییەکـانی ئـایینی ئیسـلام کە جەخـت دەکـاتەوە لەسـەر ڕێزگـرتن لە جیـاوازی زمانەکـان. بـۆ ئەوەی پێکهـاتە سـەرەکییەکانی کۆمـاری عێـراق بتـوانن بە شـێوەیەکی ئـازاد و سەربەسـت گوزارشـت لە پێویسـتی وپێداویستییەکانیان بکەن بە زمانە ڕەسەنەکانی خۆیان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

باسـی دووەم: ئالنگارییەکـانی جێبەجێکردنـی یاسـای زمـانە فەرمییەکـان لە عێراقی فیدرالیدا .

دواجـار یاسـای زمـانە فەرمییەکـان بە زۆرینـەی دەنـگ لە ٧-١-٢٠١٤ لەنێـو ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق دەنگـی لەسـەردراو پاشـان لە ڕۆژنـامەی فەرمـی عێـراقیش بڵاوکـرایەوە و چـووە بـواری جێبەجێکـردنەوە. بەڵام بـونی یاسـا بە زەرورەت مانای جێبەجێکردنی نییە وپێویستە دڵسۆزانی زمانی کوردی و بڕیار بەدەسـتانی کـورد چ لەحکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و چ لەسـەر لەدامودەزگـا فیدرالییەکانی عێراق بەدواداچـوون بۆ جێبەجێکردنی بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەر پێویستی کرد هانا بۆ دادگاکان و ڕێگای جۆراوجۆر بەرن بۆ ناچارکردنی بەرامبەر لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە.

بەداخەوە دوای تێپەربـونی زیـاتر لە ١٠ سـاڵ بەسـەر دەرچوانـدنی، یاسـاکە تـاوەکو ئیسـتاکە وەکـو خـۆی جێبەجێنەکـراوەو وتائیسـتا دراو پاسـپۆرت و ڕەچەتەی دەرمـــان ولەوحەی هـــاتوچۆی سەرشـــەقامەکانی عێراق..هتـــد هەر بەزمـانی عەرەبیە وەیـاخود بە شـێوازێکی زۆر کەم وشـەرمنانە تەنهـا وشـەیەک یان چەند وشەیەکی کراوەتە کوردی .

ئەوەی جێگای سەرنجە تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هەندێکجار وەکو زمانێکی فەرمی مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی ناکرێت، ئوتیل و چێشتخانەکان مینوکانیان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییە، کارگەکانیش کاتالۆگی بەرهەمەکانیان زیاتر هەر بەو دوو زمانەیە و تەنانەت هەندێک لە گۆڤارە یاساییەکانیش بابەت و توێژینەوە بە زمانی کوردی بڵاوناکەنەوە، کە ئەمەش تەواو کارێکی نایاساییە.

بێگومان ئەوەی ڕێسای یاسایی لە ڕێساکانی دیکەی ڕەفتاری مرۆڤ جیادەکاتەوە وەک ڕێسای ئەخلاقی و مجاملاتی بوونی سزایەکی دیارکراوە لەکاتی سەرپێچیکردن و جێبەجێنەکردنی! بەڵام ئێمە لێرەدا دەپرسین کوا چەند کەس و لایەن لەسەر باش جێبەجێنەکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان جێبەجێکراوە؟!

ماوەتە ئەوەی بڵێین زمانی کوردی کە ڕەگەزێکی سەرەکی هێشتنەوە و پاراستنی نەتەوەی کورد بووە لە سیاسەتی جینۆسایدانەی دەسەڵاتدارانی نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەر و تاوەکو ئیستا لە هەندێک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە، وەکو پێویست ڕێگا نادرێت منداڵانی کورد بە زمانی دایکیان فێرببن و گۆرانی بڵێن، کەچی کە ئیستا لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان دەرفەتی پێشخستن و زیاتر بەکارهێنانی هاتۆتە پێش و زمانی کوردی کراوەتە زمانی فەرمی وڵاتەکە، بەڵام وەکو پێویست کار بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ناکرێت .

## کۆتایی:

دوای نووسینی ئەم بابەتە لەمەر ڕێکخستنی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەعێراقدا، گەیشتینە چەند دەرئەنجام و ڕاستییەک، بۆ باشتر ڕێکخستن و پێشخستنی یاساییانەی ئەو زمانەش لەبوارە جیاوازەکاندا، چەند پێشنیارێک لەگەڵ ئەنجامەکان دەخەینەڕوو:

### یەکەم: ئەنجامەکان

١ -لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، زمانی کوردی لە زمانێکی فەرمی ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان بوو بە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە هەموو عێراقدا، ئەمەش دوای دەرچواندنی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق

بۆ قۆناغی گواستنەوە لەساڵی٢٠٠٣ کەوەک دەستورێک وابوو تا دەرچواندن و پەسەندکردنی دەستوری ساڵی٢٠٠٥.

٢ -دوای (٩) ساڵ لە دەرچواندنی دەستوری عێراقی کە تیایدا لەمادە(٤)هاتبوو، دەبێت بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکانی عەرەبی وکوردی بەیاسا ڕێکبخرێن، لەساڵی٢٠١٤دا دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر سەرسەختانەی پەرلەمانتارانی کورد، ئینجا توانرا یاسایەکی تەوافقی تێپەڕێنرێت. ئەوەش بەهۆی ئەوەی هێشتا ئەو بیروباوەرە هەڵەیەی کە لای وایە زمانی عەرەبی زمانێکی پیرۆزە و زمانی خەڵکی بەهەشتە و نابێت هیچ زمانێکی دیکەی بکرێتە هاوشانی، زۆر بڵاو و چەسپاوە، تەنانەت لەناو نوخبە و پەرلەمانتارانی عەرەبی عێراقیش .

٣ -داننان بەمافێک لە یاسا و دەستوردا مانای پیادەکردنی ئەو مافە ناگەیێنێت، لە ئێستادا ئەگەرچی زمانی کوردی یەکێکە لە دوو زمانە فەرمییەکەی هەموو عێراق، بەڵام لە واقیعدا هێشتا وەک زمانی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت نەک لە دامودەزگاکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵکو لەد امودەزگا فیدرالیەکانیش. ڕەنگە بەهۆی پاشخانی ڕۆشەنبیری و ئەو بە لێشاوهاتنەی هاووڵاتی عەرەب بۆ هەرێم و ناوچەکوردستانییەکان تەنانەت پرسی فەرمی بوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانیش بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

٤-ئەوەی ڕێسای یاسایی لە ڕێساکانی دیکەی ڕەفتاری مرۆڤ جیادەکاتەوە وەک ڕێسای ئەخلاقی و مجاملاتی بوونی سزایەکی دیارکراوە لەکاتی سەرپێچیکردن و جێبەجێنەکردنی! بەڵام ئێمە لێرەدا دەپرسین کوا چەند کەس و لایەن لەسەر باش جێبەجێنەکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان جێبەجێکراوە؟

**دووەم: پێشنیارەکان**

١ -پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ کاراکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان، و پێداگری بکات لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران و گشت دامودەزگا فیدرالییەکان.

٢ -ئەگەرچی نەتوانرا کۆمسیۆنی زمانەفەرمییەکان بە یاسای زمانە فەرمییەکان دروست بکرێت، بەڵام پێویستە داوای کاراکردنی ئەو لیژنە باڵا سێ

کەسییە بکرێت بۆ بەدواچوونی جێبەجێکردنی یاساکە. کە لامان وایە ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر کارکردن لەسەر زمان و پێشخستنی زمانی کوردی.

٣ -پێویستە لیژنەیەکی چاودێری و بەدواداچوون لە کەسانی پسپۆر و شارەزا بەتایبەتی لەبواری زمان و یاسا پێک بهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمیەکان، لەکاتی پێویستدا ڕێگای دادگا و کارگێری بگیرێتەبەر، فشار دروست بکرێت بۆ ئەوەی دراو و پاسپۆرت و پول و تابلۆی هاتوچۆی سەرشەقامەکان وەزارەتەکانی سەرتاسەری عێراق زمانی کوردیشیان لەسەربێت .

٤ -بەهۆی کاریگەری زمانی باڵادەستی عەرەبی بەهۆکاری ئاینی وحوکمرانی و سیاسی و پاشخانی ڕۆشەنبیری و ئابوریەوە چ لە مێژوو و چ لە ئیستادا بەتایبەتی دوای ئەو شەپۆلی بەردەوام هاتنەی هاووڵاتی عەرەب بۆ کوردستان لە ساڵی٢٠١٠ ەوە تا نووسینی ئەم بابەتە کە سەرەتای ساڵی٢٠٢٥ یە، ڕەنگە تاکی کورد لەبری زمانی دایک جارێکی دیکە زمانی دووەمی عەرەبی زیاتر بەکاربهێنێت و بەمجۆرە بەدەستی خۆی و بەهۆی بێ باکی حوکمرانی کوردی بەرەو بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی زمانی دووەم بچێ! بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ڕوون و دیارکراوی هەبێت بۆ چۆنیەتی کاراکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان و پێشخستنی زمانی کوردی.